# کەرکووکی دوای 16 ی ئۆکتۆبەر

## کاریگەریی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 لەسەر کەرکووک

نەبەز رۆستەم

**ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو**

Research Center

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

Center Research Rudaw

مـــركـــز رووداو لـــلـــدراســات

کەرکووکی دوای 16 ی ئۆکتۆبەر

ناونیشان: هەولێر - هەرێمی کوردستان

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

دیزاین: ڕەوەند سەعید سابر

مافی چاپکردنەوەو لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو 2024 ©

# پێشەکی

کەرکـووک قوربانـی سـێ دیـاردەی جیۆسیاسـەت، جیۆئابـووری و جیۆکولتـوورە. لـەڕووی جیۆپۆلیتیکـەوە هێڵـی بەیەکگەیشـتنی کوردسـتان و عێراقـە، بـەڵام بـەر گوشـاری جیۆسـتراتیژی عەرەبـی، ئێرانـی و تورکیـش دەکەوێـت. لـەڕووی جیۆئابوورییـەوە سـەرچاوەی هایدرۆسیاسـەت واتـە سـەرچاوەی وزەی نـەوت و گازە کـە سـەدەیەکە لەنێـو سـتراتیژیی دەوڵەتـان دا گێرەوکێشـەی پێدەکرێـت. لـەڕووی جیۆکولتووریشـەوە بوونـی چەندیـن توخمـی کـوردی، عەرەبـی، تورکـی، سـریانی، شـیعی و سـوننی ناوچەکـەی کردووەتـە گۆڕەپانـی بەریەککەوتـن. ڕووداوەکانـی پـاش گشتپرسـی لـە کەرکـووك و هەوڵـە سیاسـی و سـەربازییەکانی حکومەتـی فیدرالیـی عێـراق بـۆ لابردنـی دەسـەڵات و پێگـەی کـورد لـەو پارێزگایـە کـە لـە ڕۆژێکـی وەك 16ی ئۆکتۆبـەری 2017 سـیمبوولیزە کـراوە، کاریگەریـی بەرچاویـان لەسـەر پێگـەی کـورد لـەوێ دانـاوە.

بەشـێکی بەرچـاوی پارێـزگای کەرکـووك لـە سـاڵی 2014 و پـاش دەرکەوتنی داعـش کەوتـە ژێـر کۆنترۆڵـی پێشـمەرگە، ئـەوەش دوای ئـەوەی سـوپای عێـراق لـە ترسـی ئـەو ڕێکخـراوە تـازە دەرکەوتـووە ناوچەکـەی چـۆڵ کـرد، بـەڵام سـێ هەفتـە دوای گشتپرسـی سـەربەخۆیی کوردسـتان لـە 2017 سـوپا و حەشـدی شـەعبی جارێکـی دیکـە دەسـتیان بەسـەر کەرکـووك دا گرتـەوە. دوای هێرشـەکانی 16ی ئۆکتۆبـەر، کەرکـووك هێشـتا وەك پارێزگایـەك مـاوە کـە چـاوی هەمـوو نەتەوەکانـی لەسـەرە و چارەنووسـی وەك خاڵێکـی سـەرەکی ناکۆکیـی نێـوان هەولێـر و بەغـدا ماوەتـەوە.

پرسـیاری سـەرەکی لێـرەدا ئەوەیە کە دوای 16ی ئۆکتۆبـەر دۆخی کەرکووك چـی بەسـەرهاتووە؟ وردتریـش چەندیـن پرسـیاری جیـاواز لەوبارەیـەوە لـە ئـارادان. ئایـا گرفتەکانـی نێـوان نوێنەرانـی پێکهاتـە سیاسـییەکان کۆتاییـان هاتـووە؟ ئایـا دۆخـی ئەمنـی و سیاسـیی کەرکـووك چۆنـە؟ لـەوەش زیاتـر، بـۆ هەرێمـی کوردسـتان ئـەوە پرسیارێکـە کـە پێگـەی کـورد لـەدوای گەڕانـەوەی سـەربازییانەی حکومەتـی فیدرالیـی بەنێـوەڕۆک ناوەندیـی عێـراق گەیشـتووەتە کـوێ؟ دۆخـی کەرکـووك جگـە لـەوەی کاریگـەری لەسـەر پەیوەندیـی نێـوان نەتەوەکانـی ئـەو پارێزگایـە و پەیوەندییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان و بەغـدا دادەنێـت و هەروەهـا جگـە لـەوەی کـە ڕەهەندێکـی نێودەوڵەتیـی بەهێزیشـی هەیـە، کاریگـەری لەسـەر پەیوەندیـی کـوردی-کوردیـش دادەنیـت و ئـەم کاریگەرییـەش لـەدوای هێرشـەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە گەیشـتە ئاسـتێکی بـەرز. بۆیە وردبوونەوە لـە کاریگەرییەکانی ئـەو ڕووداوانـەش وادەکات کـە بایەخـی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە زیاتربێـت.

# دۆخــی کـەرکـووکـی بەرلـــە 16ی ئـۆکـتـۆبـەر

## 1-1-کەرکووك

بەپێــی ئـەو ئامــارەی وەزارەتــی پلاندانانــی عێـراق لــە ســاڵی 2014 بڵاویکردووەتـەوە ژمــارەی دانیشــتووانی پارێـزگای کەرکــووك بــە نزیکــەی یــەك ملیــۆن و 500 هــەزار کــەس خەمڵێنــراوە و، لــەڕووی ژمــارەی دانیشــتووانەوە، لەنێــو پارێزگاکانــی عێـراق دا بــە پلــەی 11 دێــت. لــە ســاڵی 1960یشــەوە کراوەتــە پارێــزگا.

تێکــڕای ئــەو توێــژەر و مێژوونووســە بیانــی و نێوخۆییانــەی لێکۆڵینەوەیــان لەســەر کەرکــووك کــردووە، لــە بنچینــەی نــاوی کەرکــووك، ماناکــەی، ئایا لــە چ زمانێکــەوە وەرگیــراوە و هــۆکاری ئــەم ناولێنانــە چــی بــووە، تووشــی سەرئێشــەیەکی زۆر هاتــوون و هیــچ تۆمــار و ســەرچاوەیەکی ئەوتــۆی یەکلاکــراوە لەبەردەســت دا نییە، کـە بیکەنـە بناخـەی لێکۆڵینەوەکانیـان، چونکـە فـرە بۆچـوون لــە هەمبەریانــدا هەیــە و هیــچ لێکچوونێکــی ئەوتــۆ لەنێــوان دوو ســەرچاوەدا بەدیناکرێــت. لێکۆلینڤانانــی ئــەم بــوارە، هــۆکاری فــرە نــاوی دەڤەرەکــە دەدەنەپــاڵ گرنگیــی پێگــەی جوگرافــی و هەبوونــی سامانێکی زۆری سرووشــتیی ژێـر زەوییەکـەی و بوونـی سـەرچاوەکانی ئاودێــری، وێــڕای بەپیتیــی خاکەکــەی و گونجانــی ئاووهەواکــەی بــۆ کشــتوکاڵ. بۆیـە ئێمـەش لێـرەدا ناتوانیـن سـەرجەم ئـەو سـەرچاوە مێژووییانــە بخەینــەڕوو کــە لەبــارەی کەرکووکــەوە تۆمارکــراون و تەنیــا ئامــاژە بــە دیارترینیــان دەکەیــن.

" ســاڵانی (4500 ـ 4000 پ. ز) شــاری کەرکــووك بــە (ئەرفــە - عەرەفــا) نێوبــراوە، هەرچەنــدە کۆنتریــن زانیــاری ســەبارەت نــاوی کەرکــووك ئەوەیــە کــە لەســەردەمی ســەرجۆنی ئەکــەدی

(2473 ـ 2530 پ. ز) بە وڵاتی (ئەربخ) یان ئارابخا هاتووە" (پشکۆ حەمە تاهیر ـ 2007 ـ ل 45)

لە سەرچاوەی (التقويم الجغرافی)شدا هاتووە "شاری کەرکووك کۆنە شارە و دەگەڕێتەوە بۆ سێ هەزار ساڵی پ.ز". لەو سەرچاوەیەدا ناوەکەی بەشێوەی (گرکین) هاتووە پاشان گۆڕدراوە بووەتە (کرخ سلوخ) کە دراوەتە پاڵ (سلقس)ی یۆنانی. یاقوتی حەمەوی لە کتێبی (معجم البلدان)دا ناوی ئەم شارەی بە (کەرخین) بردووە، کەرخینی و کەرکینی ....ئەم شارە بە ناوی (کورکورا) و بابا گوڕگوڕیش ناسراوە. (هاشم کاکەیی ـ 2012 ـ لاپەڕە 59 و 60)

"ئوستانی کەرکووك شەش قەزای هەیە لەگەڵ هەشت ناحیە: کە ئەمانەن: کەرکووك ـ اربیل ـ رانیە - ڕەواندز ـ صەلاحیە (کفری) ـ کۆی سنجاق. ناحیەکان: مەلحە (واتە دبس)، حەویجەی ئێستە، طوزخورماتو ـ ئاڵتون کۆپرو ـ گیل ـ (واتە قادر کەرەمی ئێستە) ـ شوان کە بریتین لە 352 ئاوایی و گوند" ( مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی ـ 2006 ـ ل 16)

لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا و وردتر لە 21ی کانوونی یەکەمی 1922دا کاتێك دوور لە خواستەکانی ئینگلیز، ئاڵای حکومەتی باشووری کوردستان لە چەمچەماڵ هەڵکرا، شێخ مەحموود سەبارەت بە کەرکووك گوتوویەتی " خوا یاریدەدەرمان بێت بڕیار دەدەم و دەچم بۆ کەرکووك و بە بازوو و گیانی کورد دەیخەمەوە سەر کوردستان و نەخشەی هەموو کوردستانی جنوبی بە گێتیدا بڵاودەکەمەوە" (سمکۆ ـ 2006 ـ لاپەڕە 27)

دنە و پشکنین بەدوای نەوت لە شارەکە بەتایبەت لە بەشی باکووری ڕۆژئاوای، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە لە کۆتایی حوزەیرانی 1927دا دەست بکرێت بە هەڵکەندنی یەکەمین بیرە نەوت "30ی حوزەیرانی 1927 دەستکرا بە هەڵکەندنی یەکەمین بیرە

نەوت، لە نیوە شەوی 14ی ئۆکتۆبەر قووڵی بیرەکە 464 مەتری تێپەڕاند، بەڵام بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکییەوە کە روویدا نەوتی ژێر زەوی فیچقەی کرد و هەرچی دەزگای هەڵکەندنەکە هەیە فڕێیدا و گەیشتە بەرزی زیاتر لە 60 مەتر. رۆژانە 75 هەزار بەرمیل نەوت بە قوڵی نیو مەتر بە شێوێکی ئەو دەڤەرەدا دەڕۆیی. لەبەرئەوە ئەم شێوە ناونرا شێوی نەوت کە دەکەوێتە نزیك گوندی شۆراو و گوورگەچالەوە، بەپێی ئاماری ئەوکاتە زیاتر لە 600 هەزار بەرمیل نەوتی تێ رژابوو" (فەرهاد ـ 2006 ـ ل 24 ـ 25)

لەوساوە کەرکووك و نەوتەکەی بوونە بنچینە و سەرچاوەی سەرجەم ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق و بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان و مایەی ناسەقامگیریی شارەکە و دەستپێکردنی راگواستن و بەعەرەبکردنی ناوچەکانی نزیك بیرەنەوتەکان "حکومەتی بەعس لە چوارچێوەی سیاسەتی بەعەرەبکردندا ناوی پارێزگای کەرکووکی گۆڕی بۆ پارێزگای تەئمیم، ئەویش بە نووسراوی کۆماری ژمارە 41 بە مێژووی 1976/1/29 بەپێی ئەم بڕیارە هەرسێ قەزای چەمچەماڵ و کفری و خورماتوو لە پارێزگای کەرکووک دابڕێندرا و لکێنران بە پارێزگای سلێمانی و دیالە و سەلاحەدینەوە. دابڕینی ئەم ناوچانە واتە دابڕینی نزیکەی (8660)کیلۆمەتر دووجا (کم2) لە کۆی گشتی پارێزگاکە کە لەو دەمەدا نزیکەی (18086) کم2 بووە. بەم شێوەیە دوای دابڕینی ئەو سێ قەزایە لە پارێزگای کەرکووک، رووبەری پارێزگاکە تەنیا 9426کم2ی مایەوە. پاشان لەبەرئەوەی تێکڕای رێژەی کورد لەم سێ قەزایەدا زۆرینە بووە و بە رێژەی بەشداری 66.8% بەشداری ئەندازیاری ئیتنۆگرافی و پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگای کەرکووکیان کردووە" (فەرمان عەبدولڕەحمان ـ 2006 ـ لاپەڕە 119)

لە مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە، هیچ پارێزگایەك هێندەی کەرکووك گۆڕانکاریی دیمۆگرافیی بەسەردا نەهاتووە، کە سەرجەمیان لەپێناو کەمکردنەوەی رێژەی کوردی شارەکە

و نزیککردنەوەی ژمارەی عەرەب بووە لە ڕێژەی کورد. «لە ساڵی 1987 ڕووبەری گشتیی پارێزگای کەرکووك نزیکەی 10 هەزار و 282 کم 2 بووە کە قەزای ناوەند، دووبز و حەویجە بووە. گرنگترین گۆڕانکاریی ئیداری لەو سەردەمەدا لکاندنی ناحیەی زابە بە کەرکووکەوە، کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی عەرەبن. گۆڕانکارییە ئیدارییەکانی پارێزگاکە تاوەکو ساڵی 1997 هەر بەردەوام بوو و لەو ساڵەدا ڕووبەری کەرکووك تەنیا 9 هەزار و 679کم2ی لێ مایەوە). (هاشم ـ سردار ـ عدنان ـ 2006 ـ لاپەڕە 44)

هەر سەبارەت بە تەعریبی ناوچەکە، لە ئامارێکی ساڵانی نێوان 1970 ـ 1990 واتە تەنیا ساڵێك پێش ڕاپەرینی 1991 ، نووری تاڵەبانی دەنووسێت «لە ساڵانی نێوان 1970 - 1990 ڕژێمی بەعس 732 گوندی کوردنشینی کەرکووکی خاپوور کرد، بەمەش کۆی گشتیی ژمارەی گوندە خاپوورکراوەکانی ئەم پارێزگایە گەیشتە 779 گوند، کە 493 قوتابخانە و 598 مزگەوت و 40 بنکەی تەندروستییان تێدا بوو و کۆی خێزانە ڕاگوێزراوەکانیش لەو قۆناخەدا گەیشتە 37 هەزار و 726خێزان» (نووری تاڵەبانی ـ 1997 - ص12)

لە دوای هەرەسهێنانی ڕاپەڕینەکەی 1991 لە کەرکووك بەعەرەبکردن و ڕاگواستن بەردەوام بوو و دیموگرافیای کەرکووك بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی ئاوارە و ئەنفال و مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ ئیدارەی سلێمانی، تاوەکو چەند مانگێکی پێش ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن بەم شێوەیە باسکراوە « بەپێی ئامارێکی وەزارەتی ئاوارە و ئەنفال و مافی مرۆڤ، کۆی عەرەبی هاوردە لە ساڵی (1995 - 2002) پێنج هەزار و 800 و 61 خێزان بووە کە کۆی ئەندامانیان 50 هەزار و 264کەس بووە، لە بەرانبەردا لە هەمان ماوەدا 2 هەزار و 600 و 9 خێزان لە کەرکووك دەرکراون» (لەتیف ـ 2004 ـ ل 20)

مێژوونووسان ئاماژە بە جیاوازیی نێوان داگیرکاریی عوسمانییەکان و حکومەتەکانی عێراق دەدەن بەوەی کەوا «عوسمانییەکان

نە کوردیان لە کەرکووك دوورخستەوە و نە نکۆڵییان لە کوردستانیبوونی شارەکە دەکرد، بەڵام کاتێك دەسەڵاتدارانی عوسمانی جیاوازییان لەنێوان تورکمانی سوننە و تورکمانی شیعە و کورد دەستپێکردو، پۆستە ئیدارییەکانیان بە تورکمانی سوننە دەسپارد و دوو لایەنەکەی دیکەیان پەراوێز دەخست، هەرچەندە ئەم جیاکارییە بووە مایەی دەربڕینی نارەزایی لە ئاست سیاسەتی عوسمانییەکان، بەڵام نەگەیشتە رووبەڕووبوونەوە و ململانێی چەکداری لەنێوان کورد و تورکمان» (کامل ساڵەیی ـ 2005 ـ لاپەڕە16)

بەڵام هێندێکیان لە گۆڕینی دیمۆگرافیا و جیاکاریدا هەردوو دەسەڵاتە تورکی عەرەبییەکە بۆ کورد وەك یەك دادەنێن «کەرکووک لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە شاری گۆڕینی دیموگرافیا و پێکهاتەی نەتەوەیی بووە، شاری ئیمتیازاتدان بە نەتەوەی دەسەڵاتدار بووە. لە عوسمانییەکانەوە بۆ پاشایەتی تاوەکو بەعس. هەمیشە پنتی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بووە. تاوەکو چەوساندنەوەی نەتەوایەتیش هەبێت بیر لە برایەتی ناکرێتەوە» (عەلی ـ 2006 ـ ل 47)

کەمی رێژەی فەرمانبەرانی کورد لە فەرمانگە حکومییەکانی سەردەمی عوسمانییەکان و بەتایبەتیش لە دەزگا نەوتییەکان دا زیاتر لەبەرئەوە بووە کە کورد ئامادەنەبووە واز لە زمانی خۆی بێنێت و فێری زمانی تورکیی عوسمانلی بێت و لە دەسەڵاتدارانیان نزیك ببنەوە، بەپێچەوانەی تورکمانەکانی ئەو شارە کە بە خێرایی فێری زمانی تورکی بوون و زۆربەیان کرانە پلەداری نێو ئەو دەزگایانە، هەر بۆیە زمانی تورکیی ئەوسای کەرکووك ناونرابوو (زمانی نان) واتە ئەو زمانەی کە پێی دەبیتە فەرمانبەر و بژێوی خێزانی پێ دابین دەکرێت.

(عبدالرزاق الحسنی) مێژوونووسی عێراقی ئاماژە بەوە دەکات کە زۆربەی تورکمانەکانی کەرکووك، لەو هێزانە بوون کە کاتی خۆی لەگەڵ سوپاکەی سوڵتان مورادی چوارەم هاتوونەتە

ناوچەکـە و «عوسـمانییەکان ئـەو هێزانـە و خێزانەکانیـان هانـداوە لـە کەرکـووك نیشـتەجێ ببـن و ئیمتیـازی دەرهێنانـی نەوتیـان لـە بـاوە گورگـوڕ داوەتـە بنەماڵـەی (نەفتچیـزادە)ی تورکـی بەمەبەسـتی فرۆشـتنەوەی بـە خەڵکەکـە» (کامـل سـاڵەیی ـ 2005 ـ ص 15)

بـە گەڕانـەوە بـۆ سـاڵانی شەسـتەکان و حەفتاکانـی سـەدەی رابـردوو، بـۆ بەڕێوەبردنـی کاروبـاری ئیداریـی پارێزگاکـە، دەبینیـن نەتـەوەی عـەرەب رۆڵێکـی ئەوتـۆی لـە بەڕێوەبردنـی پارێزگاکـەدا نەبـووە و ئـەوەی هەبـووە کـورد بـە پلـە یـەك و تورکمـان بـە پلـە دوو بـووە «سـەرۆکی شـارەوانی کـە پۆسـتێکی گرنـگ بـووە، بـە یەکێك دەسـپێردرا کـە نوێنەرایەتـی بەشـی هـەرە زۆری دانیشـتووان بـکات، لـە کاتـی دەسـەڵاتی عوسـمانی و پاشـایەتی عێـراق بـە پلـەی یەکـەم دەدرا بە کـورد هەندێك جاریش بە تورکمـان، تاوەکـو ساڵی 1969هیـچ عەرەبێـك نەکـراوە بـە سـەرۆکی شـارەوانی کەرکـووک، (مظفـر تکریتـی) یەکـەم عـەرەب بـوو لـەو سـاڵەدا ئـەو پۆسـتەی وەرگـرت» (فاتیـح عەبدوڵـڵا ـ 2005 ـ لاپـەڕە 53)

کەرکـووك لـە دانوسـتاندنەکانی نێـوان مسـتەفا بارزانـی، رابـەری بزاڤـی رزگاریخـوازی کوردسـتان و سـەرکردەکانی بەغـدا خاڵێکـی گرنگـی ئـەو دانوسـتاندنانە بـووە بـۆ دیاریکردنـی سـنووری ئـەو ئۆتۆنۆمییـەی بڕیاربـوو بەپێـی رێککەوتننامـەی 11ی ئـاداری 1970 بدرێتـە کـورد. هـەر کەرکووکیـش بـوو لـە پـاش پاشـگەزبوونەوەی حکومەتـی بەغـدا بـووە هـۆی دەسـتپێکردنەوەی شـەڕی نێـوان کـورد و دەسـەڵاتدارانی بەعـس دوای ئـەوەی سـەددام حوسـێن رێککەوتننامـەی جەزائیـری مۆرکـرد و دەسـتبەرداری بەشـێکی زۆری ئـاو و خاکـی عێـراق بـوو بـۆ حکومەتـی ئەوسـای ئێـران، بەمەرجێـك ئێـران چیـدی پشـتگیریی شۆڕشـی کـورد نـەکات.

شـرۆڤەکارانی سیاسـی و سـەربازی، لـە جەنگـی هەشـت سـاڵەی نێـوان عێـراق و ئێـران دا کەرکـووك بـە بەشـێك لـە هۆکارەکانـی ئـەو جەنگـە هەژمـار دەکـەن، کـە لـە 1988/8/8 دا پـاش کـوژران

و بریندار‌بوونی ملیۆنان کەس لە هەردوولا جەنگەکە وەستا. سەرئەنجام داگیرکردنی کوێتی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەدواداهات.

لە 1991 و لە دانوستاندنەکانی نێوان سەددام حوسێن سەرۆککۆماری عێراق و مەسعود بارزانی سەرۆکی شاندی بەرەی کوردستانی لەوکات دا، جارێکی دیکە ناوی کەرکووک زەق دەبێتەوە و دەبێتەوە خاڵی ناکۆکیی نێوان شاندەکان. بە ناونیشانی (کل شیء الا کرکوك) کە گوتارێکی (غەسان شەربل) نووسەری بەنێوبانگی عەرەبە و لە رۆژنامەی (الحیاە)ی لەندەنی دا بڵاوکراوەتەوە و تێیدا هاتووە: سەددام بە بارزانیی گوت: ئێمە نکۆڵی لە کوردبوونی کەرکووك ناکەین، بەڵام ناتوانین رادەستتانی بکەین، چونکە کەرکووك بنکەیەی ئامادەیە بۆ راگەیاندنی دەوڵەت.... هەموو شتێك تەنیا کەرکووك نەبێت! بارزانیش پێیگوتووە: من بەنێو دەریایەك خوێندا هاتووم بۆ لات، ئەگەر دەرفەتێك هەبێت بۆ چارەسەرکردنێکی شەرەفمەندانە، من ئامادەم.

لە درێژەی گوتارەکەیدا شەربل ئاماژە بۆ دیدارێکی دیکەی نێوان سەددام و تاڵەبانی دەکات کە پێش چەند هەفتەیەك ئەنجامدرابوو و لەو دیدارەدا (تارق عەزیز) رستەیەکی زۆر دڵرەقانە بەگوێی شاندە کوردییەکەدا دەدات و دەڵێت: هیچ مافێکتان بەسەر کەرکووکەوە نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە لە دوورەوە بۆی بگرین.

هەر سەبارەت بە کەرکووك، لە دوای رووخاندنی حیزبی بەعس و بەشداریکردنی کورد لە نووسینەوەی دەستووری کاتیی عێراق دا، ماددەی 58ی ئەو دەستوورە باس لە چارەسەرییەکانی کێشەی کەرکووك دەکات، لە ماددەی 140ی دەستووری هەمیشەیی عێراق دا جارێکی دیکە دەقی ماددەکەی پێشوو لەم دەستوورە هەمیشەییەدا جێگەی کرایەوە. «لە ماوەی چەند دەیەیەکدا کەرکووك هێڵی سوور بووە، نە دەسەڵاتدارانی

بەغـدا توانیویانـە دەسـتبەرداری ببـن و نـە سـەرکردەکانی کوردیـش توانیویانـە بـۆ هەتاهەتایـە لەدەسـتی بـدەن ... کەرکـووك بـۆ ئـەو وڵاتانـەی دراوسـێی عێراقیـش کـە کوردیـان تێـدا دەژیـت، هـەر هێڵـی سـوور بـووە ..... نـووری مالیکیـش بـە هەمـان شـێوەی سـەددام حوسـێن دەیڕوانییـە کەرکـووك و پێشـوەختە ئەنجامەکانـی ئـەو راپرسـییەی لەبەرچاوگرتبـوو کـە لـە بڕگـەی سـێیەمی مـاددەی 140 بـۆ یەکلاییکردنـەوەی ناسـنامەی کەرکـووك دانـراوە، بۆیـە بـە هەمـوو شـێوەیەك هەوڵـی دواخسـتنی جێبەجێکردنـی ئـەم مـاددە دەسـتوورییەی دەدا ..... سـوپای عێـراق لـە ناوچـە کێشەلەسـەرەکان دا بەرامبـەر داعـش پاشەکشـەیان کـرد و پێشـمەرگە ئـەو ناوچانـەی پاراسـت. بۆیـە ئـەم جـارە مسـعود بارزانـی، سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان داوای راپرسـیی کـرد بـۆ دیاریکردنـی چارەنووسـی کەرکـووك، کـە دەبووایـە پێـش چەنـد سـاڵێك مالیکـی ئەنجامـی بدایـە .... » (چەنـد پەرەگرافێکـی پەیوەندیـدار بـە بابەتەکـە لـە گوتارەکـەی شـەربل)

لـە 2017شـدا جارێکـی دیکـە کەرکـووك بـووە توخمێکـی سـەرەکی لـە سـەرهەڵدانی کێشـەیەکی گەورەتـری نێـوان کـورد و بەغـدا لەلایـەك و نێوخـۆی کـورد لەلایەکـی دیکـە، کاتێـك سـەرکردایەتیی کـورد لـە 25ی ئەیلوولـی ئـەو سـاڵەدا گشتپرسـییەکی سەرتاسـەریی دا لـە پارێزگاکانـی هەرێمـی کوردسـتان و کەرکـووك بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان ئەنجامـدا. لـە بەشـەکانی داهاتـووی ئـەم لێکۆڵینەوەیـەدا دەرهاویشـتە و ئەنجامەکانـی پرۆسـەکە و کاریگەریـی لەسـەر پەیوەندییەکانـی نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و بەغـدا و، وڵاتانـی دراوسـێ و نێوماڵـی کـورد خراوەتـەڕوو، کـە گرنگترینیـان هێرشـەکانی 16ی ئۆکتۆبـەری ئـەو سـاڵە بـوو.

# بەشی یەکەم
# پێکەوەژیان لەنێوان دروشم و راستی دا

## 1 - 1 کورتەیەکی مێژوویی پێکەوەژیان لە کەرکووک

کەرکـووك، یەکێکـە لـەو شـارانەی کـە بـە فرەنەتـەوە و ئایینـە، زۆرجار ئـەم فرەییـە، بووەتـە نموونەیەکـی جوانـی پێکەوەژیـان، کـە تەبایـی و ئاشـتەوایی تێیـدا رەنگیداوەتـەوە.

ئـەم پێکەوەژیانـە زادەی رۆژگار و سـەردەمانێکی زوون و خودی نەتەوە جیاوازەکانـی شـارەکە رۆڵیـان لـە چەسـپاندنی ئـەم پێکەوەژیانـەدا هەبـووە، بـەڵام دەسـەڵاتە سیاسـییە یـەك لـە دوای یەکـەکان هەوڵیانـداوە، ئـەم پرسـە بـۆ بەرژەوەنـدی دەسـەڵاتەکە بقۆزنـەوە و هـەر جـارەو نەتەوەیـەك یاخـود بەشـێك لـە نەتەوەیەکـی دیاریکـراو سەردەسـت بکـەن.

لـە بیسـتەکانی سـەدەی رابـردووەوە سـەرجەم دەسـەڵاتە سیاسـییە فەرمانڕەواکانـی عێـراق بەگشـتی و کەرکـووك بەتایبەتـی، کاری لەپێنـاو ئـەوەدا کـردووە، ئـەم فرەییـە بـۆ بەرژەوەندییـە سیاسـییەکانی خۆیـان بقۆزنـەوە و هەرگیـز لـە خەمـی ئـەوەدا نەبـوون پـەرە بـە پێکەوەژیانـی پێکهاتـەکان بـدەن، بەڵکـو کاریـان لەسـەر هەسـتیاری جیاوازییەکانـی نێـوان نەتـەوە جیـاوازەکان کـردووە بـۆ ئـەوەی دەسـەڵاتەکەیان بەهێزتـر بکـەن.

لـەم سـۆنگەیەوە دەبینیـن هـەر لەگـەڵ دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێـراق و دەسـەڵاتی پادشـایەتیدا، خەڵکـی سـادەی شـارەکە، لـە دەسـەڵاتداران زیاتـر خەمخـۆری پاراسـتنی ئـەم پێکەوەژیانـە بـوون.

بـۆ نموونـە دەسـەڵاتی سـوننە لـە سـەردەمی پادشـایەتی دا کـە دێتـە سـەر حوکـم و جڵـەوی بڕیـاری سیاسـی بەدەسـت دەبێت، ویسـتوویەتی بەرژەوەندییەکانـی عەرەبـی سـوننە لـە شـارەکە زیاتـر لـە بەرژەوەندیـی ئەوانیدیکـە بپارێزێـت و بەشـێوەیەك خـۆی نمایشـکردووە کـە نوێنـەری راسـتەقینەی ئـەم پێکهاتـە دیاریکراوەیـە، هەرچەنـد لەوەشـدا سـەرنەکەوتووە و نەیتوانیـوە نوێنەرایەتـی هەمـوو سـوننەی پارێزگاکە بـکات. گشـت سوننەکانیشـی لەگـەڵ نەبـووە، چونکـە ئـەو بەشـە ناڕازییـەی نێـو پێکهاتەیەکـی دیاریکـراوی شـارەکە، پێکەوەژیانەکـەی لـەلا مەبەسـت بـووە و هەوڵی پاراسـتنیان داوە، لەبەرئـەوەی دەرکیان بـەوە کـردووە کـە دەسـەڵات کاتییـە، دێ و دەڕوا و دەگۆڕێـت، بـەڵام خەڵکەکـەی هـەر دەمێنـن و تـەواو بڕوایـان بـەو راسـتییە هەبـوو کـە سـەروەت و سـامان و گیانیـان بـە پاراسـتنی پێکەوەژیانەکـە پارێـزراو دەبێـت و لەبیـری دەسـەڵاتدا نەبـوون. « لای هـەر کوردێـك جیـاوازی لەنێـوان برادەرانـی کـورد و تورکمـان و عـەرەب و ئاشـووری نەکـراوە، لای عەرەبەکانیـش بەهەمـان شـێوە بـووە، ئەوەتـا فـازل عـەزاوی لـە کتێبـی (الـروح الحیـە جیـل السـتینات فـی العـراق) ئامـاژە بـەم لایەنـە دەدات و لەوبـارەوە دەڵـێ »هەمـوو هاوڕێیانـی منداڵیـم لـە گـەڕەك یـان قوتابخانـە، تورکمـان، کـورد، ئاشـووری و ئەرمـەن بـوو، یەکێـك لەوانـە منـی لەخـۆی جیانەدەکـردەوە« (نەجات حەسـەن ـ 2009 ـ ل42)

پێکەوەژیـان لـە کەرکـووك لـە چەندیـن لایەنـی ژیـاری خەڵکەکەیـدا رەنگیداوەتـەوە، بـۆ نموونـە کاتێـك کـوڕە کوردێـك لەگـەڵ کچـە عەرەبێـك یـان تورکمانێـك هاوسـەرگیری دەکات، لەنێـو خێـزان و منداڵـەکان دا هـەردوو زمانەکـە بـەکار دەهێنرێـن، هەرچەنـدە زۆربەی جـار زمانـە باوەکـەی نێـو ئـەو خێزانانـە، بەهـۆی دایکیانـەوە بووەتـە زمانـی دایـك، بەتایبەتیـش ئەگـەر دایکەکـە تورکمـان بێـت، ئـەوا تێبینـی دەکرێـت کـە پیاوەکەشـی زمانـە بنەڕەتییەکـەی خـۆی گۆڕیـوە و لەگـەڵ هاوژیـن و منداڵەکانیشـیدا هـەر بـە تورکمانـی دەدوێـن . ئەگـەر کـوڕە عەرەبێکیـش هاوسـەرگیری لەگـەڵ کچـە تورکمانێکـدا

کردبێـت، بەهەمـان شـێوەی کوردەکـەی لێهاتـووە، بـەڵام ئەگـەر کـوڕە کوردێـك هاوسـەرگیری لەگـەڵ کچـە عەرەبێـك بـكات یـان بـە پێچەوانـەوە، ئـەوا هـەردوو زمانـی کـوردی و عەرەبـی لەنێـو ئەندامانـی خێزانەکـەدا، قسـەپێکراو دەبێـت.

لەکاتـی بۆنـە ئایینییەکانـی جەژنـی ڕەمـەزان، قوربـان، لەدایکبوونـی عیسـا و سـەری سـاڵ دا، ئـەو گەڕەکانـەی تێکەڵـەی ئیسـلام و کریسـتیانەکانی تێدایـە وەکـو عەرەفـە، ئەڵمـاس، ڕەحیمـاوە و ڕێگـەی بەغـدا جەژنـە پیرۆزەیـان لەیەکـدی کـردووە و هاموشـۆی یەکدییـان کـردووە.

ئـەم تێکەڵییـە نـەك هـەر لەنێـو نەتـەوە جیـاوازەکان، بەڵکـو لەنێـو ئایینـە جیاوازەکانیشـدا هەبـووە. نموونەیەکـی زینـدووی ئـەم دیاردەیـە لـە گەڕەکـی تەپـەی مـەلا عەبدوڵـڵا لـە سـاڵانی هەشـتاکان دا ڕوویـداوە و ڕۆشـنبیرێکی شـارەکە چیرۆکەکـە دەگێڕێتـەوە، کـە بـەم شـێوەیەیە: «کـوڕە کوردێکـی موسـڵمان پەیوەندییەکـی سـۆزداریی لەگـەڵ کچـە کریسـتیانێکدا دادەمەزرێنێـت، ئەنجامـی ئـەم پەیوەندییە بـە پێکهێنانـی ژیانـی هاوژینـی کۆتایـی دێـت، کوڕەکـە لـە شـەڕی عێـراق ـ ئێـران دا دەکوژرێـت، هەرچەنـدە لـە ئاییـن و کولتـووری کریسـتیانەکاندا مارەکردنـەوەی بـراژن نییـە، بـەڵام بـۆ ئـەوەی لـەو بنەماڵەیـە دانەبڕێـت، شـووی بـە بـرای هاوژینەکـەی کـردەوە» (محەممەد نەسـرەدین - لێـدوان)

لـە لێقەومـان و پرسـەکانی کەرکـووك دا، سـەردوولکە و لاواندنـەوەی مـردووت بـە هەرسـێ زمانەکـە گـوێ لێدەبێـت. لـە زەماوەنـدی ژن گواستنەوەشـدا گۆرانیـی کـوردی، عەرەبـی و تورکمانـی دەگوترێـت و شـاباش بـە هەرسـێ زمانەکـە دەکرێـت. لە شـایی و هەڵپەڕکێکانیشـدا هەمـوو بەشـدار دەبـوون سـێ پێیـی کـوردی، چۆپـی عەرەبـی و هـەلای تورکمانیـش دەبینـی.

لـە نەورۆزانیشـدا گەنجـان و منداڵانـی تورکمـان و عـەرەب، هاوبەشـی

کردنـەوەی ئاگـری نـەورۆز بـوون. زۆرجـار ئافرەتـان و پیاوانیـان جلـی کوردییان لـە دراوسـێیەکانی کـورد خواسـتووە و پێکـەوە روویـان لـە دەشـت و دەر و سـەیرانگەکان کـردووە.

لـە بـازاڕ و بازرگانیکردنیشـدا بازرگانـان و کاسـبکارانی شـارەکە بەبـێ گوێدانـە جیاوازیـی نەتەوەیـی و ئایینـی، هاوبەشـیان لـە کۆمپانیـا و کارگـەی یەکـدی کـردووە. هیـچ کێشـەیەکیان نەبـووە و بەرژەوەنـدی یەکدییـان پاراسـتووە.

کـورد و عەرەبـی سـوننە لـە موحـەڕەم دا دەچوونـە حوسـێنییەکان، شـیوەنی حەسـەن و حوسـێنیان دەگێـڕا و لەخۆیـان دەدا، هەریسـەیان لەگـەڵ دا ئامـادە دەکـردن و بەسـەر مـاڵان دا دەیانبەخشـییەوە، وەك نەریتێکـی سـاڵانەش زۆر لـە عـەرەب و کوردانـی سـوننە، لـە چلـەی شـەهیدکردنی ئیمـام حوسـێن دا هەریسـەیان لێدەنـا و دەیانکـردە خێـر.

جیاوازییەکانـی نێـوان شـیعە و سـوننە، لـە سـەردەمی سـەددام دا زیاتـر پـەرەی سـەند و ڕێوڕەسـمی شـیوەنگێڕانی ئیمـام حوسـێنیان لـێ قەدەخەکـرا.

لـە 2003ەوە، کـە شـیعە تێیـدا باڵادەسـتبوو، وەك کاردانـەوە و وەڵامدانەوەیـەك بـۆ دەسـەڵاتی سـوننە، هەرچـی ڕێوڕەسـمی زنجیـر لەخـۆدان، تەپـڵ و دەهـۆڵ کوتـان و وردەکارییەکانـی یادکردنـەوەی ڕێوڕەسـمەکە هەیـە، لـە شـەقامەکاندا دەگێـڕدرا و لـەو ڕۆژانـەدا تەنانـەت هاتووچـۆش قەدەخـە دەکـرا. پۆلیـس و هێـزە ئەمنییەکانـی ئـەو شـارانەی هاوشـێوەی کەرکووکـن لـەڕووی پێکهاتـەوە دەکەوتنە ئامادەییـەوە، زۆر جاریـش دەبوونـە مایـەی وەڕسـکردنی ئەوانـی دیکـە و عەرەبـی سـوننە تیـر و توانجیـان لـە شـیعەکان دەدا و سـەدان نووکتەیـان بـۆ هەڵدەبەسـتن.

لەبـارەی پرسـی پێکەوەژیانـی نەتـەوە و پێکهاتـە ئایینیـە جیاوازەکانـی

نێو حیزبەکانەوە، عەدنان کەرکووکی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک ـ گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێیوایە گۆڕینی ناوی پارتی لە پارتی دیموکراتی کوردەوە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بەڵگەی ئەوەیە کە هەر لە سەرەتاوە حیزبەکەیان بڕوای بە پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە جیاوازەکان هەبووە و ئەو گۆڕینە مانای ئەوەیە: پارتی حیزبی هەموو ئەو نەتەوانەیە کە لە چوارچێوەی جوگرافیای کوردستان دا دەژین و رێگری لە هیچ نەتەوە و پێکهاتەیەکی ئایینی نەکراوە ببێتە ئەندامی پارتی. چەندیش داکۆکیان لە مافە رەواکانی نەتەوەی کورد کردبێت، هێندەش داواکار و داکۆکیکار بوونە بۆ وەدیهێنانی مافی نەتەوەکانی دیکەی کوردستان، ئینجا چ مافی نەتەوەیی بێت یاخود ئایینی. لە هەموو دانوستاندنەکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراقیش دا، شاندی کوردستان، هەمیشە مافەکانی نەتەوە جیاجیاکانی کوردستانیشیان گەیاندووەتە بەغدا و وەك پارێزەرێك داوای مافەکانیان لە حکومەتی بەغدا کردووە.

لە دوای رووخاندنی رژێمی بەعس و لەکاتی نووسینی رەشنووسی دەستووری عێراق دا، سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەپێی قسەی فەرمی خۆیان، پێداگیرییان لەسەر چەسپاندنی مافی ئاشووری و کلدان و تورکمان کردووە. سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، بێجگە لە کوردانی دەڤەرە جیاجیاکان، کەسانی سەر بە ئایینەکانی دیکەیشی تێدا بووە. فرەنسۆ هەریری، رێبوار یەڵدا وەك دوو کریستیان و فەلەکەدین کاکەیی وەك کاکەییەك و مەحموود ئێزدی کە کوردێکی ئێزدییە، نموونەی ئەو سەرکردانەن. لە سەرەتاوەش دەستەواژەی کەمینەکان لە ئەدەبیاتی پارتی دا هەڵگیراوە، ئینجا چ کەمینەی نەتەوەیی بن، یاخود ئایینی. لە سەرجەم کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا، بەشدارییان پێکراوە. چاودێرانی ئەورووپایی و ئەمریکی شایەتییان بۆ هەبوونی پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان داوە.

مەسـعود بارزانـی، سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان، لـە سـەروبەندی ئامـادەکاری بـۆ ئەنجامدانـی گشتپرسـی بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان، بڕیاریـدا لیژنەیـەك پێکبهێنرێـت بـۆ سـەردانی پێکهاتەکانـی کوردسـتان و بەبـێ هیـچ گفتوگۆیـەك، گـوێ لـە داواکارییەکانـی ئـەو پێکهاتانـە بگیرێـت و لـە دەسـتووری کوردسـتانی سـەربەخۆدا بچەسـپێنرێن. بـە هەمـان شـێوە، «پێشـبینی دەکرێـت لـە نووسـینەوەی دەسـتووری هەرێمـی کوردسـتان دا، پارتـی، کـە ئێسـتا خاوەنـی 45 کورسـی پەرلەمانـە، پێشـەنگ بێـت لە داکۆکیکـردن لە مافە نەتەوەیـی و ئایینی پێکهاتەکانـی هەرێمـی کوردسـتان و لـە ماددەکانـی ئـەو دەسـتوورەدا ڕەچـاو بکرێـن و مافەکانیـان بچەسـپێنرێت. هـەر پێداگـری پارتـی بـوو وایکـرد یەکێـك لـە جێگرەکانـی سـەرۆکی پەرلەمانـی کوردسـتان، تورکمـان بێـت یاخـود کریسـتیان» (عەدنـان کەرکووکـی ـ لێـدوان)

لـە هەرێمـی کوردسـتان و ناوچەکانـی دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتانیش، کلـدان، ئاشـووری، سـریان و ئەرمـەن کەمتـر هـۆکاری کێشـە سیاسـییەکانی ناوچەکـە بوونـە و هەمیشـە ڕۆڵیـان ئاسـاییکردنەوە و هێورکردنـەوەی گرژییـەکان بـووە، میانڕەوتـر لـە پێکهاتەکانـی دیکـەی کەرکـووك داوای پێکەوەژیـان و ئاشـتەواییان کـردووە. " کلدانـە ئاشـوورییە مەسـیحییەکان ڕۆڵێکـی بنەڕەتـی دەگێـڕن لـە هێورکردنـەوەی بارگرژییـەکان دا. خۆیان بێلایـەن ڕاگرتووە لەنێـو سـێ گـەورە کۆمەڵـە ڕکابەرەکـە - مەبەسـت: کـورد، عـەرەب و تورکمانـە- ترسـیان لێیـان نییـە، بێدەنگـن و هەرکاتێکیـش داوایـان لێکرابێـت ناوبژییـان کـردووە. تەنانـەت چاودێرێکـی ڕۆژئاوایـی دەڵـێ: کۆمەڵەکانـی نێـو کەرکـووك لەسـەر هیـچ ڕێکنەکـەون لەسـەر ئـەوە ڕێکدەکـەون کـە مەسـیحییەکان ناوبژییـان بکـەن" (ئـازا حەسـیب و محەممـەد حەمەسـاڵح ـ 2009 ل 19)

دەسـتەواژەی پێکەوەژیـان لەنێـو حیزبـەکان دا زۆر بەکاردەهێنرێـت، بـەڵام نەیانتوانیـوە وردەکارییەکانـی ئـەم پرسـە بـە کـردەوە جێبەجێبکـەن. ئەویـش هـۆکاری زۆرە و گرنگترینیـان ئەوەیـە، کـە

نەتــەوەی کــورد لــە شــارەکە هەمیشــە ویســتوویەتی پێکەوەژیــان لـە شـارەکەدا بچەسـپێنێت، بـەڵام پێکهاتەکانـی دیکـە بەپێـی پێویسـت نەهاتوونەتـە پێشـەوە کـە ڕەنگـە ئەویـش هـۆکاری دەرەکـی لەپشـت بێـت و نەهێڵرێـت بەدەنـگ دەستپێشـخەرییەکەی کـوردەوە بچـن.

ئــەم بۆچوونــە لەلایــەن شەمســەدین مەحمــوود، کارگێــڕی مەڵبەنـدی دووی یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان و بەرپرسـی بەشـی هەڵبژاردنـەکان دووپـات دەکرێتـەوە و هەڵوێسـتەکانی جـەلال تاڵەبانــی، ســەرۆککۆماری کۆچکــردوو دەکاتــە بەڵگــەی نیازپاکیــی کــورد «مـام جـەلال، هەمیشـە لـە کۆبوونەوەکانـدا جەختـی لەسـەر ئـەوە کردووەتـەوە، کـە هەرچییەکمـان بـۆ خۆمـان کـرد، دەبـێ بـۆ نەتەوەکانـی دیکـەی کەرکووکیشـی بکەیـن و لـە هـەر سـەردانێکیدا بـۆ شـارەکە، پێـش ئـەوەی لەگـەڵ ئێمـە کۆببێتـەوە، ئەوانـی بانگهێشـت دەکــرد و لەگەڵیــان کۆدەبــووەوە و گوێــی بــۆ داخوازییەکانیــان شــل دەکــرد. لەگــەڵ ئەوەشــدا، هــۆکاری دەرەکــی نەیدەهێشــت ئــەو هەوڵانـە سـەربگرن، کـە لەپێناو چەسـپاندنی تەبایـی و برایەتیـدا دراون»

(شەمســەدین مەحمــوود ـ لێــدوان)

بـەو پێیـەی کـە حیزبـە کوردسـتانییەکان، لـەدوای نەمانـی سـەددام خۆیــان بــە خاوەنــی شــارەکە زانیــوە، بــەردەوام دەستپێشــخەرییان هەبـووە بـۆ دەسـتبەرداربوون لـە بەشـێك لـە مافـەکان و ڕازیکردنـی نەتەوەکانــی دیکــەی کەرکــووك. پارتــی و یەکێتــی، ژمارەیەکــی زۆر مامۆسـتا و فەرمانبەریـان لـە نەتـەوەی تورکمـان و عـەرەب لەسـەر وەزارەتـی پـەروەردەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دامەزرانـدووە و خزێنراونەتـە نێـو ناوەندەکانـی خوێندنـی کـوردی، بـەڵام نەیانتوانیـوە وەکـو مامۆسـتایەکی کـورد وانـەکان بڵێنـەوە. «خەمێکـی کوشـندەی دیکـەش، بوونـی ژمارەیـەك مامۆسـتای نەتەوەکانـی دیکەیـە کـە لـە دوای نەمانــی ڕژێمــەوە دامەزرێنــراون، بــەڵام لــە زمانــی کــوردی دا کۆڵـەوارن و لـە چەندیـن قوتابخانـەش بابەتەکانـی زانسـت و بیـرکاری دەڵێنــەوە کــە وتنەوەیــان لەلایــەن ئــەو مامۆســتایانەوە زیانــی لــە قازانجــی زۆرتــرە» (ڕابــەر ڕەشــید ـ 2012- ل 113)

هەرچەنـدە ئـەم دامەزراندنانـە ئامانجێکـی سیاسـی لەپشـت بـووە و ویسـتراوە بـە دامەزراندنـی ئـەو فەرمانبەرانـە، رێـژەی دەنگـی حیزبەکانیـان لەنێـو نەتەوەکانـی دیکـە بەرزبکەنـەوە، بـەڵام کـورد لـەوەش دا زیانمەنـد بـووە و نەگەیشـتووەتە ئامانجەکـەی، بەپێـی بەدواداچوونەکانمـان دەرکەوتـووە، کـە کەمتـر لـە 20%ی ئـەو فەرمانبەرانـە دەنگیـان داوەتـە ئـەو حیزبـە کوردسـتانیانەی دایانمەزرانـدوون.

کادیـری پارتـی و یەکێتـی هەبـووە وایدەزانـی کـە بەهـۆی ئـەو پەراوێزخسـتنەی رژێمـی پێشـوو بـۆ نەتەوەیەکـی سـەرەکی وەك تورکمـان، و زوڵـم و سـتەمەکانی سـەرانی رژێمـی بەعـس لـە ناوچـە تورکماننشـینەکان وا لـە تورکمـان دەکات، هاوخـەم و هاوسـۆزی کورد بـن و هەڵوێسـتەکانیان لەیەکـەوە نزیك بن. کەچی بە پێچەوانەوە، ئەو حیزبـە تورکمانییانـەی لەژێـر سـایەی بـەرەی تورکمانـی دا کۆبوونەتەوە، هێنـدەی حیزبـە عەرەبییـە توونـدڕەوەکان و بگـرە هەندێکجـار زیاتریش، دژایەتـی خواسـتەکانی کوردیـان کـردووە لـە شـارەکە. بەقسـەی هەندێـك لـە شـرۆڤەکارانی کـورد، بـە دەسـت لەپشـتدانی تورکیـا، بـەرەی تورکمانـی بووەتـە بەربەسـتێکی گـەورەی بـەردەم چەسـپاندنی پێکەوەژیـان لـە کەرکـووك « سـەبارەت بـە کۆنگـرەی کەرکـووك 2007 ـ کـە لـە تورکیـا سـازدرابوو- تاکـە ئاگادارییەکیـش بـۆ لایەنـی پەیوەندیـدار نەنێـردرا کـە ئەنجومەنـی پارێـزگای کەرکـووك بـوو کـە هەنـدێ لـە ئەندامەکانـی بەشـدارییان تێداکـرد، بەبـێ ئـەوەی رای سـەرۆکایەتی ئەنجوومـەن وەربگـرن، هەروەهـا بەشـداریکردنی چەنـد ئەندامێـك لـە لیژنـەی بـاڵای جێبەجێکردنـی مـاددەی 140 بـە چەنـد راسـپاردەیەك کۆتاییـان بـە کۆنگرەکـە هێنـا کـە راسـپاردەکان تـەواو دژی پرنسـیپ و نێوەڕکـی مـاددەی 140ی دەسـتوری عێـراق بوون» (نەجات حەسەن ـ 2009 ـ ل 231)

زۆربـەی بەرپرسـانی لایەنـە سیاسـییە کوردسـتانییەکانی شـارەکە ، ئـەو راسـتییە پشتڕاسـت دەکەنـەوە و دەڵێـن: زۆرجـار ئێمـەی حیـزب و

لایەنە سیاسییەکانی کەرکووك لە کۆبوونەوەکاندا لەسەر زۆر شت رێککەوتووین، بەڵام نوێنەری بەرەی تورکمانی چووەتە دەرەوەی هۆڵی کۆبوونەوەکە و تەلەفۆنێکی بۆ تورکیا کردووە، ئینجا هاتووەتە ژوورەوە و لە هەموو خاڵەکانی رێککەوتنەکە پەشیمان بووەتەوە، چونکە ئێستاش بەشێك لە سیاسەتڤانانی تورکیا، داوای ویلایەتی موسڵ و شاری کەرکووك دەکەن و بەهیچ شێوەیەك رازی نابن کورد لەو ناوچانەدا باڵادەست بن.

ئەمە راستییەکە و بە قسەی بەرپرسانی کوردی کەرکووك، هیچ وڵاتێکی عەرەبیش ئەوەی قبووڵ نییە کە رۆژێك لە رۆژان، کەرکووك ناسنامەی کوردستانیی هەبێت و لە رێگەی چەند حیزبێکی سوننی ناوچەکە، ئەو ئامانجەی خۆیان پێکاوە. بەهەمان شێوە ئێرانیش نەیویستووە و نایەوێت، کورد بێجگە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، دەسەڵاتی بەسەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان هەبێت، بەشێك لە حەشدی شەعبی و چەند گرووپێکی شیعە مەزهەب، ئەم کارەیان بۆ ئێران ئاسان کردووە.

خەڵکی رەسەنی کەرکووك لە ئاست بەرپرسیارێتی پاراستنی بنەماکانی پێکەوەژیاندان، بە بەڵگەی ئەوەی کە دەسەڵاتی سوننە هات و تەواو بوو، پاشان کورد و ئینجا، شیعە دەسەڵاتی شارەکەی بەدەستەوە گرت، هیچ کام لەم دەسەڵاتانە نەیانتوانی ببنە نوێنەری راستەقینەی ئەوانی دیکە « مێژووی کۆنی پەیوەندییەکانی کورد و تورکمان دەریدەخەن، کە لە زۆر قۆناخی مێژوویی جیاجیادا کورد و تورکمان لەیەك بەرەدا دژ بە دووژمنێکی هاوبەش و لەپێناو ئامانجێکی هاوبەش خەباتیان کردوووە، رەنگە نموونەی شەڕەکانی نوورەددین زەنگی و سەڵاحەددینی ئەیوبی دژی خاچپەرستان بەڵگەی ئەم پەیوەندییە بن» (یوسف گۆران ـ 2003 - ل6)

ئەگـەر ئـەو هەمـوو گۆڕانکارییانـەی لـە کەرکووکـی پـاش رووخاندنـی رژێمـی سـەددام حوسـێن هاتنـە ئـاراوە و دەسـەڵاتی کورد، دەسـەڵاتی داعـش لـە بەشـێکی پارێزگاکـە و ئێسـتاش دەسـەڵاتی عەرەبـی شـیعە، لەهـەر شـارێکی دیکـەدا بووایـە، پێکهاتـە دەسـەڵاتدارەکە پێکهاتـە ژێردەسـتەکەی کۆمەڵکـوژ دەکـرد، بـەڵام ئەمـە لـە کەرکـووك رووینـەدا، تەنانـەت لـە رۆژانـی نزیکبوونـەوەی دەسـەڵاتی داعـش لـە شـارەکە، نەتەوەکانـی کەرکـووک یەکگرتووتـر بـوون و بـە هانـای یەکدییـەوە دەچـوون، چونکـە لەنێـو هەمـوو نەتـەوە جیاوازەکانـی کەرکـووك، خەڵکانێـك هـەن دەرك بـەوە دەکـەن کـە ناکـرێ لەگـەڵ گۆڕانـی دەسـەڵات بـەدوای دەسـەڵاتدار بکەویـت و ئەوانیدیکـە بچەوسـێنێتەوە.

بەگشـتی کـورد وەك نەتـەوە، لـە نەتەوەکانـی دیکـە سـنگ فراوانتـر و لێبووردەتـر دەرکـەوت لەکاتـی بەڕێوبردنـی دەسـەڵات دا. کـورد بـە کـردەوە نیشـانیدا لـە کەرکـووک کـە بـڕوای بـە پێکەوەژیانـی ئاشـتییانەی نێـوان نەتـەوە و ئایینـە جیـاوازەکان هەیـە. راپەڕینـی 1991 و رووخاندنـی رژێمـی بەعـس لـە 2003 بەڵگـەن بـۆ لێبووردەیـی کـورد بەرانبـەر داگیرکـەر و سـتەمکارەکەی. کاتێـك بارودۆخـی سیاسـی و سـەربازی وەردەچەرخێت و دەسـەڵاتی دەکەوێتـە دەسـت، کـورد بیـری لـە تۆڵەسـەندنەوە نەکـردەوە و لاپەڕەیەکـی نوێـی لەگـەڵ هەمـووان هەڵدایـەوە، کەچـی لـە ماوەیەکـی زۆر کورتـی هاتنـی داعـش و بەهێزبوونـی هەژموونیـان لـە دەڤەرەکـە، تاکـە کوردێك لـە ناوچەکـە نەمـا. کاکەییەکانـی دەوروبـەری داقووقیـش ناچارکـران مـاڵ و زەویوزارەکانیـان بەجێبێڵـن و روو لـە شـوێنێکی ئـارام بکـەن، تەنانـەت لـە گەڕەکەکانـی نێـو شـاری کەرکووکیـش هەڕەشـەیان لێدەکـرا، بۆیـە بـە ناچـاری دەیانگواسـتەوە گەڕەکـە کوردنشـینەکان.

هـاوکات کـورد باوەشـی میهرەبانی بـۆ ئـاوارە عەرەبەکانـی کەرکووك، سـەلاحەدین، دیالـە، نەینـەوا و ئەنبـار دەکـردەوە و بەهانایانـەوە دەچـوون، خێزانێکـی زۆری کـورد بەشـە خۆراکـی خۆیـان لەگـەڵ

ئاوارەکانـی عـەرەب و تورکمـان بـەش دەکـرد. تەنیا لـە کەمپـەکان 750هـەزار ئـاوارەی عـەرەب لـە پارێزگاکانـی دیکـەوە لـە کەمپەکانـی کەرکــووک نیشــتەجێبوون.

## 1 - 2 کاریگەری حیزبە سیاسییەکان لەسەر پێکەوەژیانی پێـکـهاتـەکـانی کـەرکـووك

زۆربـەی حیزبـەکان لـە کەرکـووك ویسـتوویانە دەسـەڵاتی خۆیـان بەسـەر جومگـە گرنگەکانـی شـارەکەدا بسـەپێنن و سـەرجەم پۆسـتە باڵاکان بـۆ خۆیـان قـۆرخ بکـەن. هەڵبـەت بـۆ بەدیهێنانی ئـەو ئامانجانە کـە هیـچ حیزبێکـی لـێ بـەدەر نییـە، ئەگـەری زۆرە لـەو نێوەنـدەدا زیـان بـە بنەماکانـی پێکەوەژیانـی نێـوان پێکهاتەکانـی شـارەکە بـگات.

بەرپرسـی مەڵبەنـدی کەرکووکـی یەکگرتـووی ئیسـلامی ڕوو لـە سـەرجەم حیزبـە کوردسـتانییەکانی کەرکـووك دەکات و دەڵێـت: بـا هیـچ حیزبێـك لـە کەرکـووك خـۆی بـە فریشـتە نەزانێـت، هـەر هەموویـان بایـی سـەنگی خۆیـان پێشـێلکارییان کـرد و سـنووری یەکدییان بەزانـد، بەتایبەتیـش لـە گەرمـەی بانگەشـەی هەڵبژاردنەکان کـە جـاری واهەبـووە گەیشـتووەتە ڕادەی ناوزڕانـدن و لەکەدارکردنـی حیزبـی ڕکابـەر. مایـەی نیگەرانیشـە کـە زۆرینـەی خەڵکـی کەرکـووك، بـە بێلایـەن و حیزبییەکانـەوە، ئـەو لایەنانەیـان لـەلا پەسـندە کـە بـە توونددتریـن شـێوە هێـرش دەکاتـە سـەر لایەنەکانـی دیکـەی بەشـداربووی هەڵبژاردنەکـە و زمـان و شـێوازی بانگەشـەی کام حیـزب زبرتـر بێـت و بتوانـێ زۆرتریـن گەندەڵیـی ڕکابەرانـی بخاتـەڕوو و پیرۆزییەکانـی ئەوانیدیکـە ببەزێنێـت و خـۆی بکاتە سـۆپەرمانی بێڕکابەر، ئـەوا زۆرتریـن جەمـاوەری دەبێـت و دەنگەکانـی لـە پێشـەنگدایە. ئـا لێـرەدا پێکەوەژیـان، تەبایـی، دیموکراسـی، برایەتـی و ئاشـتەوایی هیـچ مانایەکـی نامێنێـت و هەمـووی دەکرێتـە قوربانیـی بەرژەوەندییەکانـی حیـزب.

لایەنگرانــی بزووتنــەوەی گــۆڕان لــە کەرکــووك، بــە نەفەســێکی ئۆپۆزیســیۆنییەوە دەڕواننــە دەســەڵاتدارانی کوردســتان و، پێیانوایــە لــە دوای رووخاندنــی رژێمــی بەعــس و ئازادکردنــی کەرکــووك، پاشــان لەگــەڵ هاتنــی داعــش کــە دەرفەتێکــی گونجــاو بــۆ دەســەڵاتدارانی کــورد و هێزەکانــی پێشــمەرگە رەخســا و دەســەڵاتیان بەســەر تــەواوی جومگەکانــی دەســەڵاتی شــاری کەرکــووک دا کێشــا، هەمیشــە سیاســەتڤانانی کــورد، ئەوەیــان بــە گوێــی کــوردی شــارەکەدا دەچپانــد کــە مافــی کــورد لــەلای نەتەوەکانــی دیکەیــە و ئەوانــن کــە مافەکانیــان زەوتکــردوون کــە لــە ئەنجامــدا دووبەرەکــی لەنێــوان پێکهاتــە نەتەوەییەکانــی کەرکــووك دا دروســت دەکات و ســەرئەنجام کــوردی شــارەکە قەناعــەت بــەوە بێنــن کــە بــۆ بەدیهێنانــی مافــە نەتەوەییەکانیــان لــە دەوری حیزبــە نەتەوەییەکانــدا کۆببنــەوە.

بەداخــەوە ئەمــە هەڵویســتی حیزبــە کوردســتانییەکان نەبــووە بەتەنیا، بەڵکــو حیزبەکانــی تورکمانیــش هەوڵیانــداوە نەتەوەکانــی دیکــە بــە دووژمنــی تورکمانــی شــارەکە بنوێنــن. بــۆ هەمــان مەبەســت لایەنــە عەرەبییەکانیــش درێخییان نەکــردووە.

پێکەوەژیــان، لەنێــو نەتــەوە جیاوازەکانــی کەرکــووك دا هەیــە و هەســتی پێدەکرێــت، بــڕواش ناکــرێ جیــاوازی نەتــەوە و ئاییــن بووبێتــە ســەرچاوەیەك بــۆ ســەرهەڵدانی کێشــە کۆمەڵایەتــی و ئابوورییەکانــی نێوانیــان. پرســە سیاســییەکان نەیانتوانیــوە بگەنــە قوڵایــی خێزانــەکان، تاوەکــو بتوانــن شــیرازەی خێــزان و پەیوەندییــە ئابوورییــەکان تێکبــدەن و بەرژەوەندییــە ئابــووری و کۆمەڵایەتییەکانیــان بکەنــە قوربانــی کێشــە سیاســییەکان. چەنــد رووداوێکــی مێژوویــی لــە کەرکــووك روویانــداوە کــە بــۆ ماوەیــەك بوونەتــە مایــەی شــڵەژان و پشــێوی نانــەوە لەنێــو پێکهاتەکانــی ئــەو شــارە، بــۆ نموونــە رووداوەکانــی 1959ی گاورباغــی لەنێــوان کــورد و تورکمــان. « لە 14ی تەممــووزی 1959دا، پێکدادانێکی فــراوان لەنێوان تورکمانــەکان و کۆمۆنیســتەکان لــە شــاری کەرکــووك روویــدا. ئــەم پێکدادانــە بــووە هــۆی کوژرانــی زیاتــر لــە 25 تورکمــان.

هەرچەنـدە هەنـدێ لایـەن پێیـان خۆشـە ئـەم شـەڕە بـە شـەڕی کـورد ـ تورکمـان بدەنـە قەڵـەم، بـەڵام ئـەوەی راسـتی بێـت ئـەم پێکدادانـە لەنێـوان تورکمانـەکان و کۆمۆنیسـتەکان بـوو، کـە بەشـی هـەرە زۆریـان کـورد بـوون. ئـەو کوردانـەی بەشـداریی ئـەم شـەڕەیان کـرد دژی تورکمـان نەبـوو، بەڵکـو لـەو کۆمۆنیسـتانە بـوون کـە پێیـان وابـوو تورکمانـەکان دەرەبـەگ و سـەرمایەدارن و دژی حکومەتـی قاسـمن، بەڵگـە بـۆ ئـەم قسـانەش ئەوەیـە کـە زۆربـەی ئەوانـەی پـاش ئـەم کارەسـاتە دەسـتگیرکران و پاشـانیش لەسـێدارەدران سـەر بـە حیزبـی شـیوعی عێـراق بـوون» (یوسف گۆران ـ 2002 ـ ل 45)

ئـەم رووداوە خوێناوییـەی کەرکـووك، سـۆزی سـەرجەم پێکهاتەکانـی شـارەکەی جوڵانـد و هیـچ کام لـە پێکهاتـە سـەرەکییەکان دووبارەبوونـەوەی ئـەم جـۆرە رووداوانەیـان نەدەخواسـت « ئـەو رووداوە کاریگەرییەکـی زۆری هەبـووە لەسـەر بیروبۆچوونـی خەڵکـی شـاری کەرکـووک بـە هەمـوو چیـن و توێژەکانییـەوە و بـە هەمـوو نەتـەوە و ئایینەکانیشـەوە، لـە کەرکـووک هاوخەمێکـی زۆریـان پیشـاندا بەرامبـەر بـە کـوژراو و بریندارەکان، کـە خەڵکـی شـارەکەش بـوون و لـە کەسـوکاری خۆیـان بـوون» (محەممەد فاتح ـ 2017 ـ ل 801)

هەروەهـا لـە بیسـتەکانی سـەدەی رابـردووش دا، کێشـەیەك کەوتـە نێـوان کریسـتیان، کـورد و تورکمانەکانـی کەرکـووك کـە ئینگلیـز دەسـتی لـەو کێشـەیەدا هەبـوو و سیاسـەتی (پەرتکـە و زاڵبە)یـان لەپێناو بەرژەوەندییەکانـی خۆیان پەیڕەوکـرد و چاویان بڕیبـووە نەوتی کەرکـووک.

هەمـوو ئەمانـە تەنیـا رووداو بوونـە و نەبوونەتـە دیـاردە، تەنیا لـە بیردانـی سیاسـییەکان دا مـاون و لەکاتـی پێویسـت دا بـۆ بەرژەوەندیـی حیزبەکانیـان دەیانورووژێننـەوە. « خاڵێکـی گرنـگ کـە ئینگلیـزەکان هەوڵیـان بـۆی دەدا، هەوڵـدان بـوو بـۆ کەلێـن دروسـتکردن لەنێـو نەتەوەکانـی شـارەکە - مەبەسـت کەرکووکـە - ئەویـش بـە بەکارهێنانـی پەیوەنـدی کۆمەڵایەتـی و چیـن و توێـژەکان

بەلای خۆیان راکێشان و چەواشەکردنی رووی راستی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانیان و راکێشانیان لە تەرازووی مەرامەکانیان دا»
(سمکۆ بەهرۆز ـ 2006 ـ ل 27)

کەواتە پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نەتەوە سەرەکییەکانی کەرکووك هەمیشە کاریگەریی دەستی دەرەکی و داگیرکاریی ئیمپراتۆری عوسمانی و ئینگلیزەکانی پێوە دیاربووە و هەریەك لەو لایەنانە بەپێی بەرژەوەندی و سیاسەتی خۆی لایەنێك یان زیاتری بۆ خۆی راکێشاوە و پلانەکانیان پێی جێبەجێکردوون. «ئەگەر لەدوای هاتنی ئینگلیز لەم سنوورە بەتایبەت لە بەشی باشووری کوردستان تاوەکو زنجیرە چیا نزمەکانی حەمرین دەوڵەتێکی نوێ دروستبکرایە ئێستا بارودۆخی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەم ناوچەیە لە ئاستێکی دیکەدا دەبوو. ئینگلیزەکان ئەو کێشەیەیان بۆ مێژوو هێشتەوە و لەو رۆژەشەوە واتە لە ساڵی1918وە ئەو خوێنەی لەنێوان کورد و دەوڵەتی عێراق دا لەلایەك و، لەنێوان کورد و نەتەوەکانی دیکەدا دەڕژێ تاوانەکەی لە ئەستۆی ئینگلیزە» (لەتیف فاتح ـ 2008 ـ ل 16)

رێبوار تاڵەبانی، کە لە ساڵی 2005ەوە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن و لە 2014ەوە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك بووە بە وەکالەت، باس لە پەیوەندییەکانی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا دەکات و دەڵێ: ئێمە لە لیستی برایەتیی کەرکووك، هەموو نەتەوەکانی کەرکووکمان تێدایە و بڕوامان بە کوردستانیبوونی کەرکووکە و بەرنامەی لیستەکەمان، جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراق بووە. «پێکهاتەکانی لیستی برایەتی، ئەگەر ژمارەشیان کەم بێت، بڕوایان بە پێکەوەژیان هەیە و جیاوازی نەتەوە و ئایین هیچ کێشەیەکی بۆ دروست نەکردوون، بەڵام بەشێکی زۆری ئەندامانی لیستەکانی دیکەی نێو ئەنجوومەنی پارێزگا، هەر لە بنەڕەتدا بڕوایان بە پێکەوەژیان نەبووە، بەڵام لەبەرئەوەی لە پێش16ی ئۆکتۆبەر ئەو دەسەڵاتەیان نەبووە،

نەیانتوانیوە هەڵوێستی خۆیان بە ئاشکرا دەرببڕن، کەچی لە پاش 16ی ئۆکتۆبەر، هەرچی کاری ئاست نزم هەیە بەرانبەر بە کورد کردوویانە و پێشبینیم دەکرد لەوەش خراپتریان بەو کوردانە بکردایە کە لەشارەکەدا مابوونەوە" (رێبوار تاڵەبانی ـ لێدوان)

هەندێك جار نەتەوەکانی دیکە، پێکەوەژیانیان لەگەڵ کورد پێ ئاسانترە وەك لە نەتەوە و پێکهاتە ئایینییەکانی دیکە. نەجات حوسێن کە تورکمانێکی شیعەی نێو ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکە، لە هەڤپەیڤینێک دا پرسیاری لێکراوە کە ئەگەر عێراق بووە سێ دەوڵەت دەوڵەتی شیعە، دەوڵەتی سوننە، دەوڵەتی کوردستان، تۆ کامیان هەڵدەبژێری؟ لە وەڵام دا دەڵێ: «کورد هەڵدەبژێرم، چونکە دەوڵەتی شیعە لێمانەوە دوورە، لەگەڵ دەوڵەتی سوننەشدا هەڵناکەین»، ئەم وەڵامەی ئەندامەکەی ئەنجوومەن، ئەگەر گریمانە و لە ناچاریش بێت، بە مانای ئەوەدێت کە پێکەوەژیان لەنێوان پێکهاتەی شیعە و سوننەدا زۆر زەحمەت بووە، کەچی نەتەوە و پێکهاتە ئایینییەکانی دیکەی عێراق لەگەڵ کورد کێشەیان نابێت و پێکەوە هەڵدەکەن.

ئەگەر خوێندنەوەی ڕەوشەکە بۆ پرسی پێکەوەژیان لە شارەکە بەم جۆرە بێت، ئەوە ئەوپەڕی هۆشیاری خەڵکە ئاساییەکە دەگەیێنێ کە نەکەوتوونەتە دوای بانگەشەی حیزبە سیاسییەکان. هەمیشە خەڵکی کەرکووك بە سەرجەم نەتەوەکانیانەوە، ئەو راستییە دەزانن کە مافی هیچ نەتەوەیەك لەلای نەتەوەیەکی دیکە نییە، بەڵکو لەلای سیستەمە سیاسییەکەیە، ئەگەریش سیاسییەکانی کورد، عەرەب، تورکمان و کلدان و ئاشووری لەسەر بەڕێوەبردنێکی هاوبەشی کاروباری پارێزگاکە کۆك بن، خەڵکەکە هیچ کێشەیەکیان نییە و نەك هەر دژایەتی ناکەن، بەڵکو زۆریش پاڵپشتیی ئەم جۆرە بەڕێوەبردنە دەکەن.

سـەرباری ئـەم هەمـوو گۆڕانکارییـە خێرایانـەی لـە دەسـەڵاتی بەڕێوەبردنـی شـارەکەدا هاتوونەتـە ئـاراوە و دوای هاتنـی چەکدارانـی داعـش، هێشـتا شـتێك مـاوە پێیبگوترێـت تەبایـی، برایەتـی و پێکەوەژیـان. قـەدەری نەتەوەکانـی کەرکووکـە، وێـڕای هەوڵەکانـی حیـزب و لایەنـە سیاسـییەکان، چارەنووسـیان هاوبـەش بێـت، هـەر کاتێکیـش نەتەوەیەکـی دەسـەڵاتدار ویسـتبێتی خەڵکانێـك لـە نەتەوەکانـی دیکـە بێنێتـە نێـو لایەنەکـەی خـۆی و بـە نوێنـەری ئـەو نەتەوەیـەی بناسـێت، نـە حیزبەکـە تێیـدا سـەرکەوتوو بووە و نـە خەڵکە دەستنیشـانکراوەکەی نەتەوەکـەی دیکـەش توانیویەتـی نوێنەرایەتـی راسـتەقینەی نەتەوەکـەی خـۆی لەنێـو ئـەو حیـزب و دەسـەڵاتەدا بـکات.

بۆیـە لایەنـە ئۆپۆزیسـیۆنە کوردسـتانییەکانی کەرکـووك لەوبڕوایەدان، کـە حیزبـی بەعـس لـە حەفتاکانـی سـەدەی رابـردووەوە ئەمـەی تاقیکردووەتـەوە و بـارەگای چەنـد حیزبێکـی کارتۆنیـی کـوردی لـە شـارەکە کردووەتـەوە و ویسـتوویەتی بڵێـت: دەسـەڵاتەکەم نوێنەرایەتیـی سـەرجەم نەتـەوەکان دەکات، بـەڵام هەوڵەکـەی سـەرکەوتوو نەبـوو. کەچـی حیزبـە کوردسـتانییەکانی کەرکـووك، هەمـان تاقیکردنـەوە سـەرنەکەوتووەکەی ئەوانیـان دووبـارە کردووەتـەوە و بـە ناونووسـکردنی چەند ئەندامێکـی تورکمان و عەرەب لەنێـو رێکخسـتنەکانی حیزبەکانیـان خوازیاربـوون بـە بەرانبەرەکانیـان بڵێـن: حیزبەکانمـان نوێنەرایەتیـی سـەرجەم پێکهاتەکانـی شـارەکە دەکـەن، بـە چەنـد ئیمتیازێکـی وەکـو دامەزراندنـی گەنجانـی دەرچـووی زانکـۆ و پەیمانگـەکان و، بڕینـەوەی مووچەیەکـی تایبـەت و پێدانـی بڕێـك پاداشـت بـۆ ئـەو ئەندامانـە، بەمەبەسـتی کۆکردنـەوەی دەنـگ لـە پرۆسـەکانی دەنگـدان لـە شـارەکە ئـەم هەنگاوانەیـان نـاوە. دواتـر بینـراوە نـەك هـەر دەنگەکانیـان زیـادی نەکـردووە، بەڵکـو لەگـەڵ لاوازبـوون و نەمانـی هەژموونـی سیاسـی ئـەو لایەنانـە، ئەندامـەکان پشـتگیرییان نەکـردوون و بگـرە هەندێکیـان لێشـیان هەڵگەڕاونەتـەوە.

لەگەڵ ئەوەش دا لە رووە ئەمنییەوە، بەرپرسی یەکەمی حیزبی شیوعی کوردستان لە کەرکووك پێیوایە، کە لە کاتی هەبوونی دوو ئاسایشی پارتی و یەکێتی دا لە کەرکووک، هیچیان لێ کەم نەدەبووەوە ئەگەر چەند کەسانێکی شایستە لە نەتەوەکانی عەرەب و تورکمان دابمەزرێنن، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵمەتەکانی پشکنین لە گەڕەکە تورکمان و عەرەبنشینەکان لەگەڵیاندابن و دڵنیاییەك بدەنە ئەو نەتەوانە و پەیامی ئەوەیان پێبگەیێنن کە ئێمە ناحەزی ئێوە نین، چونکە ئەوەتا ئەندامانی نەتەوەکانی خۆشتان لە هەڵمەتەکانماندا بەشدارن. ئەم هەنگاوە هیچی لە دەسەڵاتی کوردی کەم نەدەکردەوە. ئەمڕۆش کە ئاسایش و پێشمەرگە لە شارەکەدا نەماون، هەرگیز ئەو دوو نەتەوەیەی کەرکووك لەگەڵ گەڕانەوەیاندانین بۆ شارەکە، چونکە نە لە ئاسایش و نە لەنێو هێزەکانی پێشمەرگەدا نوێنەرایەتیان نەبووە. «ئەم دەسەڵاتە نوێیەی لە دوای دەسەڵاتی کورد، کەرکووك بەڕێوەدەبات، کە خۆی لە دەسەڵاتی عەرەبی سوننە بە پشتیوانی عەرەبی شیعە دەبینێتەوە، نەیتوانیوە باڵانسی نێوان پێکهاتەکانی شارەکە بپارێزێت و هەمیشە بە مێشکی تۆڵەسەندنەوە و پەراوێزخستنی لایەنەکانی دیکەی کەرکووك بەرنامە دادەڕێژێت. تورکمانیش هەڵوێستی لە ئاست هەردوو دەسەڵات دا هەیە و دەڵێن: کاتێك کورد دەسەڵاتی هەبوو، کورد لە شارەکە دەسڕۆیشتوو بوو، پێکهاتەکانی دیکە رۆڵیان نەبوو کە عەرەبی سوننە و شیعەشیان تاقیکردەوە، بینییان ئەوانیش تەنیا بۆ بەرژەوەندیی پێکهاتەکەی خۆیان پەرۆشن» (شێخ سدیق ئەحمەد ـ لێدوان)

### 1 - 3پێکەوەژیان لە دیدی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کەرکووك

چارەنووسی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی شارەکە پێکەوە گرێدراوە. حیزبی بەعس کاری زۆری کرد لەسەر هەڵوەشاندنەوەی بناخەی ئەم پێکەوەژیانە، بەڵام نەگەیشتە ئامانج و سەرکەوتوو

نەبــوو، لەبەرئــەوەی پێکهاتــەکان، خاڵــی هاوبەشــیان زیاتــر بــوو لــە ناکۆکییەکانیــان. شــوێنەواری هەوڵەکانــی بەعــس مــاون و نەیــاران کاری لەســەر دەکــەن. «پرســی پێکەوەژیــان لــە دوو لاوە زیانــی پێگەیشــتووە، لایەکیــان پێکەوەژیانــی نەتەوەکــە لەنێــو خــودی خــۆی دا ئینجــا پێکەوەژیــان لەگــەڵ نەتەوەکانــی دیکــەدا. ئەگــەر تەماشــای نێوماڵــی تورکمــان بکەیــت، دەبینــی وێرانــە، پێکەوەژیانــی تورکمــان لەگــەڵ تورکمــان دا نییــە! پێکەوەژیانــی کــورد لەگــەڵ کــورد نییــە! هەروەهــا پێکەوەژیانــی عــەرەب لەگــەڵ عــەرەب دا نییــە! جــا بــۆ ئــەوەی پێکەوەژیانی راســتەقینە لــە کەرکــووك دا بێتەئــاراوە، پێویســتە جــارێ هەنگاوبنرێــت بــۆ پێکەوەژیانــی نێوخــۆی نەتەوەیەکــی دیاریکــراو، پاشــان بیر لــە پێکەوەژیانی نێــوان نەتــەوە و ئایینــە جیاکان بکرێتــەوە».
(ئیبراهیــم خەلیــل - لێــدوان)

ئەمــە دیــوە سیاســییەکەی پێکەوەژیانــە لــە کەرکــووك، ئەگــەر لــە دیــوە کۆمەڵایەتییەکەشــەوە بڕوانینــە پێکەوەژیــان، دیســان دەبینیــن پێکەوەژیــان زیانــی بەرکەوتــووە، ماندووبــووە، بــەڵام هێشــتا پەکــی نەکەوتــووە، هەرچەنــدە هــەوڵ هەیــە بــۆ پەکخســتنی. کەواتــە رووە کۆمەڵایەتییەکــەی پێکەوەژیــان لــە شــارەکە هەیــە، ئەویــش ئازایەتــی سیاســییەکان نییــە، بەڵکــو ئازایەتــی خەڵکەکەیــە کــە دەزانــن بەبــێ یەکــدی هەڵناکــەن و هێنــدە تێکەڵــی یەکــدی بوونــە، ئەســتەمە جودابکرێنــەوە.

شــەڕی نێــوان کــورد و عــەرەب لــە 1963ەوە دەســتیپێکردووە، ئەویش دەســەڵاتی سیاســی ئــەوکات بەســەر نەتەوەکانــی ســەپاندووە کــە ســەرئەنجام لەمەشــیاندا ســەرکەوتوو نەبووە و نەیتوانیــوە کورد بکاتە دووژمنــی عــەرەب، بەڵکــو کــورد، دەســەڵاتداری ئەوســای بــە دووژمنــی خــۆی زانیــوە، نــەك نەتەوەکــە بەگشــتی. « لــە 1967/2/8 بەعسییەکان کودەتایــان کــرد ، لــە حوزەیرانــی ئــەو ســاڵەدا بەعســییەکان بــە هــاوکاری حــەرەس قەومییــەکان پەلامــاری کوردســتانیان دا و کەرکــووک بــەر شــاڵاوێکی بەربەریانــەی تەعریــب و راگواســتن کــەوت،

لـە 1963/6/11 وە تاوەکـو 1963/7/23 بەگشـتی 875 گوندی کـورد خاپـوور کـران» (لەتیـف فاتـح ـ 2004 ـ ل 12)

ئارامـی و پێشـکەوتنی کەرکـووک بەنـدە بـە پێکەوەژیانـی ئاشـتیانەی نەتەوەکانـی کەرکـووک. سـەرئەنجام هـەر دەبـێ پێکـەوە بژین و هیچ پێکهاتەیـەك ناتوانـێ ئـەم شـارە بەڕێوەببـات ئەگـەر پێکهاتەکانـی دیکـە بەشـدار نـەکات.

تابلـۆی سیاسـیی کەرکـووك لـە سـێ بۆچوونـی جیـاوازدا دەخوێنرێتـەوە، یەکێکیـان بۆچوونـی کـوردە، کـە پێیوایـە کەرکـووك، شـارێکی فرەنەتـەوە، شـاری ئاشـتەوایی و پێکەوەژیانـە بـە ناسـنامەی کوردسـتانییەوە. بەهەمـان شـێوە تورکمـان وایدەبینـێ کـە کەرکـووك شـاری برایەتی و ئاشـتەوایی و پێکەوەژیانە بە ناسـنامەی تورکمانییەوە. بۆچوونـی سـێیەم، خاوەنەکـەی عەرەبە، کـە کەرکـووك بـە عێراقێکـی بچووککـراوە ناودەنێـت و دەڵێـن: موڵکـی هەمـوو پێکهاتەکانـی کەرکووکـە، بـەڵام بـە ناسـنامەی عێراقییـەوە.

ئـەم سـێ بۆچوونـە جیـاوازەی لایەنـە سیاسـییەکانی کەرکـووك، لەنێـو ئەنجوومەنـی پارێـزگا و خـودی پارێـزگای کەرکووکیـش دا بووەتـە سـەرچاوەی ئیلهامـی بڕیارەکانـی ئەنجوومەنـی شـارەکە، تەنانـەت پەرلەمـان و حکومەتـی عێراقیـش. کـە دواتـر شـەقامی کەرکووکیـش ڕەنگدانـەوەی ئـەم بۆچوونـە جیاوازانـەی تێـدا دەرکەوتـووە. دانیشـتووی ئاسایی کەرکـووك لـە کـورد، عـەرەب، تورکمـان و کلـدان و ئاشـوورییەکان، هیـچ کێشـەیەکیان لەنێـوان دا نەبـوو، هەمـوو کەرکووکـی بـوون و بـە تەبایـی پێکـەوە دەژیـان، بـەڵام ئـەوەی ئـەم بۆچوونانـەی دابەزانـدە نێـو شـەقامی کەرکـووك، حیـزب و لایەنـە سیاسـییەکان بـوون.

ئـەوەی مایەی سـەرنجە، هەر سـێ بۆچوونـەکان جەخت لەسـەر برایەتی و ئاشـتەوایی و پێکەوەژیـان دەکەنـەوە، هەروەهـا ڕێکخراوەکانـی نەتەوەیەکگرتـووەکان و ئەوانـەی کۆمەڵگـەی مەدەنیش، بـە ملیۆنان

دیناریـان لـە نـاوەوە و دەرەوەی کەرکـووك و وڵاتانـی ئەورووپـا و تەنانـەت لـە ئەمریـکاش خەرجکـرد بـۆ چەسـپاندنی ئـەم سـێ چەمکـەی برایەتـی - ئاشـتەوایی - پێکەوەژیـان، کەچـی هـەر هەمـووی بەفیڕۆچوو و چەمکـەکان لـە چوارچێـوەی دروشـمی ئـەو لایەنانـە دەرنەچـوو.

حیزبـی شـیوعی کوردسـتان لەگـەڵ بۆچوونـی یەکەمـە کـە دەڵێـت: کەرکـووك شـارێکی فرەنەتـەوە و شـاری ئاشـتەوایی و پێکەوەژیانـە بـە ناسـنامەی کوردسـتانییەوە، چونکـە هەمـوو بەڵگـە مێژووییـە بەریتانـی و تەنانـەت عوسـمانییەکانیش گەواهیـدەری ئـەم راسـتییەن، ئەگـەر کـورد سازشـی لەسـەر کوردسـتانیبوونی کەرکـووك بکردایـە، دوور نەبـوو ئێسـتا خـاوەن دەوڵەتـی سـەربەخۆی خـۆی بووایـە، بـە سـێ پارێزگاکـەی هەولێـر، سـلێمانی و دهۆکـەوە، واتـە بەبـێ کەرکـووك، بـەڵام سـەرکردایەتیی کوردسـتان، شۆڕشـیان لەپێنـاو کەرکـووك دا بەرپاکـرد و ئامـادە نەبـوون لەگـەڵ هیـچ حکومەتێکـی عێـراق دا سـازش لەسـەر کوردسـتانیبوونی کەرکـووك بکـەن.

لـە سـەرەتای رووخاندنـی رژێمـی سـەددام، تاوەکـو سـاڵانی 2006 و 2007 ، کـورد و عـەرەب و تورکمانـی کەرکـووك گفتوگۆ و دانیشـتنیان پێکـەوە هەبـوو، بەڵام کێشـەکان بـەرە بەرە زەق و گەورەتـر دەبوون و حکومەتـی بەغـدا نەیویسـت چارەسـەرێکی بنەڕەتی کێشـەی کەرکووك بـکات. هێـدی هێـدی ئـەو لایەنانـە لـە یەکـدی دوورکەوتنـەوە تاوەکـو وایلێهـات حیزبـە کوردسـتانییەکان بەتەنیـا لەنێـو خۆیـان دا بەبـێ لایەنـی عـەرەب و تورکمانـی کۆببنـەوە. ئـەم دوورکەوتنەوەیـەی لایەنەکانی کەرکـووك رێگـەی بـۆ لایەنـی دەرەکـی و وڵاتانـی ناوچەکـە خۆشـکرد، دەسـت لـە کاروبـاری شـارەکە وەربـدەن. راسـتییەکیش لەم شـارەدا هەیـە کـە نـە کـورد دەتوانـێ بـە تەنیا شـارەکە بەڕێوەببات و لایەنەکانـی دیکـە پەراوێزبخـات، نـە هیـچ لایەنێکـی دیکـەی عەرەبـی و تورکمانیـش دەتوانـن بەبـێ کـورد هیـچ بـۆ شـارەکە بکـەن. کەوابـوو بۆچوونـی دروسـت ئەوەیـە، کـە پێویسـتە هەمـوو نەتەوەکانـی کەرکـووك، لۆژیکـی گفتوگـۆ و دوورکەوتنـەوە لـە زمانـی زبـر و

هەرەشە هەڵبژێرن، چونکە ئەو پێکهاتانە چارەنووسیان پێکەوەیە و هەر بەیەکەوەش دەمێننەوە، هەڵبەت مانەوەی ئاشتیانەش دەبێ تاکە بژاردەیان بێت. بازاڕەکان و شەقام و گەڕەکەکان جێگەی هەموویانی لێبووەتەوە، ئابووری و کۆمەڵایەتییان پێکەوە گرێدراوە، دەبێ شانۆی سیاسیشیان جێگەی بۆچوونە جیاوازەکانی تێدا ببێتەوە.

لە گەرمەی ناکۆکییەکانی نێو ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك دا، بەرپرسێکی ئەمەریکی و شاندێکی یاوەری لە کۆبوونەوەیەك دا، رووی قسەکانی لە ئەندامانی ئەنجوومەنەکە کرد و گوتی: «هیوادارم گشت ناکوکییەکانتان بەلاوەبنێن و وەك ئەو منداڵانەی پێش گەیشتنم بە هۆڵی ئەم کۆبوونەوەیە، لە رێگە بینیمن لە هەرسێ نەتەوەکە بوون و پێکەوە زۆر بەتەبایی و ئاشتیانە یارییان دەکرد. ئێوەش بە تەبایی و برایەتی، گەمەی سیاسی خۆتان بکەن و کێشەکانتان مەگوازنەوە نێو خەڵك کە لە بنەڕەت دا پێکەوەژیانیان هەڵبژاردووە».

حیزبی شیوعی کوردستان لەو بڕوایەدایە کە هیچ کام لە لایەنە سیاسییەکانی کەرکووك لەگەڵ یەکدا راستگۆ نەبوون و لە رۆژگارێکدا کە کورد دەسەڵاتی لە شارەکەدا هەبوو، نەیتوانی نموونەیەکی سەرکەوتووی بەڕێوەبردنی کەرکووك پیشانی نەتەوەکانی دیکە بدات و کارێکی وابکات کە نەتەوەکانی دیکە بە رەزامەندی خۆیان بە کوردستانیبوونی شارەکە رازیبن و بچنەوە پاڵ هەرێمی کوردستان. هەروەها ئەو بەرپرسە شیوعییە، رەخنەی لە سیاسەتڤانانی کورد هەیە کە کێشەی کوردیان بە ماددەی 140ەوە بەستووەتەوە. « دەبووایە کورد لەجیاتی ئەوەی خەریکی ئاساییکردنەوەی دۆخی شارەکە و گەڕاندنەوەی ئاوارەکان و گێڕانەوەی هاوردەکان بێت، ماددەیەکی لە دەستووری هەمیشەیی عێراق بۆ دیاریکردنی سنووری جوگرافی کوردستان جێگیر بکردایە، چونکە کاتێك سنوور دیاری دەکرێت، ئەو قۆناخانەی دیکەی ماددەی 140 بە ئاسانی

جێبەجێدەکرێـن کـە تائێسـتاش جێبەجێنەکـراون، لەبەرئـەوەی ئەگـەر سـنووری هەرێمـی کوردسـتان بـە کەرکووکیشـەوە دیـاری بکرایـە، مانـەوە و بوونـی عەرەبـی هـاوردە هیـچ کێشـە نەبـوو، بـۆ نموونـە هەولێـر یـان هـەر شـارێکی دیکـەی هەرێمـی کوردسـتان بـا هـەر عەرەبـی زۆری تێـدا بژیـت، چونکـە سـنووری هەرێمـی کوردسـتانە ، کـورد کێشـەی نابێـت، هەمـان هاوکێشـە بـۆ کەرکووکیـش دروسـتە، ئەگـەر سـەرەتا ناسـنامەکەی یـەکلا بکرابووایـەوە و بەپێـی دەسـتووری هەرێمـی کوردسـتان، هـەر نەتەوەیـەك مـاف و ئەرکـی دیاریدەکـرا»
(شـێخ سـدیق ئەحمـەد - لێـدوان)

لـە داڕشـتنی دەسـتووری هەرێمـی کوردسـتان دا دەبووایـە عـەرەب و تورکمانـی کەرکووکیـش بەشـدارییان پێبکرایـە، پێشـنیاز و داواکارییەکانـی ئەوانیـش رەچـاو بکرابـووان. ئـەم پەراوێزخسـتنەی عـەرەب و تورکمانـی شـارەکە، کاردانـەوەی خراپـی هەبـوو و دواتـر هەسـت بـەو کاردانەوانـە کـرا. کاوە مەحمـوود، سـکرتێری حیزبـی شـیوعی کوردسـتان، ئەنـدام و لایەنگرانـی عەرەبـی حیزبەکەیانـی کۆکـردەوە و گفتوگۆیـان سـەبارەت بـە پێشـنیازی بەشـداریکردنیان لـە نووسـینی دەسـتووری هەرێمـی کوردسـتان بـۆ خرایـەڕوو، ئەوانیـش ئـەم دەستپێشـخەرییەیان بـە هەنگاوێکـی ئەرێنیـی دانـا. لـە کۆمیتـەی کەرکووکـی حیزبـی شـیوعی کوردسـتان دا نامەیـەك بـە نـاوی بەشـداربووانی کۆبوونەوەکـە نێـردرا بـۆ پەرلەمانـی کوردسـتان و داواکـرا لـە داڕشـتنی دەسـتووردا رەچـاوی پێشـنیازەکانیان بکـەن، بـەڵام نەکـرا. کـە بانگهێشـتیش نەکـران، دەبووایـە بەبـێ ئامادەبوونـی نوێنەرانـی عـەرەب و تورکمـان لـە چەنـد ماددەیەکـی پـڕۆژەی ئـەو دەسـتوورەدا ئامـاژە بـۆ مافـە نەتەوایەتییەکانیـان بکرایـە، نـەك وەك ئـەوەی کـە ئێسـتا هەیـە، تەنیـا مافـە کولتـووری و رۆشـنبیرییەکانی تورکمـان و کلدوئاشـوورییەکان ئامـاژەی پێکـراوە، چونکـە لەبەرئـەوەی بڕیـارە کەرکـووك کوردسـتانی بێـت، دەبـێ مافـی سـەرجەم نەتـەوە و پێکهاتـە ناکوردەکانیـش لەنێـو دەسـتووری کوردسـتان دا جێگیـر بکرێـت.

واتە ئەو بودجە قەبەیەی لە هێنانەوە و گەڕانەوەی خەڵك دا خەرجکرا، بەفیڕۆچوو، چونکە ئەوەتا بینیمان ئەو هەموو هەوڵانەی ساڵانی رابردوو بۆ ئاساییکردنەوەی شارەکە دران، لە چەند رۆژێکی پاش هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەردا هەموویان سڕانەوە و گەڕاینەوە چوارگۆشەی یەکەم. شارەزایەکی کوردی شارەکە دەڵێ تازە ئەم ماددەیە دەبێ پێداگیری لەسەر بکەین و جێبەجێبکرێت، بەڵام نەك بە نەفەسی کار و کاردانەوەی سیاسەتی پارێزگاری بەوەکالەتی کەرکووك راکان جبوری کە بە پشتیوانی هێز، دەستی داوەتەوە تەعریبکردنی ناوچەکە و جارێکی دیکە کورد وەکو ئەوان نەکەن، پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکان نەنێرنە سەریان کە هەڕەشەی دەرکردن و گەڕانەوەیان لێبکەن.

بێجگە لەمە، کورد ئەو هەوڵەشی نەدا، چەمچەماڵ بخاتەوە سەر ئیدارەی کەرکووك کە لە حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە بەمەبەستی کەمکردنەوەی رێژەی کورد لە پارێزگاکە، خرایە سەر ئیدارەی پارێزگای سلێمانی، هەمان شتیش سەبارەت خورماتوو و کفری و کەلار کە لە چوارچێوەی هەمان سیاسەت دا خراونەتە سەر پارێزگاکانی سلێمانی و سەڵاحەدین و دیالە. «حکومەتی بەعس لە چوارچێوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن دا ناوی پارێزگای کەرکووکی گۆڕی بۆ پارێزگای تەئمیم، ئەویش بە نووسراوی کۆماری ژمارە 41 لە رۆژی 1976/1/29 بەپێی ئەم بڕیارە هەرسێ قەزای چەمچەماڵ و کفری و خوورماتوو لە پارێزگای کەرکووک دابڕێندران و لکێنران بە پارێزگای سلێمانی و دیالە و سەڵاحەدینەوە. دابڕینی ئەم ناوچانە واتە دابڕینی نزیکەی (8660)کلیۆمەتر دووجا (کم2) لە کۆی گشتی پارێزگاکە کە لەو دەمەدا نزیکەی (18086) کم2 بووە. بەم شێوەیە دوای دابڕینی ئەو سێ قەزایە لە پارێزگای کەرکووک، رووبەری پارێزگاکە تەنیا 9426کم2ی مایەوە. پاشان لەبەرئەوەی تێکڕای رێژەی کورد لەم سێ قەزایەدا زۆرینە بووە وبە رێژەی بەشداری 66.8% بەشداری هەندەسەی ئیتنۆگرافی و پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگای کەرکووکیان کردووە» (فرمان عبدالرحمن ـ 2006 ـ ل 119)

بە هەمان شێوە رەسووڵ رەئوف عەبدولعەزیز، ئەندامێکی سەرکردایەتي حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی مەڵبەندی کەرکووکی حیزبەکە، پێداگری دەکات کە خەڵکی کەرکووك بەبێ دەستتێوەردانی حیزبەکان هیچ کێشەیەکیان لەنێوان دا نییە، ئەو ناکۆکی و ململانێیانەی لەنێوانیان پەیدابووە، دروستکراوی حیزبە سیاسییەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی شارەکەن، چونکە کوردی دانیشتووی ئەم شارە کاتێك دەچێتە بازاڕ، هەرگیز بیری لەوە نەکردووەتەوە کە شتومەك لە دووکاندارێك نەکڕێت لەبەرئەوەی تورکمانە یان عەرەبە، هەروەها عەرەب و تورکمانیش هەمان بیرکردنەوەیان هەیە لە ئاست یەکتر، واتە جیاوازیی نەتەوەیی لەنێو بازاڕدا هەستی پێنەکراوە، بەڵام نەك بۆ دژایەتی یەکدی، ئەمە لە بازاڕ، لە فەرمانگەکانی حکومەتیش دا قەت رێکنەکەوتووە فەرمانبەرێکی تورکمان، تەنیا لەبەر جیاوازیی نەتەوە یاخود ئایین کارەکانی عەرەبێك یان کوردێك یانیش کریستیانێك رایی نەکات، فەرمانبەری نەتەوەکانی دیکەش بە هەمان شێوە. «ناشیرینکردنی رووی جوانی پێکەوەژیان لە کەرکووك، خەڵکە ئاساییەکە لێی بەرپرس نین، بەڵکو بەرپرسانی حیزبەکانن ئەو دیاردەیەیان هێناوەتە ئاراوە. لەوەش دا نەك هەر هۆکاری ناوخۆیی، بگرە هۆکاری دەرەکیش هەن و وڵاتانی دراوسێ لە تێکدانی پێکەوەژیانەکە رۆڵێکی خراپیان گێڕاوە، بۆ نموونە سیاسییە تورکمانە سوننەکان کە کاریگەری تورکیایان لەسەرە و بەرەی تورکمانی بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی ئاراستەی دەکات. سیاسییە تورکمانە شیعە مەزهەبەکانیش، ئێران سەنگی خۆی لە بڕیارەکانیان دا هەبووە. وڵاتانی عەرەبی دراوسێ و چەند وڵاتێکی کەنداو ئەجێندای حیزبە عەرەبییە سوننە مەزهەبەکان دادەڕێژن. کوردی کەرکووکیش لە رێگەی حیزبە کوردستانییەکانەوە بەرەو هەرێمی کوردستان راکێشراون، ئەویش بە دوو ئاراستە، ئاراستەیەك بەرەو هەولێر، ئەوەی دیکەیان بەرەو سلێمانی» ( رەسوڵ رەئوف - لێدوان)

سیاسەتڤان و بڕیار بەدەستانی نەتەوە سەرەکییەکانی عێراق، نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە ململانێیەکانی نێوان خۆیان لەپێناو خەڵکی ستەمدیدەی ژێر دەسەڵاتی رژێمی سەددام وەلانێن و گشت تواناکانیان بۆ خزمەتکردنی ئەو خەڵکە بێت. ناکۆکی و ململانێیەکان جۆرێف بایدن سەرۆکی ئەوکاتی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکای گەیاندە ئەو باوەڕەی بڵێت: «ئێستا لە عێراق دا توندوتیژی کەم بووەتەوە، بەڵام عێراقییەکان لێك نزیك نەکەوتوونەتەوە، وادیارە عێراقییەکان ناتوانن بەم نزیکانە جیاوازییەکانیان وەلانێن″.

### 1 - 4 رۆڵی پێشمەرگە لە چەسپاندنی پێکەوەژیان لە کەرکووك دا

رەخنەکان لە بەڕێوەبردنی کەرکووك لەلایەن کوردەوە، تێکڕای بەرپرسانی حیزبیی شارەکەیان گەیاندە ئەو بڕوایەی کە دەسەڵاتدارانی کورد نەیانتوانی نموونەیەکی جوانی بەڕێوەبردن نیشانی نەتەوەکانی دیکەی شارەکە بدەن، تاوەکو لەکاتی هاتنی داعش و نزیکبوونەوەی مەترسییەکانیان پشتی کورد بگرن و ئەوەی لە دوای 16ی ئۆکتۆبەر لە شارەکە دەگوزەرێت، تۆڵە سەندنەوەیە لە دەسەڵاتی کورد لە کەرکووك. داعش کە چەندین جار هەوڵی داگیرکردنی شارەکەیان دا، هەر لە گەڕەکە عەرەبە سوننەنشینەکانەوە لە رێگەی شانە نوستووەکانیانەوە جموجۆڵیان دەکرد، چونکە دانیشتووانی ئەو گەڕەکانە، بەتایبەتی هاوردەکانیان داعشیان پێ باشتربوو لەو دەسەڵاتە کوردییەی ئەوانی تێدا پەراوێزخراوە.

درزی نێو دەزگا ئەمنییەکانی شار و هاوکار نەبوونی سەرجەم نەتەوەکانی کەرکووك، دەرفەتێکی زۆری بۆ چەکدارانی داعش رەخساند، لە ماوەیەکی زۆر کورت دا چەندین باڵەخانەی بەرزی شارەکە کۆنترۆڵ بکەن و پشێوی بخەنە نێوجەرگەی شارەوە. لەو رۆژگارانەشدا دەزگاکانی ئاسایش بەوە تۆمەتباردەکران کە کاری نایاسایی بەرانبەر دانیشتووانی کەرکووك دەکەن و تۆمەتی

سـەرهەڵدانی دیـاردەی دزینـی ئۆتۆمبێـل و هەڵکوتانـە سـەر ماڵـی خەڵــك و رفاندنــی هاووڵاتیانیــان بخەنــە ئەســتۆ.

ئــەوەی مایــەی دەستخۆشــی و خۆشــحاڵی کــوردی کەرکووکــە، قارەمانێتـی پێشـمەرگە و هێزەکانـی ئاسـایش بـووە کـە قارەمانانـە بەرگرییــان لــە شــارەکە کــرد و نەیانهێشــت چەکدارانــی داعــش شــارەکەیان داگیربکــەن، ســەر و ماڵــی ســەرجەم نەتەوەکانــی شارەکەشـیان پاراسـت، لەوپێناوەشـدا سـەدان شـەهید و برینداریـان دا. زۆر جاریـش هێزەکانـی هـەردوو ئاسـایش کـە ئەرکـی پاراسـتنی نێـو شـاریان لـە ئەسـتۆدا بـووە، لەکاتـی پێویسـت دا چوونەتـە بەرەکانـی شـەڕ و بەشـدارییان لەگـەڵ پێشـمەرگەدا کـردووە. بەوشـێوەیە کــورد رووی ئــەوەی هەیــە داوای هاتنــەوەی ئــەم هێزانــە بکاتــەوە. ئــەم هێــزە پارێــزەری پێکەوەژیانــی نێــوان نەتــەوەکان بوونــە، بــەڵام بــۆ بەڕێوەبــردن ئــەو رووەمــان نییــە و پێویســتە لــەم رووەشــەوە کـورد بەخۆیـدا بچێتـەوە و کەسـانێك بـۆ بەڕێوەبردنـی شـارەکە دیـاری بــکات کــە گلەیــی و رەخنــەی هیــچ لایەنێکــی دیکــەی نەیەتەســەر، چونکـە پاراسـتنی کەرکـووك جیـاوازە لـە بەڕێوەبردنـی کەرکـووك. لـە یەکەمـدا کـورد سـەرکەوتوو بـوو، یـار و نەیـاری ناوخـۆ و هاوپەیمانـان شــاهێدیيان بــۆ دەدەن، بــەڵام لــە دووەم دا شکســتی هێنــاوە.

خەڵکــی ئاســایی نەتەوەکانــی دیکــەی کەرکــووك پێزانینیــان بــۆ قوربانییەکانــی پێشــمەرگە هەبــووە و نموونــەی جوانیــان پێشکێشــکردووە کــە بەشــێکیان لــە گەرمــەی شــەڕی دژی داعــش، هاوشـێوەی کـوردی شـارەکە هاوکارییـان کۆکردووەتـەوە و رەوانـەی بەرەکانــی شــەڕیان کــردووە بــۆ پێشــمەرگە. بــازرگان و کاســبکارانی نەتەوەکانـی دیکـە لەگـەڵ هاتنـەوەی پێشـمەرگەن، نـەك هێزەکانـی ئاســایش بــۆ نێــو شــار.

## 1 - 5هەستکردن بە پێکەوەژیانی راستەقینە

قسەکردن لەسەر پێکەوەژیان لە کەرکووک، بابەتێکی دوور و درێژە و زۆری لەسەر گوتراوە. پەیوەندی بە ژیان و پێکەوە کارکردنی ئەو هاووڵاتیانەوەیە کە لەوێ کۆبوونەتەوە.

شوان محەممەد کەریم، ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و بەرپرسی کۆمیتەی کەرکووکی حیزبەکە، سەبارەت بە پرسی پێکەوەژیانی نەتەوەکانی کەرکووک رروونیدەکاتەوە « بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە دەبێ بگەڕێینەوە سەرەتای پێکەوەبوونی ئەم نەتەوانە، دیارە کە دێینە سەر باسی پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی کەرکووک، مێژووی چوار هەزار ساڵمان لەبەردەستە، کە دەیخوێنینەوە دەبینین کۆمەڵێك خەڵك لەسەر ئەم زەویە ژیاون کە کورد کۆنترینیانە و یەکەمین پێکهێنەری کەرکووك و جوگرافیای پارێزگاکەیە. پاشان نەتەوەی دیکە هاتوونەتە ناوچەکە. لە دوای شەڕی چاڵدێران لە نێوان سەفەوی و عوسمانییەکان دا و سەرکەوتنی عوسمانییەکان بەسەر سەفەوییەکاندا، فراوانبوونی دەسەڵاتیان تاوەکو سنووری ئەو وڵاتەی ئێستا پێیدەگوترێت شانشینی عەرەبیی سعوودیە، وایکردووە بەشێك لە تورکمانەکان بێنە دەوروبەری کەرکووك و خۆیان لە دەسەڵاتدارانی عوسمانی نزیك کردووەتەوە و نزیکەی 300 ساڵ دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوای ناوچەکە بوونە. لە ناوجەرگەی شاردا ژیاون و کەسانی خوێندەوار بوونە. کورد لەو سەردەمەدا دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبووە و هەمووکات لە پەراوێزی دەسەڵات دا بووە و رێگەی پێنەدراوە بخوێنێ یان خاوەندارێتی لە بستێکی ئەو خاکەدا هەبێت کە لە بنەڕەت دا خاکی خۆیەتی».

دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە بیستەکانی سەدەی بیستەم دا، کاتێك ئینگلیزەکان هەرسێ پێکهاتەکەی ناوچەکەیان وابەستەی جوگرافیایەك کرد و ناونرا عێراق، جارێکی دیکە کورد پەراوێز دەخرێتەوە و مافەکانی پێشێل دەکرێت، چونکە ئەوکات ئینگلیزەکان

پێویستیان بە کەسانی خوێندەوار و تەکنۆکرات و پیشەوەر بووە، جارێکی دیکە تورکمانەکان دەرفەتی چوونە پێشەوەیان بۆ رەخسا و، زۆربەی پۆستە کارگێڕییەکانی شاریان گرتەوە دەست.

ئەوەی لە شارەکەدا دەگوزەرێ هەمووی بە زیانی کورد بووە، نە عوسمانییەکان و نە ئینگلیز و نە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق درێخییان نەکردووە لە گۆڕینی دیموگرافیای پارێزگاکە و، لە سالانی سییەکان و چلەکانی سەدەی رابردووەوە، حکومەتی عێراق، هۆز و تیرە عەرەبەکانی نێوەڕاست و خوارووی عێراقی گواستووەتەوە سنووری پارێزگای کەرکووك، چونکە شوێنێکی زۆر لەباربووە بۆ خۆیان و ئاژەڵەکانیان و ئاو و لەوەڕگەی فراوانی تێدا بووە. هەڵبەت ئەو پرۆسەیە بۆ مەرامێکی سیاسی بووە کە زیادکردنی ژمارەی عەرەب و هاوتاکردنی ژمارەکەیان بووە بە ژمارەی کورد لە کەرکووك « لە هەموو بارەکاندا هەوڵەکان بۆ لە قەبارەدان و کەمکردنەوەی رێژەی گشتی دانیشتووانی کورد بووە. هەر بۆیە ئەگەر خوێندنەوەیەك بۆ داتا دیمۆگرافییەکانی نێو سەرژمێرییە فەرمییەکانی عێراق بکەین دەگەینە ئەو راستییە کە بڵێین رێژەی کورد لەسەر ئاستی عێراق دا، بەردەوام لە دابەزین بووە » (فەرمان عبدالرحمن ـ 2006 ـ ل 31)

حەویجە لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی دا ئاوەدانکرا، دواتر پرۆژەی ئاودێری حەویجە بۆ عەرەبە هێنراوەکان جێبەجێکرا و لە هەموو رووێکەوە پشتگیریان بۆ فەراهەم کرد. « لە ساڵی 1936 دەستکرا بە هەڵکەندنی جۆگەلەیەکی 55 کیلۆمەتری، کە لە زێی بچووکەوە ئاوەکەی وەرگیرابوو. بووە هۆی نیشتەجێکردنی 20 هەزار کەسی هۆزە عەرەبییە کۆچەرییەکانی عوبێد، تەی، لهێب و کەروی، لە دەشتەکانی قەرەتەپە» (خلیل اسماعیل ـ 2003 ـ ل 23)

لە بەرانبەریشدا گوشار خرایە سەر گوندە کوردنشینەکان و جوگرافیای کەرکووك لەبەریەك هەڵوەشێندرایەوە. کەلار و کفری

لـێ جیاکرایـەوە و خرایە سـەر پارێـزگای دیالـە و چەمچەماڵـی لێکرایەوە خرایـە سـەر پارێـزگای سـلێمانی و دواتـر خوورماتـووی لێکرایـەوە و خرایـە سـەر پارێـزگای سـەڵاحەدین، ئـەم کارەشـیان لـە چوارچێـوەی هەوڵەکانیـان بـووە بـۆ کەمکردنـەوەی ژمـارەی کـوردی پارێـزگای کەرکـووک و لـە بەرانبـەردا زیادکردنـی ژمـارەی عـەرەب . «کـورد لـە هەمـوو نەتەوەکانـی دیکەی شـارەکە زیاتـر باسـی پێکەوەژیانی کردووە و بڕواشـیان پێـی هەبـووە، تـۆ بزانـە کاتێـك تورکمـان باڵادەسـتبوونە لەسـەردەمی عوسـمانی دا، زۆربـەی گوندەکانـی کوردیان خسـتوونەتە سـەر نـاوی خۆیـان و تەنانـەت ناوەکانیشـیان گۆڕیـون، ئێسـتا هەندێك گونـد هـەن لـە سـنووری کەرکـووك، لەسـەر یـەک کـەس تاپۆکـراوە، کـە لـە ژیانیـدا رۆژێکیـش لـەو گونـدە نەژیـاوە، هـۆکاری ئەمـەش ئەوەبـووە، کـە ئـەو تورکمانانـە کاربەدەسـتی حکومـەت بوونـە لـە فەرمانگـەی تاپـۆ، یاخـود لـە شـارەوانی، دەسـەڵاتیان هەبـووە و ئـەو گوندانەیـان لەسـەر خۆیـان تاپـۆ کـردوون. ئەمـەش بەڵگـەی ئەوەیـە کـە بەشـێك لـە تورکمـان هەرگیـز بـڕوای بـە پێکەوەژیـان نەبـووە. کاتێك عەرەبـی سـوننەش دێنـە سـەر حوکـم، مێـژوو هەمـوو شـتێکی تۆمارکـردووە، کـە چییـان لـە کـورد و نەتەوەکانـی دیکـەی پارێزگاکـە کـردووە. عـەرەب زۆر لـە تورکمـان خراپتربوونـە، ئەگـەر تورکمـان زەوی و گونـدی داگیرکردبێـت، عـەرەب هاتـووە هەوڵـی سڕینەوەی کـوردی دا. پرۆسـە بەدناوەکانـی ئەنفـال و سـووتماککردنی 100 گونـد لـە سـنووری پارێـزگای کەرکـووك و راگواسـتن و سیاسـەتی تۆقانـدن بەڵگـەی ئـەم بۆچوونانەمانـن. کەواتـە زۆرینـەی عەرەبیـش هیـچ بڕوایان بـە پێکەوەژیانـی نەتەوەکانـی کەرکـووك نییـە» (شوان محەممەد - لێـدوان)

ئـەو سیاسـەتانە لەوبـارەوە مێـژوو دەکاتـە شـاهێد و دەڵـێ: «لـە مێـژوودا تۆمـار کـراوە، کـە کاتێـك مـادەکان ئیمپراتـۆری ئاشـووری دەڕووخێنـن، پادشـای مـادەکان پەیامێـك دەنێرێـت و دەڵێـت: دەبـێ سـەر و ماڵـی ئاشـوورییەکان لـە نەینـەوا پارێزراوبێـت. ئەمـەش بەڵگـەی ئەوەیـە، کـە زۆرینـەی کـورد مافـی ئەوانیدیکـە پێشـێل ناکات،

هەروەها گیانی تۆڵەسەندنەوەی تێدا نییە و نەیویستووە تەنانەت تۆڵە لە دووژمنانیشی بکاتەوە. نموونەیەکی زیندووی مێژووی نوێی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان لە گوتەکانی مەسعود بارزانی دا خۆی دەبینێتەوە کاتێك دەڵێ: من ترسام کورد تۆڵەی ئەنفال و کیمیاباران لە سەربازانی هەڵاتووی رژێم بکاتەوە کاتێك لە راپەرینەکەی 1991 دا کەوتنە ژێر دەستی خەڵکانی کوردستان، بەڵام زۆر شوکر یەك سەربازیشیان خوێن لە لووتی نەهات و بە سەلامەتی گەڕانەوە ماڵەکانیان ".

کاتێکیش راپەرینەکە لە کەرکووك هەرەسی هێنا و بەپێی هەلومەرجە سیاسییەکانی ئەوکات، هێزەکانی پێشمەرگە پاشەکشەیان کرد و کۆڕەوە کارەساتبارە ملیۆنییەکەی کورد لەوێوە دەستیپێکرد، جودا لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان، رژێمی سەددام دەستی بە فەوتاندن و سڕینەوەی ئەو بەڵگەنامانە کرد کە باس و ئاماژەیان تێدابوو لەسەر کوردستانیبوونی کەرکووك. « هەر لە هەرەسی راپەرینەکەوە کەوتنە کۆکردنەوەی زۆر کتێبی کوردی و رۆژنامە کوردییەکان لە کتێبخانەی گشتیی کەرکووک لەژێر پەردەی ئەوەی کە تاڵان کراوە و هەموویان لە (خڕی خاسە)ی کەرکووک سووتاندن. هەر لە هەمان کاتدا کەوتنە کۆکردنەوە و بردنی هەموو شوێنەوارەکانی (نوزی) و (کوڕوخانی) ناوچەی کەرکووك لە مۆزەخانەی شاری کەرکووك کە تەنیا یەک پارچەیشیان نەهێشت و بە تەواوی داخرا» (سمکۆ بەهرۆز ـ 2006 ـ ل34)

بەڵام کاتێك لە 2003 رژێمی بەعس رووخێندرا و دەسەڵات لە کەرکووك کەوتە دەست کورد، وێڕای ئەو هەموو زوڵم و زۆردارییەی خەڵکانی سەر بە رژێم لە کوردانی شارەکەیان کردبوو، جارێکی دیکە کوردی شارەکە بیری لە تۆڵەسەندنەوە نەکردەوە و هەڵینەکوتایە سەر ماڵەکانیان و تاڵانیان نەکرد، ئەگەر کرابێتیش، ئەوە چەند رووداوێك بووە و لەلایەن کەسانی شارەکانی دیکەوە کراوە، کوردی کەرکووک پێش عەرەب و تورکمان پرۆتستۆی ئەوەیان کردووە.

کاتێکیش کورد لەم شارەدا لە لووتکەی دەسەڵات و ئیدارەدانی پارێزگاکەدا دەبێت، دەبینین، ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکێش بە گەڕەکەکان کرا، جیاوازی تێدا نەکرا، نەک گەڕەکە کوردنشینەکان هەموو خزمەتگوزارییەکیان بۆ بکرێت و گەڕەکە عەرەب و تورکماننشینەکانیش فەرامۆش بکەن. لەڕووی ئەمنیشەوە، چەند رووداوێکی نەخوازراوی تاکە کەسیی لێ دەربکرێت، هەموو نەتەوەکانی شارەکە پارێزراو بوون و هەمیشە لە کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانییەکان دا جەخت لەسەر پێکەوەژیان کراوەتەوە و بیر لەوەش کراوەتەوە، کە کورد پێویستە بژاردەی نوێ بخاتە بەردەم تورکمان و عەرەب و هاوبەشیان بکات لە بەڕێوەبردنی شار دا، بەڵام ئەوان رەتیان دەکردەوە و دەسەڵاتی کوردیان لە شارەکەدا قبووڵ نەبوو.

کاتێك پۆستی جێگری پارێزگاری کەرکووك دەدرێتە عەرەبێك و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاش دەدرێتە تورکمانێك، بەبێ بەرکەوتەی خۆیان بێت بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردن و دەنگەکانیان، بەڵکو بەپێی رێککەوتن و کورد لە بەرکەوتەکانی خۆی خۆشبووە و بەوانی بەخشیوە و بە مەبەستی بەشداریکردنیان لە دەسەڵات دا، ویستوویەتی بۆیان بسەلمێنێت کە کورد پارێزەری هاوبەشییە لە شارەکەدا.

ئەو بەرپرسەی زەحمەتکێشان، بەسەرهاتێکی زیندوو لەو بارەیەوە دەگێڕێتەوە، کاتێک لە ساڵی 2013 ماڵی کوردی - فەرەنسی کۆنفرانسێك لە فەرەنسا بۆ پرسی پێکەوەژیان لە کەرکووك دەبەستێت و سەرجەم پێکهاتەکانی کەرکووك تێیدا بەشدار بوون، لە پانێڵەکاندا نوێنەرانی کورد هەمیشە جەختیان لەسەر پێکەوەژیان و برایەتی و ئاشتەوایی دەکردەوەو، بڕوایان بەوە هەبوو، کە دەبێت هەموو پێکهاتەکانی کەرکووك پشکی خۆیان لە بەڕێوەبردنی شارەکەدا وەربگرن، کەچی نوێنەرانی تورکمان داوایان لە سەرپەرشتیاری کونفرانسەکە کردبوو، ئەوان لە کورد

جودابکەنـەوە و لـە ئوتێلێکـی دیکـەی دوور لـەوان جێگیریـان بکـەن، سەرپەرشـتیارەکە لـە وەڵام دا گـوتبـووی: هۆتێلەکەمـان 17 نهۆمـە، جێگـەی هەمووانـی تێـدا دەبێتـەوە، بـە ئەسانسـۆر هاتووچـۆ دەکـەن، ئەگـەر مەبەسـتتان نەبێـت یەکدیـش نابینـن!

هەڵبـەت ئەمـە قەناعەتـی هەمـوو تورکمـان نییـە، بەڵکـو بۆچوونـی بەشـێک لـە سـەرکردەکانی تورکمانـە، بەتایبەت ئەوانـەی کەوتوونەتـە ژێـر کاریگەریـی تورکیـا بـەم شـێوەیە رەفتـار دەکـەن، کـە تاوەکـو رادەیەکیـش رەنگیداوەتـەوە لـە کەسـانی ئاسـایی سـەر بـەو حیـزب و لایەنانـەدا. بـۆ نموونـە: ئـەو خێزانانـەی لـەڕووی کۆمەڵایەتییـەوە تێکەڵاوییـان هەیـە و ژن و ژنخـوازی لەنێوانیانـد هەیـە، لـە بابەتـە ئاسـاییەکاندا زۆر ئاسـایین، بـەڵام کـە دێتـە سـەر باسـی سیاسـەت، ئـەوان هەمیشـە کـورد بـە داگیرکـەر و خۆسـەپێن دادەنێـن. ئەمـەش لـە بەرژەوەنـدی ئـەو لایەنانەدایـە کـە مانەوەیـان بەندە بـەو ناکۆکییانە و بـەردەوام رووداوەکانـی گاورباخـی بەشـێوەیەکی نادروسـت لـە مێشـکی نەوەکانیـان دەچەسـپێنن، کـە گوایـە کـورد کۆمەڵکوژیـی تورکمانەکانی کـردووە و نابێـت لەسـەریان بچێـت و هـەرکات دەرفەت هاتەپێشـەوە دەبـێ تۆڵـەی چەوسـاوەکانمان بکەینـەوە، کـە لـە راستیشـدا رووداوەکـە هیـچ پەیوەندییەکـی بـە کـوردەوە نەبـووە و دەسـتی ئینگلیـز و فەرمانـدەی سـەربازیی ئەوکاتـی عێراقـی تێدابـووە، رەنگـە هێندێکیـان ئـەو راسـتییە بزانـن، بـەڵام ناوێـرن راسـتییەکان دەربخـەن، نەبادا بـە خیانەتکـردن لـە دۆزی تورکمـان لەقەڵەمـی بدەن.

کاتێکیـش لـەدوای رووداوەکانـی ئۆکتۆبـەری سـاڵی 2017، کـورد و هێزەکانی پێشـمەرگە پاشەکشـە دەکەن، ژمارەیەك لە سـەرکردەکانی تورکمـان ئەوپـەڕی خۆشـحاڵیی خۆیـان دەردەبـڕن، بەبـێ ئـەوەی بیـر لـەو چـوار سـاڵەی قوربانیدانـی پێشـمەرگە بکەنـەوە. ئەگەرێکـی زۆر بەهێـز هەبـوو، کـە ئەگـەر داعـش دەسـتی بەسـەر شـارەکەدا بگرتایـە، ئـەوان زەرەرمەندترین نەتـەوەی شـارەکە دەبـوون و پەندیـان لـە رووداوەکانـی تەلەعفـەر و گونـدی بەشـیر وەرنەگـرت، کـە بـە

گوتەی فەرماندە مەیدانییەکانی پێشمەرگە، 11 جار سوپای عێراق و حەشدی شەعبی هەوڵی رزگارکردنی ئەو گوندەیان دا، بەڵام لە هەر 11 هەوڵەکاندا تێکشکان بەرامبەر داعش و لە کۆتاییدا پێشمەرگە هاوکاریکردن و رزگارکرا.

### 1 - 6پێکەوەژیان راستییەکە و هەیە

رووداوەکانی گاورباخی لە 1959 و هاتنی حەرەس قەومییەکان لە 1963 و هێرشەکانی ئۆکتۆبەری 2017ی کەرکووك و خوورماتوو، کە سێ رووداوی مێژوویی خوێناوین. لەبیردانی نەتەوەکانی شارەکەدا وەکو تاڵترین یادەوەر ماونەتەوە، بەڵام نەبوونەتە هۆی جودابوونەوەی یەکجارەکیی نەتەوەکان، چونکە هەموو کەرکووك بگەڕێی، کۆڵانێکی تێدا نادۆزیتەوە تەواوی دانیشتووانەکەی لە یەک نەتەوە بن.

قوتابخانەیەك ، فەرمانگەیەك ، بازاڕێك ، کۆمپانیایەکت لە کەرکووك بەرچاو ناکەوێت، کە قوتابیانی ، فەرمانبەرانی ، کاسبکارانی ، کارمەندانی، سەر بە نەتەوەیەك بن و نەتەوەکانی دیکەیان تێدا نەبێت. «تەحەدای هەر کەسێك دەکەم لە کەرکووك ئەگەر بڵێت من کورد، عەرەب، یاخود تورکمانی بێگەردم و توخمی نەتەوەکانی دیکەم تێدا نییە، ئەگەر بڕواش بە بۆچوونەکانم ناکات، با بچێت شیکاری DNA یەکەی بکات !» ( تاریق تەها ، بەرپرسی هاوپەیمانی نیشتمانی لە کەرکووک - لێدوان)

هەروەها نموونەیەکی زیندووی پێکەوەژیانی نەتەوەکان دەخاتەڕوو و دەڵێ: لە رۆژانی 12 - 14ی ئۆکتۆبەری 2018 چەند دەستێکی نامۆ ماڵەکانی کوردی خوورماتوویان دەسووتاند، کەسانێك دەناسم ئەم راستییەیان بۆ گێڕاومەتەوە: لە چەند کۆڵانێکی خوورماتوو، ئەو ماڵە تورکمانانەی لەوێ مابوونەوە، دەچوون لەسەر دەرگا و دیواری ماڵەکانی کوردی دراوسێیان، دەستەواژەی حشد الترکمانی، شرطە الأتحادیەیان دەنووسی بۆ ئەوەی چەکداران و کەسانی

گێرەشـێوێن ماڵەکانیـان نەسـووتێنن و بیانپارێـزن، بـۆ گەڕانەوەشـیان ڕۆژانـە پەیوەندییـان پێـوە دەکـردن و پێیاندەگوتـن: ڕەوشـەکە ئـارام بووەتـەوە و داواتـان لێدەکەیـن بگەڕێنـەوە.

قایمقامـی خوورماتـوو، بەشـێوەیەك هەرسـێ زمانەکانـی کـوردی، عەرەبی و تورکمانـی دەزانێت، کاتێـک قسـە دەکات، نازانـی سـەر بـە چ نەتەوەیەکـە. لـە مزگەوتەکانـی پـردێ (ئاڵتون کۆپـری)، گوتارخوێنەکان، لـە گوتـاری ڕۆژانـی هەینـی دا، تەنیا ئایەتەکانیـان بـە عەرەبییـە، درێژەی گوتارەکانیـان تێکەڵەیەکـی تورکمانـی و کوردیـن و ئامادەبـووان لـە تـەواوی گوتارەکـە، کێشـەیان نییـە و لێـی تێدەگـەن. لەنێـو بازاڕیشـدا بـە جلوبەرگەکانیـان نەبێـت، نەتـەوەکان جوداناکرێنـەوە و هەموویـان بـە سـێ زمـان قسـە دەکـەن (سـێ مەوجـن)!

لـە پێـش هاتنـی داعـش، فیرقەیەکـی سـوپای عێـراق چـووە دەوروبەری حەویجـە و خەڵکەکـەی ئـەوێ دژی هاتنـی ئـەو سـوپایە گردبوونـەوە و داوای پاشەکشـەیان لێکـردن، چەکدارانـی سـوپاکە بـە تەقـە وەڵامیـان دانـەوە و نزیکـەی 50 کەسـیان لـێ کوشـتن و ژمارەیەکـی زۆریشـیان لـێ برینـدار کـردن. کاتێـك برینـدارەکان گەیێنرانـە نەخۆشـخانەی ئـازادی لـە کەرکـووك، دەیـان کـوردی شـارەکە لەبـەردەم نەخۆشـخانەکە بـۆ خوێـن بەخشـین وەسـتابوون بـۆ برینـدارە عەرەبەکانـی حەویجـە.

پیاوێکـی عـەرەب لـە کەرکـووك، کـە هاوژینەکـەی تورکمانـە، کەفالەتـی بـۆ کـوڕی ئامـادەکاری ئـەم لێکۆڵینەوەیـە کـردووە، لـە فەرمانگـەی تەندروسـتیی کەرکـووك بـۆ دامەزرانـدن، کـە بەڵگەیەکـی دیکـەی متمانـە و هەبوونـی گیانـی تەبایـی و پێکەوەژیانـی نەتەوەکانـی شـارەکەیە.

حیزبێکـی ئیسـلامی لـە کەرکـووك، پێکەوەژیـان بەوشـێوەیە شـرۆڤە دەکات، کـە نـەك هـەر لـە ئاسـتی حکومەتـە زلهێـزەکان و ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی، بەڵکـو بـە درێژایـی مێـژووی ئیسـلامیش کاری لەسـەر کـراوە و هەوڵـی چەسـپاندنی دراوە لەنێـو

پێکهاتـە جیاوازەکانـی کۆمەڵگـەدا. سـەبارەت بـە کەرکـووك، کـە شـارێکی فرەنەتـەوە و ئاییـن و ئاینزایـە، لـە بابەتـی دیـن و دینـداری دا، هەسـت بـە پێکەوەژیـان لەنێـو پێکهاتەکانیـدا دەکات و نەتـەوە جیاوازەکانـی شـارەکە لـە یـەک مزگـەوت دا کۆدەبنـەوە و جیاوازیـی نەتـەوەکان نەبووەتـە هـۆی لێکدابڕانیـان. لـە کەرکـووك بـە دەیـان قوتابخانـەی ئایینـی هـەن، فێرخـوازان تێیانـدا فێـری خوێندنـەوە و ئەزبەرکردنـی قورئانـی پیـرۆز دەبـن، زۆرجار وا رێککەوتووە مامۆسـتاکە لـە نەتەوەیەکـی دیاریکـراوی شـارەکەیە و فێرخـوازان لـە نەتەوەکانـی دیکـەن، یـان بـە پێچەوانـە، لـەو قوتابخانانـەدا جگە لـە رێزگرتنـی یەکدی و خۆشەویسـتی، هیـچ هەسـت بـە کێشـە و ناکۆکییـەك ناکرێـت. هەمـان دیـاردە لـە خوێندنـەوەی مەولوودەکانـدا بـەدی دەکرێـت، کـە دەبینـی مەولـوود خوێنەکـە کـوردە و گوێگـران و ئامادەبـووان عـەرەب و تورکمانـن، یـان بـە پێچەوانـە، کـە تەنیـا خۆشەویسـتیی بـۆ بۆنەکـە کـۆی کردوونەتـەوە.

لـە فەرمانگـەی ئەوقافـی کەرکـووك دا، ئـەم تێکەڵییـە تێبینـی دەکرێت و فەرمانبەرانـی فەرمانگەکـە لـە سـەرجەم نەتەوەکانـی شـارەکە پێکهاتـوون. رادیۆیـەك بووەتـە زمانحاڵـی ئەوقافـی کەرکـووك، کـە بـە هەرسـێ زمانـی کـوردی، عەرەبـی و تورکمانـی پەخـش دەکات. لەکاتـی سـەرهەڵدانی هـەر دیاردەیەکـی دزێـو یاخـود هـەر کێشـەیەکی ناوخـۆی شـارەکە، پارێـزگار، ئەنجوومەنـی پارێـزگا، دەزگا ئەمنییـەکان و فەرمانگـەی تەندروسـتیش هانـا بـۆ مزگەوتـەکان دەبـەن و وتارخوێنانـی مزگەوتـەکان بـە هەرسـێ زمانەکـە دەسـتدەکەنە هۆشـیارکردنەوەی خەڵـك و ئامۆژگارییەکانیـان بەهەنـد وەردەگیرێـن و کاریگەریـی ئەرێنییـان دەبێـت، چونکـە مزگـەوت یەکێکـە لـەو شـوێنانەی، سـەرجەم نەتەوەکانـی شـارەکەیان تێیانـدا کۆدەبنـەوە و پەیامـەکان، ئامانجـەکان دەپێکـن. هـەر لایەنێکـی سیاسـی لـە هـەر نەتەوەیەکـی کەرکـووك بێـت، ناتوانێـت لـە کاتێکـی دیاریکـراودا سـەد کەسـێك لـە شـوێنێکی دیاریکـراودا کۆبکاتـەوە، بـەڵام مزگەوتـەکان بـە هـەزاران کەسـیان تێـدا کۆدەبێتـەوە و بـە پیـادە و بـە ئۆتۆمبێلـی

تایبەتی خۆیان بۆ بەجێهێنانی ئەرکێکی ئایینی و دوور لەبیرکردنەوە لە دەستکەوتێکی دنیایی دەچنە مزگەوت. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە مزگەوتەکان و بۆنە ئایینییەکان، رۆڵیان لە چەسپاندنی گیانی پێکەوەژیانی نەتەوە و ئاینزاکانی شارەکەدا بینیوە. «ئێمە لە کەرکووك چوار حیزبی ئیسلامین، کە حیزب عەدالە و تەنمیە و حیزبی ئیسلامی العراقی دوو حیزبن و لەڕووی نەتەوایەتییەوە کێشە و گرفتمان لەگەڵیان هەیە، ئاراستەی حیزبی ئیسلامیی عێراقی، بەرەو نەتەوەی عەرەبە، هەرچەند کاتی خۆی موحسین عەبدولحەمید سکرتێری گشتیی حیزبەکە بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بۆنەیەکی وەکو مەولوودی پێغەمبەر پێکەوە لە شوێنێکدا کۆبووینەتەوە و سروود و وتارەکان لەو شوێنەدا بە کوردی، عەرەبی و تورکمانی خوێنراونەتەوە. کەواتە دەبێ لە شوێنێکی ئاوادا کێشە حیزبی و نەتەوایەتییەکان وەلانێین و جیاوازییەکانمان کاڵ بکەینەوە، چونکە ئەو کەسەی، کە هێرشی کردە سەر مزگەوتەکەی نیوزلەندا جیاوازیی نەکرد لەنێوان وڵاتینامە، نەتەوە، رەنگی پێستی ئامادەبووان و هەر هەموویانی بەیەك چاو تەماشا کرد و ئەوەندەی پێی کرا، کردی و نزیکەی 50 کەس بوونە قوربانی» (محەممەد جەلیل- لێدوان)

بەبڕوای محەممەد جەلیلی بەرپرسی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان لە کەرکووك ، زۆربەی حیزبەکان بەرنامەی جوانیان بۆ پێکەوەژیان هەیە، ئەگەر تەنیا بەشێك لەو بەرنامانە جێبەجێبکەن، خەڵکەکە هیچ گرفتێکی نامێنێ، بەڵام بەداخەوە ئەوان پێکەوەژیانیان وەك دروشمێك بەرزکردووەتەوە و زۆربەیان نەکراوەتە کردار. بڕوای پێکەوەژیانی نێو حیزبە کوردستانییەکان بە شێوەیەك نەچەسپاوە، کە لێبووردەبن لەنێو خۆیان و لاپەڕەی نوێ هەڵبدەنەوە، رێکنەکەوتنی حیزبە کوردستانییەکان لە کەرکووك بۆ یادکردنەوەی رۆژی کیمیابارانی هەڵەبجە، بەڵگەی ئەم بۆچوونانەن، کە سەرئەنجام هەر حیزبەو لە شوێنێکدا یادەکەی کردووە.

ئەمــە ســەبارەت بــە خۆبەخــۆی کــورد، ســەبارەت بــە پێکەوەژیانــی نێـوان حیزبەکانی پێکهاتـە جیاوازەکانی کەرکـووك، بۆچوونی کۆمەڵی ئیسـلامی بـەم شـێوەیە: کاتێك کـورد لەوپـەڕی دەسـەڵات دا بـوو لـە کەرکـووك، نەیتوانـی پێکهاتەکانـی دیکـەی شـارەکە لەخـۆی رازی بکات و ئـەو بەڵێنانـەی سـەرکردەکانی کـورد بـە پێکهاتەکانی دیکەیـان دابوو، جێبەجێنەکـران و بـووە مایـەی دوورکەوتنەوەیـان لـە کـورد، ئێسـتاش کــە نەتەوەیەکــی دیکــە لــە شــارەکەدا باڵادەســتە، ئەگــەر هەمــان هەڵـەی حیزبـە کوردسـتانییەکان دووبـارە بکاتـەوە، شکسـت دێنـێ و زیـان بـە پێکەوەژیانـی نێـوان نەتـەوەکان دەگەیێنێـت، چونکـە ئـەوان هەرچییـەك بکـەن بـە عـەرەب و تورکمانـەوە ناگەنـە 50%ی پێکهاتـەی کەرکـووك و هـەر کـورد زۆرینەیـە. تـۆ تەماشـا ئـەو هەمـوو هێـزەی لەبەردەسـت عەبـادی بـوو، کوانـێ چـی لێهـات؟ ئێسـتا عەبـادی لـە پەرلەمانتارێـك بـەولاوە هیچـی دیکـە نییـە، سـەری خـۆی کزکـردووە، خواخوایەتـی کـەس نـاوی نەهێنـێ!

کۆمەڵـی ئیسـلامی وای دەبینێـت، کـە بەشـێك لـە حیزبـە عەرەبییەکان، لەلایـەن تورکیـاوە ئاراسـتە دەکرێـن، بەشـێکی دیکەیـان لـە بەغـداوە رێنمایــی وەردەگــرن و بەشــێکی دیکەیــان ســەربەخۆن و بەهیــچ شــێوەیەك بڕوایــان بــە پێکەوەژیــان نییــە و قبووڵیــان نییــە هیــچ نەتەوەیەکـی دیکە هاوبەشـیان بێت. دەتوانیـن حیزبە تورکمانییەکانیش بـە هەمـان شـێوە پۆلیـن بکەیـن، بـەڵام جیاوازییەکیـان لەگـەڵ حیزبـە عەرەبییەکانـدا هەیـە و تێیانـدا هـەن، کـە لـە سـەرکردایەتی حیزبـن و پێکەوەژیانـی قبووڵـە. لێـرەدا رۆڵـی حیزبـە کوردسـتانییەکان دێتـە پێشـەوە و پێویسـتە ئەوانیـش بـەدەم ئـەم دەستپێشـخەرییەوە بێـن و گفتوگـۆی جیدییـان لەگـەڵ بکـەن و، ئـەو بەڵێنانـەی لەلایـەن بارزانـی و تاڵەبانییـەوە دراوە بـەو پێکهاتانـە، جێبەجێبکرێـن.

بـە بـڕوای هەندێـک لـە خەڵکـی کەرکـووک، ئـەو رووداوە نەخوازراوانەی لـە هـەر گـۆڕانکارییەکـی بنەڕەتـی باڵادەسـتبوونی هـەر پێکهاتەیەکـی کەرکــووك دا روودەدەن، لەلایــەن کەســانی رەســەنی شــارەکەوە

ناکرێـن، چونکـە خەڵکـی شـارەکە سـۆزی بـۆ خەڵـك و خاکەکـەی دەجوڵـێ و کارێـك ناکەن پەشـیمانیی بەدوادابێت، بەڵکـو ئەنجامدەرانی هەمـوو کارێکـی گێرەشـێوێنی، خەڵکانـی دەرەوەی کەرکووکـن و بەسـەر خەڵکـە رەسـەنەکەدا دەشـکێتەوە، هەمیشـەش زیانـی بـە پێکەوەژیانـی نێـوان نەتەوەکانـی شـارەکە گەیانـدووە.

# بەشی دووەم
# داعش ... دێوەزمەی سوپای عێراق

## 2 - 1زمانی ژمارە لە سایەی داعش دا

لە رۆژی سێشـەممە 10ی حوزەیرانـی 2014 دەیان چەکـداری داعـش توانییان لـە نەینـەوا دەسـت بەسـەر شـاری موسـڵ دا بگـرن و پاشـان بیـر لـە ناوچەکانـی دیکـەی دەوروبـەری ئـەم پارێزگایـە بکەنـەوە بـە هەرێمـی کوردستانیشـەوە، ئەوەبـوو لـە مـاوەی چەنـد رۆژێکـدا نزیکـەی %40ی خاکـی عێراقیـان گـرت.

چەکدارانـی داعـش، 1276 رۆژ لـە عێـراق مانـەوە، بەپێـی راپۆرتەکانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان کـۆی گشـتیی کـوژراوان لـە سـاڵانی 2014 و 2015 گەیشـتە 18 هـەزار و 802 کـوژراو و نزیکـەی 37 هـەزار برینـدار، 3 ملیـۆن و 200 هـەزار کەسـی نەینـەوا، ئەنبـار، سـەڵاحەدین، دیالـە و کەرکووکیـش ئـاوارە بـوون.

سـاڵێ 2016 هێنـدە باشـتر نەبـوو لـە سـاڵەکانی پێشـووی و هـەر لـەو سـاڵەدا بەپێـی راپۆرتـە بڵاوکراوەکانـی رۆژنامـەی ئیندیپێندنـت 6 هـەزار و 878 کەسـی سـیڤیل بوونـە قوربانـی هێرشـەکانی داعـش. بـەدەر لـەو قوربانیانـەی لـە ئەنجامـی کەمـی ئـاو و خزمەتگوزارییەکانـی تەندروسـتی و برسـێتی گیانیـان لەدەسـتداوە.

راپۆرتەکانـی یۆنامـی لـە عێـراق، تاوەکـو 30ی تشـرینی یەکـەم، کوژرانـی 3 هـەزار و 229 کەسـی سـیڤیل پشـتڕاسـت دەکەنـەوە، کـە پشـکی شـێری ئـەم ژمـارە زۆرە بـەر کەرکـووك و سـەڵاحەدین و نەینـەوا دەکەوێـت.

ئـەم ئامارانـەی پێشـوو لەگـەڵ ئامارەکانـی ماڵپـەڕی Iraq body count یەکناگرنـەوە، کـە تایبەتـە بـە ئامـاری قوربانیانـی سـیڤیل لـە ئەنجامـی کـردەوە چەکدارییـەکان لـە عێـراق، ئـەم ماڵپـەڕە زیانەکانـی بـەم شـێوەیەی خـوارەوە راگەیاندبـوو:

| ژمارەی قوربانیانی سیڤیل | ساڵ | ژ |
|---|---|---|
| 2018 | 2014 | 1 |
| 17578 | 2015 | 2 |
| 6393 | 2016 | 3 |

خشتەی 1: قوربانیانی سیڤیل لە نێوان ساڵانی 2014 ـ 2016

راپۆرتـەکان، تاوەکـو نیسـانی 2017 ژمـارەی کوژراوانـی ریزەکانـی سـوپا و هێزەکانـی پۆلیسـی عێـراق بـە 8 هـەزار کـەس دەخەمڵێنـن، بێجگـە لـە کوژراوانـی حەشـدی شـەعبی. راپۆرتەکانـی سـەرچاوە عێراقییـەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە پۆلیسـی فیدرالـی بـە پلـە یـەك و سـوپای عێـراق بـە پلـەی دووەم ئـەم زیانانـەی بەرکەوتـووە، ئینجا دژەتیـرۆری عێـراق . (محمد الطائـي - تمـوز 2017)

وەزارەتـی پێشـمەرگەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانیش ئامـاری قوربانییەکانـی پێشـمەرگەی ئاشـکرا کـردووە، کـە تەنیـا لـە مـاوەی نێوان تەممـووزی 2014 تاوەکـو رۆژی راگەیاندنـی سـەرکەوتن بەسـەر داعـش گەیشـتووەتە هـەزار و 745 شـەهید و بریندارەبوونـی زیاتـر لـە 10 هـەزار پێشـمەرگە.

تەنیا لە میحوەری 5ی رۆژئاوای کەرکووك لە ماوەی نێوان 2014 تاوەکو 16ی ئۆکتۆبەری 2017 ژمارەی شەهیدانی پێشمەرگە، گەیشتە 136 شەهید، لە نێویاندا ژمارەیەك ئەفسەر و پلەداریش هەبووە. هەروەها ژمارەی برینداران گەیشتبووە 987 بریندار.
(ئامارەکانی ئاسایشی کەرکووك)

چەکدارانی داعش چەندین جار هەوڵی گرتنی شاری کەرکووکیان دا و زنجیرەیەك هێرشیان کردە سەر پێشمەرگەکانی ئەو میحوەرە، بەڵام لە سەرجەمیاندا تێکشکان. بۆ نموونە لە 26ی تشرینی دووەمی 2014 لە قۆڵی مەلا عەبدوڵڵاوە هێرشیان کرد و لە ئەنجامدا 2700 چەکداریان لێ کوژرا و، 1424چەکداریشیان بە دیلگیران، کە هێندێکیان خۆیان خزاندبووە نێو ئەو ئاوارانەوە کە خۆیان رادەستی هێزەکانی پێشمەرگە کردبوو، هەر لەو شەڕەدا نزیکەی 1500چەکداریشیان بریندار بوون.

ئامارە نافەرمییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە زیاتر لە 40 پێشمەرگە لە سەرەتای دەستپێکردنی رووبەڕووبوونەوەی داعش لە سنووری کەرکووك بێسەروشوێنن، کە هێندێکیان لە گرتە ڤیدیۆییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دا بە دیلی دەردەکەون و زۆر نامرۆییانە خراونەتە نێو قەفەسەوە و بە شەقامەکانی حەویجەدا دەیانگێڕن. خەڵکەکەی ئەوێشیان کۆکردووەتەوە و دروشم بۆ پەسندانی چەکدارانی داعش لێدەدەن. شەڕێکی دەروونییان لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەدا دەکرد و هەندێ جار هەڕەشەی سەربڕینیشیان لێ دەکرا.

قەیس خەزعەلی ئەمیندراری بزووتنەوەی عەسایبی ئەهلی حەق ئاماری قوربانیانی بزووتنەوەکەی لە شەڕی داعش بە 7637 کەس و بریندار بوونی 21300 دەخاتەڕوو و دەڵێت: قوربانییەکانی ئێمە ئەو سەرکەوتنە مەزنانەی لێ هاتووەتە بەرهەم ( زیاد الحیدری ـ رووداو - 14 کانون الأول 2017)

لە حوزەیرانی 2014ەوە 5 ملیۆن کەس ئاوارەی دەرەوەی عێراق و

شارەکانی دیکەی عێراق بوون، ئەم ژمارەیەش لەلایەن وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراقەوە پشتڕاست کراوەتەوە و تاوەکو کاتی نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنیا %42ی ئەم ڕێژە گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان. نزیکەی 3 ملیۆن و 200 هەزار کەسیش هێشتا لە خێوەتگەکانی ئاوارەکان دا دەژین. (ماڵپەڕی نەتەوە یەکگرتووەکان)

بەر لە داعش، ڕێکخراوی قاعیدە، جوندولئیسلام و نەقشبەندییەکان لەگەڵ چەکدارانی پاشماوەکانی بەعس دا، ڕۆژانە هێرشیان دەکردە سەر هێزە عێراقییەکان و بەپێی ئەو ئامارەی یۆنامی، کە لە 29ی تەمموزی 2016 بڵاویکردووەتەوە، زیانەکان لە سەرەتای 2003ەوە تاوەکو حوزەیرانی 2015 لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراونەتەڕوو:

| ژ | ساڵ | ژمارەی قوربانیان |
|---|---|---|
| 1 | 2003 | 12133 |
| 2 | 2004 | 11736 |
| 3 | 2005 | 16583 |
| 4 | 2006 | 29451 |
| 5 | 2007 | 26036 |
| 6 | 2008 | 19271 |
| 7 | 2009 | 5373 |
| 8 | 2010 | 4167 |
| 9 | 2011 | 4153 |
| 10 | 2012 | 4622 |
| 11 | 2013 | 9851 |
| 12 | 2014 | 20169 |
| 13 | 2015 | 17 |

خشتەی 2: زیانەکانی تیرۆر لە عێراق لە نێوان ساڵانی 2003 ـ 2015

لە کانوونی دووەمی 2016 تاوەکو حوزەیرانی هەمان ساڵ، ژمارەی قوربانییەکان گەیشتە 7 هەزار و 954 کەس و تێکڕای ژمارەکە لە سەرەتای 2003ەوە تاوەکو نێوەڕاستی 2016 گەیشتە 359 هەزار و 549 کەس. (زیاد حەیدەری ـ 2016)

هەر لەو ساڵەدا و لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ژمارە مەترسیدارانە، تۆنی بلێر سەرۆك وەزیرانی پێشووتری بەریتانیا، رایگەیاند: ئێمە، بڕیاری بەشداریکردن لە رووخاندنی رژێمی سەدداممان لە نیازپاکیی خۆمان داوە و، نیگەرانیی خۆی بۆ ئەو ژمارە زۆرەی قوربانیانی شەڕەکە دەربڕی. هەر لەم بارەیەوە جۆن شیلکۆت، سەرۆکی لێژنەی لێکۆڵینەوە لە رۆڵی بەریتانیا لەو شەڕەدا دەڵێت: بەشداریکردنی هێزەکانی بەریتانیا لەو شەڕەدا هەڵە بوو و تاوەکو ئێستا ناتوانین ئاکامە خراپەکانی لەبیربکەین.

دەسەڵاتدارانی عێراق دان بەوەدا دەنێن، کە بەم توانایەی ئێستایان ناتوانن ئامارێکی دروستی زیانەکانی داعش بڵاوبکەنەوە لە شارەکانی نێوەڕاست و رۆژئاوای عێراق، بەڵام ئەو راستییە ناشاردرێتەوە، کە رێژەی 81%ی قوربانیان لە ریزەکانی عەرەبی سوننەن، لەکاتێکدا چەکدارانی داعش بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە هاتوون بۆ رزگارکردنی سوننە لە ژێر رکێفی نووری مالیکی و مالیکییان بەوە تۆمەتبار دەکرد، کە سوننەکانی عێراقی دووچاری چەوسانەوەی تایفی کردووە. هەر لەکاتی حوکمڕانیی مالیکی دا ئامارەکان دەریدەخەن کە بێکاری رێژەی 31% و تاوانی رێکخراو رێژەی 50% زیادیان کردووە و نزیکەی 3 ملیۆن کەسیش لە خوێندن بێبەش بوونە.

چەکدارانی داعش لە پارێزگای سەڵاحەدین، لە بنکەی ئاسمانیی شارەکەدا هەزار و 700 کەسیان لە رۆژێکدا زیندە بەچاڵ کرد. کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤی عێراقیش ژمارەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی دەستی داعشی بە زیاتر لە 74 گۆڕی بە کۆمەڵ

خەمڵاندووە، کە هێندێکیان ئێسك و پرووسکی سەدان کەسیان تێدایە. (الوكالة الإخبارية في ايلول 2014)

## 2 - 2کاریگەریی داعش لەسەر ئابووریی عێراق

ئابووریناسان دیوە ئابوورییەکەی ئەم شەڕە دژوارە لێکدەدەنەوە و دەڵێن: هیچ چرکەیەك تێناپەڕێت بەبێ ئەوەی عێراق ملیۆنان دۆلار زیانی دارایی لێنەکەوێت.

حەیدەر عەبادی، سەرۆك وەزیرانی پێشووتری عێراق، زیانە داراییەکانی ئەو شەڕە بە 100 ملیار دۆلار هەژمار کردووە. گوتەبێژی فراکسیۆنی مواتن دەڵێ: تێچووی شەڕی داعش گەیشتووەتە 300 ملیار دۆلار، کە 100 ملیار دۆلاری بۆ کڕینی چەك و ئازووقەی شەڕ و تێچووەکانی هێرشە ئاسمانییەکان و چاککردنەوەی ئامێرەکان خەرجکراوە.

داعش، تەنیا لە شەڕی نەینەوادا دەستی بەسەر 2 هەزار و 300 ئۆتۆمبێلی سەربازیی جۆری هامڤی دا گرت، کە کۆی گشتی نرخەکەیان دەگاتە نزیکەی یەك ملیار دۆلار! هەر لەو شەڕەدا 80 - 100 هەزار یەکەی نیشتەجێبوونی هاووڵاتیان بە تەواوی خاپوورکران.

حامد موتلەگ، بڕیاردەری پێشووی لێژنەی ئاسایش و بەرگریی پەرلەمانی عێراق بە رۆژنامەڤانانی راگەیاند: رێژەی 80%ی قوربانیانی دەستی داعش، لە پێکهاتەی عەرەبی سوننەن و، ئێران و پاشکۆکانی سوودمەندبوون لە هاتنی داعش.

مازن مازنی، ئەندامی پێشووی لێژنەی نەوت و وزە لە پەرلەمانی عێراق، سەبارەت بە زیانەکانی کەرتی نەوت دەڵێ: بیرە نەوتەکانی هەردوو پارێزگای نەینەوا و سەڵاحەدین زیانێکی زۆریان پێگەیشت و شەش لەو بیرانە لە بەرهەمهێنان کەوتن و چەتەکانی داعش

بازرگانییـان بـە نەوتـی ئـەو بیرانـەوە دەکـرد و هەنـاردەی دەرەوەی عێراقیـان دەکـرد و دەیانفرۆشـتە مافیـاکان.

لـە 26ی کانوونـی یەکەمـی 2016 یەکـەی تۆژینـەوە ئابوورییەکانـی سـەنتەری ڕەوابـت، بڵاویدەکاتـەوە: کاریگـەری تووندوتیژییـەکان لـە عێـراق لـە سـاڵی 2007ەوە تاوەکـو 2015 لـە زیادبووندایە و 14%ی بوودجـەی سـاڵی 2015 لـە کاروبـاری سـەربازیدا خـەرج کـراوە، نرخـی نەوتیـش لـە بازاڕەکانـی جیهـان دا ڕوو لـە داکشـانە.

چەنـد مانگێـك پێشـتریش نرخـی بەرمیلـە نەوتێکـی عێراق بـە 116 دۆلار دەفرۆشـرا، کەچـی ئێسـتا نرخەکـە دابەزیـوە بـۆ نزیکـەی 80 دۆلار بـۆ هـەر بەرمیلێـك. هەروەهـا ڕاپۆرتەکـە ئەوەشـی خسـتووەتەڕوو، کـە عێـراق لـە ڕیزبەنـدی یەکەمـی ئـەو وڵاتانەدا دێـت، کە قوربانیی دەسـتی کارە تیرۆریسـتییەکانە، بەتایبەتیـش ڕێکخـراوی داعـش. (سـەنتەری ڕەوابـت ـ 2016)

عـادل عەبدولمەهـدی، وەزیـری پێشـووتری نـەوت، بـە میدیاکانـی ڕاگەیاندبـوو: عێـراق، ڕۆژانـە 2 ملیـۆن و 500 هـەزار بەرمیـل نـەوت هەنـاردە دەکات، بـەڵام دوای ئـەوەی داعـش بەشـێکی زۆری ڕووبـەری ڕۆژئـاوا و باکـووری ڕۆژئـاوای عێراقـی کۆنتـڕۆڵ کـرد، بەرهەمهێنانـی نەوتـی کەرکـووك ڕووی لـە پاشەکشـە کـرد. لەکاتێکـدا ڕۆژانـە 670 هـەزار بەرمیلـی هەنـاردە دەکـرد، کەچـی ئـەو ژمـارە بـۆ 250 هـەزار بەرمیـل ڕۆژانە دابـەزی، چونکـە زۆربـەی ئـەو بۆڕییە نەوتانـەی نەوتـی کەرکووکیـان هەنـاردەی دەرەوە دەکـرد، بـە خاکـی نەینـەوادا تێدەپەڕی و ئێسـتا نەینـەوا لەژێـر کۆنترۆڵـی داعـش دایـە.

نەبوونـی پلانێکـی ئابـووری تۆکمـە بـۆ ئەگـەری سـەرهەڵدانی داعـش و ڕووبەڕووبوونـەوەی و، پاشـەکەوت نەکردنـی بـڕە پارەیـەك بـۆ ڕۆژگارێکـی ئـاوا، ئابووریـی عێراقـی زیاتـر داتەپانـد.

لـە سـاڵی 2011 بودجـەی عێـراق بـە 82 ملیـار دۆلار و لـە 2012 بـە 100 ملیـار، لـە 2013 بـۆ 115 ملیـار دۆلار بەرزبـووەوە، تاوەکـو لـە ساڵی 2014 گەیشـتە 140 ملیار دۆلار، نرخـی بەرمیلێـك نەوتیـش بـە 90 دۆلار خەمڵێنرابـوو، ئەمـەش رەوشـی ئابووریـی عێراقـی گەیانـدە قەیرانێکـی گـەورە.

هوشـیار زێبـاری کـە ئـەوکات وەزیـری دارایـی عێـراق بـوو، بـە ئاژانسـی رۆیتـەرزی گـوت: مالیکـی چەندیـن ملیـار دۆلاری لـە پێکهێنـان و پڕچەك کردنـی چەنـد هێزێکـی نافەرمـی دا خـەرج کـردووە، کـە گوایـە ئـەو هێزانـە رووبـەڕووی چەکدارانـی داعـش دەبنـەوە!

## 3 - 2داعش چاوی لە کەرکووك بڕیبوو

لـە چەنـد رۆژی دوای کۆنترۆڵکردنـی نەینـەوا، چەکدارانـی داعـش لـە پرۆسـەی فراوانکردنـی «دەوڵەتـی ئیسـلامی»دا، رووی چەکدارانیـان لـە باشـوور و باشـووری رۆژئـاوای کەرکـووك کـرد. لـە 21ی تشـرینی یەکەمـی 2016 دەیـان خۆکـوژی رێکخراوەکـە خۆیـان گەیانـدە نێوجەرگـەی کەرکـووك و وێسـتگەیەکی کارەبا و بنکەیەکـی پۆلیسـیان کۆنترۆڵکـرد، لەو شـەڕەدا 18 کەسـیان لـە هێزە ئەمنییەکانی شـارەکە و ژمارەیـەك لـە کرێکارانـی وێسـتگەی بەرهەمهێنانـی کارەباکەیـان کوشـت، کـە سـەرجەمیان ئێرانـی بـوون.( سـكاي نيـوز العربيـة21 - تشـرين الأول 2016)

پاشـان ئـەو هێزانـە دزەیـان کـردە نێـو مزگەوتێـك و هوتێلێکـی چۆڵکـراوی سـەنتەری شـار و خۆیـان تێـدا قایـم کـرد. ئینجـا دوو هۆتێلـی دیکـەی ئـەو دەوروبەرەیـان گـرت و شـەڕ دەسـتی پێکـرد، لـە ئەنجامـی ئـەو رووبەڕووبوونەوانـەدا 20 چەکـداری داعـش کـوژران و سـەرجەم هوتێلـەکان لەلایـەن هێزەکانـی ئاسایشـی شـارەکە لـەو چەکدارانـە پـاك کرانـەوە، هـەر لـەو رووبەڕووبوونەوەیـەدا سـەدان چەکـداری خۆبەخـش و پێشـمەرگەی دێرینـی کەرکـووك پشـتیوانیی ئـەو هێزانەیـان کـرد و ئامـادەی بەرگریکـردن بـوون لـە شـارەکە.

بـۆ ڕۆژی دواتـر هێزەکانـی پۆلیـس و دەزگاکانـی ئاسـایش هەڵمەتێکـی فراوانیـان لـە گەڕەکەکانـی شـاردا دەسـتپێکرد و چەندیـن چەکـداری گەمـارۆدراوی داعشـیان دەستبەسـەر کـرد، ژمارەیەکیشـیان خۆیـان تەقانـدەوە. دواخۆکـوژی داعـش لـە 23ی هەمـان مانـگ دا خـۆی بـە ژمارەیـەك چەکـداری هێـزە ئەمنییەکانـدا تەقانـدەوە و 5 کـەس لـەو ڕووداوەدا بوونـە قوربانـی.

ڕۆژی 24ی مانـگ، نەجمەدیـن کەریـم، پارێـزگاری کەرکـووك خاوێنکردنـەوەی یەکجارەکیـی شـارەکەی لـە چەکدارانـی داعـش ڕاگەیانـد. دوو ڕۆژ دواتـر هێزەکانـی کەرکـووك نـزار مەحمـوود عەبدولغەنیـی، ئامـۆزای سـەددام حوسـێنیان دەسـتگیر کـرد، کـە یەکێـك بـوو لـە بەشـداربووانی هێرشـەکە. (Amir Abdallah ـ Oct ـ 2016)

ئامـاری زیانەکانـی چەکدارانـی داعـش لـە سـنووری پارێـزگای کەرکـووك لـە لێدوانێکـی وەسـتا ڕەسـووڵ فەرمانـدەی بـەرەی پێشـمەرگە لـە باشـووری کەرکـووك دەرکەوتـووە، کـە چەکدارانـی داعـش لـەو بەرەیـەدا هـەزار و 152 کوژراویـان هەیـە ، 82 ئۆتۆمبێلـی جۆراوجۆریان سـووتاوە و 35 مۆڵگەیـان بـە تـەواوی خاپوورکـراوە. لـە بەشـێکی دیکـەی لێدوانەکەیـدا ئـەو بەرپرسـە ئامـاژە بـەوە دەکات، کـە هێزەکانـی پێشـمەرگە بێجگـە لـە بەرگریکـردن لـە شـارەکە، ئەرکێکـی دیکـەی مرۆییانەشـیان بـە پەیڕەوکردنـی بنەماکانـی مافـی مـرۆڤ بەجێگەیانـدووە، ئەویـش پێشـوازیکردنی پتـر لـە 6 هـەزار ئـاوارەی ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی داعـش و گواسـتنەوەیان بـووە بـۆ شـوێنێکی ئـارام و دابینکردنـی ئـاو و خۆراکـی پێویسـت بۆیـان . (وەسـتا ڕەسـووول ـ لێـدوان)

پێکهاتـە جیاوازەکانـی کەرکـووك کاتێـك بینییـان چەکدارانـی داعـش، کـە عەرەبـی سـوننەن، چییـان بەسـەر شـارێکی عەرەبـی سوننەنشـینی وەك نەینـەوا هێنـاوە، و پێـش ئـەوەی بەرپرسـە سیاسـی و فەرمانـدە سـەربازییەکانی کـورد، پێکهاتەکانـی کەرکـووك لـە مەترسـییەکانی داعـش ئـاگادار بکەنـەوە، ئـەوان بینیبوویـان چەکدارانـی داعـش

چییـان بەسـەر ئەوانـە هێنـاوە، کـە عەرەبـی موسـڵمانی سـوننەن و لەگـەڵ بیروباوەڕەکانـی ئەوانـدا نەبـوون، کەوتنەبـەر لێشـاوی پاکتاوکـردن. پێکهاتەکانـی کەرکـووك لـە قەبـارەی مەترسـییەکانی داعـش گەیشـتبوون و پێشـبینی دەکـرا لـە ژێـر چەترێکـدا کۆببنـەوە و سـەرجەمیان بـە یەکگرتوویـی بەرگـری لـە شـارەکەیان بکـەن، بەڵام ئـەوە رووینـەدا و بەرگریکردنەکـە کەوتـە ئەسـتۆی پێشـمەرگە و هێزەکانـی ئاسایشـی کـورد و گەنجانـی خۆبەخشـی کەرکـووك و خورماتـوو.

لـە هەڤپەیڤینـی ئـەو تەلەڤزیۆنـی رووداو دا کـە شـەڕی نێـو کەرکووکـی راسـتەوخۆ دەگواسـتەوە، دەیـان پێشـمەرگە دەبینـران، بـە مۆڵـەت گەڕابوونـەوە نێـو مـاڵ و منداڵەکانیـان، مۆڵەتەکانیـان وەرنەگـرت و بـە چەکـەوە، لـە قـەڵادزێ، کۆیـە، سـۆران و چەندیـن شـارۆچکەی دیکـەی کوردسـتانەوە گەڕابوونـەوە و بەرگرییـان لـە کەرکـووك دەکـرد. سـەدان ژن و پیاویـش لەبـەردەم نەخۆشـخانەکاندا گردببوونـەوە بـۆ بەخشـینی خوێـن بـە بریندارانـی شـەڕەکە.

لەسـەر و بەنـدی هەڵاتنـی سـوپای عێـراق و ئـەو شکسـتە گەورەیـەی بەسـەر سیسـتمی بەرگریـی هێزەکانـی عێـراق دا هـات، بـۆ ئـەوەی هەمـان کارەسـات لـە کەرکووکیـش دا دووبـارە نەبێتـەوە، هێزەکانـی پێشـمەرگە بـە هاوئاهەنگی لەگـەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان دەسـەڵاتی لـە ناوچەکـەدا گرتەدەسـت، بـە شـاهێدیی هەمـوو جیهـان قارەمانانـە رووبـەڕووی ئـەو هێزانـە بوونـەوە و قوربانییەکـی زۆریشـیان لەپێنـاو پاراسـتنی شـارەکە دا.

شـارەزایانی بـواری سـەربازی وای بۆدەچـن: بـەو پێیـەی کـە پاشـماوەکانی سـووپای عێـراق و شـارەزایانی بـواری سـەربازی و چـەك و تەقەمەنییـەکان چووبوونـە پـاڵ چەکدارانـی داعـش و،هێندێکیـان خەڵکـی هەمـان سـنوور بـوون، شـارەزاییەکی تەواویـان لـە جوگرافیای ناوچەکـەدا هەبـوو. زۆر دژوارانـە رووبـەڕووی هێزەکانـی پێشـمەرگە دەبوونـەوە و جنۆکـە ئاسـا لـە هـەر کۆڵانێـك یـان شـەقامێکی

کەرکــووك بیانویســتایە، کاری تێرۆریســتییان تێـدا ئەنجـام دەدا، بـە شـێوازی جیـاواز و دووبارەنەبـووەوە رقـی خۆیـان بـە خەڵکـی سـیڤیلی شــارەکە دەڕشــت، خۆکوژانیــان بــە پشــتێن و ئۆتۆمبێــل، ماتــۆڕ و پایسـکل ئامـادەی خۆتەقاندنـەوە دەکـران و لـە هـەر شـوێنێك بووایـە خۆیـان دەتەقانـدەوە، تەنانـەت لـە مزگـەوت، کڵێسـە، قوتابخانـە و نەخۆشــخانەکانیش.

ســەرەڕای ئەمــەش خەڵکــی کەرکــووك، بەتایبەتــی کــورد، ورەیــان نەڕووخـا و شـارەکەیان بەجێنەهێشـت، کـە مەبەسـتی راسـتەقینەی ئــەو هێزانــە، دووبــارە تاڵانکردنــی مــاڵ و راگواســتنەوەی کــوردی شـارەکە بـوو. بەپێچەوانـەوە، خەڵکەکـە بـە گیانێکـی پـڕ لـە خۆڕاگـری بەرگرییـان لـە شـارەکەیان کـرد و بـۆ دووژمنانیـان چـۆڵ نەکـرد. ئـەم ورە بەرزییـەی خەڵـك و گیانـی بەرگرییـان لـە هێزەکانـی پێشـمەرگەوە وەرگرتبــوو، کــە دەیانبینــی ئــەو هێزانــە چــۆن رووبــەڕووی داعــش دەبنــەوە و کوڕانــی خۆبەخشــی ســەرجەم شــارەکانی کوردســتان هاتــوون بەرگــری لــە شــارەکەیان دەکــەن.

داعــش، وێــڕای دڕەندەیــی هێــرش و پەلامارەکانــی، نەیتوانــی ژیانــی شــارەکە بوەســتێنێت، بەڵکــو ژیــان هــەر بــەردەوام بــوو و لــە هــەر شــوێنێکدا تەقینـەوە بکرایـە، بـۆ رۆژی دواتـر ئاسـەوارەکان نەدەمـان و ژیـان ئاسـایی دەبـووەوە.

**2 - 4 داعش نەبووە هۆی یەکگرتنی هێزەکانی کورد لە کەرکووك**

زۆربـەی خەڵکـی کەرکـووك و سـەرجەم حیزبەکانـی ئۆپۆزیسـیۆن، وای بـۆ دەچـن، کـە لەگـەڵ ئـەو هەمـوو قوربانیدانـەی پێشـمەرگە، نەتوانرا ناســنامەیەکی کوردســتانی بــەو هێزانــە ببەخشــرێت و هیــچ نەبێــت بەرگێکـی حیزبیانـە نەکەنـە بـەر ئـەو هێزانـەی لـە بەرەکانی شـەڕی دژی داعـش دا بەرگرییـان لـە کەرکووك دەکـرد. هەر بەرەیەکـی پێشـمەرگە بەرپرسـی حیزبێکـی دیاریکـراو سەرپەرشـتیی دەکـرد، لەلایەکـی دیکەوە سـەرکردایەتیی سیاسـیی کـورد نەیتوانی بـە بەشـدارکردنی نەتەوەکانی

دیکـەی غەیـرە کـوردی شـارەکە و، دامەزراندنـی هێزێکـی هاوبـەش لەژێـر فەرماندەیـی هێزەکانـی پێشـمەرگەدا کوردسـتانێتی کەرکـووك بەرجەسـتە بـکات. ئەگـەر ئـەم پرسـانە هەنـگاوی بۆبنرایـە، ئـەوکات تورکمانیـش بیـری لـە دامەزراندنـی حەشـدی تورکمانـی نەدەکـردەوە و ئەوەنـدەش دژایەتـی گەڕانـەوەی هێزەکانـی پێشـمەرگەیان نەدەکـرد بـۆ شـارەکە، چونکـە بارتەقـای سـەنگی خـۆی هێـزی لەنێـو ریزەکانـی پێشـمەرگەدا دەبـوو.

ئەگـەر سـریەیەك یـان فەوجێکـی تایبـەت بـە تورکمـان لەژێـر چەتـری وەزارەتـی پێشـمەرگە دروسـت بکرابووایـە و بەرگریـی لـە بەشـیر و ناوچەکانـی دەوروبـەری بکردایـە، عەرەبیـش بـە هەمـان شـێوە هێـزی لەنێـو پێشـمەرگەدا هەبووایـە و پاراسـتنی ناوچەکانـی حەویجـە، ریـاز، زاب و عەباسـییان پـێ بسـپێردرایە، هاوکێشـەکان بەوشـێوەیەی ئێسـتا نەدەبـوو و ئـەوکات، کـورد دەیتوانـی وەڵامـی نەتەوەکانـی دیکـە بداتـەوە و بڵێـن: کەرکووکـی کوردسـتانیمان بـە هێزەکانـی سـەرجەم پێکهاتەکانـی شـارەکە پاراسـت.

بەهـۆی نەبوونـی ئـەو هاوبەشـییەی نەتەوەکانـی دیکـە و هەبوونـی دوو ئاسـایش، کەموکورتییەکـی دەسـەڵاتی کوردسـتانی لـە شـارەکەدا زەق دەبـووەوە. هـەروەك چـۆن بەرەکانـی شـەڕی دژی داعـش بەسـەر دوو بـەرەدا دابـەش ببـوون، بـەرەی پارتـی و بـەرەی یەکێتـی، لەگـەڵ پێشـمەرگەی چەنـد لایەنێکـی دیکـەی کوردسـتانی، ئـاواش دوو ئاسـایش هەبـوون، ئاسایشـی پارتـی و ئاسایشـی یەکێتـی، کـە تێکـڕای کـوردی کەرکـووك لەگـەڵ ئـەوەدا نەبـوون هێزەکانـی ئاسـایش پۆلێـن بکرێـن، بەڵکـو خوازیـاری ئەوەبـوون، ئاسـایش و ئارامیـی نێوشـار لەلایـەن هێزێکـی یەکگرتـووەوە بپارێزرێـت، کـە پێیبگوترێـت: ئاسایشـی کوردسـتان نـەك ئاسایشـی پارتـی یـان ئاسایشـی یەکێتـی! هەبوونـی دوو ناونیشـانی جیـاواز بـۆ ئاسایشـی کـورد، سـەری لـە کـوردی شـارەکەش شـێواندبوو، بـۆ نموونـە زۆر جـار وا رێـك دەکـەوت کـە بـۆ راییکردنـی کارێـك، پێویسـتیت بـە پشـتگیریی ئاسـایش دەبـوو، ئەگـەر

پشتگیریی ئاسایشت لەلای ئاسایشی پارتییەوە بکردایە، ئەوا لەلای ئاسایشی یەکێتی نەدەخوێندرایەوە، بە پێچەوانەشەوە. عەرەبێك یان تورکمانێك، تەنانەت کوردێکی کەرکووك ئەگەر ئۆتۆمبێلەکەی تابلۆی شارەکانی هەرێمی کوردستان نەبووایە، دەبوو پشتگیریی ئاسایشی پارتی بێنێت بۆ دەربازبوون لە بازگەی شێراوەی هەولێر ، کەچی هەمان کەس ئەگەر بچووبووایە بۆ سلێمانی هیچ کێشەیەکی نەبوو، واتە ئەم دوو مامەڵە جیاوازەی ئاسایشەکانی کورد، دیسانەوە بەڵگەی ناتەبایی هێزەکانی ئاسایش بوون ."هەرچەند ئەو دوو ئاسایشە رۆڵی باشیان لە پاراستنی ئارامیی شاردا هەبوو، بەڵام خەڵکەکەی تووشی ئەوپەڕی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ کردبوو، بۆیە ئێستا ئەگەر پرسیار لە هەر تاکێکی کوردی شارەکە بکەیت و بڵێیت: ئایا لەگەڵ ئەوەدای کە هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش بە هەمان شێوەی پێش 16ی ئۆکتۆبەر بگەڕێنەوە شارەکە؟ دەڵێن: نەخێر! بەوشێوەیە گەرەکمان نییە، بەڵکو ئەم جارە دەمانەوێ بە هێزێکی ئاسایش و پێشمەرگەیەکی یەکگرتوو بگەڕێنەوە، سەر بە کاك فلان و کاك فیسار نەبن، بەڵکو پێشمەرگەیەکی یەکگرتووی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بن. واتە خەڵکی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەبوونی پێشمەرگە و ئاسایشی سەر بە حیزب نین، بەڵکو لەگەڵ هەبوونی پێشمەرکە و ئاسایشی کوردستاندان».

(محەممەد نەسرەدین ـ لێدوان)

کەسەرەکە لەوەدایە کە هەوڵی زۆر دران بۆ یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و ناوخۆ، بەڵام سەرجەمیان بێ ئاکام بوون، هێزەکانی هاوپەیمانان ئێستاش هەر خەریکی ئەوەن.

کاتێك لە تورکمانێك یان عەرەبێکی کەرکووك دەپرسیت: ئایا تۆ کە مامەڵەیەکت لە فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان دا هەبێت یان مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی خانوویەکت هەبێت هیچ کێشەیەکت لەگەڵ فەرمانگەکاندا هەیە؟ ئایا جیاوازیی لە نێوان

هاووڵاتییەکـی کـورد یـان عـەرەب یاخـود تورکمانێك دا دەبینیـت؟ بـە دڵنیاییـیـەوە وەڵامدەداتــەوە و دەڵێـت: نەخێـرا ئـەی بۆچـی کێشـەت لەگــەڵ کــوردی کەرکووکــە، وەڵام دەداتــەوە و دەڵێــت: کێشــەم لەگـەڵ کـوردی ئاسـایی شـارەکەدا نییە، بەڵکـو لەگەڵ دەسـەڵاتدارانی کـوردە، کـە دێنـە سـەر دابەشـکردنی پۆسـتەکان، هەموویـان لەنێـوان دوو حیزبـی سـەرەکی دا دابـەش دەکرێـن و نـەك مافـی نەتەوەکانـی دیکـە بەڵکــو مافــی حیزبــە کوردســتانییەکانی دیکــەی دەرەوەی دوو حیزبــە دەســەڵاتدارەکانیش دەخورێــت.

کەسـانی بــێ لایــەن دەڵێــن: وەزارەتەکانــی حکومەتــی هەرێمــی کوردسـتان رۆڵێکـی لاوازیان لـە بەڕێوەبردنی شـارەکەدا هەبوو، چونکە حیـزب جێگـەی حکومەتـی گرتبـووەوە و لـە دانانـی هـەر بەڕێوەبەرێکـی گشـتی دا حکومـەت رۆڵـی نەبـووە، بەڵکـو لـق و مەڵبەنـدی پارتـی و یەکێتـی ئـەو بەڕێوەبەرانەیـان دیاریکـردووە، کـە دەبووایـە وەزارەتـە پێوەندیدارەکانــی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان سەرپشــك بکرێــن لــە هەڵبژاردنــی کەســێکی شــیاو بــۆ پۆســتەکان، هەمیشــە پلــە و لایەنـە حیزبییەکـەی ئـەو بەڕێوەبـەرە بووەتـە پێـوەری دانـان. هەرگیـز بڕوانامــە و لێهاتوویــی بەهەنــد وەرنەگیــراوە. بۆیــە پێکهاتەکانــی دیکـەی کەرکـووك لـەکاری حیزبەکانەوە تەماشـای حکومەتـی هەرێمی کوردســتان دەکــەن و بــەو ئاســانییە کوردســتانیبوونی کەرکــووك و گەڕانـەوەی بـۆ سـەر حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانیان قبـووڵ نییـە.

## 2 - 5هۆکارەکانی سەرهەڵدانی داعش

ژمارەیەکــی زۆری عەرەبــی ســوننە، کــە خــۆی بــە خــاوەن دەســەڵاتی ئـەو سـەت سـاڵەی فەرمانڕەوایـی عێـراق دەزانێـت، گۆڕانکارییەکانـی پـاش رووخانـی سـەددامیان بـە ئاسـانی قبـووڵ نەبـوو. پاشـماوەکانی بەعـس، شـیعە بـە پاشـکۆی ئێـران دەزانـن، کوردیـش بـە بەکرێگیـراوی بێگانــە. لــە ســاڵانی بەرایــی پــاش رووخانــی ســەددام رێژەیەکــی زۆریــان، عێراقیــان بــەرەو وڵاتانــی دراوســێ و ئەورووپــا بەجێهێشــت، زۆربەیـان لــە ئاوارەیــی دەســتیان بــە بازرگانیکــردن و وەبەرهێنــان

کـرد، چونکـە گـەورە ئەفسـەران و بەرپرسـانی حیزبـی و حکومیـی سـەردەمی فەرمانڕەوایـی سـەددام سـەرمایەدار و دەسترۆیشـتوو بـوون و لـە هەنـدەران خۆیـان گرتـەوە. کـە دواتـر هێندێکیـان بوونـە سـەرچاوەی دارایـی بـۆ گـرووپ و تاقمـە چەکدارییـە تیرۆریسـتییەکان و پشـتگیریکردنیان . " لـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێراقـەوە، نەتـەوە پەرسـتەکانی عـەرەب لایـان وایـە کـە خاکـی عێـراق بـە شـیمال و جنـوب و شـرق و غـرب و نێوەڕاسـتەوە موڵکـی عەرەبـە و بەشـێکە لـە نیشـتمانی عـەرەب و هەمـوو ئەوانـەی غەیـرە عەرەبـن، لەوانـە گەلـی کوردیـش کـە لـە سـنووری دەوڵەتـی عێـراق دا نیشـتەجێن میوانـی نەتـەوەی عەرەبـن و لەسـەر خاکـی عـەرەب دەژیـن" (عیـراق و مەسـەلەی کـورد ـ 2003 ـ ل 26)

ڕووداوەکانـی پـاش یەکەمیـن هەڵبژاردنـی عێـراق لەسـاڵی 2005 بـۆ پەرلەمـان و پێکهێنانـی یەکەمیـن حکومەتـی پـاش سـەددام، کـە بـە سـەردەمی فەرمانڕەوایـی شـیعە و چەکەرەکردنـی گیانـی تۆڵەسـەندنەوەی شـیعە لـە سـوونە دەناسـرێتەوە، وڵاتـی گەیانـدە لێـواری دۆزەخ و لـە سـاڵانی 2006 و سـەرووتر، هاووڵاتیانـی عێـراق لەسـەر ناسـنامەی ئایینـی، ئاینزایـی، نەتەوەیـی و تەنانـەت لەسـەر نـاوی کەسـەکە و ناوچەگەراییـش دەکـوژران یـان بـێ سەروشـوێن دەکـران.

کێشـەکان هێنـدە زوو تەشـەنەیان کـرد کار گەیشـتە ئـەوەی ڕێگـەی کەرکـووک - بەغـدا ، کەرکـووک - سـەڵاحەدین، کەرکـووک - نەینـەوا ناونـران ڕێگەکانـی مـەرگ، کـە ڕۆژانـە خوێنیـان تێـدا دەڕژا و هـەزاران کەسـی بـێ تـاوان لـە سـەر ئـەم ڕێگەیانـە سـەردەبڕدران، یان بـە بارمتە دەگیـران و بـە بـڕە پارەیەکـی زۆر رادەسـتی خێزانەکانیـان دەکرانـەوە. لەنێـو بەغـداش دا لـە سـاڵی 2007 کار گەیشـتە ئـەو رادەیـەی کـە شـارەکە بـۆ سـوننە و شـیعە کـەرت بکـەن و دیـواری کۆنکرێتییـان لەنێـوان دا دابنێـن، هێزەکانـی هاوپەیمانانیش لە بینەرێکی بێدەسـەڵات بـەولاوە هیچـی دیکـە نەبـوون. ئـەم دیـاردە مەترسـیدارە بـەرە بـەرە لـە بەغـداوە بـۆ پارێزگاکانـی دیکـەی عێراقیـش تەشـەنەی کـرد.

کەوتنی نەینەوا و نزیکبوونەوەی هێزەکانی داعش لە سنوورەکانی باشووری رۆژئاوا و باشووری کەرکووك لە ساڵی 2014 زەنگێکی مەترسیدار بوو بۆ حیزب و لایەنەکان و حکومەتی خۆجێیی کەرکووك، کە لە هەموو رووێکەوە لەلایەن زۆربەی خەڵکانی ناوچەکانی حەویجە، ریاز، رەشاد، زابەوە، بە مەبەست و بێ مەبەست، پشتگیری دەکران. «ئەم هەڵوێستەی عەرەبەکانی سوننە بە ئاسایی دەبینرێ، چونکە عەرەبی سوننەی ناوچەکە، خۆیان بە دۆڕاو دەزانن و هەست دەکەن هەموو شتێکیان لەدەستداوە، بۆیە هەموو شتێك دەکەن بۆ بەدەستهێنانەوەی دەسەڵاتی لەدەستچوویان. دەست دەخەنە نێو دەستی هەر لایەنێك، ئەگەر تیرۆریستانیش بن بۆ گێڕانەوەی هەژموونی دەسەڵاتیان لە ناوچەکەدا» (شێخ سدیق ـ لێدوان)

کۆمەڵی ئیسلامی لە کەرکووك، بەهەڵەتێگەیشتن و راڤەکردنی دەقە ئاینییەکان، بە یەکێك لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی داعش دادەنێت، هۆکارێکی دیکەی سەرهەڵدان و گەشەی ئەم رێکخراوە دەداتەپاڵ خودی ئەمەریکاییەکان « داعش دروستکراوی دەستی ئەمەریکایە و هەر کاتێك پێویستیان بێت لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا بۆ مەرامی سیاسی بەکارهێنراون، چەندین جاریش سەرکردەکانیان دانیان بەوە داناوە. چەندین ساڵیش هێزێکی زۆری ناردە ئەفغانستان و شەڕی رێکخراوی قاعیدەی دەکرد، کەچی ئێستا وا خەریکی دانوستاندن و رێککەوتنە لەگەڵیان. لە قەتەر چەندین وێستگەی گفتوگۆیان هەبووە. هەروەها لەم چەند رۆژەدا بینیمان ژمارەیەکی زۆری چەکدارانی رێکخراوی داعش گەڕاونەتەوە وڵاتەکانی خۆیان و کاری سیخورییان بۆ وڵاتەکانیان کردووە»
(محەممەد خەلیل ـ لێدوان)

کوشتن و رفاندنی مامۆستایانی زانکۆ، ئەفسەرانی پلەداری سوپای پێشووی عێراق، پزیشکانی نێوداری سوننە لەلایەن دەسەڵاتدارانی شیعە و پەراوێزخستنی ئەو پێکهاتەیە، هۆکارێکی دیکەی

سەرهەڵدانی داعشە، لە ماوەی ساڵانی نێوان 2003 تاوەکو 2010 رۆژانە بەلاێنی کەم 50 تەرمی ئەو رفێنراوانە دەدۆزرانەوە و تاوانەکان لە دژی نادیاران تۆمار دەکران و دۆسییەکانیان دادەخرا. بۆیە سوننە، داعشیان وەك فریادڕەسێك هەژمار دەکرد و پێوەندییان بە رێکخراوەکەوە دەکرد. (سکای نیوز ـ 2016)

راگەیاندنی سەرکەوتن بەسەر داعش دا، بە بۆچوونی حیزبە ئیسلامییەکان، دەستەواژەیەکی دروست نییە، چونکە داعش ئەوە نییە کە بڵێین لە رووبەرێکی جوگرافیایی وەکو نەینەوا یاخود هەر شوێنێکی دیکە گەمارۆ بدرێن و لەنێوببرێن، بەڵکو داعش هزرە، هزری داعشیش دەبێ بە نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی لەنێوببردرێت. مامۆستایانی وەقفی سوننی رۆڵی گرنگ لە کەمکردنەوە بیری توندڕۆیی لە ناوچەکە دەگێڕن، چونکە ئەوانەی چوونەتە نێو رێکخراوەکە، بە زۆری سوننەن.

پێش داعش، رێکخراوی دیکەی تیرۆریستی لە عێراق دا هەبوون و چالاکیش بوون، جیاوازیی داعش و رێکخراوەکانی پێش داعش، تەنیا شێوازی کارکردنەکانیان بوو. سەرهەڵدانی ئەم رێکخراوە، لە ئەنجامی پەراوێزخستنی پێکهاتەکانی عێراق بوو، لەلایەن حکومەت و دروستتر بڵێین لەلایەن شیعەوە . پێکهاتەی سوننە، کە نزیکەی 80 ساڵ فەرمانڕەوایی وڵاتی کردبوو و زۆربەی ئەفسەرە باڵاکانی سوپا و دەزگا ئەمنییەکانی ئەوکات لە پێکهاتەی سوننە بوون، بەڵام لە دوای 2003 و باڵادەست بوونی شیعە و ئیرادەی تۆڵەسەندنەوە لە سوننە، کەشێکی لەباری بۆ دوورخراو و پەراوێزخراوانی ئەو پێکهاتەیە دروست کرد، تاوەکو لە ماوەیەکی کورت دا خۆیان بخزێننە نێو ریزەکانی ئەو رێکخراوەوە.

مەڵبەندی 2ی رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کەرکووك، هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی رێکخراوی داعش، دەداتەپاڵ ئەو مامەڵە ناتەندروستەی عەرەبی شیعە لە بەغدا و پارێزگاکانی سەڵاحەدین و ئەنبار لەگەڵ پێکهاتەی عەرەبی سوننە،

لەلایەك و مامەڵەی دەسەڵاتدارانی کورد لە کەرکووك لەلایەکی دیکە. بەتایبەتیش عەرەبی شیعە، کە بە بیانووی ریشەکێشکردنی بەعس، عەرەبی سوننەیان رەشبگیر دەکرد و مادەی 4ی تیرۆریان دەدایە پاڵیان. هەڵمەتەکانی هەڵکوتانە سەر ماڵیان پیشەی رۆژانەیان بوو، سووکایەتییان بە ئافرەت و بەساڵاچووانیان دەکرد، زۆرجاریش تاڵان دەکران. هەموو ئەم کارانە بە نەخشە و پلان ئەنجامدراون. « سیاسەتی بەدناوی ریشەکێشکردنی بەعس بیانوویەك بوو بەدەست دەسەڵاتداران بۆ ریشەکێشکردن و لەسەرکارلابردنی عەرەبی سوننە، پاشان پاساوهێنانەوە بۆ دەرکردنیان لە کەرکووك، بە بیانووی داگیرکردنی ناوچە کوردنشینەکان و نیشتەجێکردنیان لە شوێنی کوردانی راگوێزراو»

(سلیم مطر- گۆڤاری میزۆپۆتامیا ـ 19ی ئاب2016)

بەرپرسانی حیزبە کوردستانییەکانی کەرکووك پاکانە دەکەن و دەڵێن: ئەوەی لەلایەن چەند کەسێکی کوردیشەوە لە ئاست ئەوان ئەنجامدراوە، چەند رووداوێک بووە و حیزبەکانیان بێ ئاگابوونە لەم جۆرە کردارانە و لە کولتووری کوردەواری ناوەشێنەوە. حیزب هەمیشە هەوڵی دڵراگرتنی نەتەوەکانی درواسێیان داوە و ئامانجیان ئەوەبووە، کەمێك لە دەنگی دەنگدەرانیان بۆ خۆیان ببەن، نەك زوویریان بکەن و وێنەی کوردیشی پێ ناشرین بکەن. ئەگەر چەند کەسێك نابەرپرسانە دەرفەتیان وەرگرتبێت و هەڵیانکوتابێتە سەر ماڵان و دەمانچەیەك، یاخود کلاشینکۆفێکی بەتاڵان بردبێت، ئەوە بۆ خۆی بووە، چونکە حیزب، یان وەزارەتی پێشمەرگە، نە پێویستی بە دەمانچە و کلاشینکۆفە و نە پێویستی بە ئۆتۆمبێلی دزراوە. هەرچەندەش ئەم کردەوە لابەلایانە بۆ چەند هەزار دینارێك بووە، بەڵام کاردانەوەی خراپی لێکەوتووەتەوە و بووەتە مایەی دڵرەقبوونی ئەو کەسانە بەرانبەر بە پێشمەرگە و دەسەڵاتی کورد بەگشتی.

ئەمانــە هەمــوو هۆکاربــوون، بــۆ ئــەوەی گەنجانــی ســوننەی ئــەم دەڤەرانــە بەبــێ لێکدانــەوەی ئاکامەکانــی، رووبکەنــە رێکخــراوی داعش و خۆیــان بخزێننــە ریزەکانیانــەوە و بــە مەبەســتی تۆڵەســەندنەوە لــە شــیعە بــە پلــەی یەکــەم و کــورد بــە پلــەی دووەم چەکیــان بــۆ هەڵگرن.

« لــە ساڵی 2005 دا کۆمەڵێك لــە ســەرۆك هــۆز و کەســایەتییەکانی دەڤــەری بێجــی هاتنــە لقــی 3ی پارتــی لــە کەرکــووك و گلەییــان لــە حکومەتــی ئەوســای عێــراق کــرد و دەیانگــوت: ئێمــە کۆمەڵێــك ئەفســەر و فەرمانبــەری پلــە باڵامــان لــە پۆســتەکانیان دوورخراونەتەوە و نێردراونەتــەوە مــاڵ. ئــەو ئەفســەر و فەرمانبەرانــە، بــڕە پارەیەکــی پاشــەکەوتیان هەبــووە و لــە مــاوەی بێکاربوونیــان خەرجیانکــردووە، ئێســتاش کــە ئــەو گرووپانــە لــە ناوچەکــەدا ســەریانهەڵداوە، زۆر لەوانــە لــە ناچــاری و بەبــێ ئــەوەی بڕوایان بــە سیاســەتی ئەو گرووپانە هەبێــت، لــە بەرانبــەر بــڕە پارەیەکــدا هاوکاریــی ئــەو گرووپانەیــان کــردووە» (عەدنــان کەرکووکــی ـ لێــدوان)

پارتــی، لــە کەرکــووك کاروکاردانــەوەکان بــەم شــێوەیە وێنــادەکات: دەســەڵاتدارانی شــیعە، بەرنامەیەکــی فراوانتریــان هەبــوو و کاریــان لەســەر پرۆژەی بــە شــیعەکردنی ناوچەکــە دەکــرد. لە ئاســت کوردیش دا، ســەرەتا بڕوایــان بــە سیســتمی فیدراڵــی هەبــوو، بــەڵام دواتــر بــە کاریگەریــی وڵاتانــی دەوروبــەر، ئەو بڕوایەیــان کاڵتــر بــووە و پێیانگوترا: ئێــوە زۆرینــەی دەوڵەتــی عێراقــن و نزیکــەی 65%ی دانیشــتووانەکەی پێکدێنــن، بۆیــە دەســتیان دایــە بەهێزکردنــی هەژموونــی شــیعە و لــە بەغــدای پایتەختــەوە دەســتیان پێکــرد، گەڕەکــی ئەعزەمییــە کــە گەڕەکێکــی سوننەنشــین بــوو، گەمــارۆ درا و بــە دیــواری کۆنکرێتــی لــە گەڕەکەکانــی دیکــەی بەغــدا جیاکرایــەوە. ئینجــا بــەرەو دیالــە، ســەڵاحەدین، ئەنبــار و نەینــەوا بــە ئامانجــی پێکهێنانــی ئــەو هیلالــە شــیعیە هەڵکشــان، کــە تەنانــەت ئــوردن، تورکیــا و سعوودیەشــی نیگــەران کردبــوو.

تاوەکـو شـێوازی بیرکردنـەوەی دەسـەڵاتدارانی عێـراق بـەم شـێوەیە بێـت و پەراوێزخسـتنەکە بـەردەوام بێـت، داعـش و بیـری داعـش هـەر دەمێنێـت. جموجۆڵـی چەکدارانیـان لـە بۆشـاییەکەی نێـوان هێزەکانـی پێشـمەرگە و سـووپای عێـراق، بەڵگـەی راسـتیی ئـەم بۆچوونانـەن.

لـە بودجـەی سـاڵی 2019دا قەرەبـووی ئـەو وێرانەیـەی شـارە سوننەنشـینەکان نەکراوەتـەوە و تاوەکـو ئێسـتاش رێگە بـە ئاوارەکانی (جـرف الصخـر) نـەدراوە بگەڕێنـەوە شـوێنی خۆیـان، کـە لـە پێکهاتـەی سـوننەن. ئاوارەکانـی نەینـەوا، کـە لـە دوای نەمانـی دەسـەڵاتی داعـش لـە شـارەکە، گەڕانـەوە شـوێنی خۆیـان، لەبـەر نەبوونـی خزمەتگـوزاری و وەرگرتنـی بـاج و سـەرانە لەلایـەن کەسـانی نەناسـراوەوە، دووبـارە بەشـێکیان گەڕانـەوە شـارەکانی هەرێمـی کوردسـتان و ئاوارەییـان پـێ باشـتربوو لـە ژیانـی ژێـر دەسـەڵاتی حەشـدی شـەعبی و پۆلیسـی فیدرالـی کـە ئەوانیـش زۆرینەیـان شـیعەن.

گەیشـتنی داعـش و نزیکبوونەوەیـان لـە سـنوورەکانی کەرکـووك بـووە مایـەی ماڵوێرانـی سـەرجەم پێکهاتەکانـی پارێزگاکـە، بـە عەرەبـی سوننەشـەوە، بـەڵام هێشـتا هـەر قبووڵیانـە و دەسـەڵاتی داعشـیان پـێ باشـتر بـوو لـە دەسـەڵاتی کـورد، چونکـە هێزەکانـی پێشـمەرگە بـۆ بەرگریکـردن لـە ناوچەکـە بـوون و ئـەوان ئـەم هێزانەیـان پـێ نامـۆ بوو. لەنێـو شارەکەشـدا هەبوونـی پارێزگارێکـی کوردیـان رەت دەکـردەوە، هەرچەنـدە بـە زارەکـی پشـتیوانیی خۆیـان بـۆ هێزەکانـی پێشـمەرگە و ئاسایشـی کـورد دەردەبـڕی، بـەڵام لـە ناخـەوە شـتێکی دیکـە بـوون و پێشـمەرگەیان بـە رووخانـدن و راگواسـتنەوەی گونـدە عەرەبییەکانـی دەڤەرەکـە تۆمەتبـار دەکـرد . «سـەرکردەکانی عـەرەب لـە کەرکـووك لەلایـەن هێزەکانـی ئاسایشـی کـورد و ئەمەریکاییـەکان سـووکایەتیان پێدەکرێـت و رەوانـەی گرتووخانەکانیـان دەکـەن. ئاسایشـی کـورد بوونەتـە چاوسـاخی ئەمەریکاییـەکان و هەواڵـی نادروسـتیان پێدەگەیێنـن، ئەوانیـش بـە بیانـووی تیـرۆرەوە ئـەم سـەرکردانە دەسـتگیر دەکـەن» (محەممـەد تەمیـم ـ گۆڤـاری میزۆپۆتامیا - 2016)

## 2 - 6 بێ ئەمەکیی لە ئاست قوربانییەکانی پێشمەرگە و ئاسایش

زیانە گیانییەکان، هەر لە ریزی پێشمەرگە، سوپا و هێزە ئەمنییەکان دا نەبوو، بەڵکو خەڵکانێکی زۆری سیڤیلیش بوونە قوربانی، بەڵام ئەوەی جێی ئاماژە بۆکردنە، هەڵوێستی نەرێنیی حکومەتی عێراقە لە ئاست قەرەبووکردنەوەی زیانە دارایی و گیانییەکانی خەڵکی سیڤیل، کە ژمارەیەکی زۆریان بریندار و ئیفلیجی هەتاهەتایی بوون. لە ئاست پێشمەرگەکانی خۆبەخشیش دا هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا کەمتەرخەم بوون و تەنانەت ئەو شەهیدانەیەی بۆ شەهیدانی پێشمەرگەی کوردستانیش دەبڕایەوە لە ئاست قوربانییەکانیاندا نەبوو.

دوای رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر ساڵی 2017 و هاتنی سوپای عێراق، پۆلیسی فیدراڵی و گرووپەکانی حەشدی شەعبی، بە ماوەیەکی کەم دەستکرا بە دابەشکردنی زەوی نیشتەجێبوون بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بەسەریاندا، لەکاتێکدا ئیدارەکانی پێشووی کەرکووک نەیانتوانی بە فەرمی دەست بۆ بستە زەوییەکی حکومەت بەرن و تاپۆی بکاتە سەریان، چونکە دابەشکردنی زەوی لە دەسەڵاتی پارێزگاردا نەبوو، تەنیا وەزارەتەکان دەیانتوانی زەوی دابەش بکەن.

بەر لە پرۆسەی ئازادکردنی کەرکووک، بارەگای بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی کەرکووک، لە هەولێر بوو، واتە ئاسایشی پارتی.

لە 2003 ئەم هێزە هاوشان لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە و هاوپەیمانان بەشدارییان لە ئازادکردنی شارەکەدا کرد و بۆ ماوەیەك لە بینای قایمقامییەتی قەزای کەرکووك جێگیر بوون. پاشان لە مانگی ئایاری هەمان ساڵ دا، ئەرکی پاراستنی فەرمانگە حکومییەکانیان خستە ئەستۆی خۆیان.

لە کۆتایی تەمموزی 2003دا هێزەکانی هاوپەیمانان سەرجەم دەروازەکانی کەرکووکیان بە رووی هەر هێزێکی چەکدار داخست، داوایان لە ئاسایشی پارتیش کرد، لە شارەکەدا نەمێنن. ئەوەبوو

مەفرەزەکانی ئاسایش گەڕانەوە هەولێر و لەوێ دووبارە هێزەکانی خۆیان ڕێکخستەوە. ئینجا لە 2005 بە ئاگاداریی هێزەکانی هاوپەیمانان، بە ئاشکرا گەڕانەوە کەرکووك و لە گەڕەکی عەرەفە جێگیر بوون.

بێجگە لە هێزی ئاسایشی پارتی، هێزی پۆلیسی کەرکووکیش لە شارەکەدا هەبوو، بەڵام ئەوکات پۆلیس لەڕووی توانای لۆجستی و چەکەوە بەشێوەیەك کارا نەکرابوو، کە بتوانن ئارامیی شار بە دروستی بپارێزن، بۆیە هێزەکانی ئاسایش بنکەکانی خۆیان لە چەند گەڕەکێك دا کردەوە و بە هاوئاهەنگی پۆلیس و هاوپەیمانان لە هەر بنکەیەکی پۆلیس دا، بنکەیەکی ئاسایش کرایەوە. هەروەها لە قەزا و ناحییەکانیشدا بنکەکانی ئاسایش کرانەوە.

هەریەك لە ئیدارەی هەولێر و سلێمانی، ئاسایشی خۆیان هەبوو، بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ئیدارەی هەولێر ئاسایشی پارتی و بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ئیدارەی سلێمانی ئاسایشی یەکێتی. بارەگای سەرەکیی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی یەکێتی لە قەرەهەنجیر بوو. سەرەتای پرۆسەی ئازادی، ئاسایشی یەکێتی بە فەرمی بارەگای لە کەرکووك نەکردبووەوە، تەنیا لەنێو کۆمیتەکانی حیزب دا بنکەیان هەبوو. ئەوان هاتووچۆی ناوشاریان هەر هەبوو، بەڵام لەساڵی 2009 بە فەرمی بارەگای سەرەکییان لە کەرکووك کردەوە.

ئاسایشی پارتی زۆر زوو وەکو هێزێکی چالاک لە کەرکووك و قەزا و ناحییەکان دا هەبوو و بە پشتبەستن بە کۆکردنەوەی زانیارییەکان، چالاکییەکانی خۆیان بە تەنیا و سەتان چالاکیی هاوبەشیان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ پۆلیس و هێزەکانی هاوپەیمانان ئەنجام دەدا.

عەمیدی مافپەروەر ئیدریس ڕەفعەت، بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووك، دەڵێ لە تەقینەوە گەورەکەی 16ی تەمموزی 2007ی بەردەم قەڵا، کە نزیکەی 200 شەهید و بریندار لێکەوتەوە،

هێزەکانیان ئەنجامدەرانی تەقینەوەکەیان دەستگیرکرد، کە دوو کەس بوون، یەکێکیان پزیشکێك و ئەوی دیکەیان ئەندازیارێکی دانیشتووی حەویجە بوون، دواتر رادەستی دادگا کران.

دیاردەیەکی ئەرێنیی پاراستنی ئارامیی پارێزگاکە، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە بەشێك لە خەڵکانی نەتەوەکانی دیکەی غەیرە کورد خۆبەخشانە زانیارییان بەو هێزانە دەدا و ببوونە سەرچاوەیەکی کاریگەر بۆ سەرکەوتنی ئەرکەکانیان. چونکە ئەوانیش دەرکیان بەوەکردبوو، کە ئەم هێزانە تەنیا بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتیانی کوردی شارەکە نەهاتوون، بەڵکو هیچ جیاوازییەکیان لەنێوان پێکهاتەکانی کەرکووك دا نەکردووە و دەیان هاووڵاتیی تورکمان و کریستیانی بە بارمتەگیراویان لە دەستی چەکدارانی داعش رزگارکردووە "هەمیشە بەبێ جیاوازی بەرگریمان لە عەرەب، تورکمان، کلدان، ئاشوور و کورد کردووە، لەنێو کوردیش دا جیاوازیمان لەنێوان لایەنگرانی حیزبە کوردستانییەکان دا نەکردووە. شەهیدبوونی هەڵۆ خالید و عەلی جەبار کە هەردووکیان کارمەندی ئاسایش بوون، کاتێك لە 25ی حوزەیرانی 2014 ئەو دوو شەهیدە باوەشیان لە خۆکوژێك دا لە بازاڕەکەی رەحیماوا، خۆکوژەکە خۆی تەقاندەوە و ئەو دوو کارمەندەی ئاسایش خۆیان کردە قوربانیی پاراستنی هاووڵاتیان. هەمووشمان دەزانین، کە ئەم بازاڕە تەنیا کوردی تێدا نییە، بەڵکو سەرجەم پێکهاتەکانی کەرکووك هاموشۆی بازاڕەکە دەکەن. تەنیا ئاسایشی پارتی لەو پێناوەدا زیاتر لە 100 شەهید و نزیکەی 500 برینداریان لە ریزەکانی ئاسایش دا کردووەتە قوربانی" (عەمید ئیدرس ـ لێدوان)

لە گەرمەی هێرشەکانی چەکدارانی قاعیدە دا، لە 2007 دا هاوڵاتییەکی عەرەب لە گەڕەکی حەدیدییەکان، کە لەلایەن ژمارەیەك تیرۆریستەوە رفێندرابوو، پاش ماوەیەکی کەم لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی کەرکووك رزگارکرا و رفێنەرانیش دەستگیرکران، کاتێکیش بە سەلامەتی گەیێندرایەوە ماڵی خۆی، لە

گردبوونەوەیەکـی خزمانـی دا، کارمەندانـی ئاسایشـیان گـوڵ بارانکـرد و پێـش ئـەوەی بـاوەش بـە رزگارکراوەکـەدا بکـەن، باوەشـیان بـە ئاسایشـەکاندا دەکـرد و ماچیـان دەکـردن.

مامۆسـتایەکی ئایینـی تورکمـان لـە شـوقەکانی گەڕەکـی شـۆڕیجە و کریسـتیانێك، کـە لـە عەنـکاوە رفێندرابـوو و هێنرابـووە کەرکـووك، لەلایـەن ئـەم هێزانـەوە ئازادکـران.

هەروەهـا ئاسایشـی کەرکـووك لەگـەڵ ئـەو داعشـانەی هێرشـیانکردبووە سـەر جەواهـر مـۆڵ، هۆتێلـی قەسـر کەرکـووك و دۆمیـز رووبەڕووبوونەتـەوە و ئەفسـەرێکی پلـەدار و چەنـد کارمەندێکیـش لەپێنـاو پاراسـتنی شـاری کەرکـووك شـەهید بـوون.

بێجگـە لە پاراسـتنی ئاسایشـی نێو شـار، ئاسایشـی کەرکووك بەشـداری لـە بەرەکانـی شـەڕی دژی داعشـیش دا کـرد و لـە رێگـەی ئەوانـەوە زانیـاری کۆکراوەتـەوە و دراوەتـە ژووری ئۆپەراسـیۆنە هاوبەشـەکان و هەواڵگریـی پێشـمەرگە لـە بەرەکانـی شـەڕدا، زۆر جـار ئاسـایش پێشـبینیی هێرشـکردنی داعشـیان لـە قۆڵێکـی دیاریکـراوی بەرەکانـی شـەڕدا کـردووە و هۆشـدارییان داوەتـە هێزەکانـی پێشـمەرگە.

هێزێکـی چالاکـی بەوشـێوەیە پێویسـت بـوو لـە هەمـوو لایەکـەوە هـاوکاری بکرایە، بـەڵام نـە حکومەتـی عێـراق و نـە هاوپەیمانـان هیچ هاوکارییەکیـان نەکـردوون لـەڕووی دابینکردنـی چـەك و ئۆتۆمبیـل و ئامێـری پێویسـت، بەڵکـو سـەرجەم پێداویسـتییەکانیان لەلایـەن حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و ئەنجوومەنـی ئاسـایش و ئاسایشـی گشـتییەوە دابیـن دەکـران.

لـە گەرمـەی شـەڕی نێـوان پێشـمەرگە و داعـش دا، ئەندامانـی نەتەوەکانـی دیکـەی ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك، دروشـمی وەدەرنانـی هێزەکانـی پێشـمەرگەیان بەرزدەکـردەوە و داوای نەهێشـتنی دەسـەڵاتی پێشـمەرگە و هێزەکانـی ئاسایشـی کوردیـان لـە پارێزگاکـە دەکـرد. کـە دەبووایـە هەڵوێسـتەکە بـە پێچەوانـە بووایە

و سوپاسی ئەو هێزانە بوونایە، کە گیانی خۆیان کردووەتە قوربانی پاراستنی شارەکە.

پێشمەرگە بۆ بەرگریکردن لە ناوچەکە و رووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی داعش لە وشکانیدا پێشڕوییان دەکرد و هاوپەیمانان لە ئاسمانەوە هێزەکانی داعش و دالّدەدەرانیان بۆردوومان دەکرد، هەڵبەت لەکاتی ئەو بۆردوومانانەدا، خەڵکانی سیڤیلی ئەو سنوورە زەرەرمەند دەبوون و زیانی دارایی و گیانیان لێدەکەوت.

هەر هەڵەیەکی ئەو هێزە ئاسمانییانە، دەدرایە پاڵ پێشمەرگە، بە وێرانکردنی ئەو گوندانەش تۆمەتبار دەکران. راپۆرتی نادروستیان دەدایە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان. بەڵام ئەمە، نابێت ببێتە بیانووی ئەوەی لەگەڵ تەواوبوونی ئەرکەکانی پێشمەرگە لە پاراستنی ناوچەکە، داوای کشانەوەی ئەو هێزانە بکرێت و دەیان تاوانی بێ بنەمای بۆ هەڵبەسترێت، وەک هێزێکی داگیرکەر تەماشا بکرێت، وەك ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری حیزب و لایەنە عەرەبی و تورکمانییەکانی کەرکووك کردیان. « بە چاوخشاندنەوە بە ژمارەی شەهیدان و بریندارانی هێزەکانی پێشمەرگە و ریزەکانی هێزە ئەمنییەکانی کوردستان، بۆمان دەردەکەوێت، کە کورد چەند قوربانی لەپێناو کەرکووك داوە و بەرگری لێکردووە، تاوەکو بە دەردی نەینەوا نەچێت. سەرکردەکانی شیعە کە مام جەلالیان بە (صمّام الامان) دادەنا، کەچی پاش مردنی ئەو سەرکردە کوردە، ئەو خۆشەویستی و برایەتییەی نێوان کورد و شیعە وەك جاران نەما و لەدوای 16ی ئۆکتۆبەر گەیشتە ئەو رادەیەی گرووپە چەکدارەکانی شیعە، سووکایەتی بە وێنەی شەهیدانی پێشمەرگە بکەن لە کەرکووك و ناوچەکانی دەوروبەری. کێشەکەش لەوەدایە، هێشتا کورد بە داگیرکەری ئەو شارە دەزانن، بۆیە ئەو هێزە گەورەیەیان ناردە کەرکووك و بە لێکدانەوەی خۆیان، شارەکەیان لە چنگی داگیرکەر رزگارکردووە " (شەمسەدین مەحموود ـ لێدوان)

لەلایەکی دیکەوە کاتێك کە داعش ببووە سەرچاوەیەکی مەترسی بۆ پێکهاتەکانی کەرکووك، چەند جارێك بەرپرسانی تورکمانمان بینیوە لە بەرەکانی شەڕدا سەردانی هێزەکانی پێشمەرگەیان کردووە و پشتیوانیی خۆیان بۆ ئەو هێزانە دووپاتکردووەتەوە، کەچی هەر ئەوەندەی هاتنەوە ناو شار، دەتبینی لەسەر شاشەی کەناڵە ئاسمانییەکان داوای کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەیان دەکرد، یەکێك لەوانە ئەرشەد ساڵحی، کە بەرپرسی یەکەمی بەرەی تورکمانی بوو لە کەرکووك.

ئەم بێ هەڵوێستییە لە ئاست قوربانییەکانی پێشمەرگە، نەك هەر لە رەفتاری بەرپرسی حیزبەکان، بەڵکو لە سیاسەتی لووتکەی دەسەڵاتی حکومەتی عێراقیش دا رەنگی دابووەوە. لە 21ی ئەیلوولی 2017 حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق، دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادکردنی حەویجەی راگەیاند، کە نزیکەی 10 مانگ گەمارۆدرابوو و خەڵکە گەمارۆدراوەکەی شارۆچکەکە ژیانێکی زۆر سەختیان بەسەردەبرد، هێزەکانی سوپای عێراق لەم شەڕەدا پێشمەرگەیان بەشدارنەکرد، تەنیا سوپای عێراق، پۆلیسی فیدراڵی و چەکدارانی حەشدی شەعبی لە قۆڵەکانی چیای مەکحوول، حەمرین، ریاز، عەباسی و رەشاد هێرشیانکردە سەر حەویجە و نزیکەی 20 رۆژ شەڕەکە بەردەوام بوو. لە 10ی تشرینی یەکەم دا رزگارکردنی تەواوی حەویجە راگەیێندرا.

لە 9ی کانوونی یەکەمی 2017دا عەبادی لە گوتاری راگەیاندنی سەرکەوتن بەسەر رێکخراوی داعش دا، وێڕای پیرۆزبایی لە عێراقییەکان، سوپاسی تەواوی ئەو هێزانەی کرد کە داعشیان بەیەکجاری تێکشاندووە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ رۆڵی پێشمەرگە بکات. ئەمەش بە ئەنقەست باسنەکردنی رۆڵی پێشمەرگە بوو. هەڵوێستەکەی عەبادی لە ناوخۆ و دەرەوە رووبەڕووی رەخنەیەکی زۆر بووەوە، بۆیە پاش ماوەیەکی کورت، لە ماڵپەڕی فەرمیی حکومەتی عێراق دا هەمان گوتار بڵاوکرایەوە، ئەم جارەیان ناوی

پێشمەرگەشی تێدا هاتبوو. ئینجا ڕوونکردنەوەیەکی بۆ ئەم هەڵوێستە بڵاوکردەوە و پاکانەی بۆ خۆیکرد، کە گوایە هەڵەی چاپ بووە و لەکاتی چاپکردنی گوتارەکەدا ناوی پێشمەرگە پەڕیوە!

لە 29ی کانوونی دووەمی 2019دا نووسینگەی ڕاگەیاندنی حەسەن کەریم کەعبی، جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، کەرکووکی بە عێراقێکی بچووککراوە وەسف کرد و گوتی « کەرکووک، شاری هیچ نەتەوەیەك نییە، بەڵکو شارێکی عێراقییە و هەر بە عێراقیش دەمێنێتەوە»، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، کە ئەوەی ئێستا لە کەرکووك دەگوزەرێ (مەبەست لە گفتوگۆی سەرکردە سەربازییەکانی عێراق، وەزارەتی پێشمەرگە و هێزەکانی هاوپەیمانانە بۆ پێکهێنانی ژوورێکی هاوبەشی ئۆپەراسیۆنەکان لە کەرکووك) هێندێك، بۆ ئاژاوەی نێوان نەتەوەکان دەیقۆزنەوە، بۆیە پێویستە ئێمەی عێراقی، بە سەرجەم نەتەوە و پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانەوە یەکبگرین و نەهێڵین ئەوانە بگەنە مەرامی خۆیان.

سەبارەت بە کەرکووکیش دەڵێ: « پێویستە کێشەکانی کەرکووك، کە هەمیشە بە شارێکی عێراقی دەمێنێتەوە، بە یاسا و دەستوور چارەسەر بکرێن و پارێزگاریکردنی ئاسایشی خەڵکەکەی دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت و دەزگا ئەمنییەکانی».

ژمارەیەک لە حیزب و لایەنە تورکمانییەکان و ئەندامانی تورکمانی نێو ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك، بە ئامادەبوونی ئەرشەد ساڵحی، سەرۆکی بەرەی تورکمانیی عێراق، لە 2ی ئاداری 2019 لە بارەگای بەرەی تورکمانی کۆبوونەوە و ئەم بەیاننامەیەیان ڕاگەیاند:

یەکەم: حیزب و لایەنە تورکمانییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە نابێ پرسی کەرکووك بخزێنرێتە نێو کێشەکانی نێوان یەکێتی و پارتی بۆ پێکهێنانی حکومەتی هەرێم و دانوستاندنەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بۆ ڕاگەیاندنی کابینەی نوێی حکومەت.

دووەم: حیـزب و لایەنـە تورکمانییـەکان بڵاوبوونـەوەی هـەر هێزێکـی ئەمنـی لـە دەرەوەی دەسـەڵاتی حکومەتـی عێراقـی فیـدراڵ، لـە کەرکـووك و سـنووری ئیداریـی پارێزگاکـە، بـە تووندی ڕەتدەکەنـەوە (مەبەسـتیان هێزەکانـی پێشـمەرگەیە و بـۆ حەشـدی شـەعبی هیـچ لارییەکیـان نییـە) هەروەهـا داوای کشـانەوەی هـەر هێزێکـی دیکـەی دەرەوەی دەسـەڵاتی حکومەتـی عێـراق، لـە سـنووری پارێزگاکـە دەکـەن.

سـێیەم: داوا لـە سـەعەد حەربییـە، فەرمانـدەی ئۆپەراسـیۆنە هاوبەشـەکان دەکەیـن، ڕێگـری لـە بەتـاڵان بردنـی سـامانی نەوتـی کەرکـووك بـکات و بیپارێزێـت.

چـوارەم: حیـزب و لایەنـە تورکمانییـەکان بـە پێویسـتی دەزانـن پرەنسـیپی ئیـدارەی هاوبـەش لـە بەڕێوەبردنـی دۆسـیەی ئەمنـی و پۆلیسـی فیدراڵیـی لـە پارێزگاکـە جێبەجـێ بکرێـت.

سـەفا عوبەیـدی، بەرپرسـی ڕاگەیاندنـی بـەرەی یەکگرتـووی عەرەبـی لـە بەیاننامەیەکـی بەرەکەیانـدا، ستایشـی حکومەتـی فیـدراڵ دەکات و دەڵێـت « بـەرەی یەکگرتـووی عەرەبـی سـوپاس و پێزانینـی خـۆی ئاراسـتەی هێزەکانـی دژە تیـرۆری عێـراق دەکات، کـە لـە 16ی ئۆکتۆبـەردا، زۆر پیشـەییانە دەسـەڵاتی حکومەتیـان بەسـەر کەرکـووك دا سـەپاند و بەخێرهاتنـی ئەفسـەران و کارمەندانی لیـوای 61 دەکات و هیواداریـن لـە ئەرکەکانیـان دا سـەرکەوتوو بـن. داواش لـە جەمـاوەری بـەرەی یەکگرتـووی عەرەبـی دەکەیـن هاوکارییـان بن لە پێناو پاراسـتنی سـەقامگیریی کەرکـووك لـە سـایەی عێراقێکـی یەکگرتـوودا".

لـە برگەیەکـی دیکـەی بەیاننامەکـەدا جەخـت دەکاتـەوە لەسـەر ڕەتکردنـەوەی ئـەو گوشـارانەی لەپێنـاو گەڕانـەوەی هێـزی پاسـەوانی هەرێـم (پێشـمەرگە) بـۆ دەوروبـەری کەرکـووك دەدرێـن، چونکـە گەڕانەوەیـان پێشـێلکردنی دەسـتووری عێراقـە!

لـە 5ی ئـاداری 2019یـش عەلـی مەهـدی سـادق، ئەندامـی ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك، لەسـەر لیسـتی بـەرەی تورکمانـی، لـە بەیاننامەیەکـدا هێـرش دەکاتـە سـەر دوو حیزبـە دەسـەڵاتدارەکەی کـورد و دەڵـێ « لـە مـاوەی 16 سـاڵی دەسـەڵاتی ئـەو دوو حیزبـە کوردییـەدا، بـۆ بەڕێوەبردنـی پارێزگاکـە هیـچ پێکهاتەیەکـی دیکـەی شـارەکەیان بەشـدار نەکردووە، لـە وێرانکردنی کەرکـووك و ماڵوێرانیی خەڵکەکـەی هیچـی دیکەیـان بـۆ شـارەکە نەهێنـاوە. ئێسـتاش ئـەو دوو حیزبـە بەردەوامـن لەسـەر شـێوازە نادیموکراسـیانەکەی خۆیـان و جارێکـی دیکـە دەیانـەوێ بگەڕێنـەوە شـارەکە و کەرکـووك بگەڕێننـەوە ڕۆژگارە تاریکـەکان".

هەروەهـا دەڵـێ» چەندمـان پێـی خۆشـبوو، هـەردوو حیزبەکـە ڕێکبکەوتنایـە لەسـەر بەجێهێشـتنی پۆسـتی پارێـزگاری کەرکـووك بـۆ پێکهاتـەی تورکمـان و ئێمـەش لەنێـو بـەرەی تورکمانـی دا کەسـێکمان بـۆ ئـەو پۆسـتە دیـاری بکردایـە، کـە دەبـووە هەنگاوێکـی ئەرێنـی و عێراقییـەکان و هەمـوو جیهـان باسـیان دەکـرد. بۆیـە ئێمـە بەهەمـوو شـێوەیەك پارێزگارێکـی کـورد بۆ کەرکووك ڕەتدەکەینـەوە، جا چ حیزبی بێـت یـان بێلایـەن. هەمـوو ڕێوشـوێنێکیش دەگرینەبـەر بـۆ ڕێگریکـردن لـە دانانی پارێزگارێکـی کـورد. جارێکـی دیکـە داوا لـە حکومەتـی عێـراق دەکەیـن، کـە ببێتـە حکومەتـی سـەرجەم عێراقییـەکان و بەرپرسـە لـە هـەر ئەنجامێکـی نەخـوازراو ".

لـە 5ی ئـاداری 2019دا بـەرەی یەکگرتـووی عەرەبـی بەیاننامەیەکـی بڵاوکردووەتـەوە و تێیـدا دەڵـێ: «هەڵبژاردنەکانـی سـاڵی 2005 لـە بارودۆخێکـی نائاسـاییدا ئەنجامـدران و پێکهاتەیەکـی پارێزگاکـە کۆنترۆڵـی ئەنجوومەنەکـەی کـردووە (مەبەسـت لـە کـوردە کـە خاوەنـی 26 کورسـین لـە کـۆی 41 کورسـیی ئەنجوومـەن) و هەمـوو کاروبارێکـی پارێزگاکـەی بـۆ خـۆی قۆرخکـردووە، بۆیـە ئێمـە لـە بـەرەی یەکگرتـووی عەرەبـی وای دەبینین، کە ئەنجوومەنـی پارێزگای کەرکووك مافـی ئـەوەی نییـە بڕیار لەسـەر پرسـە چارەنووسسـازەکانی شـارەکە بـدات".

لـە خاڵێکـی دیکـەی بەیاننامەکـەدا، داوای دانانـی پارێزگارێکـی بێلایـەن دەکــەن بــۆ کەرکــووك، کــە بتوانێــت پارێــزگاری لــەو ســەقامگیرییە بــکات، کــەوا لــە ســایەی چەســپاندنی یاســادا هاتووەتــە دی و دۆسـیەی ئەمنیـی شـارەکەش هـەر لـە ژێـر دەسـەڵاتی سـەرکردایەتیی ئۆپەراسـیۆنەکانی کەرکـووك دا بمێنێتـەوە، کـە بـە باشـترین شـێوە ئەمنییەتــی شــارەکەی پاراســتووە، هەروەهــا داوای کشــانەوەی هێزەکانــی پێشــمەرگە لــە تــەواوی ناوچەکانــی پارێزگاکــە دەکات.

ئـەو بەرەیـە، چاوپۆشـیی لـە هەمـوو ئـەو تاوانانـە دەکات، کـە لەلایـەن رێکخــراوی داعشــەوە دەرهــەق بــە خــاك و خەڵکــی ئــەو ناوچانــە ئەنجــام دراون، لــە بەشــێکی بەیاننامەیەکیانــدا، کــە لــە 9ی ئــاداری 2019 بڵاوکراوەتـەوە، هاتـووە: بـەرەی یەکگرتـووی عەرەبـی، داوا لـە حکومـەت و پەرلەمانـی عێـراق و رێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان دەکات، لێکۆڵینـەوە لـە وێرانکردنـی 130 گونـد و ناحیـەی عەرەبنشـین بـکات، کـە لەلایـەن هێزەکانی پێشـمەرگەوە، پێـش رووخاندن و سـووتاندنیان، خەڵکەکەیـان بـە زۆرەملـێ راگواسـتووە و دەسـتیان بەسـەر سـەرووەت و ســامانیاندا گرتــووە و بــە ئەرکــی پەرلەمانــی دەزانیــن، لێژنەیەکــی لێکۆڵینــەوە بــۆ ئــەم مەبەســتە پێکبێنێــت و ئەنجامدەرانیــان بدەنــە دادگا.

# بەشی سێیەم
# پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە کەرکووک

## 3 ـ 1هەڵبژاردنەکانی 2005ی پەرلەمانی عێراق

لە پاش رووخانی رژێمی سەددام لە نیسانی 2003 یەکەمین پرۆسەی هەڵبژاردن لە 30ی کانوونی دووەمی 2005 بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەڕێوەچوو، کە تێیدا دەنگ بۆ 275 ئەندام درا، هەر پارێزگایەك بەپێی ژمارەی دانیشتووانەکەی، ژمارەی کورسییەکانی بۆ دیاریکرابوو. لەهەمان کاتیش دا پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی 18 پارێزگاکەی عێراق و پەرلەمانی کوردستانیش بەڕێوەچوو.

لەم هەڵبژاردنەدا عێراق بە یەك بازنەی هەڵبژاردن هەژمارکرا، حیزب و قەوارە سیاسییە بەشداربووەکان بەربژێرانی خۆیان دیاری کرد، لێرەدا مەرجی تەمەن بۆ بەربژێران بە 30 ساڵ بەسەرەوە دیاریکرا و پێویست بوو سێیەکی لیستی بەربژێران ئافرەت بن و رێگە بە پلە باڵاکانی حیزبی بەعس نەدرا لیست و قەوارەی سیاسی پێکبێنن و بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن. (روماڵەکانی کەناڵی ئاسمانیی الجزیرە - 30 ئاب 2011 و ماڵپەڕی وای باك مەشین)

کاری سەرەکیی پەرلەمانی هەڵبژێردراو، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی بوو، کە لە سەرۆك کۆمار و دوو جێگرەکەی پێکهاتبوو، ئەم سێ ئەندامەی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتییەش سەرۆك وەزیرانیان دەستنیشان دەکرد. جەلال تاڵەبانی بە سەرۆك

کۆمـار، غـازی عجیـل یـاوەر و عـادل عەبدولمەهدیـش بـە جێگرانـی یەکـەم و دووەمـی سـەرۆك کۆمـار دیاریکـران. ئیبراهیـم جەعفەرییـان بـە سـەرۆك وەزیـران دانـا و پێکهێنانـی ئەنجوومەنـی وەزیرانیـان پـێ سـپارد. حکومەتەکـەش ناونـرا حکومەتـی کاتیـی عێـراق.

هەڵبـەت بـۆ دابینکردنـی کەشـی لەبار و پاراسـتنی ئارامـی ئـەم جـۆرە پرۆسـانە، پێویسـت بـە سـوپا، پۆلیـس و دەزگا ئەمنییـەکان دەکات، بـەڵام لەبەرئـەوەی سـوپای عێـراق هەڵوەشـابووەوە و هێشـتا دەزگا ئەمنییـەکان و پۆلیـس بـە تـەواوی رێکنەخرابـوون، بۆیـە سـوپای هاوپەیمانـان، کـە ژمارەیـان نزیکـەی 135 هـەزار کـەس دەبـوو، ژمارەکەیـان زیادکـرا و 15 هـەزار سـەربازی دیکـەی ئەمەریـکا بـۆ پاراسـتنی ئاسایشـی بەڕێوەچوونـی پرۆسـەکە هێنرانـە عێراقـەوە، بـەڵام بنکەکانـی دەنگـدان، بـە پۆلیـس و دەزگا ئەمنییەکانـی عێـراق سـپێردران، کـە ئەمرۆشـی لەگـەڵ بێـت گومـان لـە بێلایەنیـی ئـەو هێزانـە دەکرێـت و ناکرێـت لـە پرۆسـەیەکی لـەم جـۆرەدا پشـتیان پێببەسـترێت.

هـەر لـە چوارچێـوەی ئامادەکارییـەکان دا بـۆ بەڕێوەچوونـی ئـەم پرۆسـەیە، حکومەتـی عێـراق سـەرجەم خاڵـە سـنوورییەکانی عێراقـی داخسـت و لـە رۆژی دەنگـدان دا قەدەخەکردنـی هاتووچـۆی ئۆتۆمبێلیـش راگەیێنـدرا و تەنیـا ئـەو ئۆتۆمبێلانـە لەنـاو شـاردا هاتووچۆیـان دەکـرد، کـە مۆڵەتـی تایبەتیـان پێدرابـوو.

بـۆ ئـەم هەڵبژاردنـە، کۆمیسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردنەکانـی عێـراق، هەندێـك ژمـارەی گریمانەیـی بـۆ ئەنجامدانـی پرۆسـەکە خستەڕوو، کە گرنگترینیان ئەمانە بوون:

* ژمـارەی دانیشـتووانی عێراقـی بـە نزیکـەی 27 ملیـۆن کـەس خەمڵێنـراوە.
*ژمـارەی ئـەو کەسـانەی مافـی دەنگدانیـان هەبـوو بـە 15.5 ملیـۆن دەنگـدەر دانـراو کـە 12.3 ملیـۆن کـەس دەنگەیـدا و 12.1 دەنـگ هەژمارکـرا

*ژمارەی قەوارە سیاسییەکانی بەشدار لە پرۆسەکە 223 قەوارە.
*ژمارەی هاوپەیمانێتییەکان 35 هاوپەیمانێتی.
*ژمارەی بەربژێرە بێلایەنەکان 48 بەربژێر.
*کۆی گشتیی بەربژێرەکان بۆ هەرسێ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی هەر 18 پارێزگاکەی عێراق 17 هەزار بوون، کە 7 هەزار و 761 بەربژێریان بۆ پەرلەمانی عێراق بوون.
*ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق 275 کورسی و 41 کورسیش بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکان، بێجگە لە بەغدا، کە 51 کورسیی بۆ دانرابوو، 111 کورسیش بۆ پەرلەمانی کوردستان.
*ژمارەی بنکەکانی دەنگدان لە دەرەوەی عێراق 75 بنکە بوون لە وڵاتانی: ئوسترالیا، کەنەدا، دانیمارك، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئێران، ئوردن، هۆڵەندا، سوێد، سووریا، تورکیا، ئیمارات، بەریتانیا و ئەمەریکا.
سەرەکیترین ئەو لیستانەی بەشداری ئەم هەڵبژاردنەیان کرد، ئەمانەی خوارەوە بوون:
*لیستی ژمارە 130ی هاوپەیمانیی کوردستانی، کە 75 ناوی لەخۆگرتبوو و جەلال تاڵەبانی سەرۆکی لیستەکە بوو.
*لیستی ژمارە 169ی هاوپەیمانیی عێراقیی یەکگرتوو، 140 ناوی تێدا بوو و عەبدولعەزیز حەکیم سەرۆکایەتیی دەکرد.
*لیستی ژمارە 255ی عراقیون، کە 5 کەسی لەخۆگرتبوو و غازی عجیل یاوەر سەرۆکی لیست بوو.
*لیستی ژمارە 285ی عێراقیە بە سەرۆکایەتیی ئەیاد عەلاوی، کە ناوی 40 بەربژێری تێدا بوو.
*لیستی هاوپەیمانیی عراقیی یەکگرتوو، زۆرترین دەنگی بەدەست هێنا، کە رێژەی 48%ی کۆی دەنگەکان بوو، بەڵام زۆرینەی پەرلەمانیی نەهێنا و نەیتوانی بەتەنیا حکومەت پێکبێنێت، بۆیە لەگەڵ هاوپەیمانیی کوردستانی دا هاوپەیمانیی بەست و زۆرینەی پەرلەمانیان بەدەستهێنا . (ماڵپەڕی Wayback Machine تشرینی دووەم ـ 2017).

ئەنجامەکانــی سەرتاســەری عێــراق بــۆ پەرلەمــان لــەو ســاڵەدا بــەم شــێوەیە بــوو:

| ژ | ناوی لیست و قەوارەی سیاسی | ژمارەی کورسییەکان لە کۆی پارێزگاکان |
|---|---|---|
| 1 | هاوپەیمانیی عێراقی یەکگرتوو | 109 |
| 2 | هاوپەیمانیی کوردستانی | 43 |
| 3 | بەرەی تەوافوقی عێراقی | 37 |
| 4 | لیستی عێراقی نیشتمانی | 21 |
| 5 | بەرەی عێراقی بۆ حیواری نیشتمانی | 9 |
| 6 | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان | 4 |
| 7 | کوتلەی ئاشتەوایی و رزگاری | 3 |
| 8 | ریسالیون | 1 |
| 9 | لیستی میسال ئالووسی | 1 |
| 10 | بەرەی تورکمانیی عێراقی | 1 |
| 11 | بزووتنەوەی ئێزدییەکان لەپێناو چاکسازی و پێشکەوتن | 1 |
| 12 | لیستی رافیدەین | سفر |
| | کۆی گشتی | 230 |

خشتەی 3: لیست و قەوارە سیاسییەکانی بەشداربووی هەڵبژاردنەکان و ژمارەی کورسییەکانیان - 2005

ئـەم 230 کورسـییە 45 کورسـیی قەرەبووکردنەوەشـی بەپێـی ڕێژەی دەنگـەکان دێتەسـەر و کـۆی گـشـتیی کورسـییەکان دەکاتـە 275، واتـە ئـەم یاسـای هەڵبژاردنـە تەنیا لـە بەرژەونـدی لیسـت و هاوپەیمانێتییە گـەورەکانـە و ئەنجامـی کۆتایـی هەڵبژاردنـەکان بـەم شـێوەیەی لێدێـت:

| ژ | ناوی حیزب و لیستەکان | ژ. کورسییەکان بەپێی پارێزگاکان | ژ. کورسییە قەرەبوکراوەکان | کۆی گشتیی کورسییەکان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هاوپەیمانیی عێراقی یەکگرتوو | 109 | 19 | 128 |
| 2 | هاوپەیمانیی کوردستانی | 43 | 10 | 53 |
| 3 | بەرەی تەوافوقی عێراقی | 37 | 7 | 44 |
| 4 | لیستی عێراقییەی نیشتمانی | 21 | 7 | 44 |
| 5 | بەرەی عێراقی بۆ دیالۆگی نیشتمانی | 9 | 2 | 11 |
| 6 | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان | 4 | 1 | 5 |
| 7 | کوتلەی ئاشتەوایی و ڕزگاری | 3 | سفر | 3 |
| 8 | ڕیسالیون | 1 | سفر | 1 |
| 9 | لیستی میسال ئالووسی | 1 | سفر | 1 |
| 10 | بەرەی تورکمانیی عێراقی | 1 | سفر | 1 |
| 11 | بزووتنەوەی ئێزدییەکان لەپێناو چاکسازی و پێشکەوتن | 1 | سفر | |
| 12 | لیستی ڕافیدەین | سفر | 1 | 1 |
| 13 | کۆی گشتیی کورسییەکان | 230 | 45 | 275 |

خشـتەی 4: کـۆی گـشـتیی کورسـییەکانی لیسـت و قـەوارە سیاسـییەکان بـۆ پەرلەمانـی عێـراق

سـاڵی 2005 ئـەو 9 کورسـییەی بـۆ کەرکـووك تەرخـان کرابـوو لـە پەرلەمانـی عێـراق، ئەنجامـی هەڵبژاردنـەکان بـەم شـێوەیە، بەپێـی ڕێژەی دەنگـەکان بەسـەر لیسـت و قەوارەکانـدا دابـەش بـوو:

| ژ | ناوی لیست و قەوارەی سیاسی | ژمارەی کورسییەکان لە کۆی پارێزگاکان |
|---|---|---|
| 1 | هاوپەیمانیی کوردستانی | 5 |
| 2 | بەرەی تەوافوقی عێراقی | 1 |
| 3 | بەرەی عێراقی بۆ دیالۆگی نیشتمانی | 1 |
| 4 | کوتلەی ئاشتەوایی و رزگاری | 1 |
| 5 | بەرەی تورکمانیی عێراقی | 1 |
| 6 | کۆی گشتیی کورسییەکانی پارێزگاکە | 9 |

خشـتەی 5: نـاوی لیسـت و قـەوارە سیاسـییەکان و ژمـارەی کورسـییەکانیان لـە هەڵبژاردنـە پەرلەمانییەکـەی - 2005

نــاوی نوێنەرانــی کەرکــووک بــۆ پەرلەمانــی عێــراق لــە لیســتی هاوپەیمانیـی کوردسـتانی لەم خشـتەیەی خـوارەوەدا روون کراوەتەوە:

| ژ | ناوی بەربژێر | لایەنی سیاسی |
|---|---|---|
| 1 | خالید سەلام سەعید | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 2 | سەعدی ئیسماعیل کەریم | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 3 | تانیا تەلعەت محەممەد | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 4 | عەبدولخالق محەممەد رەشید | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 5 | وەلید محەممەد محەممەدساڵح | حیزبی برایەتیی تورکمانی |

خشـتەی 6: نـاوی بەربژێرانـی کەرکـووك لـە لیسـتی هاوپەیمانیی کوردسـتانی بـۆ پەلەمانی عێـراق 2005

لــە یەکێــك لــە لێدوانــە تەلەڤزیۆنییەکانیــدا فەلەکەدیــن کاکەیــی، کــە ئــەوکات سەرنووســەری رۆژنامــەی (التاخــی) بــوو لــە بەغــدا، لــە گەرمــەی بانگەشــەی هەڵبژاردنەکانــی 2005دا رایگەیانــد: نزیکــەی 750 هــەزار کــورد لــە بەغــدا دەژیــن و ئــەو دەنگانــە کورســییەکانی کــورد لــە پەرلەمانــی عێــراق دا بــەرز دەکەنــەوە.

بــەڵام ئــەم پێشــبینییە نەهاتــەدی و لەبەرئــەوەی زۆربــەی کوردانــی بەغــدا، فەیلیــن و شــیعە مەزهەبــن، بەشــێکی زۆری دەنگەکانیــان بــۆ لیســتە شــیعییەکە چــوو!

### 3- 1ب هەڵبژاردنەکانی 2005ی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك

نووســینگەی کەرکووکــی کۆمیســیۆنی بــاڵای ســەربەخۆی هەڵبژاردنــەکان، بــۆ هەڵبژاردنەکانــی ئەنجوومەنی پارێـزگای کەرکووك، دەســتیکرد بــە ئامادەکردنــی تۆمــاری دەنگــدەران و ســەرجەم کەرەســتە و پێداویســتییە لۆجســتییەکان. ئینجا دەســتیان بە راهێنانی کارمەندانــی نووســینگەکە کــرد.

متمانەپێــدان بــە بەربژێــری لیســتەکان و لێکۆڵینــەوە لــە راســتی و دروســتیی بڕوانامەکانیــان یەکێکــی دیکــە بــوو لــە ئەرکەکانــی کۆمیســیۆن. هەروەهــا باجــی تایبەتیــان بــۆ نوێنەرانــی قــەوارە سیاســییەکان و رێکخراوەکانــی کۆمەڵگــەی مەدەنــی و دەزگاکانــی راگەیاندنــی شــارەکە دروســت کرد. ســەرئەنجام هەڵمەتێکــی فرەوانیان بــۆ هۆشــیارکردنەوەی دەنگــدەران دەســتپێکرد.

پرۆســەکە، هاوشــان لەگــەڵ پرۆســەی دەنگــدان بــۆ پەرلەمانــی عێــراق لــە 30ی کانوونــی یەکەمــی 2005دا بــۆ بەدەســتهێنانی ئــەو 41 کورســییەی بــۆ ئەنجوومەنــی پارێزگاکــە دیاریکــراوە دەســتیپێکرد.

لیســتە بــراوەکان لــەم خشــتەیەی خــوارەوەدا نیشــاندراون، کــە ئەنجامەکان لەلایەن کۆمیســیۆنی باڵای ســەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە راگەیێنــدران:

| ژ | ناوی لیست و قەوارەی سیاسی | ژ. لیست | ژ. کورسی |
|---|---|---|---|
| 1 | برایەتیی کەرکووك | 367 | 26 |
| 2 | بەرەی تورکمانیی عێراقی | 175 | 8 |
| 3 | گردبوونەوەی کۆماریی عێراقی | 299 | 5 |
| 4 | هاوپەیمانیی ئیسلامیی و تورکمانی | 178 | 1 |
| 5 | گردبوونەوەی نیشتمانیی عێراقی | 289 | 1 |

خشتەی 7: لیستە براوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك بۆ ئەنجوومەنی پارێزگا 2005 (کۆمیسیۆن ـ 2005)

بەم پێکهاتەیەی لە خشتەکەی پێشەوەدا روونکراوەتەوە، یەکەمین ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکی پاش رووخانی سەددام پێکهێنرا، کە هەر چوار پێکهاتە سەرەکییەکەی شارەکەی لەخۆگرتبوو.

خەلیل ئیبراهیم، بەرپرسی مەڵبەندی کەرکووکی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، سەرۆکی شاندی دانوستاندنکاری یەکگرتوو بوو بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتی دانانی لیستی برایەتی، وردەکاریی دوا ساتەکانی رێکخستنی لیستەکە بەم شێوەیە روونی دەکاتەوە: ئێمەی یەکگرتووی ئیسلامی هیچ بەلامانەوە گرنگ نەبوو لە لیستەکەدا کێ پێش کێ دەکەوێت، حەزمان دەکرد نەك هەر کورد، بەڵکو عەرەب و تورکمانیش لە لیستەکەدا بەشداربن و هەوڵمان لەگەڵ بەرەی تورکمانیش دا، بەڵام سەرکەوتوو نەبووین لە قەناعەت پێ هێنانیان. سەرئەنجام لیستەکە لە 41 ئەندام پێکهێنرا و لیستەکەمان 26 کورسیی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکی بەدەستهێنا، کە یەکێکە لە خاڵە بەهێزەکانی کورد لە شارەکە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت شانازیی پێدەکەین. هیچ لایەنێکیش پێشبینی ئەوەی نەدەکرد ئەو ژمارە بەرزەی کورسی بەدەستبێنین و وامان دانابوو کورسییەکانی لیستی برایەتی لە

22 کورســی تێپەڕ نــەکات. هیواداریــش بوویــن لــە ئاینــدەدا، ئــەم هەنگاوەمــان بکردایەتــە بناخەیــەك بــۆ هــەر پرۆســەیەکی سیاســی، بــەڵام لەوەشــیاندا ســەرکەوتوو نەبوویــن.

نهێنیــی ئــەوەی کــە بۆچــی ئێســتا ئەندامانــی پارتــی لــە ئەندامانــی حیزبەکانــی دیکــە زیاتــرن لــە ئەنجوومەنــی پارێــزگای کەرکــووك لەوەدایــە کــە لــە کۆبوونــەوەی ڕێکخســتنی لیســتەکەی برایەتــی زۆر زەحمــەت بــوو بــە شــێوەیەك دابنرێــت، یەکەمینــی لیســتەکە یەکێتــی بێــت و دووەمیــن پارتــی و ... هتــد بۆیــە بــە لێکدانــەوەی هەمــوو لایەکــی بەشــدار لــە لیســتەکە هــەر پێشــبینیی مســۆگەرکردنی 21 کورســییان دەکــرد، بۆیــە ویســتیان ململانێــی ڕیزبەنــدی نەکرێــت و یەکگرتــووی ئیســلامی 12ەمیــن نــاوی لیســتەکە، یەکەمیــن بەربژێــری یەکگرتــوو بــوو، کــە ڕێبــوار تاڵەبانــی بــوو، ئینجا 16میــن و 25ەمیــن، کــە ئیبراهیــم خەلیــل و مامۆســتا جــوان بــوون. لــەو بڕوایــەدا بــوون ئــەوەی دواهەمینیان دەرنەچێــت " بەپێــی ڕێنماییەکانــی هەڵبژاردنــی ئــەوکات، کــە کۆتــای ئافرەتــی تێــدا پەیڕەوکــرا، ناچــار بوویــن مامۆســتا جوانــە بێنینــە ڕیزبەنــدی 12 و مامۆســتا ڕێبوارمــان هێنایــە 16میــن و ئیبراهیــم خەلیلیــش گوازرایــەوە بــۆ 25ەمیــن و بــێ ئومێــد بوویــن لــە دەرچوونــی ناوەکــەم. لــەو 25 بەربژێــرە 9ی یەکێتــی و 9ش پارتــی بــوون، ئەوانــی دیکــە سۆشیالیســت و شــیوعی و ئەوانــی دیکــە بــوون، بــەڵام کاتێــك دانیشــتنی یەکەمــی ئەنجوومەنەکــە بەســترا و ڕێوڕەســمی ســوێندی یاســایی بەڕێوەچــوو، ڕزگار عەلــی، کــە بەربژێــری یەکەمــی لیســتەکە بوو و دانرابــوو پۆســتی پارێــزگاری کەرکووکــی پێبدرێــت و،دواتــر ڕێککەوتنی لەســەر نەکــرا، ئــەو پۆســتە درایــەوە بــە عەبدولڕەحمــان مســتەفا، کــە پێشــتر هــەر پارێــزگاری کەرکــووك و دووەمــی لیســتەکەی برایەتــی بــوو، چونکــە پارتــی بەهیــچ شــێوەیەك ڕازی نەبــوو کەســانی حیزبــی، نــە لــە پارتــی و نــە لــە یەکێتیــش بکرێنــە پارێــزگاری کەرکــووك و کەســێکی بێلایەنــی پــێ پەســند بــوو. یەکێتیــش دەیگــوت: ئێمــە بۆیــە ڕزگار عەلیمــان کردووەتــە ســەرۆک لیســت، تاوەکــو بیکەینــە پارێزگاری کەرکــووك، ئەگەریــش ڕازی نیــن، بۆچــی لــە ســەرەتاوە هێشــتتان

ڕیزبەنـدی یەکەمـی بدەینـێ؟ " (ئیبراهیـم خەلیـل ـ لێـدوان)

ئـەم بێنـە و بەردەیـە نزیکـەی دوو مانگـی خایانـد، تاوەکـو لـە دانیشـتنێکی نێـوان مەسـعود بارزانـی و جـەلال تاڵەبانـی دا یەکلابـووە و بڕیاردرا عەبدولڕەحمـان مسـتەفا لـە پۆسـتەکەی خۆیـدا بمێنێتـەوە و رزگار عەلیـش پۆسـتی سـەرۆکی ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك وەربگرێـت. بەوشـێوەیە دەبـوو بەربژێـری ژمارە 27 شـوێنی پڕ بکاتەوە.

لێـرەدا کێشـەیەکی دیکـە سـەریهەڵدا، بەربژێـری ژمـارە 27 بەربژێرێکـی یەکێتـی بـوو بەنێـوی لەیـلا حەسـەن، یەکێتـی دەیویسـت ئـەو سـەربخات و ژمـارەی یەکێتییـەکان لـە ئەنجوومەنەکـە زیاتـر بـکات، پارتیـش دەیگـوت: نەخێـر، ئـەو بەربژێـرەی سـەرخراوە، پیـاو بـووە، دەبێ هـەر بـە بەربژێرێکـی پیاو پڕ بکرێتـەوە، واتـە بەربژێـری ژمـارە 28 کـە بەربژێرێکـی پارتییـە و پیاویشـە، سـەرئەنجام پـاش گفتوگۆیەکـی زۆر، لەیـلا حەسـەن دانـرا و لەسـەر ئـەوە ڕێککەوتـن لەمـەودوا گـوێ بـە ڕەگـەزی بەربژێـرە یەدەگـەکان نـەدەن. کاتێکیـش سـەید عەلـی کۆچـی دوایـی کـرد، کـە شـیوعی بـوو فوئـاد حوسـێن جێگـەی گرتـەوە، کـە بەربژێـری پارتـی بـوو. کـە لەیـلا حوسـێن چـووە پەرلەمانـی عێـراق، هـەر بەربژێرێکـی پارتـی جێگـەی گرتـەوە و هـەر یەکێتییـەك دەڕۆیشـت، بـە ڕێککـەوت پارتییـەك دەهاتـە جێگەکـەی. بۆیـە ڕێـژەی ئەندامانـی پارتـی لـە ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك زۆرتـر بـوو و ژمارەیـان لـە کۆتاییـدا گەیشـتە 13 پارتـی و 7 یەکێتـی.

هـەر ئەندامێکیـش کـە سـەنگەر دەگۆڕێـت و دەچێتـە پـاڵ حیزبێکـی دیکـە، هـەر لـە ئەنجومـەن دەمێنێتـەوە، لـەم دۆخـەدا حیزبـەکان دوو جـار زەرەرمەنـد دەبـن، جارێکیـان ئەندامێکیـان کـەم دەبێتـەوە، جارێکـی دیکـە ناتوانێـت بەربژێرێکـی دیکـەی نێـو حیزبەکـەی بنێرێتـەوە جێگەکـەی، جا ئەگـەر حیزبێـك تەنیا یـەك نوێنـەری لـەو ئەنجوومەنـەدا هەبێـت، ئـەوا لەکاتـی سـەنگەر گۆڕینـی ئـەو تاکـە ئەندامـە، حیزبەکـە بەبـێ نوێنـەر دەمێنێتـەوە، هـەروەك حیزبـی سۆشیالیسـت و زەحمەتکێشـان، کـە ئـەوەی دووایيـان دەسـتی لـەکار کێشـایەوە. لـە

دوا هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، ئەندامێکی دیکەی یەکێتی کە ئەڵماس فازل بوو ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکی بەجێهێشت، پشکی یەکێتیی کەم کردەوە.

حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان خۆی بۆ بەشداریکردن لە یەکەمین هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك ئامادەکرد و بەربژێری خۆی بۆ لیستە هاوبەشەکەی حیزبە کوردستانییەکان پێشکەش کرد، کە بە سیستەمی لیستی داخراو بەڕێوەچوو.

ئاوات محەممەد ئەمین، کە بەربژێری زەحمەتکێشان بوو، زنجیرە 18 پێدرابوو، بووە ئەندامی ئەنجوومەن، کە ئەمەش یەکێکبوو لە دیوە ئەرێنییەکانی یەك لیستیی حیزب و لایەنە کوردستانییەکان. پارتی دیموکراتی کوردستان 15 نوێنەری لە لیستی برایەتیی کەرکووك دا هەبوو، لە پشکی خۆشی ریاز محەممەد دانووك لە نەتەوەی عەرەب و ساهرە سەیفەدین دامرچی لە نەتەوەی تورکمان و سلڤانە بۆیا و ئیدوارد ئۆراهای کریستیانی بەربژێر کرد.

سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك، بەرپرسی هەڵبژاردنەکانی پارتی، بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی بەرپرسەکەی یەکگرتووی ئیسلامی، پێشبینی دەکرد لیستەکەیان زیاتر لە 26 کورسی بەدەست بێنێت.

حیزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان لە یەکەمین پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك دا بەشداربوو و لە لیستی برایەتیی کەرکووك دا بەربژێریان هەبوو«لە هەڵبژاردنی 2005دا بۆ پێکهێنانی یەکەمین ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك، جوانترین وێنەمان نیشانی پێکهاتەکانی دیکەی شارەکە دا بەوەی کە هەموو حیزبە کوردستانییەکان لە لیستێکی یەکگرتوودا بەشداریمان کرد و نەتەوەکانی دیکەمان فەرامۆش نەکرد، نوێنەرانی عەرەب، تورکمان و کلدۆئاشووریشمان خستە لیستەکەوە. حیزبمان بە دوو بەربژێر بەشداربوو، یەکێکیان دەنگی هێنا و سەرکەوت، کە

ئازاد جەباری بوو. دواتر سەنگەری گۆڕی و بە کورسییەکەوە چووە نێو یەکێتی، چونکە لە هەڵبژاردن دا کورسی بۆ کەسەکەیە نەک حیزب، هەر کاتێک چووە نێو حیزبێکی دیکەوە، حیزبە بنەڕەتییەکەی چۆن بەربژێرەکەی لەدەست دەدا، ئاواش کورسییەکەی" (رەسوول رەئوف ـ لێدوان)

کۆمەڵی ئیسلامی بۆ پێکهێنانی لیستی برایەتی کەرکووک، بەشداریی سەرجەم کۆبوونەوەکانی کردبوو و زۆریان پێ باش بوو، کورد لە کەرکووک بە لیستێکی یەکگرتوو بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بکات و بۆ بەدواداچوونی ئەنجامی کۆبوونەوەکان عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵ سەردانی شارەکەی کرد. بەڵام لە دوا کۆبوونەوەی حیزب و لایەنە کوردستانییەکان دا، کە لە لقی 3ی پارتی بەڕێوەچوو نەجات حەسەن، بەرپرسی لق، بە محەممەد هەرکی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵ دەڵێ: داوای لێبووردنتان لێدەکەین، ئێوە لە لیستەکەدا نین! ئەوانیش دەڵێن: هیوای سەرکەوتن بۆ لیستەکە دەخوازین و پێمان خۆش بوو ئێمەش نوێنەرمان لەو لیستەدا هەبووایە، ئینجا کۆبوونەوەکە بەجێدێڵن". هۆکاری بەشداری پێنەکردنی کۆمەڵی ئیسلامی لە لیستی برایەتی، ئەو بارودۆخەی ئەوکاتی کۆمەڵ بوو لە شاخ، کە هێزەکانی ئەمەریکا پێش ئەوەی لە ئەنسارولئیسلام بدەن، بارەگاکانی کۆمەڵی ئیسلامیيان بۆردوومان کرد و ئەمیری کۆمەڵ و نزیکەی 20 سەرکردەی دیکە بۆ ماوەی 22 مانگ دەستگیرکرابوون. ئەم رووداوانە و چەندین هۆکاری دیکە رەنگدانەوەیان بەسەر هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی کەرکووک دا هەبوو و بەهۆیەوە لە لیستی برایەتی دا جێگەی نوێنەری کۆمەڵ نەکرایەوە، چونکە هێشتا گومانی لێدەکرا، کە هەر بە هێزێکی چەکداری بمێننەوە و کێشە بۆ لایەنەکانی دیکە دروست بکەن" (محەممەد جەلیل ـ لێدوان)

عەلــی مەحمــوود، ناســراو بــە دەروێــش لــە نەتــەوەی عــەرەب و جەمـاڵ مەولـوود باپیـر و لەیـلا محەممـەدی کـورد، ئـەوەی چوارەمیان مەسـتی عەبدولقـادری تورکمـان بـوو. سـێ بەربژێـری حیزبـی شـیوعی دەنگــی تەواویــان هێنــا و ئەندامێتــی ئەنجوومەنەکەیــان وەرگــرت و تەنیـا ئـەوەی چوارەمیـان دەرنەچـوو.

ئەنجوومەنــی پارێــزگای کەرکــووك لــە 6ی ئــاداری 2005 یەکەمیــن کۆبوونـەوەی خـۆی لە هۆڵی بـارەگای ئەنجوومەنی پارێـزگای کەرکووك بەسـت و لـە کۆبوونەوەکـەدا بـە ئامادەبوونـی دادوەر زاهیـر حەمـزە سـلێمان، سـەرۆکی دادگای تێهەڵچوونـەوەی کەرکـووك، ڕێورەسـمی سـوێندخواردنی یاسـایی بەڕێوەچـوو. لـە کۆبوونەوەکانـی دواتریشـدا ئەندامـان و سـەرۆکی لیژنەکانـی ئەنجوومـەن دیاریکـران، کـە لێژنـەی ماددەی 58ی دەسـتووری کاتیـی عێراقیشـی تێدابوو بـۆ بەدواداچوونی کاروبـاری ئاسـاییکردنەوەی پارێزگاکـە. "لـە ئامانجـە هـەرە پێشـینەکانی ئەندامانـی ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك، بنیاتنانـەوەی کەرکـووك، دابینکردنـی سـەقامگیری، سـەروەرکردنی یاسـا، چاککردنـی کاری دەزگا و فەرمانگــە حکومییــەکان، دابینکردنــی هەلــی کار، بووژاندنــەوەی بـاری دارایـی هاووڵاتیـان، پەرەپێدانـی خزمەتگوزارییەکانـی تەندروسـتی، پـەروەردە و فێرکـردن و بـوارە جیاوازەکانـی دیکـە بـوو" (دلشاد پیرۆت ـ لێدوان)

ئەمەی خوارەوەش خشتەی ناوی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکە:

| ژ | ناوی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک | ناوی لیست و قەوارە سیاسییەکان |
|---|---|---|
| 1 | ڕێبوار فائق عەبدولحەمید | برایەتیی کەرکووک ـ سەرۆکی ئەنجومەن |
| 2 | ئەڵماس فازڵ ئاغا | برایەتیی کەرکووک |
| 3 | محەممەد کەمال ساڵح | برایەتیی کەرکووک |
| 4 | ئەحمەد عەبدوڵڵا ڕەزا | برایەتیی کەرکووک |
| 5 | مەحموود محەممەد مەجید | برایەتیی کەرکووک |
| 6 | عەلی نامق ڕەشید | برایەتیی کەرکووک |
| 7 | جەمال مەولوود باپیر | برایەتیی کەرکووک |
| 8 | ئازاد سابیر جەباری | برایەتیی کەرکووک |
| 9 | ئاوات محەممەد ئەمین | برایەتیی کەرکووک |
| 10 | شێرزاد عادل خورشید | برایەتیی کەرکووک |
| 11 | ئیبراهیم خەلیل ڕەشید | برایەتیی کەرکووک |
| 12 | دڵشاد پیرۆت عەزیز | برایەتیی کەرکووک |
| 13 | بابەکر سدیق ئەحمەد | برایەتیی کەرکووک |
| 14 | فوئاد حوسێن کوێخا | برایەتیی کەرکووک |
| 15 | ریاز محەممەد دانووک | برایەتیی کەرکووک |
| 16 | جواد جاسم محەممەد | برایەتیی کەرکووک |
| 17 | عیرفان جەمال تۆفیق | برایەتیی کەرکووک |
| 18 | سارە سەیفەددین | برایەتیی کەرکووک |
| 19 | پەروین محەممەد ئەمین | برایەتیی کەرکووک |
| 20 | گەلاوێژ عەبدولجەبار | برایەتیی کەرکووک |
| 21 | جوان حەسەن عارف | برایەتیی کەرکووک |
| 22 | نەسرین خالد عەبدولوەهاب | برایەتیی کەرکووک |

| ژ | ناوی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک | ژمارەی کورسییەکان لە کۆی پارێزگاکان |
|---|---|---|
| 23 | ئەدوەر ئۆراها ئۆدیشۆ | برایەتی کەرکووک |
| 24 | لەیلا محەممەد خدر | برایەتی کەرکووک |
| 25 | سۆیتلن ئیستیفان یوسف | برایەتی کەرکووک |
| 26 | سلیڤانا بۆیا ناسر | برایەتی کەرکووک |
| 27 | عەلی مەهدی سادق | بەرەی تورکمانیی عێراقی |
| 28 | تەحسین محەممەد عەلی | بەرەی تورکمانیی عێراقی |
| 29 | قاسم حەمزە ئەحمەد | بەرەی تورکمانیی عێراقی |
| 30 | مەجید عەززە جومعە | بەرەی تورکمانیی عێراقی |
| 31 | گولەن ئەحمەد رەشید | بەرەی تورکمانیی عێراقی |
| 32 | تورکان شوکر ئەیوب | بەرەی تورکمانیی عێراقی |
| 33 | نەجات حوسێن حەسەن | بەرەی تورکمانیی عێراقی |
| 34 | عەدنان نورەددین محەممەد | بەرەی تورکمانیی عێراقی |
| 35 | رەعەد روشدی ئاگاە | بێلایەن |
| 36 | هالە نوورەددین | بێلایەن |
| 37 | مەعەن محەممەد ئیبراهیم | لیستی گردبوونەوەی کۆماری |
| 38 | بورهان مزهر ئەلعاسی | لیستی گردبوونەوەی کۆماری |
| 39 | رەملە حەمید ئەحمەد | لیستی گردبوونەوەی کۆماری |
| 40 | محەممەد خدر غەرب | لیستی گردبوونەوەی کۆماری |
| 41 | ئیبراهیم خەلیل عەبدوڵڵا | لیستی گردبوونەوەی کۆماری |

خشتەی 8: ناوی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە هەڵبژاردنەکانی 2005 (کۆمیسیۆن ـ 2005)

ڕەوشـی سیاسـی و ناسـەقامگیریی زۆربـەی شـارە سوننەنشـینەکان، بـە کەرکووکیشـەوە، خاڵێکـی لاوازی ئـەم پرۆسـەیە بـوو، نەینـەوا و سـەڵاحەدین بـە شـار و شـارۆچکەکانییەوە، کەرکووکیـش بـە بەشـی باشـووری ڕۆژئـاوای شـارەکە، چەندیـن سـەرپێچیی یاسـاکانی هەڵبژاردنەکانیـان تێـدا تۆمارکـرا و لـە ژمارەیـەك لـە بنکەکانـی دەنگدانـی ئـەو ناوچانـەدا، کارمەندانـی سـەر سـندووقەکانی دەنگـدان لەبـەر ناسـەقامگیریی بـاری تەناهیـی ئـەو ناوچانـە، ئامادەنەبـوون گیانـی خۆیـان بخەنـە مەترسـییەوە و بچـن چاودێریـی سـندووقەکان بکـەن. بۆیـە چاودێرانـی دانیشـتووی هەمـان ناوچـە دیـاری دەکـران و ئەوانیـش لـە ژێـر گوشـار و چاوسـوورکردنەوەی حیـزب و قـەوارە سیاسـییەکاندا کارەکانیـان بـە شـێوەیەکی نارێـك بەڕێوەبـرد.

### 3 - 2هەڵبژاردنەکانی 2010 بۆ پەرلەمانی عێراق

ئـەم هەڵبژاردنـە لە 7ی ئاداری 2010 بۆ بەدەسـتهێنانی 325 کورسـیی پەرلەمانـی عێـراق بەڕێوەچـوو، کـە 6281 بەربژێـری تێـدا بەشـدار بـوون و بـۆ یەکەمیـن جـار ژمـارەی بەربژێرانی ئافـرەت گەیشـتە 1813 بەربژێر، کـە بەسـەر 12 هاوپەیمانێتیـی گـەورە و 167 قـەوارەی سیاسـی دا دابەشببوون.

310کورسـی بەسـەر هـەر 18 پارێزگاکـەی عێـراق دا دابەشـکران و 8 کورسـیش بـۆ کەمینـەکان، کـە 5 کورسـی بـۆ کریسـتانەکان و کورسـییەکیش بـۆ هەریـەك لـە سـابئەی مەندائـی، ئێـزدی و شـەبەك تەرخـان کرابـوو. 7 کورسـیی قەرەبووکردنـەوەش بـۆ قـەوارە و هاوپەیمانێتییـە بـراوەکان دانـرا، کـە گەورەتریـن ڕێـژەی دەنـگ بەدەسـتدێنن.

دوای ڕاگەیاندنـی ئەنجامەکانـی هەڵبژاردنەکـە، دەرکـەوت، کـە لیسـتی عێراقیـە بـە 91 کورسـی، یەکەمـی هەڵبژاردنـەکان بـوو و لیسـتی دەوڵەتـی یاسـا بـە پلـەی دووەم، کـە 89 کورسـیی بەدەسـتهێنابوو.

ئـەم هەڵبژاردنانـەش لـە کێشـە و تەگـەرە بـەدوور نەبـوو، چەنـد

هەفتەیەك بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەکە، دادگای باڵا، نادەستووریی ئەو یاسایەی راگەیاند، کە بڕیاربوو هەڵبژاردنەکانی پێ ئەنجام بدرێت و لە رێگەی یاسایەکی نوێوە گۆڕانکاری لە سیستمی هەڵبژاردنەکان کرا.

لە 15ی کانوونی یەکەمی 2010 کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، بە بیانووی بەعسیبوونیان 499 بەربژێری لە هەڵبژاردنەکان دوورخستەوە. کەڵەکەبوونی کێشەکان دەنگی نارەزایی خەڵکیان لێکەوتەوە و سکاڵاکان گەیشتنە لووتکە، بۆ وەڵامی سکاڵاکان، کۆمیسیۆن دەنگەکانی 11 هەزار و 298 سندووقی دووبارە هەژمارکردەوە، سەرئەنجام پاکیی پرۆسەکەی راگەیاند.

هاوپەیمانیی عێراقیی یەکگرتوو، کە لە هەڵبژاردنی پێشوودا 128 کورسیی لە کۆی 275 کورسی بەدەستهێنابوو، لەم هەڵبژاردنەی ئەم جارەدا لیستەکە بووە دوو کەرت، کەرتێکیان لیستی دەوڵەتی یاسا، بە سەرۆکایەتیی نووری مالیکی و کەرتی دووەمیان هاوپەیمانیی عێراقیی یەکگرتوو بوو بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم جەعفەری.

لە 26ی ئادار 2010دا کۆمیسیۆن ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە راگەیاند

| لیستی عێراقیە | دەوڵەتی یاسا | هاوپەیمانیی نیشتمانی | هاوپەیمانیی کوردستانی | بزووتنەوەی گۆڕان | بەرەی تەوافوقی عێراق | هاوپەیمانیی یەکێتیی عێراق | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانی | کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 91 | 89 | 70 | 43 | 8 | 6 | 4 | 4 | 2 |

خشتەی 9: لیستە براوەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی 2010

یەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەمانی نوێ لە 14ی حوزەیرانی 2010 بە سەرۆکایەتیی بەتەمەنترین پەرلەمانتار دەستیپێکرد. (ئاژانسی دەنگوباسی براسا ـ 2010)

کورسـیی لیسـت و هاوپەیمانێتییەکانی پارێزگای کەرکووك 12 کورسـی بـوو، لەگـەڵ کورسـییەکی کۆتـاکان. هەریـەك لـە لیسـتی عێراقیـە و هاوپەیمانیـی کوردسـتانی 6 کورسـییان بەدەسـتهێنا و ئەوانـی دیکـە، هیـچ. هـەروەك لـەم خشـتەیەی خـوارەوەدا روونکراوەتـەوە:

| لیستی عێراقیە | دەوڵەتی یاسا | هاوپەیمانیی نیشتمانی | هاوپەیمانیی کوردستانی | بزووتنەوەی گۆڕان | بەرەی تەوافوقی عێراق | هاوپەیمانیی یەکێتیی عێراق | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانی | کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 6 | سفر | سفر | 6 | سفر | سفر | سفر | سفر | سفر |

خشـتەی 10: کورسـییەکانی نوێنەرانـی کەرکـووك بـۆ پەرلەمانـی عێـراق لـە هەڵبژاردنەکانـی 2010

ئـەم خشـتەیەی خـوارەوەش نـاوی بەربژێـرە سـەرکەوتووەکانی کەرکووکـە بـۆ پەرلەمانـی عێـراق :(دلیـل مراكـز التسـجيل فـی مجلـس النـواب العراقـی ـ 2010)

| ژ | ناوی بەربژێر | ناوی لیست و هاوپەیمانی |
|---|---|---|
| 1 | نەجمەددین عومەر کەریم | هاوپەیمانیی کوردستانی ـ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان |
| 2 | عارف تەیفوور عارف | هاوپەیمانیی کوردستانی ـ پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 3 | سیروان ئەحمەد قادر | هاوپەیمانیی کوردستانی ـ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان |
| 4 | ئاڵا تەحسین حەبیب | هاوپەیمانیی کوردستانی ـ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان |
| 5 | لەیلا حەسەن شکور | هاوپەیمانیی کوردستانی ـ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان |
| 6 | خالد سەلام سەعید | هاوپەیمانیی کوردستانی ـ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان |
| 7 | ئەرشەد رەشاد عەبدوڵڵا | لیستی عێراقیە - بەرەی تورکمانیی عێراقی |
| 8 | محەممەد عەلی محەمەد تمیم | لیستی عێراقیە - بەرەی دیالۆگ |
| 9 | یاسین ئیبراهیم مەحموود | لیستی عێراقیە - العراقیە |
| 10 | ئیبراهیم نایف محەممەد | لیستی عێراقیە - بێلایەن |
| 11 | عومەر خەڵەف جواد | لیستی عێراقیە - العراقیون |
| 12 | ژاڵە یونس ئەحمەد | لیستی عێراقیە- بەرەی تورکمانیی عێراقی |
| 13 | عیماد یۆحەننا یاقۆ | کۆتای کریستیانەکان ـ لیستی رافیدەین |

خشـتەی 11: نـاوی بەربژێرانـی کەرکـووك بـۆ پەرلەمانـی عێـراق لـە هەڵبژاردنەکانـی 2010

لـەم هەڵبژاردنانـەدا بێجگە لە یەکێتی و پارتی، لایەنە کوردسـتانییەکانی دیکـەی وەکـو بزووتنـەوەی گـۆڕان، یەکگرتـووی ئیسـلامی و کۆمەڵـی ئیسـلامی بـە لیسـتی جـودا هاتنـە نێـو رکابەرییەکـە و هیـچ کامێکیـان دەنگـی تەواویـان بەدەسـت نەهێنـا، کـە بەشـی کورسـییەك بـکات. دەنگەکانیـان بەفیرۆچـوو و نەگەیشـتنە کورسـییەکی پەرلەمانـی.

لـە هەڵبژاردنەکانـی 2010 دا دیسـان کـورد چەنـد حیزبێـك، هاوپەیمانێتییەکیـان پێکهێنـا و بـە یـەك لیسـت بەشـداریی هەڵبژاردنەکانیـان کـرد. سۆشیالیسـت بەپێـی قەبـارەی خـۆی دەنگـی هێنـا و هەرچەنـد بەشـی کورسـییەکی پەرلەمانـی عێراقـی نەکـرد، بـەڵام دەنگـەکان نەفەوتـان و هـەر لەنێـو لیسـتی کـورد دا مانـەوە.

حیزبـی زەحمەتکێشـانی کوردسـتان، چـووە نێـو لیسـتی هاوپەیمانیـی کوردسـتانی، بـەڵام لەبەرئـەوەی ئـەم جـارە سیسـتمەکە کرایـە لیسـتی نیمچـە کـراوە، بەربژێـری حیزبەکەیـان دەنگـی تـەواوی بەدەسـت نەهێنـا، لەگـەڵ ئەوەشـدا دەنگەکانـی بەربژێرەکەیـان بەفیـڕۆ نەچـوو و ئـەو دەنگانـە هـەر بـۆ لیسـتەکەی هاوپەیمانیـی کوردسـتانی هەژمـار کـران، کـە لـە سـەرووی هـەزار و 600 دەنـگ بـوون.

حیزبـی شـیوعی هـەر لەنێـو لیسـتی هاوپەیمانیـی کوردسـتانی دا بەشـداریی کـرد و بەربژێرێکیـان بەنـاوی ئەبـو کاروان هەبـوو، کـە تەنیـا 3 هـەزار و 400 دەنگـی هێنـا، ئـەم ژمارەیـش بـەس نەبـوو بـۆ وەرگرتنـی کورسـییەك.

هـەر لـەو هەڵبژاردنانـەدا، کۆمەڵـی ئیسـلامی لـە دەرەوەی لیسـتی هاوپەیمانیـی کوردسـتانی، بـە لیسـتێکی جـودا بەشـداریی کـرد و بەپێـی گوتەکانـی بەرپرسـی هەڵبژاردنەکانـی مەڵبەنـدی کەرکووکـی کۆمـەڵ، نزیکـەی 5 - 7 هـەزار دەنگیـان بەدەسـتهێنا، کـە بەشـی کورسـییەکی نەکـرد و لـەم هەڵبژاردنەشـدا بەبـێ نوێنـەر مانـەوە.

ئەنجامەکانـی هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك سـەلماندی، کـە هـەر کاتێـك حیزبـە کوردسـتانییەکان یەکگرتووبـن و کێشـە ناوخۆییەکانیـان لەکاتـی هەڵبژاردنەکانـدا وەلابنێـن و بـە یـەك لیسـت بەشـداریی پرۆسـەکانی هەڵبـژاردن بکـەن، یەکەمـی بـێ رکابـەری شـارەکە دەبـن و ئـەو 26 کورسـییەی بـۆ ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك بەدەسـت هـات، بەرهەمـی ئـەو یەکگرتنـە بـوو.

لـە هەڵبژاردنەکانـی 2010 بزووتنـەوەی گۆڕان خـۆی لـە یەکێتی و پارتی

جـودا کـردەوە و بـە لیسـتێکی جیـاواز بەشـداریی لـە هەڵبژاردنـەکان کرد.

بزووتنـەوەی گـۆڕان لـە هەڵبژاردنەکانـی 2010ی پارێـزگای کەرکـووك بـۆ ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێـراق، دەنگەکانـی نزیکـەی 39 هـەزار دەنـگ بـوو و بەشـی کورسـییەکی پەرلەمانـی عێراقـی نەکـرد. ئـەم هەڵوێسـتەی گـۆڕان جەمـاوەری یەکێتـی و پارتیـی شـارەکەی نیگـەران کـرد و بەشـداریکردنیان بە لیسـتێکی جیاواز، بـە بەفیڕۆدانی دەنگەکانی کـوردی شـارەکە هەژمـار کـرد، کـە ئـەوکات تاکـە دەنگێکیـش بـۆ کوردانـی کەرکـووك زۆر بـوو.

لـە هەڵبژاردنەکانـی 2010 دا یەکگرتـووی ئیسـلامی لـە کەرکـووك جیـا لـە لیسـتەکەی یەکێتـی و پارتـی، بـە لیسـتێکی سـەربەخۆ لـە کێبڕکێدا بـوو بـۆ بەدەسـتهێنانی پشـکی خـۆی لـەو 12 کورسـییەی بـۆ پارێـزگای کەرکـووك تەرخـان کرابـوو، بێجگـە لـە کورسـییەکەی کۆتـا "لیسـتی یەکگرتـوو بەشـی کورسـییەکیان هێنابـوو، و حاجـی کاروان کورسـییەکی مسـۆگەر کردبـوو، ئەویـش بـە سـێ بەڵگـە، یەکێکیـان بـە گوتـەی فەرهـاد تاڵەبانـی کـە ئـەوکات بەرپرسـی ئۆفیسـی کەرکووکـی کۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنـەکان بـوو، لـەلای مامۆسـتا مـەلا جەمیـل کـە دەکاتـە خـەزووری حاجـی کاروان گوتبووی حاجـی کاروان دەنگی تەواوی هێنـاوە و کورسـییەکی مسـۆگەر کـردووە. بەڵگـەی دووەمیـان: رزگار عەلـی یـە کـە ئـەوکات سـەرۆکی ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك بـوو، بـە ئامادەبوونـی چەنـد کەسـێکی دیکەیـش، دەسـتی لەسـەر شـانم دانـا و گوتـی: مـەلا سـیروانەکەی ئێمـە و حاجـی کاروانەکـەی ئێـوە دەنگـی کورسـییان هێنـاوە! سـێیەمیان بەپێـی ئـەو داتایانـەی لەسـەر سندووقەکانی دەنگـدان دا پێمـان گەیشـت لیسـتەکەمان 43 هـەزار و شـتێك دەنگمـان هێنابـوو، واتـە زیاتـر لـە ژمارەی کورسـییەك، بـەڵام بەداخـەوە کـە ئەنجامـە سـەرەتاییەکانی هەڵبـژاردن راگەیێنـدرا، بینیمـان 24 هـەزار دەنگـە و حاجـی کاروانەکەشـمان دەرنەچـوو. کـە کاك رزگاریشـمان بینییـەوە و لێمـان پرسـی، گوتـی: چـی بکەیـن؟ ئیتـر ئـەوە هەڵبژاردنـە" (ئیبراهیـم خەلیـل ـ لێـدوان)

### 3 - 3هەڵبژاردنەکانی 2014ی پەرلەمانی عێراق

دوای کشـانەوەی هێزەکانـی ئەمەریـکا لـە عێـراق لـە 2011 ئـەم هەڵبژاردنـە یەکەمیـن هەڵبژاردنـی پەرلەمانیـی عێراقـە بەبـێ ئـەو هێزانـە و سـێ هەڵبـژاردن لەکاتـی هەبوونـی ئـەو هێزانـەدا ئەنجامـدراوە لـە عێـراق، کـە تێیـدا 227 و حیـزب و قـەوارەی سیاسـی بـۆ بەدەسـتهێنانی 238 کورسـی کێبڕکێیـان بـوو . ژمـارەی بەربژێـران لـەم هەڵبژاردنانـەدا گەیشـتە 9 هـەزار و 45 بەربژێـر لـە هـەردوو رەگـەز، کـە رێـژەی بەربژێرانـی ئافـرەت 27% بەرانبـەر 73% بـۆ پیاوان بــوو. (منـە اللە جـلال ـ 2014)

هەڵبژاردنەکـە لـە 30ی نیسـانی 2014دا لـە هەمـوو پارێزگاکانـی عێـراق دا بەڕێوەچـوو، لـە چەنـد ناوچەیەکـی ئەنبـار نەبێـت کـە تووندوتیژییـەکان لەنێـوان هێزەکانـی عێـراق و چەکدارانـی هۆزەکانـی ئـەو پارێزگایـە، بەتایبەتیـش لـە فەلووجـە و گەرمـە بـووە هـۆی پەکەوتنـی هەڵبـژاردن تێیانـدا. پارێزگاکانـی دیکەیـش بەدەرنەبـوون لـە هێرشـە چەکدارییـەکان، بـۆ نموونـە لـە کەرکـووك دوو ئافرەتـی خێزانێـك لـە ئەنجامـی تەقینـەوەی بۆمبێـك دا گیانیـان لەدەسـت دا. لە سـەڵاحەدین بـە پشـتێنێکی بۆمبڕێژکـراو هێـرش کرایـە سـەر بنکەیەکـی دەنگـدان و پۆلیسـێك کـوژرا. لـە دیالـەش 4 پۆلیـس کـە پاسـەوانی بنکەیەکـی دەنگـدان بـوون لـە هێرشـێکی چەکـداران دا کـوژران.

پتـر لـە 22 ملیـۆن کـەس مافـی دەنگدانیـان هەبـوو و رێـژەی بەشـداریکردن لـەو هەڵبژاردنـەدا بەپێـی راگەیاندنـی کۆمیسـیۆن، گەیشـتە 62% واتـە 12 ملیـۆن کـەس دەنگیـان دا. لـە 19ی ئایـاری هەمـان ساڵیش دا ئەنجامـەکان راگەیێنـدران . (بی بی سی العربیه ـ الأنتخابات العراقیـه: أرقـام و حقائـق)

لـە ئەنجامـی ئـەم هەڵبژاردنانـەدا د. فوئـاد مەعسـوم بـە سـەرۆك کۆمـار، د. حەیـدەر عەبـادی بـە سـەرۆك وەزیـران و د. سـەلیم جبـووری بـە سـەرۆکی پەرلەمانـی عێـراق هەڵبژێـرردران.

کـورد لـەم هەڵبژاردنانـەدا بـە لیسـتی جیـاواز بەشـداربوون و هـەر یـەك لـە پارتـی، یەکێتـی، گـۆڕان، یەکگرتـوو و کۆمـەڵ بـە لیسـتی جیـاواز بەشـداربوون. ئەنجامەکانیـش لـەم خشـتەیەی خـوارەوەدا روونکراوەتـەوە:

| ژ | ناوی لیست و قەوارە | ژمارەی کورسییەکان |
|---|---|---|
| 1 | دەوڵەتی یاسا | 92 |
| 2 | کوتلەی ئەحرار | 33 |
| 3 | هاوپەیمانیی مواطن | 30 |
| 4 | هاوپەیمانیی متحدون بۆ چاکسازی | 23 |
| 5 | هاوپەیمانیی نیشتمانی | 21 |
| 6 | پارتی دیموکراتی کوردستان | 19 |
| 7 | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | 19 |
| 8 | ئیئتلافی عەرەبی | 10 |
| 9 | بزووتنەوەی گۆڕان | 9 |
| 10 | حیزبی فەزیلە | 9 |
| 11 | هاوپەیمانیی چاکسازیی نیشتمانی | 6 |
| 12 | دیالە ناسنامەمانە | 5 |
| 13 | ئیئتلافی العراق | 5 |
| 14 | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان | 5 |
| 15 | هاوپەیمانی دیموکراتیی مەدەنی | 3 |

خشـتەی 12: نـاوی قـەوارە و ژمـارەی کورسـییەکانیان بـۆ پەرلەمانـی عێـراق 2014

سـەبارەت بـە کەرکـووك کـە 12 کورسـی بـۆ تەرخـان کرابـوو و کورسـییەکیش لەچوارچێـوەی کۆتـاکان بـۆ کریسـتیانەکانی کەرکـووك

دانرابـوو. سـێ کورسـی بـۆ بەربژێرانـی ئافـرەت هەبـوو 314 بەربژێریش رکابەریـی بەدەسـتهێنانی کورسـییەکانیان دەکـرد. کـە 226یـان پیـاو و 88 ئافـرەت بـوون.

د. نەجمەدیـن کەریـم لەنێـو بەربژێرانـی پارێـزگای کەرکـووک دا بەرزترین دەنگـی هەبـوو، کـە گەیشـتە 150 هـەزار و 84 دەنـگ. دەنگـی بەربژێرەکانـی دیکەیـش بـەم شـێوەیەی خـوارەوە بـوو. (المفوظیـة 2014)

| ژ | ناوی بەربژێر | ناوی حیزب و قەوارە | ژمارەی دەنگەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | رێبوار تەها مستەفا | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | 5604 |
| 2 | محەممەد عوسمان عەزیز | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | 5303 |
| 3 | ئالا تەحسین حەبیب | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | 4455 |
| 4 | بێستوون عادل وەیس | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | 4416 |
| 5 | شوان حەوێز فەریق | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | 2724 |
| 6 | دلێر عەبدولقادر عومەر | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | 2459 |
| 7 | لەیلا عەلی خدر | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | 2417 |
| 8 | شاخەوان عەبدوڵا ئەحمەد | پارتی دیموکراتی کوردستان | 14514 |
| 9 | ئەمیرە عەبدولکەریم حەمەلاو | پارتی دیموکراتی کوردستان | 2296 |
| 10 | ئەرشەد رەشاد فەتحوڵا | بەرەی تورکمانیی عێراقی | 39524 |
| 11 | حەسەن تۆران بەهائەددین | بەرەی تورکمانیی عێراقی | 12875 |
| 12 | محەممەد عەلی محەممەد تمیم | هاوپەیمانیی عەرەبی لە کەرکووک | 13645 |

خشتەی 13: ناو و ژمارەی دەنگەکانی بەربژێرە سەرکەوتووەکانی

کەرکووک بۆ پەرلەمانی عێراق 2014

ئـەوکات نەجمەدیـن کەریـم، پارێـزگاری کەرکـووک بـوو و پۆسـتەکەی خـۆی بەجێنەهێشـت، ئەگـەر بەپێـی دەنگەکانیـش بووایـە دەبووایـە

فـەلاح سـەڵاح یـان ئەمیـر خواکـەرەم یانیـش ئەحمـەد محەممـەد سالْح، جێگـرەوەی ئـەو بوونایە، بـەڵام یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، شـوان حەویـزی پەسـندکرد و ناردییـە بەغـدا. لـە شـوێنێکی دیکـەی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە هـۆکارەکان ڕوونەدەکەینـەوە.

لـە هەڵبژاردنەکانـی 2014دا نزیکـەی شـەش مانگ پێش دەسـتپێکردنی هەڵمەتەکانـی هەڵبـژاردن، کۆبوونـەوەکان چڕکرابوونـەوە و هەوڵـدەدرا جارێکـی دیکـە حیزبـە کوردسـتانییەکان بـە لیسـتێکی هاوبـەش بەشـدار ببنـەوە، بـەڵام لەنێـوان سـووربوونی پارتـی لەسـەر لادانـی نەجمەدیـن کەریـم لـە سـەرۆکایەتیی لیسـتەکە و پێداگریـی یەکێتـی لەسـەر مانـەوەی، بە بیانـووی ئـەوەی، کـە ئەگـەر نەجمەدیـن کەریـم سـەرۆکایەتیی لیسـتەکە بـکات دەتوانیـن دەنگـی بەشـێکی عـەرەب و تورکمانیـش بـۆ خۆمـان مسـۆگەر بکەیـن. " ئێمـە بـە ئەزموونەکانـی پێشـوومان بۆمـان دەرکەوتبـوو، کـە نـە تورکمـان و نـە عەرەبیـش ئامادەنیـن دەنـگ بـە کـورد بـدەن، بـۆ مێـژوو تۆمـاری دەکەیـن، کـە نـە یەکێتـی و نـە پارتیـش بەرنامـەی یـەك لیسـتیان نەبـوو، پێشـوەختە لیسـتی خۆیـان ئامادەکردبـوو و کـە نەگەیشـتنە ڕێککەوتـن، هەریەکـەو لیسـتی خـۆی بـە ئامادەکـراوی پێشکەشـکرد و هـەردوو لایـان بـە لیسـتی جیـاواز دابەزیـن. بۆیـە زەحمەتکێشـان و حیزبـی سۆسیالیسـت لەگـەڵ حیزبـی شـیوعی بـە لیسـتێکی هاوبـەش بەشـداریمان کـرد " (شـوان محەممـەد ـ لێـدوان)

لـە ئاکامـدا یەکێتـی شـەش کورسـی و پارتـی دوو کورسـی شـارەکەیان هێنـا، هەریـەك لـە عـەرەب و تورکمانیـش سـەرو دوو کورسـییان هێنا.

لیسـتی هاوپەیمانیـی نیشـتمانی لیسـتە هاوبەشـەکەی حیزبی شـیوعی، حیزبـی سۆشیالیسـت دیموکراتـی کوردسـتان و حیزبـی زەحمەتکێشـانی کوردسـتان بـوو، کـە 22 بەربژێـری لەخـۆ دەگـرت و کـۆی گشـتیی دەنگەکانـی لیسـتە هاوبەشـەکە گەیشـتە 4 هـەزار و 700 دەنـگ. ئـەم ژمارەیـەش بەفیڕۆدانـی بەشـێکی دەنگەکانـی کـورد بـوو لـە شـارەکە، کـە لـە ئەنجامـی ئـەو ناتەباییـەی حیزبـە کوردسـتانییەکانی

ئـەوکات هاتبـووە ئـاراوە و نەخۆیـان توانییـان کورسـییەك بەدەسـت بێنـن و بەربژێرێکیـان بنێرنـە پەرلەمـان و نـە ئـەو دەنگانـەش خرانـە سـەر لیسـتی یەکێتـی یـان پارتـی. بارودۆخـی نێوخـۆی حیزبـەکان لـە پارێزگاکـەدا وای لـەم سـێ لایەنـە کـرد بێلایەنـی هەڵبژێـرن و نـە بچنـە پـاڵ پارتـی و نـە یەکێتـی، ئەگـەر پاڵیـان بدایەتـە هـەر لایەنێـك لـەو دوو لایەنـە کوردسـتانییە سـەرەکییە بـە لایەنگیـری ئـەو حیزبـە تۆمەتبـار دەکـران بۆیـە لـە کۆتاییـدا بێلایەنییـان هەڵبـژارد، هەرچەنـدەش دەنگەکانیـان بەفیڕۆچـوو.

یەکگرتـووی ئیسـلامی، دۆزی کـورد لـە کەرکـووك بـە تەبەقـە هێلکەیـەك دەشـوبهێنێ، کـە بـە دوو دەسـت هەڵگیراوە، دەسـتێکیان یەکێتییـە، دەسـتەکەی دیکەیـان پارتییـە، هەریەکـەو بەلایەکـدا رایدەکێشـێت. جـا بۆئـەوەی هاوسـەنگیی ئـەو تەبەقـە هێلکەیـە راگـرن و هێلکـەکان نەشـکێن، ئـەوان بوونەتـە دەسـتی سـێیەم و نەیانهێشـتووە کێشـەکانی کەرکـووك بگەنـە رادەی قەیـران.

سـەبارەت بـە هەڵبژاردنـە پەرلەمانییەکـەی 2014 زۆربـەی لایەنـە سیاسـییە کوردسـتانییەکان لەگـەڵ ئەوەدابـوون، کـە لانـی کـەم لـە کەرکـووك بـە لیسـتێکی هاوبـەش بەشـداریی هەڵبژاردنـەکان بکرێـت، بـە بزووتنـەوەی گـۆڕانیشـەوە، نەوشـیروان مسـتەفاش گـۆڕانخوازانـی کەرکووکـی سەرپشـك کردبـوو لـە چۆنیەتیـی بەشـداریکردن لـە هەڵبژاردنەکانـی کەرکـووك بەبـێ گوێـدان بـە چۆنیەتیـی بەشـداریکردن هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی شـارەکانی دیکەی کوردسـتان. بەرپرسـانی بزووتنەوەکـەش راوبۆچوونـی خەڵکـی کەرکووکیـان بـۆ سـەرکردایەتیی گـۆڕان بـاس کردبـوو، بۆیـە سەرپشـك کرابـوون. « ئـەوکات نەجمەدیـن کەریـم، نەیتوانـی هاوسـەنگی لەنێوان لایەنـەکان بپارێـزێ و هەوڵیدەدا حیزبەکـەی لەخـۆی رازی بـکات، بۆیـە بەهیـچ شـێوەیەك رۆڵـی بـۆ پارتـی نەهێشـتبووەوە. تەنانـەت لـە دامەزراندنەکانـی پترۆدۆلاردا دەبووایـە پشـتگیریی مەڵبەنـدت بهێنایـە، ئەگەرنـا دانەدەمەزرایـت! هیچـی بـۆ پارتـی و حیزبـە کوردسـتانییەکانی دیکـە و پێکهاتـەی عـەرەب و

تورکمـان نەهێشـتەوە، بۆیـە لیسـتەکە هەڵوەشـایەوە و پارتـی بەجیا و یەکێتیـش بـە لیسـتێکی جیا بەشـداریی هەڵبژاردنەکانـی 2014یـان کــرد" (عەدنـان کەرکووکــی - لێدوان)

لـەم هەڵبژاردنـەدا پارتـی بـە بـەراورد لەگـەڵ هەڵبژاردنەکانـی 2010 دەنگەکانـی زیاتـر بـوو، دەنگەکانـی گەیانـدە 63 هـەزار و 76 دەنـگ و ژمـارەی کورسـییەکانی، لـە کورسـییەکەوە کـردە دوو کورسـی. پارتـی لـە هەڵبژاردنەکانـی پێشـتردا 48 هـەزار دەنگـی هەبـوو.

هەرچەنـدە کـورد لـەم هەڵبژاردنـەدا یـەك لیسـت نەبـوو، بـەڵام بەگشـتی، ئەنجامـەکان یەکێـك بـوو لـە دەسـتکەوتە مەزنـەکان بـۆ کـوردی کەرکـووك، کـە 8 کورسـی لـە کـۆی 12 کورسـی مسـۆگەر کــرد.

ڕێـژەی دەنگـی لایەنـەکان بەپێـی نەتـەوە لـەم خشـتەیەی خـوارەوەدا روون کراوەتــەوە:

| ڕ | نەتەوە | ڕێژەی سەتیی دەنگەکان |
|---|---|---|
| 1 | کورد | 54% |
| 2 | عەرەب | 28% |
| 3 | تورکمان | 17% |
| 4 | کۆتا | 1% |

خشـتەی 14: ڕێـژەی دەنگــەکان بەپێــی نەتەوەکانــی کەرکــووك لــە هەڵبژاردنەکانــی 2014

ڕێـژەی دەنگـی حیـزب و لایەنە سیاسـییەکانی کوردسـتان لـە کەرکووك بـەم شـێوەیەی خـوارەوە بوو:

| ژ | ناوی حیزب و هاوپەیمانێتییەکان | ژمارەی کورسییەکان |
|---|---|---|
| 1 | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | 67% |
| 2 | پارتی دیموکراتی کوردستان | 20% |
| 3 | بزووتنەوەی گۆڕان | 7% |
| 4 | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان | 2% |
| 5 | کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان | 2% |
| 6 | لیستی هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان | 1% |
| 7 | بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان / عێراق | سفر% |

خشتەی 15: رێژەی سەتیی دەنگی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی 2014دا

" ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ، کەرکووك شارێکی یەکێتییە. واتە زۆرینەی شارەکە لایەنگرانی یەکێتین، ئەم راستییەش لەلای برادەرانی پارتی، راستییەکی تاڵە و دان بەوە دانانێن. رەنگە ئەوە هۆکاری سەرەکیی هەڵوەشاندنەوەی لیستە هاوبەشەکەی یەکێتی و پارتی بووبێت لە شارەکە. ئەوکات یەکێتی شانازی بە نەجمەدین کەریمەوە دەکرد و ئەو پرۆژە گەورانەی ئەو لە شارەکەدا جێبەجێی کردن، بوونە مایەی سەرنجراکێشانی پێکهاتەکانی دیکەی کەرکووك و دەنگێکی زۆری عەرەبیشی بەدەستهێنا، بۆیە ئێمە پێداگریمان لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە نەجمەدین کەریم بە سەرۆکی لیستەکە بمێنێتەوە " (شەمسەدین مەحموود ـ لێدوان)

لەم هەڵبژاردنانەدا، دۆخێکی نائاسایی و نایاسایی لەنێو خودی بەربژێرانی یەکێتی دا روویدا، ئەویش ئەوەبوو، کە کاتێك نەجمەدین کەریم نزیکەی 160 هەزار دەنگی بەدەستهێنا، هەر لە پۆستەکەی خۆیدا مایەوە و نەچووە پەرلەمانی عێراق. لەو کاتەدا دەبێ فەلاح

سەڵاح، کە لە ریزبەندی حەوتەم دا بوو و 3 هەزار و 758 دەنگی بەدەستهێنابوو، بچێتە جێگەی دکتۆر نەجمەدین، ئەگەر ئەویش نەبووایە، ئەمیر خواکەرەم هەبوو، دوای فەلاح سەڵاح دێت بە 3 هەزار و 364 دەنگ، کەچی شوان داودی بە 2 هەزار و 724 دەنگ نێردرایە پەرلەمانی عێراق.

بەرپرسی هەڵبژاردنەکانی یەکێتی لە کەرکووك، ئەم کێشەیە روون دەکاتەوە و دەڵێ « ئەمە راستەوخۆ پەیوەندی بە نەجمەدین کەریمەوە هەبوو، ئێمە لە بەشی هەڵبژاردنەکانی مەڵبەند، راپۆرتێکی ناڕەزاییمان دایە مەکتەبی سیاسی و داوامان کرد سیستمی هەڵبژاردنەکە تێکنەدرێت و هەر بەربژێرێك بە ژمارەی دەنگەکانی خۆی بنێردرێتە پەرلەمان، کە بە هەموو پێوەرێك دەبووایە فەلاح سەڵاح بووایە و پشتگیریمان لەو کرد. وەڵامی مەکتەبی سیاسی بۆ ئێمە ئەوەبوو، کە گوایە دکتۆر نەجمەدین گوتوویەتی: دەنگەکان، دەنگی خۆمن و من ئازادم بە کێی دەبەخشم و کێ لە جێگەی خۆم دەنێرمە پەرلەمانی بەغدا! ئەمەش نابێ و پێچەوانەی رێنماییەکانی سیستمی هەڵبژاردنەکانە. دیارە، کە فەلاح سەڵاح سکاڵای لە دادگای فیدراڵی تۆمار کرد، وەڵامی دادگا لە بەرژەوەندیی ئەودا نەبوو و نازانم چۆن بەرگێکی یاسایی کرایە بەر ناردنی شوان داودی؟! ".

لێرەدا حیزبی سۆسیالیست رۆڵی نێوەندگیریی لەنێوان یەکێتی و پارتی دا گێڕا و سەرجەم حیزبە کوردستانییەکانیان کۆکردەوە و چوونە لای ئاسۆ مامەند، بەرپرسی مەڵبەندی 2ی یەکێتی و گوتیان بۆ بەرژەوەندیی کورد با ململانێ حیزبییەکانمان بخەینە لاوە و هەر کەسێکی دیکە غەیری دکتۆر نەجمەدین دادەنێن ئێمەش قبووڵمانە، با کاك ئاسۆ خۆی بێت، یان خالید شوانی یاخود ئاڵا تاڵەبانی، کەچی لە وەڵام دا گوتیان سەرۆکایەتی لیست یەکێتی هەڵیدەبژێرێت و هیچ لایەنێکی دیکە بۆی نییە رای خۆیمان بەسەردا بسەپێنێت! کاتێك سەردانی سەڵاح دەلۆشیان کرد، کە

بەرپرسـی ئەوسـای لقـی 3ی پارتـی بـوو، ئەوانیـش هـەر سـووربوون لەسـەر داواکەیـان. لـە کۆتاییـدا نەگەیشـتنە هیـچ رێککەوتنێـك و بڕیاریـان دا هـەر یەکـەو بـە لیسـتێکی جیـاواز دابـەزن، سۆسیالیسـت، زەحمەتکێشـان و حیزبـی شـیوعیش لـە لیسـتێکی جـودا و لایەنەکانـی دیکەیـش هـەر بـە جـودا. لیسـتە هاوبەشـەکەی ئـەم سـێ حیزبـە نزیکـەی 6 هـەزار دەنـگ، یەککگرتـوو 18 هـەزار دەنـگ و گۆڕانیـش ژمارەیـەک دەنگـی هێنـا. ئەگـەر ئـەم دەنگانـە کۆبکەیتـەوە و بیخەینـە سـەر دەنگـە فەوتاوەکانـی پارتـی و یەکێتـی بـە دڵنیاییـەوە ئـەو 8 کورسـییە دەبـووە 9 کورسـی! مەبەسـت لێـرەدا ئەوەیـە کـە بڵێیـن ئەگـەر کـورد وەکـو 2005 یـەك لیسـت بووایـە ئـەوا زیاتـر لـە سـێ لەسـەر چـواری کورسـییەکانی کەرکووکـی دەبـردەوە!

## 3 - 4هەڵبژاردنەکانی 2018ی پەرلەمانی عێراق

دووەمیـن پرۆسـەی هەڵبژاردنـە پەرلەمانییەکـەی عێـراق لـە 2018 لـە پـاش کشـانەوەی هێزەکانـی ئەمەریـکا لـە 2011 و چوارەمیـن هەڵبـژاردن، دوای رووخانـی رژێمـی سـەددام، کـە تەنیـا 6 مانـگ لـەدوای گشتپرسـی سـەربەخۆیی کوردسـتان ئەنجامـدرا. بە یەکێك لە پڕکێشـەترین هەڵبژاردنـە پەرلەمانییـەکان دادەنرێت، کـە دوای نەمانـی هێزەکانـی داعـش و راگەیاندنـی سـەرکەوتنی سـوپا و هێزەکانـی عێراق دێـت. دواتـر لێکەوتەکانـی 16ی ئۆکتۆبـەر و پرۆسـەی «سـەپاندنی یاسـا» لـە کەرکـووك و ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان کـە حکومەتـی عێـراق بەسـەرۆکایەتی حەیـدەر عەبـادی بانگەشـەی بـۆ دەکـرد . ئینجـا قەدەخەکردنـی نیشـتنەوە و فڕینـی فڕۆکـەکان لـە فڕۆکەخانەکانـی هەرێمـی کوردسـتان و داخسـتنی رێگـەی هەولێـر - کەرکـووك و دانانـی بازگـەی هێزەکانـی حەشـدی شـەعبی و پۆلیسـی فیدراڵـی و داواکردنـی هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجامـە فەرمییەکانـی گشتپرسـیی سـەرخۆیی کوردسـتان.

لـە سـەرەتادا بڕیـار بـوو هەڵبژاردنـەکان لـە ئەیلوولـی 2017دا

ئەنجـام بدرێـن، بـەڵام شـەش مانـگ بەهـۆی شـەڕی دژی داعـش دواخـران، گەورەتریـن فراکسـیۆنی سـوننەکان، کـە موتەحیـدون بـوو داوای دواخسـتنی هەڵبژاردنەکانـی کـرد. بیانووشـیان ئەوەبـوو کـە سـوننەکانی پارێزگاکانـی نەینـەوا، کەرکـووك، سـەڵاحەدین و ئەنبـار ئـاوارەی شـارەکانی دیکـەی عێـراق بوونـە و تاوەکـو رەوشـەکە ئاسـایی نەکرێتـەوە و ئـاوارەکان نەگەڕێنـەوە شـوێنی خۆیـان، لەگـەڵ ئەنجامدانـی هەڵبژاردنـەکان دانیـن و پەرلەمانتارانـی عەرەبـی سـوننە، ئەنجامدانـی پرۆسـەکەیان بـە کودەتایەکـی سـەربازی دژی پرۆسـەی سیاسـیی عێـراق لەقەڵـەم دا.

پاشـان ئەنجوومەنـی وەزیرانـی عێـراق رۆژی هەڵبژاردنەکانـی لـە 15ی ئایـاری 2018 دیـاری کـرد، دواتـر سـێ رۆژ پێشـخرا، چونکـە ئەگـەری ئـەوە هەبـوو، کـە ئـەو رۆژە، یەکەمیـن رۆژی مانگـی رەمـەزان بێـت. لـە هۆڵـی پەرلەمـان دا داواکاریـی گۆڕینـی ئـەو رۆژە زیـادی دەکـرد، بـەڵام دوای ئـەوەی دادگای فیدراڵیـی عێـراق رۆژی 12ی ئایـاری جێگیـر کـرد، فوئـاد مەعسـووم سـەرۆك کۆمـاری عێـراق، بـە بڕیارێکـی سـەرۆکایەتی رۆژی شـەممە 12ی ئایـاری چەسـپاند.

ژمـارەی دەنگـدەران لـەم هەڵبژاردنـەدا گەیشـتە 24 ملیـۆن و 349 هـەزار و 357 دەنگـدەر، کـە 10 ملیـۆن و 807 هـەزار و 248 کەسـیان تۆمـاری بایۆمەترییـان کردبـوو و 44%ی دەنگدەرانیـان پێکدەهێنـا. کـۆی بنکەکانـی دەنگـدان گەیشـتە 8 هـەزار و 959 بنکـە، کـە 55 هـەزارو 232 وێسـتگەی لەخۆگرتبـوو. 133 هـەزار و 415 چاودێـری نێوخۆیـی و 963 چاودێـری نێودەوڵەتـی چاودێریـی پرۆسـەکەیان دەکـرد. (باسـل حوسـێن ـ 2018)

لـەم هەڵبژاردنـەدا هـەر پارێزگایـەك بازنەیەکـی هەڵبـژاردن بـوو و یاسـای سـانت لیگـۆی هەموارکـراو پەیڕەوکـرا، کـە لـە هەڵبژاردنەکانـی پێشـوودا حیـزب و قـەوارە بچووکـەکان زیانمەنـد دەبـوون و لـە

بەرژەوەنـدی لیسـتە گـەورەکان دا بـوو. هەشـت کورسـیش بـۆ کۆتـای کەمینـەکان دانـرا و دادگای فیدرالیـی عیـراق لـە 2018 ئـەم یاسـایانەی لـە بەرژەوەنـدی کەمینـە بەشـداربووەکانی هەڵبژاردنـەکان دەرکـرد:

1- لــە 10ی کانوونــی دووەمــی ئــەو ســاڵەدا بەپێــی مــادەی 49ی دەسـتووری عێراقــی بڕیـاردرا کورسـییەکانی کوردانـی ئێـزدی لەگـەڵ ژمـارەی دانیشـتوانی ئـەم پێکهاتەیـە بگونجێنرێـن و هـەر 100 هـەزار کەسـێك کورسـییەکی بەربکەوێـت.

2- لــە 14ی کانوونــی دووەم، بڕیـاردرا کورسـییە تەرخانکـراوەکان بــۆ سـابئەی مەندائییـەکان بەپێـی سیسـتەمی یـەك بازنەیـی، نـەك فـرە بازنەیـی دیـاری بکرێـن.

3- لـە هەمـان مانـگ دا پەرلەمانـی عێـراق یاسـای هەڵبژاردنەکانـی هەموارکـردەوە، بەپێـی ئـەم هەمواکردنەش، کورسـییەك بـۆ کوردانی فەیلـی تەرخـان دەکرێـت لـە پاریـزگای کـوت.

بـۆ یەکەمیـن جـار لـە مێـژووی هەڵبژاردنەکانـی عێـراق دا، دەنگدانـی ئەلیکترۆنـی بـە بەکارهێنانـی ئامێـرە ئەلیکترۆنییەکانـی هەژمـاردن و جیاکردنـەوەی دەنگـەکان بەڕێوەچـوو. 166 بنکـەی دەنگدانیـش بـۆ 285 ئـاوارەی نێـو کۆمەڵگـە و خێوەتگـەکان تەرخـان کرابـوو. 130 بنکـەی دەنگـدان لـە 21 وڵات دا بـۆ دەنگدەرانـی هەنـدەران دابیـن کرابـوو، کـە بـەم شـێوەیەی خـوارەوە بـوو:

| ژ | ناوی وڵات | ژمارەی بنکەکان |
|---|---|---|
| 1 | ئێران | 14 |
| 2 | ئەمەریکا | 18 |
| 3 | ئەڵمانیا | 7 |
| 4 | بەریتانیا | 8 |
| 5 | هۆڵەندا | 4 |
| 6 | ئوستراليا | 8 |
| 7 | سوێد | 15 |
| 8 | تورکیا | 15 |
| 9 | ئوردن | 13 |
| 10 | کەنەدا | 7 |
| 11 | ئیمارات | 3 |
| 12 | میسر | 5 |
| 13 | دانیمارك | 4 |
| 14 | فەرەنسا | 1 |
| 15 | سووریا | 1 |
| 16 | لوبنان | 2 |
| 17 | فینلاندا | 1 |
| 18 | نەمسا | 1 |
| 19 | بەلجیکا | 1 |
| 20 | نەرویج | 1 |
| 21 | نیوزلەندا | 1 |

خشتەی 16: ژمارەی بنکەکانی دەنگدان لە دەرەوەی وڵات بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی 2018

ژمـارەی کورسـییەکان بـۆ پەرلەمانـی ئـەم جـارە 329 کورسـی بـوو، 204 قـەوارە بـە 6 هـەزار و 904 بەربژێـرەوە کێبڕکێـی وەرگرتنی ئـەو کورسـیانەیان دەکـرد.

جیـاوازی ئـەم هەڵبژاردنـە لەگـەڵ هەڵبژاردنەکانـی پێشـوو، لـەم خاڵانـەی خـوارەوەدا روونکراوەتـەوە:

* هەڵوەشـاندنەوەی هاوپەیمانێتییـەکان لەلایـەن حیزبـە شـیعەکانی عـەرەب. حیزبـی دەعـوە بـە دوو لیسـتی جیـاواز، کـە یەکێکیـان بـە سـەرۆکایەتیی حەیـدەر عەبـادی بـوو بـە نـاوی نەسـر و ئـەوی دیکەیـان دەوڵەتـی یاسـا، کـە نـووری مالیکـی سـەرۆکایەتیی دەکـرد. کوردیـش بـە لیسـتی جـودا جـودا بەشـدارییان تێـدا کـرد، تەنانـەت پارتـی و یەکێتیش بە پێچەوانـەی هەڵبژاردنەکانـی پێشـوو،هاوپەیمانێتییەکەیان هەڵوەشـاندەوە و بەجـودا دابەزیـن.

* پەیدابوونـی ژمارەیەکـی زۆری لیسـت و قـەوارەی نـوێ لەنێـو سـەرجەم پێکهاتەکانـی عێـراق، کـە لەنێـو کـورد دا نـەوەی نـوێ بەربژێـری خـۆی لـە سـەرجەم پارێزگاکانـی کوردسـتان دا هەبـوو.
*گۆڕەگـۆزی بەربژێـرەکان لـە لیسـتێکەوە بـۆ لیسـتێکی دیکـە، بەجۆرێـك سەرکردەکانیشـی گرتـەوە، عەممـار حەکیم ئەنجوومەنـی بـاڵای ئیسـلامیی عێراقـی جێهێشـت و قـەوارە و لیسـتێکی نوێـی بەنـاوی حیکمـە دامەزرانـد و 29 ئەندامـی هاوپەیمانیـی مواتنـی لەگـەڵ خۆیـدا بـرد. ململانێیـەکان هێنـدە زەق بوونەوە، سـەرئەنجام کشـانەوەی قـەوارە سیاسـییەکانی بـەدوادا هـات، بـۆ نموونـە 9 قـەوارە لـە هاوپەیمانیـی نەسـر جودابوونـەوە.
* حیزبەکانی عەرەبی سـوننە، بە پێچەوانەی کورد و عەرەبی شـیعە، هێزەکانـی خۆیـان لـە چەنـد هاوپەیمانێتییەکـی نـوێ دا کۆکـردەوە و بـە راگەیاندنـی هاوپەیمانێتـی نیشـتمانی بەسـەرۆکایەتیی ئەیـاد عەلـلاوی بەشـدارییان لـە هەڵبژاردنـەکان دا کـرد.
*هاوپەیمانێتیـی نێـوان حیزبـی شـیوعیی عێراقـی و سـەدرییەکان،

یەکێکـی دیکـە بـوو لـەو دیاردانـەی کـە بـە دەگمـەن لـە عێـراق دا دووبـارە دەبنـەوە.

* تیرۆرکردنـی بەربژێرێکـی عەرەبـی سـوننە بەنـاوی فـارووق محەممەد زەرزوور لـە پارێزگای نەینەوا لەلایـەن چەکدارانی داعشـەوە.

* تۆمارکردنـی نزمتریـن رێـژەی بەشـداربوونی دەنگـدەران، کە گەیشـتە 44.52% واتـە 17.48% کەمتـر لەچـاو هەڵبژاردنەکانی 2014.

*پەککەوتنی ژمارەیەکی زۆری ئامێرەکانی تۆمارکردن و جوداکردنەوەی دەنگـەکان، بـووە هۆی بێبـەش کردنی زۆر لـە دەنگدەران.

لـە 10ی ئایـار، واتـە دوو رۆژ پێـش دەسـتپێکردنی هەڵبژاردنـی گشـتی، هێزەکانـی پێشـمەرگە، سـوپای عێـراق و هێزەکانـی ناوخـۆ لـە دەنگدانێکـی تایبـەت دا دەنگیـان دا بۆئـەوەی دواتر بنکەکانی دەنگدان و دەنگـدەران بپارێـزن.

ئەنجامـە گشـتییەکان و هاوپەیمانییەکانـی دوای هەڵبـژاران ئـەم ئەنجامـەی لێکەوتـەوە د. بەرهـەم سـاڵح سـەرۆك کۆمـار، عـادل عەبدولمەهـدی سـەرۆك وەزیـران و محەممـەد حەلبووسـی سـەرۆکی پەرلەمانـی عێـراق.

ئەنجامەکانـی کەرکـووك بەبـێ بەشـداریکردنی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە کەرکـووك بەپێـی راگەیێندراوەکانـی کۆمیسـیۆنی بـاڵا بـەم شـێوەیە بـوو:

| ژ | نـاوی هـاوپـەیـمـانـی و قەوارە سیاسییەکان | کۆی دەنگەکان بە ژماردنی ئەلیکترۆنی | کۆی دەنگەکان بە ژماردنی دەستیی | ژمارەی کورسییەکان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | 183283 | 177920 | 6 |
| 2 | هاوپەیمانیی عەرەبی لە کەرکووك | 84102 | 86452 | 3 |
| 3 | بەرەی تورکمانیی عێراقی | 79694 | 82032 | 3 |

خشتەی 17: قەوارە سیاسییەکانی کەرکووك لە هەڵبژاردنەکانی 2018

لیستی ناوی بەربژێرە براوەکانی کەرکووك و ژمارەی دەنگەکانیان بە ژماردنی ئەلیکترۆنی و ژماردنی دەستیی لەم خشتەیەی خوارەوەدا روونکراوەتەوە: (ماڵپەڕی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ـ 26 ی ئایاری 2018)

| ژ | ناوی هاوپەیمانی و قەوارە سیاسییەکان | کۆی دەنگەکان بە ژماردنی ئەلیکترۆنی | کۆی دەنگەکان بە ژماردنی دەستیی | ناوی هاوپەیمانی و قەوارە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | رێبوار تەها مستەفا | 63721 | 63231 | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 2 | ئەڵماس فازڵ کەمال | 14840 | 13905 | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 3 | بێستوون عادل وەیس | 14136 | 13196 | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 4 | دیلان غەفوور ساڵح | 12509 | 11731 | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 5 | جەمال محەممەد شکور | 10572 | 9613 | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 6 | مەریوان نادر نەسرەددین | 9694 | 8705 | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 7 | محەممەد عەلی محەممەد | 21593 | 21660 | هاوپەیمانیی عەرەبیی کەرکووك |
| 8 | خالد حەمەد عەللاوی | 11020 | 11689 | هاوپەیمانیی عەرەبیی کەرکووك |
| 9 | راکان سەعید عەلی | 10433 | 10702 | هاوپەیمانیی عەرەبیی کەرکووك |
| 10 | ئەرشەد رەشاد فەتحوڵڵا | 38899 | 39211 | بەرەی تورکمانیی عێراقی |
| 11 | ئەحمەد حەیدەر قاسم | 9580 | 9605 | بەرەی تورکمانیی عێراقی |
| 12 | خەدیجە عەلی عەباس | 2161 | 2108 | بەرەی تورکمانیی عێراقی |

خشتەی 18: ناوی بەربژێرانی کەرکووك بۆ پەرلەمانی عێراق 2018

لە هەڵبژاردنەکانی 2018دا یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دوای هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانێتییەکەی کۆمەڵ و گۆڕان و، سەرنەگرتنی هەموو ئەو هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی یەک لیستی و هاوپەیمانێتییەکان، بە لیستێکی جیا بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا کرد.

دروشمی ئەم جارەی یەکگرتوو لە پرۆسەکەدا «لە پێناو ئێوەدا» بوو، کە لە لیستێکی 12 بەربژێری دا خۆی دەبینییەوە و ژمارەیەك لە کەسایەتییە سەربەخۆکانیشی تێدا بوو. ژمارەی دەنگەکانی یەکگرتوو لەم هەڵبژاردنەدا تەنیا 3 هەزار و شتێك بوو، ئەم ژمارەیەش بە گوتەی بەرپرسانی یەکگرتوو سەنگی راستەقینەی حیزبەکەیان نییە لە شارەکەدا و سەرلەبەری پرۆسەکە لە سەرتاسەری عێراق جێی گومان بوو.

بە هەمان شێوەی هەڵبژاردنەکەی پێشوو، یەکگرتوو دەڵێ بێدەنگیی هەڵبژارد چونکە بارودۆخەکەی ئەوکاتی کەرکووك ئەوەی هەڵنەدەگرت کورد لەوە زیاتر پەرتەوازەتربێت و سکاڵا لەسەر یەکتر تۆمار بکەن.

یەکگرتوو هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانێتییەکان بە زیانی کورد هەژمار دەکات نیگەران بوو لەوەی کە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە کەرکووك پەند لە هەڵەکانی رابردوویان وەرناگرن و بەخۆدا ناچنەوە، هیچ لایەنێکیش لەپێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورد بۆ لایەنێکی دیکە دانانەوێنێت. هەروەها کاتێك بە لیستی جیاواز بەشداری هەڵبژاردنەکان کراوە، لەجیاتی ئەوەی بەرژەوەندی یەکدی رەچاو بکەن، هاتوون یەکدییان شکاندووە، لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دا یەکتریان بچووك کردووەتەوە و تانە و پەلاریان لە یەکدی داوە.

لە هەڵبژاردنەکانی 2018 حیزبی سۆسیالیست لە شارەکەدا نەمابوون و زۆر زەحمەت بوو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەڕێوە ببەن وەک خۆیان دەڵێن. هیچ ئەندامێکی سەرکردایەتیی حیزبەکەیان نەهاتە شارەکە بۆ پشتگیری کردنیان، چونکە ئەوکات بەڕاستی وەك حیزبێکی قاچاخ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا. ئەوسا و ئێستاشی لەگەڵ دابێت ئەوان پێیانوایە کەرکووك داگیرکراوە. لە رووێکی دیکەوە محەممەدی حاجی مەحموود (کاکە حەمە) کە لە زۆربەی شەڕە گەورەکانی دژی داعش بەشداربوو و شەهیدبوونی عەتای کوڕی

لەڕووی مەعنەوییەوە زۆر هاندەری حیزبەکە بوو و لە هەڵمەتەکان دا ڕوویان لە هەر کەسێك بکردایە بەخۆشحاڵییەوە پێشوازییان لێدەکرا. " هەڵمەتەکانمان دەستپێکرد و تەنانەت گوێمان نەدایە ئەو هەڕەشە و گوڕەشانەی لێمان دەکرا لەلایەن یەکێتییەوە، کە بارودۆخی شارەکەیان بە نا ئاسایی دادەنا و بە ئاشکرا هەڵیانکوتایە سەر ماڵی بەربژێرانمان. پارتیش لە شاردا نەما بوو و پشتگیری هیچ لیستێکی ڕانەگەیاندبوو، بەڵام هەست و سۆزی ژمارەیەکی زۆری لایەنگرانی پارتیمان لەگەڵ بوو و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەسی زۆریش وەکو نەتەوە بڕیاریان دابوو دەنگ بە حیزبەکەی کاکە حەمە بدەن " (ڕەسوڵ ڕەئوف ـ لێدوان)

خەڵکی کەرکووك، بە لایەندار و بێلایەنیانەوە، وێڕای بریندارب‌وونیان، پێیانوایە: هەڵبژاردنەکانی 2018 لە بارودۆخێکی زۆر جیاواز لە بارودۆخی هەڵبژاردنەکانی پێشووی کەرکووك ئەنجامدرا. گەورەترین حیزبی کوردستان لە کەرکووك نەمابوو. شەڕێکی ڕاگەیاندنی زۆر توند لە میدیاکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان لایەنگرانی پارتی و یەکێتی لەلایەك و لەنێوان بەرپرسە باڵاکانیشیان لەلایەکی دیکە دەستی پێکردبوو، هەڵمەتەکان گەیشتە ڕادەی ناوزڕاندن و سووکایەتیکردن بە پیرۆزییەکانی یەکتر، پارتی باڵێکی نێو یەکێتیی بە خیانەتکار لەقەڵەم دەدا و بە فرۆشتنی کەرکووك تاوانباری دەکردن، ئەو باڵەش پارتییان بە هەڵاتن لە شنگال و مەخموور تۆمەتبار دەکرد.

گلەیی لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێت، کە بۆچی لە 2018 بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی نەینەوای کرد، کەچی لە کەرکووك بایکۆتی ڕاگەیاند. وەڵامی پارتی بۆ ئەم گلەییە ئەوەیە، کە سەنتەری نەینەوا 100% شارێکی کوردستانی نییە و جیاوازە لە کەرکووك، بۆیە بڕیاری بایکۆتکردنەکە بە بڕیارێکی دروست هەژمار دەکەن.

سـەبارەت بـە دەنگـی لایەنگرانـی پارتـی لـە کەرکـووك لـە هەڵبژاردنەکانـی 2018 ئاراسـتەیەك هەبـوو، کـە دەنگ بە سـێ لیسـتی کریسـتیان بدرێـت و ئەوانـەی ئاراسـتەکردنەکانیان پێنەگەیشـت و سەرپشـك کرابـوون لـەوەی دەنـگ بـە کـێ بـدەن، بەشـێکیان دەنگیـان بـە لیسـتەکەی سۆسیالیسـت دابـوو.

هەڵبـەت ئـەم بارگرژییـەی نێـوان ئـەو دوو حیزبـە سـەرەکییەی کوردسـتان، ڕەنگدانـەوەی لەنێـو شـەقامی کەرکـووك دا هەبـوو و کاریگەریـی زۆر خراپـی کردبـووە سـەر خەڵکـی کەرکـووك و ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردسـتان، بەتایبەتی خورماتوو، کـە بـە دەیـان شـەهیدی لەکاتـی هێرشـەکانی 16ی ئۆکتۆبـەردا دابـوو و هەزارانیشـیان بـێ ماڵوحـاڵ مابوونـەوە، دووکان و خانووەکانیـان تەقێنرابـووەوە و ئـاوارەی شـوێنانی دیکـە ببـوون. بۆیـە هەسـت بـە سـاردییەکی زۆر دەکـرا بـۆ چوونـە سـەر سـندووقەکانی دەنگـدان و دەنگـدان بـە لیسـتە کوردسـتانییەکان، هـەر بۆیـە ڕێـژەی بەشـداربوون لـە شـارەکە نەگەیشـتە 25%یـش. بـە بـڕوای چاودێـران ئەگـەر بەغـدا بڕیـاری هەڵبژاردنەکانـی نەدابووایـە، بەدڵنیاییـەوە لـە کوردسـتانیش هیـچ لایەنێـك ئامادەنەبـوو لـەم کەشـوهەوا نائـارام و نائاسـوودەیەدا داوای ئەنجامدانـی هەڵبـژاردن بـکات.

بزووتنـەوەی گـۆڕان لـەم هەڵبژاردنـەدا پێیوابـوو هەرچەنـدە بـۆ گۆڕانخـوازان زۆر قورسـە جارێکـی دیکـە لەگـەڵ ئـەم دوو لایەنـە بـە یـەك لیسـت دابەزێـت لـە کەرکـووك، بـەڵام بە بـڕوای ئـەوان کەرکووك ئـەوە دێنـێ گلەیـی هەڵسـوڕاوانیان قبـووڵ بێـت، بـەڵام سـەرکردایەتی گـۆڕان بەهیـچ جۆرێـك لەگـەڵ ئـەوەدا نەبوو لەگـەڵ ئـەو دوو لایەنەی کـە هیـچ نەمـاوە بەیەکتـری نەڵێـن بچنـە نێـو لیسـتێکەوە.

لـە کۆتاییـدا بڕیاریـان دا لەگـەڵ کۆمەڵـی ئیسـلامی، کـە لـە زۆر خـاڵ دا وەکـو پرسـی سـەرۆکایەتیی هەرێمی کوردسـتان، پرۆسـەی گشتپرسـیی سـەربەخۆیی کوردسـتان و کێشـەکانی نێـو کەرکـووك هاوڕابـوون، ئەگـەری لیسـتێکی هاوبەشـی نێوانیـان هاتـە ئـاراوە، لەولاشـەوە

هاوپەیمانییەکـەی د.بەرهـەم بـە دیدگایەکـی ئۆپۆزیسـیۆن بـوون، بەڵێنـی زۆر گـەورەی بـە جەماوەرەکـەی دابـوو و بانگەشـەی بـۆ خـۆی دەکـرد، سـەرئەنجام ئـەم سـێ لایەنـە بزووتنـەوەی گـۆڕان، کۆمەڵـی ئیسـلامی و هاوپەیمانـی بـۆ دیموکراسـی و دادپـەروەری بـە لیسـتێك بەشـدارییان کـرد، ئـەم جـارەش بـە هەرسـێ لایەنەکـەوە، نەیانتوانـی دەنگـی کورسـییەك لـە کەرکـووك کۆبکەنـەوە.

لـە دوا هەڵبـژاردن دا، کـە لـە سـایەی هێـزی سـەربازی و باڵادەسـتیی گرووپەکانـی حەشـدی شـەعبی و نەمانـی هێزەکانـی پێشـمەرگە و ئاسایشـی کوردسـتان لـە شـارەکەدا ئەنجامـدرا، حیزبـی شـیوعی بـە تەنیا و بە لیسـتێکی سـەربەخۆ بەشـدار بـوو. لیسـتی حیزبی شـیوعیی کوردسـتان 850 دەنگـی هێنـا. خراپـی بەڕێوەچوونـی هەڵبـژاردن و بەکارهێنانـی ئامێرێکـی نـوێ بـۆ جیاکردنـەوەی دەنگـەکان پرۆسـەکەی لەکەدار کرد. لایەنگران و بەرپرسـانی حیزبی شـیوعی بەهیچ شـێوەیەك بـەم ئەنجامـە قایـل نەدەبـوو، بـەڵام لەبەرئـەوەی لایەنەکانی تورکمـان و عـەرەب لـە کەرکـووک هـەر نـاڕازی بوون لـە ئەنجامەکان و سـکاڵایان تۆمارکـرد و رێپێـوان گردبوونەوەیـان بـۆ دووبارەکردنـەوەی ژماردنـی دەنگـەکان کـرد لـە سـەرجەم سـندووقەکان دا. حیزبـی شـیوعی پێـی بـاش بـوو بێدەنگـی هەڵبژێرێـت و تەنانـەت بەیاننامەیەکیـش لـە دژی ئەنجامـەکان دەرنـەکات، نەبـادا ئەوانیـش بـە دووبارەکردنـەوەی بـە دەسـت ژماردنـی دەنگـەکان زیانێکـی دیکـە بکـەن. بۆیـە داوای دووبارەکردنـەوەی پرۆسـەی جیاکردنـەوەی دەنگەکانیـان نەکـرد، چونکـە دڵنیـاش نەبـوون کـە دووبارەکردنـەوەی ژماردنەوەکـە تاوەکـو چەنـد دادپەروەرانـە دەبێـت.

لەگـەڵ راگەیاندنـی ئەنجامـەکان، نـەك هـەر حیزبـی شـیوعی، بەڵکـو یەکگرتـووی ئیسـلامی، گـۆڕان و هاوپەیمانیـش ئەنجامەکانیـان رەتکـردەوە و بەپەلـە کۆبوونەوەیەکیـان لـە مەڵبەنـدی کەرکووکـی یەکگرتـووی ئیسـلامی سـازدا و بڕیاربـوو هیـچ نەبێـت بەیاننامەیەکـی ناڕەزایـی لەسـەر ئەنجامەکانـی هەڵبـژاردن دەربکـەن، بـەڵام

لەبەرئـەوەی حیزبـی شـیوعی ئامـادە نەبـوو بەیاننامەکـە ئیمـزا بـکات، لایەنەکانــی دیکــەش بێدەنگییــان هەڵبــژارد.

لــە هەڵبژاردنەکــەی 25ی ئایــاری 2018 دا رێــژەی بەشــداریکردن لەوپـەڕی کەمـی دابـوو و خەڵکانێك هەبـوون دەیانگـوت: کەرکـووك فرۆشـرا، تـازە دەنـگ بـە کـێ بدەیـن، پارتیـش شـارەکەی جێهێشـتووە و بەشــێك لــە خەڵکەکــە هەســتی بــە بێکەســی دەکــرد، بۆیــە ئــەو رێژانــەی لــە کۆمیســیۆن راگەیێنــدران بــۆ بەشــداریکردنی دەنگــدەر، زۆر دووربــوون لــە راســتییەوە. دەنگدەرانــی عــەرەب و تورکمانیــش بـە گـوڕوتینـی هەڵبژاردنەکانـی پێشـوو نەچوونـە سـەر سـندووقەکانی دەنگـدان، بیانـووی ئەوانیـش ئەوەبـوو کـە لـە کاری نوێنەرانیـان رازی نەبـوون و زۆرجـار رووبـەڕوو بـە نوێنەرانـی خۆیانیـان دەگـوت: تاوەکـو ئیشـتان پێمانـە هەمـوو بەڵێنێکمـان پێـدەدەن، کـە دەرچـوون، ماناناسـنەوە، ئیتـر بۆچـی دەنگتـان بدەینـێ؟!

هەنـدێ چاودێـری کەرکـووک پێیانوابـوو ئـەو گردبوونـەوە و دەربڕینـی ناڕەزاییيـەی ئـەم جـارەی بـەرەی تورکمانـی دوای راگەیاندنـی ئەنجامـی هەڵبژاردنـەکان کـردی، بـۆ شـاردنەوەی گزیکارییەکەیـان بـوو لـەو هەڵبژاردنـەدا، کـە رەنگـە لـە پشـکی کـورد و عەرەبیشـیان بـۆ هەژمـار کرابێـت، جـا بۆئـەوەی کـەس یەخەیـان نەگرێـت، خەڵکیـان هێنایـە سـەر شـەقام و گردبوونەوەیـان لەبـەردەم کـۆگای سـندووقەکانی دەنگـدان کـرد، ئـەوان لـە توونـدڕۆیـی زیاتـر هیـچ دەسـتکەوتێکیان بـۆ شـارەکە نەبـووە و جەمـاوەری خۆشـیان لێتەکیوەتـەوە و لـە گرتـە ڤیدیۆیەکـدا ئەرشـەد سـاڵحی، سـەرۆکی بـەرەی تورکمانـی لـە کەرکـووك، گلەیـی خـۆی ئاراسـتەی دەنگدەرانـی تورکمـان دەکات و پێیـان دەڵێـت: بۆچـی ئێـوەش وەکـو کـورد بـۆ دەنگـدان ئەوەنـدە گـەرم و گـوڕ نیـن؟!

گردبوونەوەکانیـان هـەر بـۆ ئەوەبـوو عـەرەب بـە لاڕێـدا ببـەن، چونکـە نابـێ سـەنگی عـەرەب لـە پارێزگاکـە چـوار کورسـی کەمتربێـت، کەچـی ئەوانیــش کەوتنــە داوی تورکمانــەوە و رووی ناڕەزایەتییەکانیــان ئاراسـتەی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان کـرد.

هەڵبژاردنــی 2018 نزیکــەی حــەوت مانــگ دوای هێرشــەکانی 16ی ئۆکتۆبــەر ئەنجامــدرا. حیزبــی زەحمەتکێشــانی کوردســتان بەشــداری تێــدا نەکــرد، چونکــە بــە گوتــەی بەرپرســێکی بــاڵای ئــەو حیزبــە لــە شــارەکەدا، هەڵمەتێــك ئەگــەر ئــاڵای کوردســتانی تێــدا قەدەخەکرابێت، پێشــمەرگە و ئاســایش لــە شــارەکەدا نەمابــن، هەڵبژاردنــەکان لــە بنەڕەتــدا نەکرێــت و ئەگــەر بکرێــت، کــورد بەگشــتی بەشــداری نــەکات، لــەو بــاوەڕەدا بــوون دواخســتنی هەڵبژاردنــەکان بــۆ کاتێکــی گونجاوتــر کاریگــەری دەبێــت لــە ڕێــژەی بەشــداربوون، بەتایبەتیــش کوردانــی کەرکــووك، چونکــە لــە بارێکــی نالەبــاری دەروونیــدا دەژیــان و هێزیــان لــە پشــت نەمابــوو و میلیشــیاکان حوکمــی شــارەکەیان دەکــرد، واتــە چــۆن تورکمــان توانییــان دوو جــار هەڵبژاردنەکانــی ئەنجوومەنــی پارێزگا دوابخــەن، ئــاواش کــورد داوای ئەنجــام نەدانــی هەڵبژاردنــەکان لــە شــارەکەدا بکــەن.

بــە رای زەحمەتکێشــان، دیموکراســی و ســەربەخۆیی کۆمیســیۆن بووختانێکــی گەورەیــە و بەهیــچ جۆرێــك ســەربەخۆ نییــە و تاوەکــو ئــەو عەقڵییەتــەی ئێســتا لــە ئارادایــە بــۆ پێکهێنانــی کۆمیســیۆن و لــە نوێنەرانــی لایەنــە حیزبییــەکان پێکبهێنرێــت، کۆمیســیۆن ناتوانێــت، وەك دەزگایەکــی ســەربەخۆی پیشــەیی کارەکانــی خــۆی راپەڕێنێــت. حیزبــە بەشــدارەکانی هەڵبژاردنەکانیــش نادیموکراســین و لایەنــی دەســەڵاتدار هەیە، لــە گەرمــەی هەڵمەتــی هەڵبژاردنەکانــدا ئۆتۆمبێل یــان دەمانچــە و دیــاری بــە نــرخ دابــەش دەکات و حیزبێکــی وەکــو زەحمەتکێشــانی کوردســتان ئــەو توانــا داراییــەی نییــە بــەم شــێوەیە دەنــگ بــۆ خــۆی کۆبکاتــەوە، ئەگەر هەشــیبێت بــەم میکانیزمــە هەڵەیە دەنــگ کۆناکاتــەوە.

رەخنەیەکــی دیکــەی ئۆپۆزیســیۆن لــە هەڵوێســتی ئــەم دواییيــەی پارتــی لــە هەمبــەر کەرکــووك، ئەوەیــە، کــە پارتــی ســەنگی خــۆی لــە هەرێمــی کوردســتان و بەغدا هەیە، بۆ پۆســتی ســەرۆك کۆمار توانی پشــتگیریی هێزەکانــی شــیعە لــە بەغــدا بەدەســتبێنێ و بەبــێ ڕێککەوتــن لەگــەڵ

یەکێتـی دەنگـی پێویسـت مسـۆگەر بـکات، بـەڵام گۆڕانی هاوکێشـەکان لـە دواسـاتەکان دا، لـە بەرژەوەندیـی بەربژێرەکـەی یەکێتـی، هەمـوو شـتێکی پێچەوانـە کـردەوە. ئـەوان دەڵێـن: ئـەو شـەڕەی لـە بەغـدا کـردی بـۆ پۆسـتی سـەرۆك کۆمـار و ئـەو سـەنگ و قورسـاییەی لـە بەغـدا بـەکاری هێنـا، دەبووایـە لـە کەرکـووک بیخاتەگـەڕ .

# بەشی چوارەم
# لە 16ی ئۆکتۆبەر چی رووی دا؟

## 1 - 4پێشهاتەکانی 16ی ئۆکتۆبەر

16ی ئۆکتۆبـەر، رووداوێـك نییـە زادەی تەنیا ئـەو رۆژەبێـت و لەپڕێکـدا رووی دابێـت، بەڵکـو ئەنجامـی رووداوەکانـی دیکەیـە. ئـەم پێشـهاتانەی خـوارەوە، پێشـینەك بـوون بـۆ چاوەڕێکردنـی هێرشـەکانی 16ی ئۆکتۆبـەر:

یەکـەم: کاتێـك سـوپای عێـراق، تـەواوی نەینـەوا لـە دەسـت دەدات و بەشـێکی زۆری باشـوور و باشـووری رۆژئـاوای پارێزگاکـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتـی عێـراق دا نامێنێـت، رۆژێـك دادێـت ئـەو سـوپایە بەهێزدەبێتـەوە و بیـر لـە گرتنـەوەی ئـەو رووبەرانـە دەکاتـەوە کـە کاتـی خـۆی لـە دەسـتی داون.

دووەم: کاتێـك دەبینیـن هێزەکانـی هاوپەیمانـان و پێشـمەرگە هاوشـانی سـوپای عێـراق، نەینـەوا ئـازاد دەکـەن و سـوپای عێـراق، حەویجـە دەهێڵێتـەوە، دەبـێ ئـەوە بزانیـن، کـە ئەو سـوپایە بـە هەموو هێزێکییـەوە دێتـەوە بـۆ گرتنـەوەی حەویجـە و دواتریـش دەرکردنـی پێشـمەرگە، کـە لەلایـەن سـەرکردایەتی سیاسـیی کوردسـتان و سـەرکردە سەربازییەکانیشـەوە پێشـبینی دەکـرا. رەخنـە و نارەزایـی لـە دواخسـتنی حەویجـە و ناوچەکانـی دەوروبـەری دەگیـرا، بـەڵام کـەس گوێـی بـۆ رەخنـە و نیگەرانییـەکان شـل نەدەکـرد.

سـێیەم: کاتێـك دەبینیـن نزیکەی دوو ساڵ نەوتی کەرکووک بەدەست حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانەوە بـوو، حکومەتـی بەغـدا زەقـەی

چـاوی دەهـات. دەبـێ بزانیـن ئـەو حکومەتـە لاوازە، رۆژێـك دادێـت بەهێـز دەبێتـەوە و بیـر لـە کۆنترۆڵکردنـەوەی دامـەزراوە نەوتییەکانـی شـارەکە دەکاتـەوە.

چـوارەم: کاتێـك سـەرکردایەتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بڕیارێکـی گرنگـی چارەنووسسـازی وەك ئەنجامدانـی گشتپرسـی دەکات و دەزانێـت ئـەو باڵـەی یەکێتـی، کـە بڕیاربەدەسـتە لـە کەرکـووك، لەگـەڵ ئەنجامدانـی پرۆسـەکەدا نییـە لـە شـارەکە و بۆچوونەکانـی ئـەوان بـە هەنـد وەرناگیرێـت، دەبـێ چاوەڕوانـی جـۆرە بریارێکـی ئەوانیـش بکەیـت. رێککەوتـن لەگـەڵ ئـەو باڵـەش زۆر گرنـگ بـوو بـۆ سـەرکەوتنی پرۆسـەکە.

پێنجـەم: چاودێریکردنێکـی وردی پێشـهاتەکانی پێـش پرۆسـەی گشتپرسـی و دوای ئەنجامدانـی پرۆسـەکە لەلایـەن وڵاتانـی هەرێمـی بەگشـتی، ئێـران و تورکیـا بەتایبەتـی، لەلایـەك و بەهەنـد وەرنەگرتنـی کاردانەوەی ئەو دوو وڵاتە بەشـێوەیەکی دروسـت، وڵاتانی هاوسنووری هەرێمـی کوردسـتان، ئەگـەر راسـتەوخۆش نەبێـت، ناڕاسـتەوخۆ بـە هاوئاهەنگـی ئـەو هێزانـەی کەوتوونەتـە ژێـر کاریگـەری هەژموونـی سیاسـەتەکانیان، هـاوکاری سـەرنەکەوتنی گشتپرسـی سـەربەخۆیی کوردسـتان و لەباربردنـی ئەزموونـی هەرێمـی کوردسـتان بکـەن.

شەشـەم: بـێ هەڵوێسـتیی هێزەکانـی هاوپەیمانـان لـە ئاسـت ئـەو هێرشـە نابەرانبەرانـەی کرایـە سـەر ئـەو هێزانـەی، کـە ئێستاشـی لەگـەڵ دابێـت، بـە دۆسـت و هاوپەیمانـی خۆیانیـان دادەنێـن، زەوینـەی سـازاند بـۆ پەلهاویشـتنی سـوپای عێـراق و ئـەو میلیشـیا چەکدارانـەی، کـە بـە ناسـنامەی جیـا جیـا بەشـدارییان لـەو هێرشـانەدا کـرد.

کەواتـە 16ی ئۆکتۆبـەر کۆمەڵێـک هێـرش و پلان بوون بـۆ کۆتاییهێنان بـە دەسـەڵاتی کـورد لـە کەرکـووك، کـە خـۆی لـە پارێـزگار و زۆرینـەی ئەندامانـی ئەنجوومەنـی پارێزگای کەرکووك و بەڕێوەبەرە گشـتییەکانی فەرمانگەکانـدا دەبینێتـەوە. هەروەهـا کۆتایـی بە دەسـەڵاتی سیاسـی،

سەربازی، ئابووری و ئەمنیی کورد لە شارەکەدا هێنرا و هێزەکانی پێشمەرگە پاشەکشەیان پێکرا. هەردوو ئاسایشی یەکێتی و پارتی لە شارەکەدا نەمان. کۆتایی بە دەسەڵاتی سیاسی کوردیش هات بەوەی، کە بنکە و بارەگای حیزبە کوردستانییەکان داگیرکران و هێندێکیان ئێستاشی لەگەڵدا بێت سوپا، هێزەکانی حەشد و دژەتیرۆری عێراق تێیاندایە. هیچ جموجۆڵێکی سیاسیش بۆ حیزبە کوردستانییەکان نەما تاوەکو بتوانن ڕەوشەکە ئاسایی بکەنەوە.

## 2 - 4هۆکارەکانی 16ی ئۆکتۆبەر لە دیدی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانەوە

پاش خستنەڕووی پێشهاتەکانی هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، با بزانین دیدگەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان لە شارەکدا بۆ شرۆڤەکردنی هێرشەکانی 16ی ئوکتۆبەر چییە. « پارتی چاك دەزانێ هاوبەشێکی بەهێزی هەیە بۆ ئەم جۆرە بڕیارانە. سووریش دەزانێ ئەگەر هاوهەڵوێستی لەنێوان هەردوولادا نەبێت، پرۆسەکە سەرناکەوێت و هەرکاتێك بێت دەتوانێت شکست بە پرۆسەکە بێنێت. پارتی ئەگەر بزانێت یەکێتی هاوبەشیەتی، کە لە رابردوودا ئەزموونی زۆر تاڵیان لەگەڵ یەکدا هەبووە و ئەگەر سەت لە سەت دڵنیا نەبێت، هاوبەشەکەت لەگەڵە، چۆن شان دەداتە بەر ئەم پرۆسە هەستیارە؟! ئەگەر یەکێتی و سلێمانی، هەولێر و بادینانت لەگەڵ بێت، یەکێتییەکانی کەرکووك تاوەکو چەند کاژێرێکی پێش دەستپێکردنی پرۆسەکە، سندووقەکانیان لە شوێنێك شاردبێتەوە، چۆن دەستی بۆ دەبەیت؟ ئەی ئەگەر وڵاتانی دراوسێ و دۆستان و هاوپەیمانانی ئەورووپا و ئەمەریکاشت لەگەڵ نەبن و کاتەکەی بە گونجاو نەزانن، چۆن دەبێ پێداگری لە ئەنجامدانی پرۆسەکە بکەیت؟ کەواتە دەبێ چاوەڕێی رۆژێکی وەکو 16ی ئۆکتۆبەریش بکەیت!" (محەممەد نەسرەدین ـ لێدوان)

بە لای حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە 16ی ئۆکتۆبەر دەرئەنجامی شکستی دەسەڵاتدارانی کورد بوو لە کەرکووك، واتە

بەرهەمـی سیاسـەتی نەگونجـاوی بـێ بەرنامـە و بـێ پلانـی و نەبوونـی پلانێکـی سـتراتیژیی حیزبـە دەسـەڵاتدارەکانی کوردسـتان بـوو لـە کەرکـووک " رووداوەکان تەنیـا بەرهەمـی ئـەو رۆژە نەبـوون، ئێمـە سـەرجەم حیـزب و لایەنـە کوردسـتانییەکانی کەرکـووک لـە مانگـی ئـادارەوە دەرکمـان بـەو مەترسـییانە کردبـوو و هەسـتمان دەکـرد حکومەتـی عێـراق لـە پێشخسـتنی رزگارکردنـی نەینـەوا و تەلەعفـەردا مەرامێکـی خراپـی هەیـە، بۆیـە ئێمـە بـۆ هەمـوو لایەکمـان پێشـنیاز کـرد، ئـەو هێزانـە بـا بێنـە سـنووری باشـوور و باشـووری رۆژئـاوای پارێزگای کەرکـووک و لەوێـوە بـەرەو حەویجە و ناوچەکانـی دەوروبەری بەڕێکـەون و پرۆسـەی رزگارکردنـی حەویجـە پێـش رزگارکردنـی نەینـەوا بخـەن، بـەڵام ئـەوە نەکـرا و گومانەکـەی ئێمـە لەجێگـەی خۆیـدا بـوو"

(شـوان محەممـەد ـ لێـدوان)

کۆبوونەوەکانـی لایەنـە کوردسـتانییەکان لەسـەر ئەم پرسـە بـەردەوام بـوون و لـە کۆبوونەوەیەکـی بەرپرسـانی حیزبـە کوردسـتانییەکانی کەرکـووک، کـە لـە مەڵبەنـدی 2ی یەکێتـی دا کـرا، ئاسـۆ مامەنـد، بەرپرسـی مەڵبەنـدی یەکێتـی بـە ئامادەبووانـی کۆبوونەوەکـەی راگەیانـد: ئێمـە بەڵگەمـان لەبەردەسـتە، کـە لـە کۆنووسـی کۆبوونەوەکانـی حەشـدی شـەعبی و سـوپای عێـراق دا زۆر بـە روونـی باسـی ئـەوە دەکـەن، کـە دەڵێـن: دەچیـن نەینـەوا و تەلەعفـەر ئـازاد دەکەیـن و دواتـر دێینـەوە یاسـا دەگەڕێنینـەوە بـۆ کەرکـووک و حەویجـە پێکـەوە.

کاتێـك داعـش نەینـەوای گـرت، سـەڵاحەدین و ئەنباریشـی بەدەسـتەوە بـوو و نزیکببوونـەوە لـە بەغـدا، زۆربـەی عەرەبـی سـوننەی ئـەو ناوچانە هەرگیـز داعشـیان بـە مەترسـی دانەدەنا، بەڵکـو مەترسـیی گەورەیان هاتنـی هێزەکانی پێشـمەرگە بوو بـۆ کەرکووك و دەوروبـەری حەویجە، بۆیـە داعـش هەمـوو هێزەکانـی خۆیـان لـە ناوچەکـە کۆکردبـووەوە و بـەرەو کەرکـووك ئامادەکرابوون.

بێجگـە لەمـە، زنجیرەیـەك کۆبوونـەوە لەنێـوان هێزەکانـی پێشـمەرگە

و سـوپای عێـراق و هاوپەیمانانـدا کـرا، لـەو کۆبوونەوانـەدا پێشـمەرگە ئامادەیـی خـۆی بـۆ بەشـداریکردن لـە ئازادکردنـی حەویجـەدا دەربـڕی، کەچـی سـوپای عێـراق بەمـە رازی نەبـوو و ویسـتیان بەتەنیا حەویجـە ئـازاد بکـەن. لـە شـەو و رۆژێکـدا ئـەو هێـزە تۆقێنـەرەی سـاڵانێك بـوو سـوپای عێـراق و دژە تیـرۆر و پۆلیسـی فیدراڵـی لـە زەواق نابـوو، بـە چەنـد کاژێرێـك پاشەکشـەیان کـرد و سـوپا و هێزەکانـی دیکـەی عێـراق چوونـە نێـو حەویجـەوە، بۆیـە لێـرەدا بۆمـان هەیـە بپرسـین: ئەگـەر حەویجـە بەرێککەوتـن رادەسـتی سـوپای عێراقـی نەکرابێـت، ئـەو هەمـوو داعشـە ئاسـمان هەڵیکێشـان؟ یـان زەوی قووتیـدان؟ ئـەی بـۆ کـوێ چـوون؟!

هێزەکانـی هاوپەیمانـان لـە هـەر پرسـێك دا بیانـەوێ بێنـە پێـش، رای خۆیـان دەردەبـڕن، کەچـی لـەو پرسـەدا هـەر دیارنەبـوون و خۆیـان ون کردبـوو، هـەروەك چـۆن لـە رۆژی 16ی ئۆکتۆبەریـش دا خۆیـان بزرکردبـوو و کـەس نەیدەزانـی لـە کوێـن.

کەواتـە لـە 16ی ئۆکتۆبـەردا، تەنیـا ئـەو بڕیارانـە جێبەجێکـران، کـە پێشـوەخت بڕیاریـان لەسـەر درا بـوو، سـەرکردایەتیی کوردسـتانیش دەرکیـان بـەم مەترسـییە کردبـوو. هاتنـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان مەسـعود بارزانـی، کۆسـرەت رەسـووڵ، حەمـەی حاجـی مەحمـوود و چەنـد سـەرکردەیەکی سـەربازیی بـۆ کەرکـووك، هـەر بـۆ تێگەیشـتن و لێکۆڵینـەوە بـوو لـەم پرسـانە و دیاربـوو پیلانێکـی ژێـر بـە ژێـر دژی کـورد لەئارادایـە.

### 3-4وردەکارییەکانی 16ی ئۆکتۆبەر

بەپرسـێکی زەحمەتکێشـانی کوردسـتان، بـۆ وەڵامدانـەوەی پرسـیاری ئـەوەی، کـە لـە 16ی ئۆکتۆبـەردا چـی روویـدا؟ دەڵێـت « لـە سـەروبەندی لێکدانـەوەی رووداوەکانـی ئـەو رۆژەدا، زۆر باسـی وەسـتا رەسـووڵ دەکـرا، هێندێـك دەیانگـوت: خیانەتـی کـردووە و بەرەکانـی شـەڕی جێهێشـتووە، هێندێکـی دیکـە پێیـان وابـوو وەسـتا

رەسـوول کەرکووکـی لـە شـەڕێکی وێرانـکاری پاراسـتووە. ئێمـە دەبـێ بگەڕێینـەوە سـەر چاوپێکەوتنـە تەلەڤزیۆنییەکـەی ئـەو سـەرکردە سـەربازییە و پێموابێـت وەڵامـی هەمـوو پرسـیارەکانی تێدایـە، کـە دەڵێت: ئـەوەی پێیدەگوترێت خیانەتـی 16ی ئۆکتۆبـەر لێرەوە دەسـت پێدەکات: لـە 9ی مانـگ لاهـووری شـێخ جەنگـی تەلەفۆنـی بـۆ کـردم و گوتـی: ئێمـە رێککەوتنێکمـان کـردووە و مـن دەچـم بـۆ رەشـاد تـۆش ئاگاداربـە .. لـە 12ی هەمـان مانـگ دا شـاندێك لەسـەر داوای لاهوور و حکومەتـی عێـراق، دێنـە لای لاهـوور و شـاندەکە بریتیـن لـە 10 کـەس، 9 کەسـیان لـە وڵاتێکـی دراوسـێن (مەبەسـت لـە ئێرانـە) تەنیـا یـەك کەسـی عەرەبیـان لەگـەڵ بـووە ئەویـش بـۆ تەرجەمـە هاتبـوو، لـەوێ میواندارێتییەکـی باشـیان لێکـراوە و رێککەوتنمـان لەگـەڵ کـردوون (لێرەدا قسـەکانی وەسـتا رەسـووڵ تـەواو دەبـن). کەواتـە شـتەکان روون و ئاشـکران، لـە 14ی مانـگ دا، واتـە دوو رۆژ پێـش رووداوەکان 19 رەبایـە لـە میحـوەری چـوار لـە نزیـك تـەل وەرد پاشەکشـەیان کـرد، کـە هـەر هەموویـان رۆڵێکـی بنەڕەتییـان لـە شـەڕەکانی دژی داعـش دا هەبـوو. کاکـە حەمـەی سـکرتێری حیزبـی سۆشیالیسـت دەڵـێ: لێـم پرسـیون: ئێـوە بـۆ کـوێ دەچـن؟ گوتبوویـان: جێگـە کۆنەکانمـان بـاش نیـن، دەگوازینـەوە شـوێنێکی قایمتـر! دەڵـێ: لێم پرسـین شـوێنە قایمەکـە کوێیـە؟ دەڵـێ: تەماشـای یەکتریـان کـردووە و پێکەنیـون! کەواتـە شـوێنە قایمەکـە لەئـارادا نییـە و پاشەکشـەیان کـردووە. هەمـوو چەکـە قورسـەکانیش لـە 14ی مانگـەوە پاشەکشـەیان پێکرابـوو، ئەوانـەی کـە پێویسـت بـوو شـەڕی حەشـد و سـوپای هێرشـکاری عێراقیـان پێبکرێـت».

راسـتییەکیش هەیـە پێویسـتە لێـرەدا ئامـاژەی بـۆ بکەیـن، ئەویـش ئەوەیـە: سـەرجەم سـەرکردە سـەربازییەکانی کـورد، پێیـان وابـوو، دوای شـەڕی داعـش، شـەڕێکی دیکەیـان لەپێشـە، کـە مەبەسـتیان ئـەم شـەڕە بـوو، چونکـە حکومەتـی عێـراق بـەم دیفاکتۆیـە رازی نەبـوو، کـە پێشـمەرگە بگاتـە ئـەم سـنوورانە. وای لێکدەدایـەوە، کـە یاسـا لـەم ناوچانـەدا نەمـاوە پێویسـتە یاسـای بـۆ بگێڕێتـەوە، بۆیـە

پرۆسەکەشی ناونا: «پرۆسەی گەڕاندنەوەی چەسپاندنی یاسا» لە کەرکووك. پەرلەمانتارە عەرەبەکانی کەرکووکیشمان بینین چییان دەگوت و چ هەڕەشەیەکیان لە مانەوەی دەسەڵاتی کورد دەکرد لە ناوچەکە.

بە بۆچوونی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەر کارەساتێکی گەورە بوون، ئەگەر کەمتەرخەمی بێت، یاخود تاوان، یان خیانەت. بۆ یەکلاکردنەوەی تەواوەتیش، دەبێ دادگایەکی بێلایەنی شارەزا لەو بوارانە، بڕیاری خۆی بدات و بەسەر هەر کەس و لایەنێکدا ساخ بێتەوە، پێویستە ئاشکرا بکرێت و بە هەموو بڕیارەکانی ئەو دادگایە رازی بین. «یەکێتی و پارتی پشکی یەکسانیان بەردەکەوێت لە رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەردا، چونکە ئەگەر یەکلایی ببێتەوە، کە هۆکاری رووداوەکان، گشتپرسی بێت، ئەوا پارتی بەرپرسە و یەکێتی رازی نەبوو ریفراندۆم لە شارەکەدا بکرێت. ئەگەریش لێکۆڵینەوەکان دەریانخست، چەند کەسێکی ناو یەکێتی ئەو رێککەوتنەیان کردووە و وەکو دەگوترێت خیانەتیان کردووە، ئەوا 70% بۆ 80% دەبێتە ماڵ بەسەر یەکێتییەوە"

(محەممەد جەلیل ـ لێدوان)

بە بۆچوونی پارتی دیموکراتی کوردستان، 16ی ئۆکتۆبەر خیانەتێکی گەورە بوو لە کەرکووك، کە لەلایەن دەستەیەکی نێو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەنجامدرا و بۆ چەند دەستکەوتێکی کەسی ئەو دەستەیە خیانەتەکەی کرد و، بەڵێنی پاداشتێکی زۆریان پێدرابوو، بەشێکی پاداشتەکەیان بە کاش وەرگرت و بەشەکەی دیکەیان لە رێگەی فرۆشتنی نەوتی کەرکووکەوە بە تانکەر وەرگرت. "ئامانجی هێرشە سەربازییەکان، تەنیا کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان نەبوو، کە 96 هەزار کەس بەشدارییان تێدا کردووە، بەڵکو ئامانجیان هەولێر، دهۆك و سلێمانیش بوو. ئەو دەستە خیانەتکارە، بە هاوکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران، حەشدی شەعبی و حەیدەر عەبادی، مەبەستیان

لەباربردنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان بوو، بە حکومەت و پەرلەمانیشەوە. هەروەها زانیاری وردمان لەبەر دەستە، کاتێك پرسیار لە سەرکردەیەکی سەربازیی یەکێتی کراوە، کە بۆچی شوێنەکانی خۆتان جێهێشتووە؟ لە وەڵام دا گوتوویەتی: ئەمە نەخشەکەیە (مەبەستی نەخشەی سەربازیی ناوچەکەیە) لیوای 109ی زرێپۆشی عێراق لە رێگە خێراکە، لە کەرکووکەوە بەرەو هەولێر پێشڕەوی دەکات و ئێوە فریای هەولێر بکەون! " (عەدنان کەرکووکی ـ لێدوان)

وەڵامەکانی ئەو بەرپرسە سەربازییەی یەکێتی زۆر دروست بوو و بە پراکتیك ئەو شتانە روویان دا. بۆیە پارتی بریاری رووبەڕووبوونەوەی دا و پردێ بە خالی رووبەڕووبوونەوەکە هەڵبژێردرا.

هاوپەیمانان پێماندەڵێن: کورد، خۆی رێگەی بۆ هێزە عێراقییەکان خۆشکردووە. لەنێو هاوپەیمانانیشدا، بەریتانیا رۆڵێکی خراپی گێڕا، چونکە کۆمپانیای بریتش پترۆلیۆم BP، بەر لە 16ی ئۆکتۆبەر رێککەوتنێکی لەگەڵ حکومەتی عێراق کرد، کە سەرپەرشتی دەرهێنانی نەوتی کێڵگەکانی کەرکووك بکات و نەوتەکە لە رێگەی ئێرانەوە هەناردەی دەرەوە بکرێت. ئەم هەڵوێستەی بەریتانیا نوێ نییە و لە سەردەمی چەرچڵەوە باوە و پەیڕەوکراوە « لەندەن گرنگییەکی زۆری بە پاراستنی سەقامگیریی سیاسیی میزۆپۆتامیا دەدا، ئەمەیش نەك تەنیا لەبەر بوونی نەوت، بەڵکو لەبەر گرنگی ناوچەکە بۆ بەرگریکردن لە کەنداو و ئەو رێگە ئاسمانیيە نوێیەی کە بەریتانیای بە هیندستان و سەنگاپوور و ئوسترالیاوە دەبەستەوە» (دانیال یەرگین ـ 2003 ـ ل 74)

یەکێتی، جیاوازتر لە لایەنەکانی دیکە هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەر شرۆڤە دەکات « هۆکاری رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر دەگەڕێنەوە بۆ دوو هۆی سەرەکی، یەکەمیان: ململانێی نێوان چەند کەسێك لەپێناو بردنی نەوتی کەرکووك و دووەمیان ئەو رێککەوتنە بوو، کە بارزانی ئیمزای کردبوو بۆ گەڕانەوەی هێزە عێراقییەکان بۆ

ئەو ناوچانەی پێیان دەگوترێت ناوچە جێناکۆکەکان. جا کە داعش لە نەینەوا تێکشکا و شارەکە رزگارکرا، ئەو هێزە عێراقییانە بە مۆراڵێکی بەرزەوە روویان لە حەویجە و دەوروبەری کرد. ئەو کۆبوونەوەیەی لەنێوان بافڵ تاڵەبانی و حەیدەر عەبادی ئەنجامدرا بوو، نێوەڕۆکەکەی ئەوەبوو، کە سوپای عێراق بگەڕێتەوە ناوچە نەوتییەکانی کەرکووك و هەر لە دەرەوەی شاردا بمێننەوە. نێوەڕۆکی ئەم کۆبوونەوەیە هێنرایەوە دووکان و لەوێ هەردوو شاندی یەکێتی و پارتی لێ ئاگادارکرایەوە، بەڵام شاندی پارتی لەو بڕوایەدا نەبوو سوپای عێراق هێرش بکاتە سەر کەرکووك و لەو پێشبینییەدا دکتۆر نەجمەدینیش هاوڕای پارتی بوو. کاتەکەش چەند کاژێرێکی مابوو و هێشتا ئەو شاندە رێککەوتنیان ئیمزا نەکردبوو، دیاربوو عەبادیش پەلەی بوو و نەیدەویست سوپاکە ساردبێتەوە، هێرشەکەیان دەستپێکرد. کەواتە نە پێشبینییەکەی پارتی لەجێی خۆیدا بوو، کە عێراق هێرش ناکات و نە سوپاکەش چاوەڕێی ئیمزاکردنی رێککەوتنامەکەی کرد» (شەمسەدین محەممەد ـ لێدوان)

هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەر کوردی لە کەرکووك لەوپەڕی دەسەڵاتەوە هێنایەوە خوار سفرا!. رێککەوتنێکی نێوان یەکێتی و حکومەتی بەغدا هەبوو بۆ گەڕانەوەی سوپای عێراق، ئەوە قسەی ئێمە نییە، قسەی جێگری سەرۆکی ئەوکاتی هەرێمی کوردستانە و لە بەیاننامەکەی دا کۆسرەت رەسوڵ دەڵێ: «ئەمە رێککەوتنی هەندێك کاڵفامی ناو یەکێتییە لەگەڵ حکومەت»، هەروەها بافڵ تاڵەبانیش لە 14ی ئۆکتۆبەردا دەڵێ: 38 ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی دەنگیان لەسەر ئەو رێککەوتنە داوە.

زیانەکە هەر بۆ پارتی نەبوو، بەڵکو نیواونیوی بەرپرسان و ئەندامانی یەکێتیش لەدوای ئەم رووداوانە، کەرکووکیان جێهێشت و وەك فەرمانبەرێك تاوەکو دەوامیان هەیە لێرەن و پاشان دەگەڕێنەوە سلێمانی. مەرامی حکومەت لە لەشکرکێشی بۆ شارەکە، تەنیا

کەرکـووك نەبـوو، بەڵکـو دەیویسـت ئـەو سـوپایە بـەو چەکە قورسـانە ئاراسـتەی هەمـوو هەرێمـی کوردسـتان بـکات. لـە هـەردوو سـنووری ئێـران و تورکیاشـەوە ویسـتی گەمـارۆی هەرێمـی کوردسـتان بـدات، و سـنوورەکانی لەسـەر دابخـات.

« ئـەم هێرشـە بەرفراوانانـە، پێشەکیشـی هەبـوو، کـە لـە 14ی هەمـان مانـگ دا خـۆی لـە سـنوورەکانی گەڕەکـی پیشەسـازی، لـە باشـووری کەرکـووك تاقیکـردەوە، ئەوەبـوو هێزەکانـی کاك کۆسـرەت لـە کـەی وەن و هێزەکـەی حەمـەی حاجـی مەحمـوود پێشـیان لێگرتـن، ئـەوکات ئـەوان شـەڕیان نەکـرد، چونکـە بـە لێکدانـەوەی خۆیـان هیـچ هێزێـك ڕووبەڕوویـان نابێتـەوە و بـە ڕێککەوتـن دێنـە نـاو شـارەوە» (ڕەسـول ڕەئـوف ـ لێـدوان)

بەرپرسـی مەڵبەنـدی کەرکووکـی حیزبـی سۆسیالیسـت، کـە یەکێـك بـوو لـە پێشـمەرگەکان و بـە کـردەوە بەشـداری لـەو شـەڕانەدا کردبـوو، وردەکارییەکانـی ئـەو شـەوە دەگێڕێتـەوە و دەڵـێ « هەندێـك شـت ئەگـەر بهاتبـاو ڕووی بدایـە، هێنـدەی دیکـە ڕووی دەسـەڵاتی کـوردی لـە شـارەکە ناشـرینتر دەکـرد، بۆنموونـە لـە کاژێر دووی ئـەو شـەوەدا نەجمەدیـن کەریـم لەگـەڵ سـیروانی کـوڕی، بـە پەلەپـرووزێ خۆیـان گەیانـدە بـارەگای میحـوەری کەرکـووك، کـە مەترسـیی کوشـتنی لەسـەر بـوو، لەلایـەن هێزەکانی حەشـدی شـەعبی و لەلایەن حیزبەکەیـەوە بەئاشـکرا بـە جـاش لەقەڵـەم درا و بـە فرۆشـتنی کەرکـووك تۆمەتبـار کرابـوو و بەدواشـیەوە بوون تاوەکو گەیشـتە لای ئێمـە، لـە شـەوی پانـزە لەسـەر شـانزەی ئۆکتۆبـەردا کۆبوونەوەیەکـی سـەرکردە سـەربازییەکان لـە مەکتەبـی سیاسـیی یەکێتـی کـرا، کـە ئاسـۆ مامەنـد، کۆسـرەت ڕەسـووڵ، ڕەفعـەت عەبدوڵـڵا و فەرەیدوون عەبدولقادریشـی لـێ بـوو، بەرەبەیانەکـە سـەڵاح دەلـۆش هـات. لـەوێ کاك کۆسـرەت بـە ئاشـکرا بـە ئامادەبووانـی گـوت: ئێمـە فرۆشـراوین و ڕێککەوتـن کـراوە. ڕێککەوتنەکـە بـە خواسـتی ئـەو نەبـوو، بۆیـە لـە سـەرەتادا پێشـمەرگەکانی شـەڕیان کـرد. پێشـمەرگەکانی کاکـە

حەمـەش کـە ژمارەیـان نزیکـەی 550 پێشـمەرگە دەبـوو، بـە نیازبـوون لـە قۆڵـی لەیـلان شـەڕی مـان و نەمـان بکـەن و سـەنگەرەکان چـۆڵ نەکـەن، بـەڵام دوایـی کاك کۆسـرەت پەیوەنـدی پێـوە کـردن و گوتـی: لـە کاژێـر 11ی پێـش نیـوەڕۆ لـە مەکتەبـی سیاسـی کۆبوونەوەمـان هەیـە و ئامادەبـن، ئەوەبـوو کـە چوویـن، کەسـی لـێ نەمابـوو، ئیتـر ئێمـەش تێگەیشـتین کـە رێککەوتنەکـە کـراوە و بارودۆخەکـە لـە دەسـت دەرچـووە" .

## 4ـ 4بژاردەکانی پێش 16ی ئۆکتۆبەر

لـە ناوەنـدی سیاسـی و لەنێـو خەڵکـی کەرکـووك دا دوو خوێندنـەوە و ئەگـەری جیـاواز هەیـە بـۆ رۆژی 16ی ئۆکتۆبـەر: یەکێکیـان ئەوەیـە، کـە ئاخـۆ هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان بـە خۆبەخشەکانیشـەوە بـەو چەکانـەی پێیانبـوو، توانـای بەرگریکردنـی هەبـوو لـە کەرکـووك لـە بەرانبـەر سـوپایەکی پڕچەکـی وەك سـوپای عێـراق، کـە دەمێـك نییـە لـە شـەڕێکی گـەورەی دژ بـە داعـش بەسـەرکەوتوویی گەڕاوەتـەوە و هێشـتا سەرمەسـتی سـەرکەوتنەکانە و راوێـژکاران و یاریدەدەرانـی ئێرانیـش هاوکاریانـن؟ ئایـا بەرووبەڕووبوونـەوەی هێزەکانـی عێـراق، شـارەکە وێـران دەبـوو یـان تێیـدا بـە سـەلامەتی دەردەچـوو؟ ئایـا کـورد دەیتوانـی بەرگـری لـە کەرکـووك بـکات تاوەکـو هاوپەیمانـان و وڵاتانـی ئەورووپـا دێنـە دەنـگ؟ وەڵامـی دروسـت بـۆ ئـەم پرسـیار و ئەگەرانـە لـەو رۆژگارەدا ئاسـان نیـن. بۆیـە لایەنگرانـی ئـەم ئەگـەرە سـەلامەتیی کەرکووکیـان لەلا مەبەسـت بـوو و کشـانەوەی هێزەکانی پێشـمەرگەیان بەبـێ شـەڕکردن لـەلا پەسـەند بـوو.

ئەگـەری دووەم: دەبووایـە پێشـمەرگە بەرگـری بکردایـە و ئەگـەر بـۆ ماوەیەکـی کورتیـش بووایـە سـەردەکەوت، تاوەکـو وڵاتـان دەهاتنـە دەنـگ، وەکـو ئـەوەی لـە پـردێ رووی دا.

بەرپرسـی کۆمیتـەی کەرکووکـی حیزبـی شـیوعی کوردسـتان، ئەگـەری دووەم پەسـند دەکات و بـە بـڕوای ئـەوان، دەبووایە بەرگـری بکرایـە و

ئاوا بە ئاسانی رادەست نەکرایە "لە 16ی ئۆکتۆبەر، کەرکووکمان لەدەست چوو، ئەو ناوچانەی، کە لە پێش ئەم رووداوە کارەساتبارەی ماڵی کوردی پێ وێران بوو، پێشمەرگەی تێدا نەما، کە بە خوێن پارێزراو بوون .. 16ی ئۆکتۆبەر کارەساتێکی مێژوویی گەورەیە، کە هەرگیز لەبیرناکرێ. چونکە ئەوەی بە دەیان ساڵ بۆ کورد لە شارەکەدا بەدیهات لە چەند کاژێرێکدا لەدەستماندا. 16ی ئۆکتۆبەر رێگەی خۆش کرد بۆ هاتنی سوپای عێراق، پۆلیسی فیدرالی، دژەتیرۆر و دەیان گرووپی میلیشیای حەشدی شەعبی بۆ کەرکووك، کە بە سەرپەرشتیکردنی راستەوخۆی فەرماندەی سەربازیی ئێران جێبەجێکرا".

کاتێك پارتی بڕیاری رووبەڕووبوونەوەی هێزە هێرشبەرەکەی سوپا و حەشدی شەعبیی دا، لە 20ی ئۆکتۆبەر، پێشمەرگە لە پردێ رووبەڕووی ئەو هێزانە بوونەوە و 155 کەسیان لێ کوشتن، کە 81 کەسیان چەکداری بیانی بوون و 203 برینداریشیان هەبوو. زیانەکانی دیکەیشیان 17 هەمەر و زرێپۆش بوو لەگەڵ تانکێکی ئەبرامزی ئەمەریکی لە جۆری M1 زیانەکانی پێشمەرگەش لەو رووبەڕووبوونەوەیەدا 7 شەهید و 57 بریندار بوو.

لە گەڕی دووەمی شەڕی پردێ دا، کە لە 26ی ئۆکتۆبەردا روویدا، هێزەکانی هێرشبەر 23 کەسیان لێ کوژرا، کە 17یان چەکداری بیانی بوون و 3 هەمەریشیان تێکشکا.

لە ئەگەری رووبەڕووبوونەوە و رێگریکردن لە پێشڕەوی هێزەکانی عێراق دا، عەمیدی مافپەروەر ئیدریس رەفعەت ئەحمەد بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووك (پارتی) بە دڵنیاییەوە دەڵێ: هێزەکانی پێشمەرگە و دەزگا ئەمنییەکانی کورد، زۆر بەهێز و رێکخراوتر بوون لە هێزەکانی بەرانبەر. ئەوەی چەند بەرپرسێکی سەربازیی یەکێتی بڵاویان دەکردەوە، گوایە هێزەکانی کورد و ئەو هێزانەی بەرانبەر کەرکووك کۆکرابوونەوە، هاوسەنگ نەبوون. بەپێچەوانەوە، وره و توانای هێزەکانی خۆمان زۆر بەرزتر بوو لە هێزەکانی بەرانبەر. بۆ

نموونە: لە دووزخورماتوو و بەشیر سریەیەکی فەوجێکی لیوای یەك، ڕێی گرتن و هەموو ئەو هێزە هێرشبەرانەی ڕاگرتبوو، نەیاندەتوانی پێشڕەوی بکەن، بەڵام بەداخەوە ئەو ڕێککەوتنەی بەشێکی نێو یەکێتی کردی، خاکی کەرکووك و هەروەهاش دەسەڵاتی کوردی شکاند «هێزەکانی حەشدی شەعبی لە قوتابخانەیەکی ئەو گوندە جێگیرکرابوون، شەوانە سەدان کەس ڕیزەکانی ئەو هێزەیان بەجێدەهێشت و هەڵدەهاتن، لە ژوورێکی پشتەوەی ئەو قوتابخانەیە لێژنەیەکی لەسێدارەدان دروست کرابوو، هەرکەسێك ڕایکردبا، گولەبارانیان دەکرد. ئەو قوتابخانەیە وای لێهاتبوو، بەرهەیوان و پۆلەکانی کرابوونە گرتووخانە و ئەو کەسانەیان تێدا بەند دەکرد، کە هەوڵی هەڵاتنیان دابوو، کار گەیشتبووە ڕادەیەك، جێگە نەمابوو چەکدارانی حەشدی شەعبییان تێدا بەند بکەن . هەروەها پلەداری وەکو ئامر فەوج و ئامر لیوای وەهای تێدا بوو، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی پێوەکردووین، کە کاتێك هێزەکانیان تێکشکان، هاوکاریان بن، چونکە ئەوان بە گوتەی خۆیان ئامانجیان هێرشکردنە سەر کەرکووك نەبووە و ئەوەی ئەوانی لەوێ هێشتووەتەوە، تەنیا مووچەکە و سەرچاوەی بژێویی ماڵ و منداڵیان بووە» (ئیدریس ڕەفعەت ـ لێدوان)

ئەگەر لە ئاماری ڕووداوە ئەمنییەکانی تەنیا ساڵێکی دوای 16ی ئۆکتۆبەر وردببینەوە، دەبینین لە ماوەی نێوان 16ی ئۆکتۆبەری 2017 بۆ 16ی ئۆکتۆبەری 2018 لە پارێزگای کەرکووك 4 هەزار و 783 ڕووداو و ڕووبەڕووبوونەوە تۆمارکراون، کە لەنێوان حەشدی شەعبی و حەشدی شەعبی یان حەشدی شەعبی و سوپای عێراق یاخود چەکدارانی داعش و سوپای عێراق، یانیش چەکدارانی داعش و پۆلیسی فیدرالی دا ڕوویانداوە. بۆ یەکەم جاریشە لە هاوکێشەی ئەمنیدا، لە ماوەی ئەو ساڵەدا، ژمارەی کوژراوانی دەزگا ئەمنییەکان زیاتربێت لە ژمارەی کوژراوانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان. (سەرچاوە: ڕاگەیاندنی ئاسایشی کەرکووك)

لــە 1ی کانوونــی دووەمــی 2018 تاوەکــو 31ی کانوونــی یەکەمــی هەمــان ســاڵ 5110 رووداوی ئەمنیــی جۆراوجــۆر لــە شــارەکەدا تۆمارکـراون، کەچـی هێرشـەکەی سـوپای عێراق و حەشـدی شـەعبی لە 16ی ئۆکتۆبـەر، بـۆ سـەر کەرکـووك ناونرابـوو گێڕانـەوەی سـەپاندنی یاسـا!!

کاریگــەری رووداوەکانــی 16ی ئۆکتۆبــەر لەســەر گۆڕینــی پێکهاتــە و پەیکــەری دەزگا ئەمنییەکانــی شــار و لەســەرکارلادان و دوورخســتنەوەی ئەفســەر و پلەدارانــی کــورد، لەنێــو کوردیــش دا لایەنگرانــی پارتــی بــووە دیاردەیەکــی دیــاری نێــو ئــەو دەزگایانــە. لــە نووســراوێکدا کۆمەڵێــك ئەفســەر بــاس لــە رەوشــی خۆیــان لــە دوای هێرشـەکانی 16ی ئۆکتۆبـەر دەکـەن و دەڵێـن: ئێمـە کۆمەڵێـك ئەفســەری ســەر بــە پارتــی دیموکراتــی کوردســتانین کــە پێشــتر ســەر بــە وەزارەتــی ناوخــۆی هەرێمــی کوردســتان بوویــن، ســاڵی 2003 پــاش رووخانــی رژێمــی بەعــس گواســترایننەوە بــۆ ســەر میلاکــی بەڕێوەبەرایەتیــی پۆلیســی کەرکــووك و لەوکاتــەوە تاوەکــو ســاڵی 2017 لــە 16ی ئۆکتۆبــەر ئێمــە بــە دڵســۆزانە کارمــان کــردووە لــەو شــارەدا و زۆر لــە ئەفســەرانمان شــەهید و برینداربــوون لەکاتــی ئەنجامدانــی ئەرکەکانیانــدا. لــە 16ی ئۆکتۆبــەری 2017 بــە فەرمانــی حیــزب هەمووومــان شــاری کەرکووکمــان بەجێهێشــت و گەڕاینــەوە هەولێــر، هەمــوو پۆســتەکانمان بەجێهێشــت و پــاش 45 رۆژ لــە مانەوەمــان لــە شــاری هەولێــر بــە بڕیــاری کەریــم شــنگالی، وەزیــری ناوخــۆی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان هەمــوو ئەفســەرەکان گەڕاینــەوە کەرکــووك جگــە لــە چەنــد ئەفســەرێك کــە لــە هەرێمــی کوردســتان مانــەوە و ئێســتا دەوام دەکــەن.

پاشــان ئــەم کۆمەڵــە ئەفســەرە حاڵــی خۆیــان لــەم چەنــد خاڵــەی خــوارەوەدا دەخەنــەڕوو:

1- سـەرجەم پۆسـتەکانمان لێسـەندرایەوە و ئۆتۆمبێـل و پاسـەوانمان لێوەرگیراوەتـەوە.

2- بـە فەرمانـی وەزارەتـی ناوخـۆی عێـراق (مجلـس تحقیقـی) لەسـەر سـەرجەم ئەفسـەرەکانمان دروسـتکراوە بەنـاوی (ئینفصالـی و متسـربین).

3- لـەدوای 16ی ئۆکتۆبـەرەوە لەپـاش گەڕانەوەمـان بـۆ کەرکـووك لیسـتێك دروسـتکراوە بەنـاوی (ضبـاط متسـربین) و دەبـێ هەفتـەی دووجـار سـەرجەم ئەفسـەرە پارتییـەکان واژۆی لەسـەر بکـەن.

4- لـە سـاڵی 2010 تاوەکـو ئێسـتا زۆربـەی ئەفسـەرانی پارتـی لـە پلـە بەرزکردنـەوە بێبەشـکراون.

5- وەزارەتـی ناوخـۆی عێـراق زوو زوو نوسـراو ئاراسـتەی پۆلیسـی کەرکـووك دەکات دژی ئەفسـەرانی پارتـی هەرجـارە و بـە بیانوویـەك.

6- سـەرجەم پۆسـتەکانی ئەفسـەرانی پارتـی لەلایـەن ئەفسـەرانی یەکێتـی، عـەرەب و تورکمانـەوە داگیرکـراون.

7- ئێسـتا نووسـراوێکی وەزارەتـی ناوخـۆی عێـراق هەیـە بـە ژمـارە (108100) لـە 6/8/2019 کـە تێیـدا هاتـووە سـزای سـەرجەم ئەفسـەرانی پارتـی بـدەن، هەریەکـەو بەشـێوەیەك و لـە چـوار بڕگـە پێکهاتـووە.

لـە کۆتایـی نووسـراوەکەدا ئـەو ئەفسـەرانە داوا لـە وەزیـری ناوخـۆی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دەکـەن، کـە وتووێـژ لەگـەڵ وەزارەتـی ناوخـۆی عێـراق بکـەن بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانیان.

لـەم خشـتەیەی خوارەوەشـدا لیسـتی ئـەو پۆسـتانە روونکراوەتـەوە کـە پێش 16ی ئۆکتۆبـەر بەدەسـت پارتییـەوە بـوو و ئێسـتا لایەنەکانـی دی بەڕێـوەی دەبـەن.

| ژ | ناوی بەڕێوەبەرایەتییەکان | پلە | ناوی بەڕێوەبەری پێشوو | | ناوی بەڕێوەبەری ئیستا |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی قەزا و ناحییەکانی کەرکووک | عەمید | سەردار قادر محەممەد | ---- | هەڵوەشاوەتەوە |
| 2 | بەڕێوەبەری پاراستنی کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکان | عەمید | جەودەت حەسەن حوسێن | عەقید | جەنگی حەیدەر حەمید/ پارتی |
| 3 | ج/ فەرماندەی پۆلیسی کەرکووک | عەقید | کاوە عەبدولقادر عەبدوڵڵا | عەمید | سەباح جاف/ پارتی |
| 4 | بەڕێوەبەری نەهێشتنی تاوانەکان | عەقید | ڕەزوان شوکور کاکل | عەقید | قەیس عامر ناجی / عەرەبی شیعە |
| 5 | بەڕێوەبەری نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان | عەقید | فاروق عەبدولکەریم | عەقید | هما رەئوف عەبدولکەریم/ پارتی |
| 6 | بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگا | عەقید | سەمیر تاهیر ڕەشید | مقدم | مازن سمین / یەکێتی |
| 7 | بەڕێوەبەری گرتن و گواستنەوە | عەقید | برهان مەجید محەممەد | عەقید | عامر حەمدان/ عەرەب |
| 8 | بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتن | عەقید | دانیال جەبار ئەحمەد | عەقید | سابیر / یەکێتی |
| 9 | بەڕێوەبەری بەشی پاسەوانیی شوێنەوارەکان | عەقید | ئەحمەد ڕەشید ڕەحمان | عەقید | وسام/ عەرەبی سوننە |
| 10 | بەشی پۆلیسی ڕێکاری | عەقید | کامەران عەلی ڕەشید | مقدم | عماد / یەکێتی ـ عەرەب |
| 11 | ئامر فەوجی/1 پۆلیسی ئامادە | عەقید | تەحسین سدیق محەممەد | عەقید | دیار/ تورکمان ـ شیعە |
| 12 | نووسینگەی نەهێشتنی تاوانەکانی بنکەی ئازادی | نەقیب | سامان ڕەمەزان محەممەد | نەقیب | سامان ڕەمەزان محەممەد/ پارتی |
| 13 | نووسینگەی نەهێشتنی تاوانەکانی بنکەی دووبز | عەقید | شوان خالد نەجم | مقدم | سالح جاسم جەمیل/ عەرەبی شیعە |
| 14 | نووسینگەی نەهێشتنی دزینی ئۆتۆمبێل | رائد | تاریق مەجید ڕەزا | مقدم | عەبدولقادر فەخرەدین / یەکێتی |
| 15 | نووسینگەی پۆلیسی ڕووبارەوانی | رائد | ئەحمەد عەلی قادر | عەقید | مازن غەریب/ یەکێتی |
| 16 | بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی ئازادی | عەقید | یوسف محەممەد عەلی | مقدم | فەرهاد مەحموود ئەحمەد/ یەکێتی |
| 17 | بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی دووبز | عەقید | حوسێن عەبدولکەریم ئەحمەد | عەقید | قاسم سابیر محەممەد/ یەکێتی |
| 18 | بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی پردێ | عەقید | بێستوون محەممەد قادر | عەقید | عابدین نەجمەدین/ یەکێتی |
| 19 | بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی سەرگەران | عەقید | موئەیەد بەکر سدیق | عەقید | حەمید مەحموود / یەکێتی |
| 20 | ئەفسەری مەخفەری پۆلیسی ترکەلان | عەقید | دیار زاهیر حەسەن | عەقید | فوئاد حەمەد عەتییە/ عەرەب |
| 21 | ئەفسەری مەخفەری پۆلیسی مەرعی | عەقید | ئیبراهیم سەمەد مەعروف | رائد | حوسێن ڕەئوف/ تورکمان |

| ژ | ناوی بەڕێوەبەرایەتییەکان | پلە | ناوی بەڕێوەبەری پێشوو | | ناوی بەڕێوەبەری ئیستا |
|---|---|---|---|---|---|
| 22 | ئەفسەری مەخفەری پۆلیسی بەشیر | عەقید | مەحموود عەلی ئەسعەد | رائد | عەبدوڵا فازڵ/ تورکمان |
| 23 | ئەفسەری مەخفەری کەلۆڕ | عەقید | حوسێن محەممەدئەمین | رائد | موئەیەد عەلی حەسەن/ تورکمان |
| 24 | بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆ | عەمید | فەهمی فوئاد ئەحمەد | عەقید | سنان جەمیل عەبدوڵا/ نەتەوەی دیارینەکراوە |
| 25 | بەڕێوەبەری سەگە پۆلیسییەکان | عەقید | عەبدوڵا قادر عەبدوڵا | مقدم | حامد خەلیل/ عەرەبی سوننە |
| 26 | ئەفسەری بنکەی پۆلیسی قەرەهەنجیر | عەمید | خەیروڵا عەبدوڵا تۆفیق | عەمید | خەیروڵا عەبدوڵا تۆفیق |
| 27 | بەڕێوەبەری هۆبەی ژمێریاریی پۆلیسی کەرکووک | رائد | قەیوان عەبدوڵا محەممەد | عەمید | محەممەد ناسح حوسێن/ پارتی |
| 28 | ئەفسەری هۆبەی تاوانەکانی عەرەفە | رائد | سامی عەزیز ئەحمەد کاکی | رائد | سامی عەزیز ئەحمەد کاکی |

خشتەی 19: لیستی ئەفسەرانی پۆلیسی پارتی کە لە دوای 16ی ئۆکتۆبەر دوورخراونەتەوە

لەڕووی ئیداری و مەدەنییەوە، لە دوای 16ی ئۆکتۆبەر بەشێك لە بەڕێوەبەرانی کورد بەبیانووی دابڕان و نەهاتن لە پۆستەکانیان دوورخرانەوە.. کامیل سالەیی، قایمقامی قەزای ناوەندیی کەرکووک، مەهدی کاکەیی،بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵ، عەبدوڵا نوورەدین، قایمقامی دووبز و لوقمان ئەحمەد، بەڕێوەبەری ناحیەی سەرگەران و چەندینی دیکەی غەیرە پارتیش لە پۆستەکانیان دوورخراونەتەوە، بۆ نموونە پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی و چەندین پۆستی دیکە کە لە پشکی کورد بوون، لە کورد وەرگیراونەتەوە و دراونەتە پێکهاتەکانی دیکەی شارەکە.

# بەشی پێنجەم
# پرۆسەی خوێندنی کوردی
# لــە دوو قـۆناخی جیاوازدا

## 5 ـ 1قۆناخی چەسپاندنی خوێندنی کوردی

خوێنــدن بــە زمانــی دایــك یەكێــك بــوو لــەو مافــە كولتــووری و رۆشــنبیرییانەی لــە  رێككەوتننامــەی 11ی ئــاداری 1970 بــۆ كــورد چەســپێنرا، لــە پارێزگاكانــی كوردســتان دا بــە كەركووكیشــەوە. لــە هەمــان ساڵ دا بناخــەی خوێندنــی كــوردی لــە شــارەكەدا دانــرا و بــە كۆششــی كۆمەڵێــك مامۆســتای شــارەزا و لێهاتــووی ئەزموونــداری كــورد، كــە پێشــتر لــە قوتابخانــە عەرەبییەكانــدا وانەیــان دەگوتــەوە خوێندنــی كــوردی لــە كەركــووك دەســتی پێكــرد.

پرۆگرامەكانــی خوێنــدن هــەر هەمــان ئــەو پرۆگرامانــە بــوون، كــە لــە قوتابخانــە عەرەبییــەكان دەخوێنــدران. خەمخۆرانــی پرۆســەكە دەســتبەجێ چەندیــن لێژنەیــان بــۆ وەرگێڕانــی پرۆگرامــەكان پێكهێنــا و ســەرجەم بابەتــەكان وەرگێڕدرانــە ســەر زمانــی كــوردی و وانــەی زمانــی كوردیشــیان خســتەپاڵ، رێزمــان و ئــەدەب و وێــژەی كــوردی لەپــاڵ رێنــووس و دارشــتن دا خرانــە نێــو خشــتەی وانەكانــەوە. واتــە پرۆگرامێكــی تایبــەت بــە خوێندنــی كــوردی نەبــوو، هەمــان بابــەت بــوون و بێجگــە لــە وانــەی زمــان و ئەدەبــی كــوردی هیــچ جیاوازییەكیــان لەگــەڵ عەرەبییەكــەدا نەبــوو.

ئـەوکات هەسـتی نەتەوەیـی مامۆسـتایانی کەرکـووک لـەو ئاسـتەدا بـوو، کـە بەوپـەڕی خۆشـییەوە خۆیـان گواسـتەوە ئـەو قوتابخانـە تـازە دامەزراوانـەی کـە خوێنـدن تێیانـدا بـە زمانـی کـوردی بـوو و وێـڕای قوڕسـی بڕیارەکەیـان، بـە گوڕتـر لەجـاران وانەکانیـان دەگوتـەوە و زۆر جاریـش لەپـاڵ وانـە زانسـتی و وێژەییەکانـدا وانـەی نەتەوەیـی و کـورد پەروەرییـان دەئاخنییـە گوێـی قوتابیـان و بـە گیانێکـی کوردانـە گۆشـیان دەکـردن.

هـەر لـە سـاڵی 1970دا حکومەتـی عێـراق جێگرێکـی بـۆ بەڕێوەبـەری گشـتیی پـەروەردەی کەرکـووک بـە ناونیشـانی جێگـری بەڕێوەبـەری گشـتیی پـەروەردە بـۆ کاروبـاری خوێندنـی کـوردی و زمانـی نەتەوەکانی دیکـەی شـارەکە دامەزرانـد و سەرپەرشـتیی پرۆسـە نوێیەکـەی کـردووە، چونکـە لـەو سـاڵەدا هاوشـانی خوێنـدن بـە زمانـی کـوردی، بـە زمانەکانـی تورکمانـی و سـریانیش خوێنـدن دەسـتی پێکـرد. ئـەو جێگـرەش مامۆسـتا فاتیـح حەمـە بـەگ بـوو.

هەرچەنـدە ئامارێکـی فەرمـی ژمـارەی مامۆسـتا و قوتابـی و قوتابخانەکانـی ئەوکاتمـان لەبەردەسـت نییـە، بـەڵام پسـپۆڕانی پەروەردەیـی، کـە ئـەوکات لەنێـو پرۆسـەکەدا بـوون، ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن، کـە ژمـارەی قوتابخانـەکان لـە 70 قوتابخانـەی کـوڕان و کچـان تێپەڕی نەکـردووە بـۆ خوێندنـی هەرسێ قۆناخـی سـەرەتایی، ناوەنـدی و ئامادەیـی لەنێـو شـاری کەرکـووک بـە گونـد و شـارۆچکەکانەوە.

ئـەم ژمارەیـە سـاڵ بـە سـاڵ رووی لە هەڵکشـان کـردووە و پرۆسـەکە لـە پەرەسـەندن دا بـووە، ژمـارەی قوتابیـان، قوتابخانـە و مامۆسـتایانی کـورد زێدەتـر بـووە. بەشـێك لـە قوتابیانـی کـوردی پارێزگاکـە قۆناخـی ئامادەییـان بـڕی و لـە زانکۆکانـی عێـراق وەرگیـران. قوتابیانـی کەرکـووك، ئەوانـەی خوێندنیـان لەنێـو شـارەکەدا تەواوکردبـوو هیـچ کێشـەیەکیان لـەڕووی زمانـەوە نەبـووە، چونکـە وێـڕای خوێندنـی زمـان و ئەدەبـی عەرەبـی، سرووشـتی فرەنەتەوەیـی شـارەکە هانـدەر بـووە بـۆ درێـژەدان بـە خوێندنـی بـاڵا، جـا بـە هـەر زمانێـك بێـت . ئـەم

رەوشــەی خوێنــدن تاوەکــو ســاڵی 1975 بــەردەوام بــوو.

دوای ئــەوە کاتێــك حکومەتــی عێــراق لــە رێککەوتننامــەی 11ی ئــادار پاشــگەز بــووەوە و لــە جێبەجێکردنــی بەنــدە بنەڕەتییەکانــی رێککەوتننامەکــە خــۆی دزییــەوە، پرۆســەی پــەروەردە و فێرکردنیــش بــە کــوردی پاشەکشــەی پێکــرا. نــەك هــەر بایەخــی جــاران، بگــرە بــەرەو دژایەتیکردنــی پرۆســەکە هەنــگاوی دەنــا و هەڵمەتێکــی بــە عەرەبکردنــی دەســتپێکرد و هانــی خەڵــك دەدرا واز لــە خوێندنی کوردی بێنــن. بەپێــی سیاســەتێکی بەرنامــە بۆداڕێــژراو لەنێــوان ســاڵانی 1976 - 1979 پرۆســەی خوێندنــی بــە زمانــی کــوردی لــە پارێــزگای کەرکــووك لادرا.

هەنــگاوی یەکــەم، بــە قۆناخــی ســەرەتایی دەســتیپێکرد و لــە ســاڵی 1976ەوە شــتێك نەمــا بــە نــاوی خوێندنــی کــوردی لــە پۆلــی یەکەمــی ســەرەتایی و لــە ناوەندییەکانیــش دا چەنــد وانەیەکــی وەکــو مێــژوو، جوگرافیــا و پــەروەردەی نیشــتمانیی بــە کــوردی قەدەخەکــران و ســەرجەم کتێبــە کوردییەکانــی ئــەم بابەتانــە لــە کۆگانــی قوتابخانەکاندا کێشــرانەوە و بــە کتێبــی عەرەبــی جێگەیــان پڕکرایــەوە. بــەم شــێوەیە تاوەکــو ســاڵی 1979 بەتــەواوی خوێنــدن بــە زمانــی کــوردی لــە شــارەکەدا بنبڕکــرا و لــە ســاڵی 1980دا تــەواوی قوتابخانــەکان بــە گشــت قۆناخەکانــی خوێندنــەوە کرانــە عەرەبــی. تەنانــەت نــاوی قوتابخانەکانیــش کرانــە عەرەبــی، ئــەو نــاوە نوێیانــەش زۆر نامۆبــوون بــۆ منداڵانــی کــوردی کەرکــووک، بۆنموونــە قوتابخانەی پیرەمێــرد کرایە (البکــر)، ئــازادی کرایــە (ابــن الارقــم)، ئامادەیــی کوردســتان کرایــە (عبدالملــك بــن مــروان)، ســەرەتایی کوردســتان کرایــە (شــرحبیل بــن حســنە)، خانــزاد کرایە (قــدس)، چوارچــرا کرایــە (القریــش)، هەموویان بەوشــێوەیە ناویــان گــۆڕدرا.

تەنیــا ئــەوە نەبێــت، کــە لــە هــەر ئامادەییــەك دا یــەك دوو هۆبــەی خوێنــدن بــە کــوردی بــۆ ئــەو قوتابیانــە مابوونــەوە، کــە خۆیــان بــۆ ســاڵی ئاینــدە بــە مەبەســتی بەدەســتهێنانی نمرەیەکــی بەرزتــر خۆیــان

هێشـتبووەوە. دوا هەناسـەکانی پرۆسـەی خوێندنـی کـوردی لـە کەرکـووك لەگـەڵ تەواوبوونـی ساڵی خوێندنـی 1979 - 1980دا بـوو.

## 5 ـ 2قۆناخی پاش رووخاندنی رژێمی بەعس

لـە رۆژەکانـی بەرایـی ئازادکردنـی کەرکـووك دا فەرمانگـە فەرمییەکان هاوشـانی دەزگاکانـی تەناهـی و پۆلیس سـەرلەنوێ بـە گـوڕ و تینێکـی دیکـە کەوتنـەوە کار و هـەر زوو هەوڵـی کاڵکردنـەوە و سـڕینەوەی ئاسـەوارەکانی سیاسـەتە چەوتەکانـی رژێمـی پێشـوو درا.

بەڕێوەبەرایەتیـی خوێندنـی کـوردی، یەکێـك بـوو لـەو فەرمانگـە مەدەنییە پەروەردەییانـەی پێشـەنگ بوون لە دەسـت بەکاربوونەوەیان لـە کەرکـووك، کـە لـە رۆژگارەکانـی ئاوارەبوونـی هـەزاران خێزانـی شـارەکە ئـاوارەی شـارەکانی هەرێمـی کوردسـتان ببـوون و بەڕێوەبەرایەتییەکـی گشـتی بـۆ پـەروەردەی کەرکـووك لـە هەولێـر و بەڕێوەبەرایەتیـی پـەروەردەی کەرکـووك لـە سـلێمانی دامەزرابـوو "قۆناخـی دووەمـی پرۆسـەکە لـە کەرکـووك زۆر ئاسـانتر و خێراتربـوو لـە قۆناخـی یەکـەم، چونکـە لـەم قۆناخـەدا بنەماکانـی پرۆسـەکە ئامـادەن و خـاوەن حکومـەت و وەزارەتێکـی پـەروەردە و ئەزموونێکـی پەروەردەییـن بـە زمانـی کـوردی لـە ئاوارەیـی دا. ژمارەیەکـی زۆری ئـەو مامۆسـتا دوورخراوانـەی لـە کەرکووکـەوە بـەر شـاڵاوی راگواسـتن کەوتبـوون، سـازدران بـۆ گەڕانـەوە بـۆ شـارەکەی خۆیـان و دواتـر دانانیـان لـە قوتابخانـە کوردییـەکان دا. لەمانـەش گرنگتـر ئـەو ژمـارە زۆرەی قوتابیانـی کـوڕ و کچـی خێزانـە ئاوارەکانـی هەرێمـی کوردسـتان بـوون لـە قۆناخـە جیاوازەکانـی خوێنـدن، کە بەشـی پڕکردنـەوەی دەیان قوتابخانـەی سـەرەتایی، ناوەنـدی و ئامادەییـان دەکـرد. بـە جـۆش و خرۆشـەوە روویـان کـردەوە ناوەندەکانـی خوێنـدن لـە زێـدی بـاوک و باپیرانیـان. منداڵانـی ئـەو خێزانانـەش، کـە لـە کەرکـووك مابوونـەوە و بـەر شـاڵاوەکە نەکەوتبـوون، ئەوانیـش لـە قوتابخانـە کوردییـەکان تۆمارکـران و سـەدان پۆلیـان بـۆ کرایـەوە " (شـێرزاد رەشـید ـ لێـدوان)

قوتابیانی قۆناخی سەرەتایی تاوەکو رادەیەك کارەکەیان ئاسانتر بوو لە قوتابیانی قۆناخە پێشکەوتووەکانی ناوەندی و ئامادەیی، کە تاوەکو رۆژی رووخاندنی رژێمی بەعس بە زمانی عەرەبی دەیانخوێند، بەڵام هەستی نەتەوەیی زۆر لەوە مەزنتر بوو و هەر هەموو شانیان دایەبەر خوێندن بە زمانی کوردی و وایان هەست دەکرد، کە بە خوێندنیان بە زمانی کوردی، کوردبوونی خۆیان و شارەکەیان دەسەلمێنن.

لێرەدا لیژنەی پەروەردەیی هێزەکانی هاوپەیمانان رۆڵێکی زۆر نەرێنییان لە ئاست پرۆسەی خوێندنی کوردی نواند، بەوەی کە رێگرییان لە کردنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی قوتابخانە کوردییەکان کرد و لە سەرەتادا رێگەی کردنەوەی تەنیا یەك قوتابخانەیان دا! بەڵام بە هەوڵ و کۆششی دڵسۆزانی پرۆسەی خوێندنی کوردی لە کەرکووك توانرا هەر لەو ساڵەدا واتە لە ساڵی خوێندنی 2003 - 2004 پێنج قوتابخانە بۆ خوێندنی کوردی بکەنەوە و سەرجەم پێداویستییەکانیان لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابین بکەن.

بەڵام بەهۆی بەردەوامبوونی هاتنەوەی کاروانی ئاوارەکان و گوشاری تۆمارکردن لەنێو قوتابیانی کوردی شارەکە نەتوانرا جێگەی ئەو ژمارە زۆرەی قوتابیان لەو پێنج قوتابخانەیەدا بکرێتەوە، بۆیە بە راوێژی پسپۆڕانی پەروەردە لەگەڵ هاوپەیمانان، هەر ئەو ساڵە توانرا ژمارەکە بگەیێننە 15 قوتابخانە بۆ هەر سێ قۆناخەکەی خوێندن.

لە ساڵی خوێندنی 2004 - 2005 ئەم ژمارەیە زیاتر هەڵکشا و گەیشتە 78 قوتابخانەی کوردی و یەك ساڵ دوای ئەوە، ژمارەکە زۆر زیاتر بوو و گەیشتە 183 قوتابخانە لە 2008 - 2009.

بۆ ساڵی خوێندنی 2017 - 2018 ژمارەی قوتابخانە کوردییەکانی

سـەر بـە خوێندنـی کـوردی لـە پارێزگاکـە گەیشـتە 638 قوتابخانـە و 32 باخچـەی منـداڵان!

| ساڵی خوێندن | ژمارەی قوتابخانە |
| --- | --- |
| 2003 ـ 2004 | 15 |
| 2004 ـ 2005 | 78 |
| 2005 ـ 2006 | 183 |
| 2008 ـ 2009 | 268 |
| 2018 ـ 2019 | 638 |

خشـتەی 20: ژمـارەی قوتابخانـەکان بەپێـی سـاڵەکانی خوێنـدن (سـەرچاوە : هۆبـەی ئامارەکانـی خوێندنـی کـوردی)

## 5 -3خوێندنی کوردی لە سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا

یەکێـك لـە کارە هـەر گرنگەکانـی کابینـەی یەکگرتـووی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان (کابینـەی پێنجـەم) یەکخسـتنەوەی بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتی پـەروەردەی کەرکـووك و بەڕێوەبەرایەتیـی پـەروەردەی باوەگوڕگـوڕ و کردنـەوەی بەشـی خوێندنـی کـوردی بـوو لە کەرکـووك، کـە وەك بەڕێوەبەرایەتییەکـی سـەربەخۆ مامەڵـەی لەتـەك دا دەکرێت. هەروەها کردنـەوەی یەکـەی ژمێریاری خوێندنـی کـوردی هەنگاوێکـی ئەرێنـی بـوو، کـە کڕیـن و دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی قوتابخانـەکان و نێـو دیوانـی پـەروەردە و گواسـتنەوەی مووچـەی مامۆسـتایان و فەرمانبەرانی خوێندنـی کـوردی لـە وەزارەتـی دارایـی هەرێمـی کوردسـتانەوە دەگواسـتەوە کەرکـووك.

پەروەردەکارانـی شـارەکە پێیانوایـە، کـە ئەگـەر سـەرجەم کەرتـەکان لـە ئەنجامـی دوو ئیدارەیـی هەرێمـی کوردسـتان دا زیانمەنـد بووبـن، ئـەوا پرۆسـەی خوێندنـی کـوردی لـە کەرکـووك بـە پێچەوانـەی

کەرتەکانـی دیکـە زۆر سـوودمەند بـوون، چونکـە ئەگـەر ئیـدارەی سـلێمانی 50 مامۆسـتای دوورخـراوەی دابمەزراندایەتـەوە، ئـەوا ئیـدارەی هەولێـر لـە بەرانبـەردا 60 مامۆسـتای دادەمەزرانـدەوە. کاتێك ئیدارەی سلێمانی لیستێکی بۆ تازە دامـەزراوان رادەگەیاند بۆ کەرکـووك، ئـەوا ئیدارەی هەولێـر لیستێکی درێژتـری ئامـادە دەکـرد و نەیاندەهێشـت میلاکـی خوێنـدن لـە شـارەکە هیـچ پێویسـتییەکی هەبێـت. لـە سـاڵانی 2003 ـ 2005 تەنیـا ئیـدارەی هەولێـر ژمـارەی مامۆسـتایانی دامـەزراوی گەیانـدە 2400 مامۆسـتا و فەرمانبـەر، لـە ئیـدارەی سـلێمانیش ژمارەکـە گەیشـتە 1900 فەرمانـی دامەزرانـدن.

کێبرکێیەکـە بـۆ دابینکردنـی پێداویسـتییە گرنگەکانیـش بـەردەوام بـوو و هـەردوو ئیدارەکـە لـە خۆشـبەختیی قوتابیـان و مامۆسـتایانی کـوردی کەرکـووك تاوەکـو دەهـات گەرمتـر دەبـوو، تاوەکـو کابینـەی یەکگرتـووی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دامـەزرا و لـەو کابینەیەشـدا پشـك بـۆ دامەزرانـدن لـە کەرکـووك تەرخـان دەکـرا. پشـکەکە وەنەبێـت هاوشـێوەی بەڕێوەبەرایەتـی پـەروەردەی پارێزگاکانـی هەرێمـی کوردسـتان بووبێـت، بەڵکـو سـاڵانە، کـە هەلـی دامەزرانـدن دەکرایـەوە، پشـکی پـەروەردەکان جـودا دەکرانـەوە و لـە پشـکی گشـتیی ئـەو سـاڵانەدا 5%ی بۆ نێـو دیوانی وەزارەتـی پەروەردە بـوو و لـەو ڕێژەیـەش بەشـێك دەدرایـە پـەروەردەی کەرکـووك، کـە بەگشـتی دەیکـردە 200 - 250 مامۆسـتا و فەرمانبـەر.

ساڵانە حکومەتـی فیدراڵـی عێـراق دامەزراندنـی بـۆ پارێزگـەکان بێجگـە لـە پارێزگەکانـی هەرێمـی کوردسـتان دەکـردەوە، دیسـانەوە لە پشـکی پارێـزگای کەرکـووك، پشـکی مامۆسـتای کـوردی تێـدا بـوو، کـە لـە قوتابخانـە کوردییـەکان کەموکـوڕی میلاکیـان پـێ پـڕ دەکرایـەوە، بەڵام ئـەوان مووچەکانیـان لەسـەر حکومەتـی فیدراڵیـی عێـراق بـوو. تاوەکـو سـاڵی خوێندنـی 2018 - 2019 ژمـارەی مامۆسـتا و فەرمانبەرانـی خوێندنـی کـوردی گەیشـتە 9600 مامۆسـتا و فەرمانبـەر، کـە سـەرجەمیان تاوەکـو ئێسـتا مووچەیـان لەسـەر وەزارەتـی پـەروەردەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانە.

## 5 - 4 رۆڵـی یەکێتیـی مامۆسـتایانی کوردسـتان لـە پرۆسـەی خوێندنـی کـوردی دا

کردنـەوەی لقـی کەرکووکـی یەکێتیـی مامۆسـتایانی کوردسـتان لـە کەرکـووك و هەڵبژاردنـی دەسـتەی کارگێریـی لقەکـە، کـە نوێنەرایەتـی زۆربـەی حیزبـە کوردسـتانییەکانی دەکـرد و مامۆسـتایانی سـەرجەم لایەنـەکان ئەندامێتییـان پێبەخشـرا، رۆڵێکـی کاریگـەری لـە پێشخسـتنی پرۆسـەی خوێندنـی کـوردی هەبـوو لـە کەرکـووك، بەتایبەتیـش دوای یەکگرتنـەوە، چونکـە دوو لقـی کەرکووکـی یەکێتیـی مامۆسـتانیش هەبـوو، یەکێکیـان سـەر بـە ئیدارەی هەولێـر و ئـەوی دیکەیـان سـەر بـە سـلێمانی بـوو.

دەتوانیـن رۆڵـی ئـەو لقـەی یەکێتیـی مامۆسـتایانی کوردسـتان لـەو قۆناخـەدا لـەم خاڵانـەی خـوارەوەدا کـورت بکەینـەوە، کـە سـەرئەنجام وەك رێکخراوێکـی پیشـەیی بـووە پشـتیوانێکی بەهێـزی پرۆسـەی خوێندنـی کـوردی لـە کەرکـووك:

1- هانـدان و گوشـار خسـتنە سـەر هـەردوو ئیـدارەی هەولێـر و سـلێمانی بـۆ بایەخدانـی زیاتـر بـە بـرەودان بـە پرۆسـەی خوێندنـی کـوردی لـە کەرکـووك.

2- هاوئاهەنگیکـردن لەگـەڵ گشـت ئـەو رێکخـراوە پەروەردەییانـەی هاوکارییـان بەسـەر پـەروەردەکان دا دابـەش دەکـرد و تەرخانکردنـی برێکـی بەرچـاو لـەو هاوکارییانـە بـۆ مامۆسـتایان و قوتابخانەکانـی خوێندنـی کـوردی.

3- بەشـداریکردن لـە دیاریکردنـی مامۆسـتا بـە ئەزموونـەکان بـۆ دانانـی بەڕێوەبـەر و یاریدەدەرەکانیـان بـۆ قوتابخانـە کوردییەکان.

4- هاوکاریکردنـی بەڕێوەبەرایەتـی خوێندنـی کـوردی لە چارەسـەرکردنی هـەر کێشـە و گرفتێك کـە لـە نێـو قوتابخانەکانـدا لەنێـوان مامۆسـتا و قوتابـی یـان مامۆسـتا و مامۆسـتا، یانیـش مامۆسـتا و کارگێڕیـی

قوتابخانـەکان سـەریهەڵدەدا، زوو وەزارەتیـان لـێ ئـاگادار دەکـردەوە.

5- کێشـەکانی بـەردەم پرۆسـەی خوێندنـی کـوردی دوای پرۆسـەی ئازادیـی عێـراق .

کێشـە دروسـتکردن بـۆ خوێندنـی کـوردی لـە بەغـدا و لەلایـەن بەڕێوەبەرایەتـی گشـتیی پـەروەردەی کەرکـووک بـەردەوام بـوون . لەوانـەش:

یەکـەم: لێژنـەی پـەروەردەی ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك لـە پێگەیەکـدا بـوو نەتوانێـت بـە تەنیـا بایەخـی تایبـەت بـە بووژانـەوەی خوێندنـی کـوردی لـە پارێزگاکـە بـدات. وەك لێژنەیەکـی بێلایـەن کاریکـرد و لەکاتـی سـەرهەڵدانی هـەر کێشـەیەکی پەروەردەیـی، چ لـە خوێندنـی عەرەبـی بێـت یـان کـوردی، تورکمانـی و سـریانی هەوڵـی چارەسـەرکردنی داوە و ناکرێـت بڵێیـن ئـەم لێژنەیـە هاوشـانی وەزارەتی پـەروەردەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان رۆڵـی کاریگـەری هەبووە. زۆر جاریـش نەیانتوانیـوە لەسـەر ئـەو پێشـێلکارییانەی بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتیی پـەروەردەی کەرکـووك لـە ئاسـت خوێندنـی کـوردی ئەنجامـی داوە بێنـە دەنـگ و مافـی خوێندنـی کـوردی بپارێزێـت.

دووەم: ئـەو بەڕێوەبەرایەتییـە گشـتییەی لـە وەزارەتـی پـەروەردەی حکومەتـی فیدراڵـی عێـراق بەنـاوی بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتیی خوێندنـی کـوردی کراوەتـەوە، هیـچ رۆڵێکـی لـە پێشخسـتنی خوێندنـی کـوردی دا نەبـووە لـە کەرکـووك، بەڵکـو وەك بەڕێوەبەرایەتییەکـی گشـتی سەرپەرشـتیی سـەر خوێندنـی کـوردی کـردووە لـە سـەرجەم پارێزگاکانـی عێـراق، بێجگـە لـە هەرێمـی کوردسـتان چونکـە لـە پۆلـی چوارەمـی ئامادەیـی سـەرجەم قوتابخانەکانی ئەوێـدا وانەیەکـی تایبەت هەیـە بـۆ خوێندنـی زمانـی کـوردی و ئـەوان تەنیـا سەرپەرشـتیی ئـەو پرۆسـەیە دەکـەن و بـە هیـچ شـێوەیەك تێکەڵـی ئـەو خوێندنـی کوردییـە نابـن کـە لـە کەرکـووك دەخوێنـدرێ. وەزارەتـی پـەروەردەی عێراقـی فیدراڵیـش بـە هیـچ شـێوەیەك هەماهەنـگ و هـاوکار نەبـووە

لــە دابینکردنــی پێداویســتییەکانی خوێندنــی کــوردی لــە کەرکــووك و پڕکردنــەوەی کەموکوڕییەکانــی. هەرچــی ئیمتیــازات و هاوکاریکردنــە بــۆ مامۆســتایان و فەرمانبەرانــی خۆیانیــان کــردووە و مامۆســتا و فەرمانبەرانــی خوێندنــی کوردییانــی لــێ بێبــەش کــردووە.

« هــەر نووســراوێك لــە وەزارەتــی پــەروەردەی بەغــداوە ئاراســتەی بەڕێوەبەرایەتیــی پــەروەردەی کەرکــووک بکرێــت، بەرپرســەکانی پــەروەردە، هەوڵــی شــاردنەوە و دیــزە بەدەرخۆنەکردنــی نووســراوەکە دەدەن و لــێ ناگەڕێــن بگاتــە دەســتی بەشــی خوێندنــی کــوردی، نەبــادا مامۆســتایانی کوردیــش ســوودمەند بــن. وەك ئــەو نووســراوەی کــە لــە 2009/12/13 لــە بەغــداوە ئاراســتەی ئــەم بەڕێوەبەرایەتییــە کــراوە و نێوەڕۆکــی نووســراوەکە داوای ئــەوە دەکات هــەر مامۆســتایەك کاتــی خــۆی لەلایــەن ڕژێمــەوە دەرکرابــێ و لــە دوای ڕووخاندنــی ڕژێمــەوە گەڕابێتــەوە ســەر پیشــەکەی و لــە دەوامــی خــۆی بــەردەوام بێــت، ئــەوا ئــەو ماوەیــەی دەرکــردن و دابڕانــەی بەخزمــەت بــۆ هەژمــار دەکرێــت، دەبووایــە ئــەم نووســراوە لــە مــاوەی تەنیــا پێنــج ڕۆژدا وەڵام بدرێتــەوە، کەچــی ئێســتا 19/ 1/ 2010یــە و هێشــتا نووســراوەکە نەنێــردراوە بــۆ بەشــی خوێندنــی کــوردی » (ڕابــەر ڕەشــید ـ 2012 ـ ل 112 و 113)

ســێیەم: دەســتتێوەردانی حیــزب و لایەنــە کوردســتانییەکان لــە پرۆســەی خوێندنــی کــوردی دا ڕەنگــە هەنــدێ جــار بووبێتــە هــۆی خاوکردنــەوەی ڕەوتــی پێشــکەوتنی پرۆســەکە و کۆســپ و تەگــەرەی بــۆ دروســتکردوون.

شــێرزاد ڕەشــید کاکــە بەرپرســی یەکەمــی پرۆســەکە لــە کەرکــووك ئــەم ڕاســتییە ناشــارێتەوە و دەڵێــت کــە ئــەم دیاردەیــە لەنێــو پرۆســەی خوێندنــی کــوردی لــە شــارەکەش دا وەک کەرتەکانــی دیکــە، حیزب و لایەنــە کوردســتانییەکانی تێدایــە، کــە هەندێك جــار بــە ئەرێنــی و هەنــدێ جاریــش بــە نەرێنــی ڕەنگیداوەتــەوە و بــە پرۆســەکەدا. بــۆ نموونــە: دانانــی بەڕێوەبــەر و یاریدەدەرەکانیــان لــە هــەر ناوەندێکــی

خوێندن دا بە پشتگیری حیزبی بووە و کەرکووك بەدەرنەبووە لەم دەست تێوەردانە و، دیاردەکە بە زەقی لە پەروەردەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیش دا هەستی پێدەکرێت. نەك هەر دانان، بەڵکو لە گواستنەوەی مامۆستایانیش دا حیزب ئەم رۆڵەی گێڕاوە و زۆر جاریش لەکاتی سەرهەڵدانی کێشەیەك دا مامۆستایان و کارگێڕانی قوتابخانەکان پەنایان بۆ حیزب بردووە و لێرەدا بوونەتە نێوەندگیرێکی چالاك و چارەسەری خێرایان بۆ کێشەکانیان دۆزیوەتەوە و نەیانهێشتووە پرۆسەکە لەکەدار بێت. واتە لێرەدا دەست تێوەردانەکە لە بەرژەوەندی پرۆسەکەدا شکاوەتەوە و ئەرێنی بووە.

لەلایەکی دیکەوە لەکاتی کردنەوەی قوتابخانەیەکی نوێ دا، لایەنێکی دیاریکراو بە باشی زانیوە بەڕێوەبەرەکەی بە ئاگاداری و پشتگیریی ئەوان بێت و بە رەزامەندی لایەنەکانی دیکە گەیشتوونەتە ئەنجامێك کە هەموو لایەك کۆك بن لەسەری.

بەڵام ئەمە مانای ئەوە نەبووە، کە هەر کاتێك بەڕێوەبەر یان یاریدەدەرێك سەرپێچییەکی یاسایی و کارێکی دوور لە گیانی پەروەردەیی و گەندەڵییەکی لە دەست دەرچوو، حیزب هەر سووربێت لەسەر پشتگیریکردنی، بەڵکو لەم بارانەدا هۆبەی یاسایی و سەرپەرشتیارانی کارگێڕی و پەروەردەیی رۆڵی خۆیان گێڕاوە و دوور لە دەست تێوەردانی هیچ لایەنێك بڕیاری کۆتایی خۆیان داوە.

شێرزاد رەشید هەر سەبارەت بە پرسی دەست تێوەردانی حیزبی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دا دەڵێ، جاری واهەبووە کاتێك پەروەردە هانای بۆ حیزب و لایەنە کوردستانییەکان بردووە بۆ جێبەجێکردنی کارێکی دیاریکراوی بەپەلە، ئەوان هاوکاریان بوونە و وەزارەت و سەرووی خۆیانیان لە کێشەکە ئاگادارکردووەتەوە و بە هانای پرۆسەکەوە هاتوون، ئەویش لەبەرئەوەی جاروبار دەنگی ئەوان بیستراوترە لە دەنگی بەرپرسانی پەروەردە و خێراتر چارەسەر کراوە، بەڵام هەرگیز ئەوان پاڵپشتی گەندەڵکاران نەبوونە. واتە

دەستتێوەردانی حیزبی لە پرۆسە پەروەردەییەکەدا هەردوو دیوی ئەرێنی و نەرێنی هەبووە.

چوارەم: نەناساندنی بەشی خوێندنی کوردی لە کەرکووك وەك بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیی سەربەخۆ کێشەیەکی دیکەی بەردەم پرۆسەکەیە، کە هاوتای بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان نەکراوە لەڕووی بودجەی تایبەت و ئەو ئیمتیازاتانەی بۆ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی دیکە مسۆگەرکراون، بۆ خوێندنی کوردی لە کەرکووك دابین نەبووە. لەڕووی پشکی دامەزراندنیش بێبەش کراوە. چونکە ئەو ژمارە زۆرەی ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن لە قۆناخی باخچەکانی منداڵانەوە تاوەکو دوایین پۆلی قۆناخی ئامادەیی و ئەو پەیمانگە ئەهلیانەی لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە مۆڵەت پێدراون، بەم بودجە کەمە و بەم بێ ئیمتیازاتانە بەڕێوەناچێت. بۆ نموونە: مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی دیکە ساڵانە بەشداری کۆنفرانس و کۆڕ و کۆبوونەوە پەروەردەییەکانی دەرەوەی وڵات دەکەن، بەڵام ئەوانەی کەرکووك بێبەشن لەم جۆرە چالاکیانە، هەروەها لە پرۆسەکانی دابەشکردنی زەوی و یەکەکانی نیشتەجێبوون و پێشینەکانی هاوسەرگیری و خانووبەرە، هەر بێبەشن. مامەڵەکردنی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش هەر لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگاکان بووە، بۆیە دیسانەوە لەم هاوکارییانەش بێبەش بوونە.

پێنجەم: کێشەیەکی دیکەی خوێندنی کوردی لە کەرکووك پەیڕەوکردنی سیستمی خوێندنی هەمەجۆرە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی کەرکووك، کە لە قۆناخی چوارەمی ئامادەییەوە بەشەکانی زانستی و وێژەیی جیا دەکرێنەوە. بەشە زانستییەکەشی کراوەتە دوو لقی زیندەزانی و پراکتیکی، بەڵام لە هەرێمی کوردستان هەر بە سیستمە کۆنەکە دەخوێندرێت و پرۆگرامەکانی خوێندنی

کــوردی هــەر هەمــان پرۆگرامەکانــی خوێندنــە لــە پەروەردەکانــی هەرێمــی کوردســتان، بۆیــە خوێندنــی کــوردی ناچارکــرا پرۆگرامەکانــی هاوتــای خوێندنــی عەرەبــی بکاتــەوە. بــۆ ئــەم مەبەســتە لێژنەیەکــی سەرپەرشــتیاران بــە هاوئاهەنگــی وەزارەتــی پــەروەردەی عێــراق ســەردانی بەغدایــان کــرد و دەســتکارییەکی بنەڕەتــی پرۆگرامەکانیــان کــرد، کــە تاوەکــو رادەیــەك بــۆ قوتابیان شــتێکی نامــۆ بــوو، بەتایبەتیش قوتابییــە دوو ســاڵییەکانی پۆلــی شەشــەمی ئامادەیــی.

شەشــەم: راســتکردنەوەی پــەڕاوی تاقیکردنــەوە گشــتییەکان تاوەکــو ئێســتا هــەر لــە بەغــدا دەکرێــت، کــە پێویســتی دەکــرد لیژنەکانــی راســتکردنەوەی پــەڕاوەکان بچنــە بەغــدا و چەنــد شــەوێك لــەوێ بمێننــەوە. زۆر کاتیــش دۆخــی ناســەقامگیری تەناهــی رێگــەی کەرکــووك - بەغــدا مەترســیدار بــوو و گیانــی مامۆســتایانی دەخســتە مەترســییەوە، بۆیــە هەمــوو مامۆســتایەك ئامادەنەبــوو رێگــەی هــات و نەهــات بگرێتەبــەر و راســتکردنەوەی پــەڕاوەکان و راگەیاندنــی ئەنجامــی تاقیکردنــەوە گشــتییەکان دوادەکــەوت. ئەنجامــەکان لەگــەڵ خوێندنــی عەرەبــی رانەدەگەیێنــدرا و قوتابیانــی خوێندنــی کــوردی تووشــی دڵەڕاوکــێ دەکــرد.

حەوتــەم: کۆســپێکی دیکــەی بــەردەم پرۆســەی خوێندنــی کــوردی لــە کەرکــووك، چالاکبوونــی چەکدارانــی داعــش و نزیکبوونەوەیــان بــوو لــە ســنوورەکانی کەرکــووك و، دواتــر هاتنــە ژوورەوەیــان بــۆ نێــو گــەڕەك و کۆڵانەکانــی شــار، پرۆســەکە لــە زیانەکانــی ئــەم هێــزە تاریکپەرســتانە بێبــەش نەبــوو. لــە رۆژی 21 تشــرینی دووەمــی 2016دا پڕووشــکی ئاگریــان گەیشــتە بینــای بەڕێوەبەرایەتیــی خوێندنــی کوردی و بە دەســتی ئەنقەســت ســەرجەم یەکــە و هۆبەکانــی نێــو دیوانــی بەڕێوەبەرایەتیــی خوێندنــی کوردییــان لــە کەرکــووك ســووتاند و دوو پۆلیســی پاســەوانی بیناکەشــیان تیرۆرکــرد. ســووکایەتییان بــە ئــاڵای کوردســتان و وێنــەی ســەرکردەکانی کــورد کــرد، کەچــی دەســتیان بــۆ خوێندنــی عەرەبــی، بەشــی خوێندنــی تورکمانــی و ســریانی نەبــرد.

ئـەم کارە قێزەونـەی داعـش فەرمانبەرانـی خوێندنـی کوردییـان خسـتە دڵەڕاوکێــوە، بــەڵام خۆشــبەختانە ئــەو ڕۆژەی هێرشــەکەیان تێــدا ئەنجامدابـوو هەینـی بـوو و دەوام نەبـوو، ئەگەرنـا کـەس بـە زیندوویی تێـدا نەدەمـا، یـان دەسـووتێنران یانیـش بـە بارمتـە دەسـتگیر دەکـران. بــۆ مــاوەی نزیکــەی ســێ هەفتــە پشــێویەك لەنێــو فەرمانگەکــەدا دروســت بــوو، بــەڵام نەبــووە هــۆی پەککەوتنی پرۆســەی خوێندنــی کــوردی.

هەشــتەم: داخســتنی زانکۆکانــی هەرێمــی کوردســتان بــەڕووی دەرچووانــی ئامادەییەکانــی کەرکــووك کێشــەیەکی دیکــە بــوو، کــە رووبــەڕووی قوتابیانــی کــوردی کەرکــووك بووەتــەوەو، مــاوەی هەشـت نـۆ سـاڵی خوێنـدن، هەلـی قوتابیانـی کەرکووك زۆر بەرتەسك کرابــووەوە و دەرفەتــی وەرگرتنیــان لــە زانکــۆکان لــە نێــوان زانکــۆی کەرکــووك و زانکۆکانــی ســەڵاحەدین، روومــادی و نەینــەوا قەتیــس مابــوو.

ڕەوشــی ناســەقامگیری ئــەم شــارانە و چالاکبوونــی گرووپــە چەکدارییــەکان، هاموشــۆی قوتابیانــی وەرگیــراو لــەو زانکۆیانــە قورســترکرد بەتایبەتیــش بــۆ کچــان، کــە بەشــێکیان بــە ناچــاری بــۆ ماوەیەکــی کاتــی، وازیــان لــە خوێنــدن دەهێنــا، تاوەکــو کار گەیشــتە ئــەوەی تــەواوی پارێــزگای نەینــەوا و ســەڵاحەدین کەوتــە ژێــر دەســتی هێزەکانــی داعــش. بۆیــە بــە هەوڵــی لقــی کەرکووکــی یەکێتیــی مامۆســتایانی کوردســتان و حیــزب و لایەنــە کوردســتانییەکان داوا لــە وەزارەتــی خوێندنــی بــاڵای هەرێمــی کوردســتان کــرا ئــەو قوتابیانــە وەربگرێــت، ئەگــەر بــە میوانداریــش بێــت.

هەوڵـەکان هاتنەبـەر و لـە زنجیـرە کۆبوونەوەکانـی وەزیـری پەروەردە و خوێندنـی بـاڵای هەرێمـی کوردسـتان بڕیاردرا دەرچووانـی شەشـەمی ئامادەییـە کوردییەکانـی کەرکووك لـە زانکۆکانی هەرێمی کوردسـتان وەربگیرێن.

بۆردێـك لــە ئەنجوومەنــی وەزیرانــی حکومەتــی کوردســتان بــە ســەرۆکایەتیی ســەرۆکی ئەنجوومەنــی وەزیــران نێچیرڤــان بارزانــی و ئەندامێتــی جێگــری ســەرۆکوەزیران قوبــاد تاڵەبانــی، وەزیــری خوێندنــی بــاڵا و وەزیــری پــەروەردە پێکهێنــرا. بەڕێوەبــەری خوێندنــی کــوردی لــە کەرکــووك بانگهێشــتی کۆبوونــەوەکان کــرا و هەوڵــی لادانــی مەغدووریەتــی قوتابیانــی کــوردی کەرکووکیــان دا.

ئەوەبــوو بــۆ ســاڵی خوێندنــی 2014 - 2015 بــۆ یەکەمیــن جــار قوتابیانی کــوردی کەرکــووك لــە زانکــۆکانی کوردســتان وەرگیــران و دوو هەلــی وەرگیرانیــان بــۆ ڕەخســا لــە زانکــۆکان، هەلــی یەکــەم وەرگرتنیــان بــوو لــە زانکۆکانــی عێــراق کــە لــە ڕێگــەی ئۆنلاینــەوە فۆرمەکانیــان پڕدەرکــردەوە. چانســی دووەمیشــیان پڕکردنــەوەی فۆرمــی تایبــەت بوو بــۆ وەرگیــران لــە زانکۆکانــی هەرێمــی کوردســتان، کار گەیشــتە ئــەوەی کــە زۆر لــە قوتابیــان ناویــان لــە زانکۆکانــی هــەردوولادا دەردەچــوو و سەرپشــك کرابــوون بــە خواســتی خۆیــان یەکێکیــان هەڵبژێــرن.

### 5 - 6قوتابخانە ئەهلییەکانی کەرکووك

کەرکــووك هاوشــێوەی پارێزگاکانــی عێــراق و هەرێمــی کوردســتان، ژمارەیەکــی بەرچــاوی قوتابخانــەی ئەهلــی تێدا کراوەتــەوە و قوتابیانــی ســەرجەم نەتەوەکانــی لەخۆگرتــووە. بەڕێوەبــەری خوێندنــی کــوردی لــە کەرکــووك، کردنــەوەی قوتابخانــە ئەهلییــەکان بــە کارێکــی ئەرێنــی پەروەردەیــی هەژمــار دەکات و بــە گرنگــی دەزانــێ هــەردوو حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان و عێراقیــش پتــر بایــەخ بــە قوتابخانــە ئەهلییــەکان بــدەن و هانــی ســەرمایەداران بــدەن بــۆ کردنــەوەی قوتابخانــەی لــەم جــۆرە لــە کەرتــی پــەروەردە و ئاســانکاری وەبەرهێنانیــان بــۆ بکــەن. چونکــە ئەگــەر بڕوانینــە ژمــارەی قوتابیانــی کــوردی کەرکــووك، کــە گەیشــتووەتە نزیکــەی 100 هــەزار قوتابیــی کــوڕ و کــچ لــە هەمــوو قۆناخەکانــی خوێنــدن، دەبینیــن دابینکردنــی قوتابخانــەی پێویســت بــۆ ئــەم ژمــارە زۆرە کارێکــی ئەســتەمە و بــە کردنــەوەی قوتابخانــە ئەهلییــەکان ئــەو کێشــەیە چارەســەر دەبێــت، چونکــە ئەگــەر ژمارەیــان

زیـاد بکرێـت، ژمارەیەکـی زۆری قوتابیانـی خێزانـە دەسترۆیشـتووەکان دەچنـە قوتابخانـە ئەهلییـەکان.

ئەمـەش مانـای ئـەوە نییـە کـە بایـەخ بـە قوتابخانـە ئەهلییـەکان بدرێت و قوتابخانـە حکومییـەکان فەرامـۆش بکرێـن، بەپێچەوانـەوە زۆربـەی میلاکـی ئـەو قوتابخانـە ئەهلییانـەی لـە کەرکـووك کراونەتـەوە، بەڕێوەبـەر و مامۆسـتای بـە ئەزمـوون بەڕێـوەی دەبـەن و ئاسـتی خوێندنیـان تێـدا لـە ئاسـتێکی خوازراودایـە. لـە هەمـوو وڵاتێکـی دنیـادا ئـەم جـۆرە قوتابخانانـە لەپاڵ قوتابخانـە حکومییـەکان دا هـەن و بوونەتـە هـۆی کەمکردنـەوەی ژمـارەی قوتابیـان لـە پۆلێـك دا، وەزارەتـی پـەروەردەش سەرپەرشـتییان دەکات و بـە هەمـان ڕێنمایـی قوتابخانـە حکومییـەکان بەڕێوەدەبرێـن.

قوتابخانـە ئەهلییـەکان لـە سـاڵانی پەنجاکانـی سـەدەی ڕابـردووەوە لـە کەرکـووك هەبوونـە و ژمارەیەکـی زۆری قوتابیانیـان تێیانـدا تۆمارکـراون « لـە سـاڵی خوێندنـی (1951 ـ 1952)دا کـۆی گشـتیی قوتابیانـی قۆناخـی سـەرەتایی لـە قوتابخانـە حکومییـەکان گەیشـتە 10 هـەزار و 126و قوتابیانـی قوتابخانـە ئەهلییـەکان هـەزار و 264 قوتابی بـوون. قوتابیانـی قۆناخـی ناوەندیـش لـە قوتابخانـە حکومییـەکان لـەو سـاڵەدا 997 قوتابـی و 262 قوتابییـش لـە قوتابخانـە ئەهلییـەکان دەخوێنـن» (نەجات کەوسـەر ـ 2010 ـ ل 200)

سەرپەرشـتیارانی پەروەردەیـی وای دەبینـن، کـە هـەروەك چـۆن لـە کەرتـی تەندروسـتی دا نەخۆشـخانە و بنکـەی تەندروسـتی حکومـی هـەن، نۆرینگـە و نەخۆشـخانەی کەرتـی تایبەتیـش هـەن، کـە خزمەتگـوزاری تەندروسـتی پێشـکێشـی هاووڵاتیـان دەکـەن. نەخـۆش هەریەکـە و بەپێـی ئاسـتی دارایـی خـۆی یەکێکیـان هەڵدەبژێرێـت، کـە ڕەنگـە لـە نەخۆشـخانە تایبەتەکانـدا سـەرجەم پێداویسـتییەکان دابیـن کرابـن و نرخـی پشـکنین و چارەسـەریان لـە نەخۆشـخانە حکومییـەکان گرانتربێـت و خەڵکانێـك هەبـن ئەمیـان لەویـان پـێ باشـتر بێـت. قوتابخانـە ئەهلییەکانیـش هـەر بـەم شـێوەیە دەبینن مافـی وەبەرهێن و قوتابیشـە روویـان تێبکـەن.

بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی لە کەرکووک پێیوایە کە ئەم ناوەندانە لە باخچەی منداڵانەوە هەبن تاوەکو دەگاتە پەیمانگە و زانکۆکان. داواش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات ئەوپەڕی ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنەران بکات و بە هاوئاهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق ژمارەیەك قوتابخانەی ئەهلی کوردی بکەنەوە، کە خوێندن لە سەرجەم قۆناخەکانیدا بە زمانی کوردی بێت، بۆ ئەوەی کەمێك لە زۆری قوتابیان لە پۆلەکانی قوتابخانە حکومییەکان دا کەم بکاتەوە .

## 5 - 7وانەی تایبەت و مامۆستای تایبەت

بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی لە کەرکووك، سەرسامی خۆی لە ئاست گوتەیەکی ئیبن خەلدوون لەبارەی پەروەردەوە دەردەبڕێت، کە دەڵێت: پیشەی مامۆستایەتی هێندە پیرۆزە پێویستە مووچەیان لە ئاستێکدا بێت، کە ناچار نەبن بۆ بژێوی ژیانیان روو لە کارێکی دیکە بکەن و دەبێ سەرجەم پێداویستییەکانی ژیانیان بۆ دابین بکرێت.

لەم سۆنگەیەوە پسپۆڕانی بواری پەروەردە پشتیوانی ئەو زانایە دەکەن و بابەتێکی جیاواز دەورووژێنن، ئەویش بابەتی وانەی تایبەتە کە مامۆستا بەتایبەت دەیڵێتەوە. ئەم پەروەردەکارانە وانەی تایبەت بە پیشەی پزیشکێك دەشوبهێنن، کە لە بەیانییەوە تاوەکو پاش نیوەڕۆ لە نەخۆشخانەکان کار دەکەن و لە دوای ئەوە نۆڕینگە تایبەتەکانیان دەکەنەوە و پێشوازی لە نەخۆشەکان دەکەن.

مامۆستایەتیش بە هەمان شێوە، دەکرێ مامۆستای پسپۆڕی وانەیەکی زانستی یان زمانەوانی و وێژەیی، دەوامی خۆی بکات و ئێواران لە ماڵی خۆی یان لە سەنتەرێکدا وانەی تایبەت بڵێتەوە.

ئەگەر وەك دیاردەیەك بڕوانینە وانەی تایبەت، دەبێ لە هۆکاری سەرهەڵدان و ڕێگەکانی چارەسەرکردنیشی بکۆڵینەوە. ساڵانێکی زۆرە وانەی تایبەت بووەتە دیاردەیەکی زەقی نێو کۆمەڵگەکەمان.

نــە حکومــەت و نــە پەرلەمانیــش نەیانتوانیــوە یاســای تایبــەت بــۆ قەدەغەکــردن یاخــود ســنووردارکردنی دارِیـژن، بـەڵام پـەروەردەکاران هۆکارەکانــی لــەم چەنــد خاڵانــەی خــوارەوەدا چڕدەکەنــەوە:

1- زۆری مــاددەی پرۆگرامــەکان، کــە هیــچ مامۆســتایەکی ئامادەیــی ناتوانێـت بەپێـی خشـتەی وانەکانـی هەفتـە، تەواویـان بـکات.

2- زۆربوونــی رۆژەکانــی پشــوو و بۆنــە نەتەوەیــی و ئایینیــەکان و پشــووی رۆژانــی شــەممە.

3- وازهێنانــی بــە کۆمەڵــی قوتابیــان لــە ســەرەتای مانگــی نیســان و پابەنــد نەبوونیــان بــە دەوام تاوەکــو دەســتپێکی تاقیکردنــەوە گشــتییەکان، کــە لــە ســەرەتای مانگــی حوزەیــران دەســت پێدەکــەن.

4- پشــت بەســتنی قوتابیــان بــە مامۆســتایانی نێــوداری بابەتــەکان، ئەوانــەی رێــژەی دەرچوونــی بەرزیــان هەیــە و گوێنــەدان بــە وانەگوتنــەوەی مامۆســتای خۆیــان.

5- زۆر بوونــی هەڵمەتەکانــی پشــکنینی مــاڵان و قەدەخەکردنــی هاتووچــۆ لەلایــەن هێزەکانـی تەناهییـەوە، کـە زۆر جـار دەبـووە هـۆی دابڕانــی مامۆســتا و قوتابیــان.

6- تەقینــەوەی ئۆتۆمبێلــی بۆمبرێژکــراو و بۆمبــی چێنــراو لەلایــەن گرووپــە چەکدارەکانــەوە لــە نزیــك قوتابخانــەکان و دروســتکردنی پشــتێنەیەکی ئەمنیــی لێکۆڵینــەوە، کــە رێگربــوون لــە گەیشــتنی قوتابیــان و مامۆســتایان بــۆ قوتابخانەکانیــان.

7- دیاردەکــە وایلێهاتــووە، کــە نــەك هــەر قوتابیانــی بــە دەرامــەت بەڵکـو وەك چاولێکـەری و لاسـاییکردنەوە، وایکـردووە قوتابیانـی کـەم دەرامەتیــش مامۆســتای تایبــەت بگــرن.

8- پۆلــی شەشــەمی ئامادەیــی قۆناخێکــی چارەنووســسازە بــۆ دیاریکردنـی ئـەو کۆلێژانـەی قوتابیانیـان لـێ وەردەگیرێـن و کۆنمـرەی

ئـەو سـاڵە دەبێتـە بڕیاردەری وەرگرتـن لـە کۆلێـژەکان، بۆیـە قوتابـی بـە توانا و ئاسـت مامناوەندەکانیـش پەنا دەبەنـە بـەر وانـەی تایبـەت.

جـودا لەم هۆکارانەی سـەرەوە، بەشـێك لە سەرپەرشـتیارانی پسـپۆڕی لەوبـاوەڕەدان، ئەگـەر مامۆسـتا وانەکـەی بـە دڵسـۆزی بڵێتـەوە، لـە دەوام دانەبڕێـت و چـاوی لـە گوتنـەوەی وانـەی تایبـەت نەبێـت، بابەتەکـە لـە مـاوەی دیاریکـراودا تـەواو دەکات و قوتابـی پێویسـتی بـە مامۆسـتای تایبـەت نابێـت، بـەڵام ئەگـەر وانەبێـت ئـەوا دیـارە ئـەو مامۆسـتایە کەمتەرخەمـە و وانەکانـی بەپێـی پێویسـت نەگوتووەتـەوە.

لـە سـاڵەکانی خوێندنـی 2005 - 2006 بەسـەرەوە، وەزارەتی پەروەردە مۆڵەتـی فەرمیـی بـە ژمارەیەکـی دیاریکـراو بەخشـی و بـە نرخێکـی گونجـاو دەسـت بەکاربـوون. لـە سـەرەتادا نرخـی گوتنـەوەی بابەتێکـی تـەواو لەنێـوان 200 - 250 هـەزار دینـار بـوو، دواتـر لەگـەڵ زیادبوونـی ژمـارەی سـەنتەرەکان کێبڕکێـی کەمکردنـەوەی نرخـی وانـەکان دەسـتپێکرد تاوەکـو گەیشـتە 100 - 125 هـەزار بـۆ هـەر بابەتێـك.

لێـرەدا توانـرا بـاری گرانـی ئـەو خێزانانـە سـووکتر بکرێـت بـە بـەراورد لەگـەڵ پێشـوو، کـە بـۆ هـەر بابەتێـك نزیکـەی یـەك ملیـۆن دینـار بـوو، واتـە ئەگـەر خێزانێـك تەنیـا یـەك قوتابـی پۆلـی شەشـەمی ئامادەیـی هەبووایـە دەبـوو 6 - 7 ملیـۆن دینـار بـۆ سـەرجەم بابەتـەکان بـدات، وێـڕای تێچـووی کرێـی هاتووچـۆ، بـەڵام بـە کردنـەوەی ئـەم سـەنتەرانە کرێـی گشـتیی بابەتـەکان دابـەزی بـۆ 600 - 700 هـەزار دینـار.

## 8 - 5 ئاستی زانستیی قوتابیان و مامۆستایان

زۆر ئامـاژە و هـۆکار هـەن، کـە بـە ئاسـانی توێـژەر دەتوانـێ بڕیـاری ئـەوە بـدات کـەوا ئاسـتی مامۆسـتایان و قوتابیانـی خوێندنی کـوردی بە بـەراورد لەگـەڵ خوێندنـی عەرەبـی و زمانەکانـی دیکـەی پارێزگاکـە لـە

ئاستێکی بەرزتردان. ئەم ئاست بەرزییە لە کۆتاییدا لە بەرژەوەندی کۆی پرۆسەکەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەی پەروەردەی پارێزگاکەدا دەشکێتەوە. مامۆستایانی بە ئەزموونی بابەتەکان نەك هەر بە سەرکەوتوویی ئەرکی خۆیان لە ناوەندەکانی خوێندن بە زمانی کوردی بەجێگەیاندووە، بەڵکو هەر هەمان ئەو مامۆستایانە بوون پێشتر وانەکانیان بە زمانی عەرەبی دەگوتەوە و ئاستی خوێندنیان بەگشتی لە ئاستی پێویستە.

1- لەم رووەوە دەتوانین ناوی دەیان مامۆستای بە ئەزموون و شارەزا بژمێرین، کە سەرەتا بە عەرەبی و پاشان بە زمانی کوردی و دووبارە گەڕانەوە بۆ وانەگوتنەوە بە زمانی عەرەبی دوای قەدەخەکردنی خوێندنی کوردی لەساڵی1979 سەرئەنجامیش بۆ گوتنەوەی وانەکان بە زمانی کوردی پاش رووخانی رژێمی بەعس. ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە و بە هەموو مامۆستایەك ناکرێت. لێرەدا بە پێویستی دەزانین ناوی پۆلێك لە مامۆستا دیارەکانی کەرکووك بخەینە ئەم خشتەیەوە، کە هێندێکیان لە ژیان دا نەماون:

| ژ | ناوی مامۆستا | پسپۆڕی |
|---|---|---|
| 1 | کەمال رەشید ئەحمەد | زمان و ئەدەبی کوردی |
| 2 | غازی غێدان | زمان و ئەدەبی کوردی |
| 3 | رابەر رەمەزان | زمان و ئەدەبی کوردی |
| 4 | نووری مەجید | زمانی عەرەبی |
| 5 | رۆستەم ئەحمەد | زمانی عەرەبی |

| ژ | ناوی مامۆستا | پسپۆڕی |
|---|---|---|
| 6 | محەممەد سابیر | زمانی عەرەبی |
| 7 | عادل ئیبراهیم | زمانی عەرەبی |
| 8 | سیامەند بەهرۆز | زمانی عەرەبی |
| 9 | تەها عەبدولعەزیز | زمانی ئینگلیزی |
| 10 | قاسم میکائیل | زمانی ئینگلیزی |
| 11 | دڵشاد محەممەد سەعید | بیرکاری |
| 12 | فەوزی نووری | بیرکاری |
| 13 | دلبرین کەریم | بیرکاری |
| 14 | شەهاب ئەحمەد | بیرکاری |
| 15 | محەممەد تاهیر | فیزیا |
| 16 | موستەنسر عەلی | فیزیا |
| 17 | ئیمداد نووری | فیزیا |
| 18 | قوباد تەها | فیزیا |
| 19 | جەمیل عەبدولعەزیز | کیمیا |
| 20 | گەلاوێژ ئەحمەد | کیمیا |
| 21 | دلێر سابیر | کیمیا |
| 22 | شنۆ محەممەد | زیندەوەرزانی |
| 23 | عومەر سدیق | زیندەوەرزانی |
| 24 | حەسەن جاف | مێژوو |
| 25 | شەریف عەبدولکەریم | جوگرافیا و ئابووری |
| 26 | ئاواز عومەر | کۆمەڵایەتی |

خشتەی 21: ناوی بەشێك لە مامۆستا دیارەکانی کەرکووکی ساڵانی حەفتاکان تاوەکو ئێستا

ئەنجامـە باشـەکانی هـەر پرۆسـەیەك، بڕیـاردەری سـەرکەوتنی ئـەو پرۆسـەیەیە. بـە چاوخشـاندنەوەیەکی خێـرای ڕێـژەی بـەرزی دەرچوونـی قوتابیانـی قوتابخانـە کوردییـەکان، ئەوەمـان بـۆ روون دەبێتـەوە، کـە ئاسـتی زانسـتیی قوتابیـان و مامۆسـتایانی قوتابخانـە کوردییـەکان بەرزتـرە لـە ئاسـتی قوتابیانـی نەتەوەکانـی دیکـەی کەرکـووک. جـا ئەگـەر ئەمـە بـۆ پۆلـە ناکۆتاییـەکان دروسـت بێـت، ئـەوا کۆنمـرەی بـەرزی پۆلـە کۆتاییـەکان ئـەو راسـتییە دەسـەلمێنن.

لـە سـاڵانی خوێندنـی 2003 - 2004 بـەرەو ژوور، هەمیشـە ڕێـژەی دەرچوونـی قوتابیانـی پۆلـە ناکۆتاییەکانـی کـوڕان و کچانـی خوێندنـی کـوردی لـە ڕێـژەی قوتابیانـی دیکـەی خوێندنـی عەرەبـی، تورکمانـی و سـریانی بەرزتربـووە. لـە پۆلـە کۆتاییەکانـی سـێیەمی ناوەنـدی و شەشـەمی ئامادەیـی دا، بـە هـەردوو بەشـی وێژەیـی و زانسـتی، قوتابیانـی کـورد لـە پێشـەنگدا بوونـە و بـێ رکابەر یەکەم بوونە لەسـەر ئاسـتی پـەروەردەی کەرکـووك. لەسـەر ئاسـتی عێراقیـش چەندیـن جـار قوتابیانـی شەشـەمی وێژەیـی کـورد لـە کەرکـووک پلـەی یەکەمیـان بەدەسـتهێناوە. لـە سـاڵی خوێندنـی 2016 - 2017 و 2017 - 2018دا یەکەمـی بەشـی زانسـتی لەسـەر ئاسـتی عێـراق هـەر لـە ئامادەییـە کوردییەکانـی کەرکـووك بـوون، ئـەوەی سـاڵی رابـردوو کچـە کوردێکـی ئامادەیـی چوارچـرای کچـان بـوو.

دووجاریـش خەڵاتکـراون، جارێکیـان لەلایـەن وەزارەتـی پـەروەردەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و جارێکیـش لەلایـەن بەغـداوە. بێجگـە لـە خـەڵات و دیـاری پەرلەمانتـارە کوردەکانـی پەرلەمانـی عێـراق و بەرپرسـانی حیزبـەکان لـە شـارەکە.

ئـەم ئاسـتە بـەرزەی قوتابیـان دڵنیاکردنـەوەی خەمخۆرانـی پرۆسـەی خوێندنـی کوردییـە لـە شـارەکە، کـە هێندێـك لـەو لایەنانـەی چاویـان بـە خوێندنـی کـوردی هەڵنەدەهـات، بانگەشـەی ئەوەیـان دەکـرد، کـە خوێندنـی کـوردی سـاڵ بـە سـاڵ پاشەکشـە دەکات و خەڵکیان تووشـی دڵەڕاوکـێ دەکـرد، و توانییـان چەنـد خێزانێکـی کـورد فریـو بـدەن و بـە

قسـەی ئـەوان منداڵەکانیـان لەبـەر خوێندنـی کـوردی دەردەهێنـا و دەیانخسـتنە بـەر خوێندنـی عەرەبـی.

لـە دوو قۆناخـی خوێندنـی زانکۆکانیشـدا نیواونیـوی قوتابیانـی کۆلێـژی پزیشـکیی زانکـۆی کەرکـووك و ئـەو کۆلێژانـەی کۆنمـرەی بەرزیـان پێویسـتە، دەرچووانـی قوتابخانـە کوردییەکانـی کەرکووکـن و ئـەو ناهاوسـەنگییە رابـردوو ئێسـتا نەمـاوە.

لەلایەکـی دیکـەوە ئـەم ئاسـتە بـەرزەی قوتابیانـی کـوردی قوتابخانـە کوردییـەکان، بووەتـە مایـەی خێـر بـۆ پـەروەردەی کەرکـووك، چونکـە بـۆ دیاریکردنـی رێـژەی دەرچوونـی پـەروەردەکان لەسـەر ئاسـتی عێـراق ، رێژەکانـی دەرچوونـی خوێندنـی عەرەبـی، کـوردی، تورکمانـی و سـریانی بـە تێکـڕا وەردەگیرێـت و بـۆ بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتیی پـەروەردەی کەرکـووك هەژمـار دەکرێـت و هەمیشـە رێـژەی دەرچوونـی قوتابخانـە کوردییـەکان رێـژەی نزمـی دەرچوونـی قوتابخانـەی نەتەوەکانـی دیکـەی داپۆشـیوە.

بەرپرسـانی یەکـەی چالاکـی هونـەری، یەکـەی چالاکـی وەرزشـیی بەڕێوەبەرایەتیـی خوێندنـی کـوردی لـە کەرکـووك، دەڵێـن کـە قوتابیانی خوێندنـی کـوردی لـە کەرکـووك، بێجگـە لـە بـەرزی ئاسـتی زانسـتی، لـە چالاکییـە هونـەری و وەرزشییەکانیشـدا هـەر لـە ئاسـتێکی بـەرزدان و لـە چەندیـن چالاکیـی هونـەری دا خەڵاتـی یەکەمیـان لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان دا بەدەسـتهێناوە. بەشـداری کاریگـەریشـیان لـەو خولـە وەزشـیانەدا هەبـووە، کـە ساڵانە لەسـەر ئاسـتی پەروەردەکانی هەرێمـی کوردسـتان دا سـازدەکرا، چەندیـن جـار پلـەی یەکـەم و دووەمـی خولـە وەرزشـییەکانیان بەدەسـتهێناوە.

هیـچ بەرپرسـێکی پەروەردەییـش ئـەم دەسـکەوتانە، تەنیـا بـە دەسـتکەوتی خـۆی دانانێـت و لـەو بڕوایەدایـە کـە ئـەم سـەرکەوتنانە بەرهەمـی رەنجـی قوتابیـان، بەدواداچوونـی خێـزان، کۆششـی مامۆسـتایانی دڵسـۆز، پلانـی تۆکمـەی سەرپەرشـتیارانی پەروەدەیـی، بەڕێوەبـەران، یاریـدەدەران، فەرمانبـەران و بەرپرسـانی یەکـە و هۆبەکانـی دیوانـی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کـوردی و بەدەنگەوەهاتنی

وەزارەتــی پــەروەردەی هەرێمــی کوردســتانە. بــەو مانایــەی کــە پرۆســەی پــەروەردە و فێرکــردن پرۆســەیەکی هەرەوەزییــە و هەریــەك لــە ئاســتی خــۆی رۆڵــی خــۆی تێــدا دەگێــڕێ، بۆیــە خوێندنــی کــوردی رەواجــی لــە شــارەکەدا هەیــە و ســاڵ بــە ســاڵ ژمــارەی قوتابیــان روو لــە هەڵکشــان دەکات. ئــەم ئامارانــەی خــوارەوەش ســەلمێنەری ئــەم راســتییەن، کــە لــە میلاکــی ســەرەتایی و دواناوەندییەکانــی خوێندنــی کــوردی وەرگیــراون:

| | | |
|---|---|---|
| 1 | ژمارەی قوتابخانە سەرەتاییەکان | 341 |
| 2 | ژمارەی قوتابخانە ناوەندییەکان | 73 |
| 3 | ژمارەی قوتابخانە دواناوەندییەکان | 56 |
| 4 | ژمارەی قوتابخانە ئامادەییەکان | 18 |
| 5 | ژمارەی ئامادەییە پیشەییەکان | 3 |
| 6 | ژمارەی مامۆستایانی سەرەتایی | 1500 نێر + 2284 مێ کۆی گشتی 3784 |
| 7 | ژمارەی مامۆستایانی گرێبەست | 37 |
| 8 | ژمارەی فەرمانبەرانی سەرەتایی | 279 نێر+ 744 مێ کۆی گشتی 1023 |
| 9 | ژمارەی باخچەکانی منداڵان | 33 |
| 10 | ژمارەی قوتابیانی سەرەتایی | 27297 کوڕ+ 26418کچ کۆی گشتی 53715 |
| 11 | ژمارەی قوتابیانی دواناوەندی | 45750 کوڕ و کچ |
| 12 | ژمارەی قوتابیانی پیشەیی | 365 کوڕ و کچ |
| 13 | ژمارەی مامۆستایانی دواناوەندی | 45750نێر و مێ |
| 14 | ژمارەی مامۆستایانی گرێبەستی دواناوەندی | 127 |
| 15 | ژمارەی فەرمانبەرانی دواناوەندی | 130 نێر + 218 مێ کۆی گشتی 348 |
| 16 | ژمارەی منداڵانی باخچەکان | 3018 کوڕ + 3126 کچ کۆی گشتی 6144 |

خشــتەی 22: ئامــاری هەیکەلــی خوێندنــی کــوردی لــە کەرکــووك بــۆ ســاڵی 2014 ـ 2015

| رەگەز | پۆلی یەکەم | پۆلی دووەم | پۆلی سێیەم | پۆلی چوارەم | پۆلی پێنجەم | پۆلی شەشەم | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کوڕ | 3790 | 3839 | 3836 | 3968 | 4296 | 3403 | 23172 |
| کچ | 3858 | 3783 | 3851 | 3692 | 3823 | 3303 | 22310 |
| کۆی گشتی | 7648 | 7662 | 7687 | 7660 | 8119 | 6706 | 45482 |

خشتەی 23: ژمارەی قوتابیانی سەرەتایی لە ساڵی خوێندنی 2016 ـ 2017

| رەگەز | پۆلی یەکەم | پۆلی دووەم | پۆلی سێیەم | پۆلی چوارەم | پۆلی پێنجەم | پۆلی شەشەم | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کوڕ | 3810 | 3597 | 3646 | 4237 | 4237 | 3107 | 22495 |
| کچ | 3858 | 3711 | 3673 | 3935 | 3935 | 3798 | 22730 |
| کۆی گشتی | 7668 | 7308 | 7319 | 8172 | 8172 | 6905 | 45225 |

خشتەی 24: ژمارەی قوتابیانی سەرەتایی لە ساڵی خوێندنی 2017 ـ 2018

| قۆناغی خوێندن | ژمارەی قوتابیان |
|---|---|
| شەشەمی زانستی | 3601 |
| شەشەمی وێژەیی | 1625 |

خشتەی 25: ژمارەی قوتابیانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی لە ساڵی خوێندنی 2016 ـ 2017

| ژمارەی قوتابیان | قۆناغی خوێندن |
| --- | --- |
| 4131 | شەشەمی زانستی |
| 1847 | شەشەمی وێژەیی |

خشتەی 26: ژمارەی قوتابیانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی لە ساڵی خوێندنی 2017 ـ 2018

## 5 - 9کاریگەریی پاشەکەوتکردنی مووچە لەسەر پرۆسەی خوێندنی کوردی

بەپێی ئامارەکانی یەکەی ژمێریاریی بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی، مووچەی 9 هەزار و 600 مامۆستا و فەرمانبەری خوێندنی کوردی لە کەرکووك لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە لە ساڵی 2014ەوە بڕیاری پاشەکەوتکردنی مووچە ئەوانیشی گرتەوە و بە هەمان خشتەی پاشەکەوتکردن، مووچەکانیان کەمکرایەوە.

ئەم بڕیارە کاریگەرییەکی نەرێنی کردە سەر پرۆسەی خوێندنی کوردی لە کەرکووك و خورماتوو، چونکە هەرچەندە خورماتوو لەڕووی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگای سەڵاحەدینە، بەڵام لەبەر زۆری رێژەی کورد لەوێ، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوانیشی هێنایە سەر میلاکی خوێندنی کوردی لە کەرکووك و سەرپەرشتیارێکی بۆ دەستنیشان کرد.

مامۆستایان و فەرمانبەران بە ئومێدی چارەسەرکردنی خێرای کێشەکە بێدەنگییەکی تەواویان هەڵبژارد و هۆڵەکانی خوێندنیان چۆڵ نەکرد، بەڵام، کە بڕیارەکە درێژەی کێشا و قەیرانە داراییەکە بەردەوام بوو، لە سلێمانی و چەند شارۆچکەیەکی ئەو پارێزگایە مانگرتنی تەواوی مامۆستا و فەرمانبەران راگەیێندرا و پرۆسەی خوێندنیان وەستا. لە هەولێر ناڕەزایی هەبوو ، ئینجا لە کەرکووکیش دەستەیەك بە نێوی دەستەی مامۆستایانی ناڕازی پێکهێنرا و

هەڕەشــەی راگرتنــی پرۆســەی خوێنــدن و چۆڵکردنــی هۆڵەکانیــان دەکــرد، بــەڵام بــە گفتوگــۆ و راوێژکــردن لەگــەڵ بەرپرســانی بــاڵای پــەروەردە لــە شــارەکە و هەوڵەکانــی لقــی کەرکووکــی یەکێتیــی مامۆســتایانی کوردســتان، ناوچــەی مامۆســتایانی پارتــی و کۆمیتــەی فەرمانبەرانــی یەکێتــی، بــار و دۆخەکــە کەمێــك ئاســایی بــووەوە و بــە راگەیاندنــی پشــووی رۆژانــی پێنجشــەم، مانگرتــووان ئارامتــر بوونــەوە و رێنماییــش درایــە بەڕێوەبەرانــی قوتابخانــە کوردییــەکان، کــە ئــەو مامۆســتایەی وانەکانــی تــەواو دەکات رێگــەی پێبدرێــت قوتابخانــە جێبهێڵێــت و بڕواتــەوە. ئــەم رێنماییــە نوێیانــە لــە بەرژەوەنــدی مامۆســتایانی خوێنندنــی کــوردی دەرکــران، مامۆســتایانی میلاکــی بەغــداش لێــی ســوودمەند بــوون، کــە لــە قوتابخانــە کوردییــەکان وانەیــان دەگوتــەوە.

ئـەو مامۆسـتایانەی سـەر بـە بەغـدا بـوون و لـە قوتابخانـە کوردییەکان وانەیــان دەگوتــەوە هــەر 30 رۆژ جارێــك مووچەیــان وەردەگــرت و ســەرجەم ئەو ئیمتیازاتانەی بۆ مامۆســتایانی ســەر هەرێمی کوردســتان دەرکرابــوون، ئەوانیشــی دەگرتــەوە. ئەمــەش هێندەی دیکــە کاریگەری نەرێنــی دەرکــردە ســەر دەروونــی مامۆســتایان، کــە لەبەر چــاوی ئەوان، مووچــەی مانگانەیــان لــە کات و ســاتی دیاریکــراوی خۆیــان وەردەگــرت و لــە هەمــان قوتابخانــەدا دەوامیــان دەکــرد، نیوەمووچــەی ئەوانــی ســەر هەرێمــی کوردســتانیش جــار هەبــوو دەگەیشــتە 45 رۆژ و 50 رۆژ.

« ســەرباری ئەمــە، گیانــی پەروەردەیــی و هەســتی نەتەوەیــی بەشــێکی زۆری مامۆســتایان و فەرمانبەرانــی کەرکــووك، وای لێیــان کردبــوو نــەك هــەر خۆڕاگرانــە رووبــەڕووی ئــەم قەیرانــە ببنــەوە، بەڵکــو چەندیــن جــار مامۆســتایان، گــرووپ گــرووپ هاوکارییان کۆدەکــردەوە و لــە رێگــەی یەکێتیــی مامۆســتایان و ناوچــە و کۆمیتەکانــی حیزبــە کوردســتانییەکانەوە دەیانگەیانــدە هێزەکانــی پێشــمەرگە، کــە لــە بەرەکانــی شــەڕی دژی داعــش دا شــەڕی مــان و نەمانیــان بــۆ پاراســتنی شــارەکە دەکــرد» (شــێرزاد رەشــید ـ لێــدوان)

## 5 - 10کاریگەری 16ی ئۆکتۆبەر لەسەر خوێندنی کوردی

هێـرش و ئەنجامەکانـی 16ی ئۆکتۆبـەری 2017 لـە چەندیـن رووەوە نەرێنی بـوو بـۆ پرۆسـەی خوێندنـی کـوردی لـە کەرکـووك، کـە دەکـرێ لـەم خاڵانـەی خـوارەوەدا کورتیـان بکەینـەوە.

1- راکردنـی بـە کۆمەڵـی خێزانەکانـی کـورد لـە کەرکـووك بـۆ شـارەکانی هەرێمـی کوردسـتان لـە ترسـی هێـرش و تۆپبارانکردنـی گەڕەکـە کوردنشـینەکان، وایکـرد بـۆ مـاوەی چەنـد رۆژێـك سـەرجەم ناوەندەکانـی خوێندنـی کـوردی لـە شـارەکە چـۆڵ بـن و پرۆسـەکە بـە تـەواوی رابگیرێـت.

2- نەگەڕانـەوەی ژمارەیەکـی زۆر لـەو مامۆسـتایانەی کادیـری پێشـکەوتووی حیزبـە کوردسـتانییەکان بـوون، کـە بـۆ پاراسـتنی گیانـی خۆیـان روویـان لـە شـارەکانی هەرێمـی کوردسـتان کـرد. بەمـەش میلاکـی مامۆسـتایان کەمبـووەوە و پـاش هێوربوونـەوەی دۆخەکـە، بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی کێشـەی کەمـی میـلاك لـە قوتابخانـەکان و دواکەوتنـی قوتابیـان لـە خوێنـدن.

3- نەگەڕانـەوەی کارمەندانـی دەزگاکانـی ئاسـایش و هێزەکانـی پێشـمەرگە، بەتایبەتیـش ئەوانـەی پارتـی بـوون، کـە هاوژینـی رێژەیەکـی زۆریـان مامۆسـتا و فەرمانبـەر بـوون لـە خوێندنـی کـوردی و جێگیربوونیـان لـە هەولێـر و شـارەکانی دیکـەی هەرێمـی کوردسـتان، باڵانسـی پرۆسـەکەی شـێواند.

4- مانـەوەی خـودی بەڕێوەبـەری خوێندنـی کـوردی لـە هەولێـر بـۆ مـاوەی سـاڵێک، کـە کادیرێکـی پێشـکەوتووی پارتـی بـوو، پشـێویەکی خسـتە نێـو کارگێـڕی و بەردەوامبوونـی بەڕێوەبردنـی پرۆسـەکە.

5- گرنگترین کاریگەرییەکانـی 16ی ئۆکتۆبەر لەسـەر پرۆسـەی خوێندنی کـوردی لـە کەرکـووك ئەوەبـوو، کـە بـۆ سـاڵی خوێندنـی 2018 ـ 2019 لـە بازگەکانـی رێگـەی سـلێمانی - کەرکـووك رێگـری کـرا لـە هێنانـی

کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن، بە بیانووی ئەوەی، کە ئەم کتێبانەی پرۆگرام، نرخیان لەسەر دانراوە و بازرگانیان پێوە دەکرێت و وەکو کاڵایەکی بازرگانی دەبێ گومرگ بکرێن. بڕی گومرگەکەش هێندە زۆر بوو نە لە توانای دارایی بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی بوو و نە وەزارەتی پەروەردەش ئامادەبوو گفتوگۆ لەگەڵ ئەو لایەنانە بکات، چونکە ئەوان بە هێزێکی داگیرکەر هەژمار کرابوون. لەو نێوەندەش دا تاکە زەرەرمەند، هەر قوتابیانی خوێندنی کوردی بوو لە کەرکووك.

6- داخستنی ژمارەیەکی زۆری قوتابخانە کوردییەکان لە گوندەکانی سنووری داقووق و لە دەوروبەری خورماتوو، دووبز و سەرگەڕان، بەهۆی نەمانی قوتابی کورد لەو سنوورانە، سەرئەنجام داگیرکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکانی گوندە کوردنشینەکان و چۆڵبوونی تەواوی ئەو گوندانە. لە گەڕەکەکانی باشووری کەرکووکیش دا، کە کورد تێیاندا کەمینەن، ژمارەی قوتابیان رووی لە کەمبوون کرد، چونکە زۆربەیان روویان لە گەڕەکە کوردنشینەکانی دیکەی شارەکە کرد و چەند قوتابخانەیەك لێکدران، یان داخران.

بەرپرسانی پەروەردەی کەرکووك بۆ هەریەك لەم خاڵانەی پێشوو، چارەسەرێکی هەنووکەییان دانا و نەیانهێشت ئەو ساڵەی خوێندنیان بەفیڕۆ بچێت. بۆ نموونە بۆ خاڵی یەکەم، هاندانی گەڕانەوەی خەڵکانی ئاوارەی شارەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش ئەوانەی هیچ کێشەیەکی ئەمنی و مەترسی دەستگیرکردنیان لەسەر نەبوو. ئەوەبوو لە دوای چەند رۆژێکی کەم، گەڕەکە کوردییەکان ئاوەدان بوونەوە.

بۆ خاڵی دووەم و چارەسەرکردنێکی هەنووکەیی بۆ کەمیی میلاکاتی قوتابخانەکان، ژمارەیەك لە کوڕ و کچانی دەرچووی کۆلێژەکانی پەروەردە بە ناونیشانی وانەبێژ لەو قوتابخانانە دانران کە کەمیی میلاکیان هەبوو، بۆ پڕکردنەوەی شوێنی مامۆستایانی ئاوارە.

هەرچی هاوژین و کوڕ و کچی کارمەندانی دەزگاکانی ئاسایش و پێشمەرگەشە بە بڕیارێکی وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نزیکترین قوتابخانەی شوێنی نیشتەجێبوونیان لە هەولێر و شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، خرانەوە سەر کار.

بۆ چارەسەرکردنی نەگەڕانەوەی بەڕێوەبەری خوێندنی کوردیش، یەکەی سەرپەرشتیاری خوێندنی کوردی، سەرپەرشتیارێکی کارگێڕیی بەشێوەیەکی کاتیی لە جێگەی ئەو بەڕێوەبەرە دانا و بۆ نزیکەی ساڵێك کاروباری خوێندنی کوردی بەڕێوەدەبرد. بەڕێوەبەرەکەیش لە هەولێر نووسینگەیەکی تایبەتی بۆ دابینکرابوو و بە هاوئاهەنگی ئەو بەڕێوەبەرە کاتییە سەرجەم کارەکانیان رایی دەکرد.

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پێنجەمیش، گفتوگۆی نێوان ئەنجوومەنی وەزیرانی هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق چڕکرایەوە و سەرئەنجام بڕیاردرا پرۆگرامەکانی خوێندنی کوردی بگەیێندرێنە کۆگاکانی کتێب. پێش ئەم هەوڵانەش، کۆگاکانی کتێب، ژمارەیەك لە کتێبەکانی ساڵی خوێندنی ساڵی پێشتریان تێدا مابوو و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان وەریانگرت و دابەشکرانە سەر قوتابیان، بەمەش بەشێك لە کەموکوڕییەکان چارەسەرکران.

ئەمە لە رووی ئیدارییەوە، بەڵام 16ی ئۆکتۆبەر کاریگەرییەکی زۆر نەرێنی کردە سەر دەروونی مامۆستا و قوتابیان، بەتایبەتیش کاتێك قوتابیان و مامۆستایان دەیانبینی ئاڵای کوردستان لەسەر قوتابخانە و سەرجەم فەرمانگە حکومییەکانی کەرکووك دەهێنرایە خوارەوە، ناخیان دەهەژا و هەستیان بریندار دەبوو. دەسەڵاتیشیان نەبوو رووبەڕووی ئەم هەڵمەتە نابەرانبەرەی هێزە ئەمنییە نامۆکانی شار ببنەوە. سەرجەم بۆنەکانی بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان، رۆژی جلوبەرگی کوردی، رۆژی پۆشینی جلی پێشمەرگە، یادکردنەوەی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالیش لە ناوەندەکانی خوێندن دا، ئەگەر قەدەخەش نەکرابن، کارگێڕی قوتابخانەکان و بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی، ئەم یادانە بەشێوەیەکی فەرمی

نەدەکـردەوە و بەڕێوەبەرانـی قوتابخانـەکان سەرپشـك کرابـوون لـەو یادانـە، بـەڵام بـە شـێوەیەکی سـنووردار و ڕەچـاوی بارودۆخـە نوێیەکـە بکرێـت. تەنانـەت یەکەمیـن نـەورۆزی دوای 16ی ئوکتۆبـەر ئـەو تامـەی جارانـی نەمابـوو و خەڵکـی کەرکـووك کەمتـر چوونـە سـەیران  و چەنـد حیزبێکـی کوردسـتانی، زۆر شـەرمنانە ئاگـری نەورۆزیـان لـە شـارەکەدا کـردەوە.

لـە پێشـهاتێکی چـاوەڕوان نەکـراودا، دوو هەفتـەی پـاش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبـەر دەسـتەیەك لـە مامۆسـتایانی عـەرەب، کـە خۆیـان بـە لقـی کەرکووکـی سـەندیکای مامۆسـتایانی عێراق، دەناسـاند سـەردانی لقـی کەرکووکـی یەکێتیـی مامۆسـتایانی کوردسـتانیان کـرد و داوای چۆڵکردنـی بیناکەیـان لێکـردن. سـەرەتا ئەندامانـی لقـی یەکێتیـی مامۆسـتایانی کوردسـتان بـە هیـچ شـێوەیەك نەهاتنـە ژێـر بـاری چۆڵکردنـی بیناکـە و قبووڵیـان نەکـرد جارێکـی دیکـە ئـەم پرسـەیان لەگـەڵ بکەنـەوە، بـەڵام پـاش دوو مانگـی دیکـە هاتنـەوە و داوایـان لێکـردن چەنـد ژوورێکیـان بـۆ چـۆڵ بکـەن و هـەردووال لـە یـەك بینایـەدا بمێننـەوە، ئـەم جارەشـیان یەکێتیـی مامۆسـتایانی کوردسـتان وەڵامیـان نەدانـەوە، کەچـی بـۆ جـاری سـێیەم بـە چاوسـوورکردنەوە و هێنانـی هێزێکـی چەکـدار داوای چوڵکردنیـان لێکـردن، کـە گوایـە ئـەوان نوێنـەری ڕاسـتەقینەی مامۆسـتایانی کەرکووکـن، نـەك یەکێتیی مامۆسـتایانی کوردسـتان!

نوێنەرانـی یەکێتیـی مامۆسـتایانی کوردسـتان ئـەم پرسـەیان لەگـەڵ حیـزب و الیەنـە کوردسـتانییەکان باسـکرد و داوایـان لێکـردن پشـتگیرییان بکـەن و نەهێڵـن بـە زەبـری هێـز بیناکەیـان پـێ چۆڵبکـەن، بـەڵام ئەوسـا هاوکێشـەکان گۆڕابـوون و الیەنـە کوردسـتانییەکان هیـچ دەسـەڵاتێکیان نەمابـوو، بەهیـچ شـێوەیەك نەیانتوانـی داکۆکـی لـە مانـەوەی یەکێتیـی مامۆسـتایانی کوردسـتان بکـەن. ناچـار ڕاوێژیـان بـە چەنـد پارێزەرێـك کـرد و ویسـتیان بـە ڕێگەیەکـی یاسـاییانە بمێننەوە و ڕێگـری لـەو گوشـارانە بکرێـت، بـەڵام پارێـزەران نەیانتوانـی هیچیـان

بـۆ بکـەن، چونکـە بارەگاکـە موڵکـی سـەندیکای مامۆسـتایانی عێراقـە و تاپۆکەیشـی هـەر بـە نـاوی ئـەو رێکخـراوە کـراوە. سـەرئەنجام لقـی کەرکووکـی یەکێتیـی مامۆسـتایانی کوردسـتان بارەگاکەیـان چۆڵکـرد و ئێسـتا لـە خانوویەکـی نەگونجـاودا دەوام دەکـەن، کـە بـۆ پێگـەی ئـەم رێکخـراوە تێکۆشـەرە مێژووییـە ناگونجێـت.

لقــی کەرکووکــی یەکێتییەکــە، نزیکــەی 8 هــەزار و 500 ئەندامــی هەیـە و نوێنەرایەتـی مامۆسـتایانی سـەرجەم پێکهاتەکانـی شـارەکە دەکات و رەوایــی لــە هەڵبــژاردن دا بەدەســتهێناوە، بەپێچەوانــەی سـەندیکای مامۆسـتایانی عێـراق، کـە تەنیـا لـە مـاوەی 6 مانگـی پـاش رووداوەکانـی 16ی ئۆکتۆبـەر 200 ئەندامیـان لـە هۆڵێك دا کۆکردەوە و لـە هەڵبژاردنێکـی نادیموکراسـیانەدا دەسـتەی لقەکەیـان هەڵبـژارد و رێگەیــان نــەدا مامۆســتایانی خوێندنــی کــوردی بەشــداری ئــەم هەڵبژاردنـە بکـەن، چونکـە دەیانزانـی ئەگەر پرۆسـەکەیان بە بەشـداری مامۆسـتایانی خوێندنـی کـوردی ئەنجـام بـدەن، بـە دڵنیاییـەوە یـەك ئەندامــی ئــەوان دەنگــی نەدەهێنــا و ســەرجەم دەســتەی کارگێــڕی لقەکـە لـە مامۆسـتایانی کـورد دەردەچـوون، چونکـە لـە 2003ەوە لقـی کەرکووکـی یەکێتیـی مامۆسـتایانی کوردسـتان، تاکـە رێکخـراوی داکۆکیـکار بـووە لـە مافەکانـی مامۆسـتایان لـە شـارەکە و جێگـەی ئــەوان نەدەبــووەوە.

لــە دوای 16ی ئۆکتۆبــەرەوە ژمارەیەکــی زۆری مامۆســتایانی ســەرجەم نەتــەوەکان بــە کوردیشــەوە، ئەوانــەی لەســەر میلاکــی وەزارەتـی پـەروەردەی بەغـدان، پەیوەندییـان بـە یەکێتـی مامۆسـتایانی کوردســتانەوە نەمــاوە و بوونەتــە ئەنــدام لــەم ســەندیکا تــازە دامـەزراوە. بۆیـە مامۆسـتایانی کوردسـتان کـە بڕیاربـوو لـە نیسـانی 2019دا کۆنگـرە ببەسـتێ و هەڵبژاردنـی سـتافێکی نـوێ بـۆ لقەکـەی کەرکووکیـش دابنرێـت، نیگەرانـە لـەوەی کـە ژمـارەی ئەندامانـی کـەم ببێتــەوە و ســەندیکا عێراقییەکــە ببێتــە جێگرەوەیــان.

# بەشی شەشەم
# پـــرسی ئـــاڵـای کــــوردســـتـان
# لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك

## 6- 1 ئەو بڕیارەی کاردانەوەی زۆری هەبوو

ئـاڵای کوردسـتان، کـە لەسـەر سـەرجەم قوتابخانەکانـی خوێندنـی کـوردی هەڵدرابـوو. سـاڵانە بـە شـێوەیەکی ئاسـایی یـادی ڕۆژی ئـاڵای کوردسـتان دەکرایـەوە و لـە جەژنـی نـەورۆز، یـادی کیمیابارانـی هەڵەبجـە و ئەنفـال دا بـەرز دەکرایـەوە و هیـچ کاردانەوەیەکـی نەرێنی نەتەوەکانـی دیکـەی شـارەکەی لـێ نەدەکەوتـەوە. ئـاڵای کوردسـتان لەپاڵ ئـاڵای عێـراق لەسـەر بینـای زۆر لـە فەرمانگـە حکومییەکانیـش هەڵدرابـوو.

بـەڵام دەرکردنـی بڕیـاری هەڵکردنـی ئـاڵای کوردسـتان بـە فەرمـی لەلایـەن ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکووکـەوە بـە زۆرینەیـی لیسـتی برایەتـی کاردانـەوەی زۆری لـە ناوخـۆی عێـراق و لەلایـەن تورکیـاوە دروسـتکرد . بڕیارەکـە بـە زۆرینەیـی لیسـتی برایەتـی دەرکـرا، بـەڵام دکتـۆر نەجمەدیـن کەریـم رابەرایەتـی ئـەو بڕیـارەی کـرد.

بە بۆچوونـی پارتـی، دەبووایە بڕیاری هەڵکردنـی ئاڵای کوردسـتان لـە ڕۆژی پەسـندکردنی دەسـتووری عێراقـەوە بووایـە، چونکـە یەکێـك لـە بڕگەکانـی ئـەو دەسـتوورە، کەرکـووك بـە یەکێـك لـە ناوچـە کێشـە لەسـەرەکان دادەنێـت و دەبووایـە لەو ڕۆژەوە یاساناسـانی کوردسـتان خەمـی هەڵکردنـی ئاڵایـان بووایە لـەو ناوچانـە، بـەڵام نەکـرا « دەسـتی ئەندامانـی ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك خۆشـبێت، کـە ئـەم بڕیارەیـان دەرکـرد و زۆر لەجێـی خۆیـدا بـوو، ئەگـەر هـەر ئەندامێکـی

کوردی ئەو ئەنجوومەنە لە ئیمزاکردنی بڕیارەکە دوودڵ بووبێت، دڵنیابن بۆ بەرژەوەندی تاکە کەسی خۆی بووە!" (عەدنان کەرکووکی ـ لێدوان)

بەرەی تورکمانی لە هەموو پێکهاتەکانی دیکەی نێو ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك توندتر بوو لە دژایەتیکردنی ئەو بڕیارە و لە چەند بۆنەیەك دا داوای هەڵکردنی ئاڵای خۆیان لەپاڵ ئاڵاکانی عێراق و کوردستان کردووە، بەڵام لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک رازی نەبووە چونکە ئاڵاکە دەستووری نییە و ئاڵای حیزبێکە نەك نەتەوەیەك، بۆیە هەڵکردنی ئەو ئاڵایەیان رەتکردەوە.

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی پارتی، بڕیارەکەی بەلاوە پەسند نەبوو و بەهەڵەی دادەنێن و دەیدەنە پاڵ دکتۆر نەجمەدین کەریمی پارێزگاری ئەوکاتی کەرکووك « کورد لەوکاتەدا لە هیچی کەم نەبوو، خۆی خاوەنی هەموو شتێك بوو لە شارەکە، بەڵام لەناکاو ئەم بڕیارە هاتە پێشەوە و هەڵلایەکی نایەوە و بووە هۆی جوڵاندنی هەستی پێکهاتەکانی دیکەی کەرکووك و رق و کینەیان بۆ ئاڵای کوردستان لەناخ دا بۆ دروست بوو. دکتۆر نەجمەدین لەو کاتانەدا تووشی لووتبەرزییەکی گەورە ببوو و ئەم بڕیارە ناوەختەی دەرکرد و بە بەرپرسیاری یەکەمی بڕیارەکە دادەنرێت" (شەمسەدین مەحموود ـ لێدوان)

ئەو بەرپرسەی یەکێتی، باس لە کۆبوونەوەی بەرپرسەکانی خۆیان دەکات، کە لە بەغدا سەبارەت بەم پرسە ئەنجام دراوە و پێیان گوتراوە: راستە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بەپێی دەستووری عێراق رێپێدراوە، بەڵام ئەگەر رێگە بە کورد بدرێت ئاڵای خۆیان هەڵبکەن، دوور نییە بەرەی تورکمانیش داوای هەڵکردنی ئاڵای تورکیا بکات و ئەگەری ئەوە هەیە، هەندێك لە عەرەبە سوننە توندڕۆیەکان ئاڵای وڵاتێکی عەرەبی هەڵبدەن و رەنگە ئاڵای ئێرانیش بێتە نێو هاوکێشەکەوە!

بە بڕوای ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت، بەشێك لە هۆکارەکانی دەرکردنی بڕیاری هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، کاردانەوەی سیاسی بوو، بەشەکەی دیکەی کاردانەوەی یاسایی بوو. سەبارەت بە بەشە سیاسییەکەی، وەڵامدانەوەیەك بوو بۆ حکومەتی بەغدا، کە لە ساڵی 2014ەوە گوشارێکی سیاسی توندی خستبووە سەر کەرکووك و گوشارەکەیان لە نەناردنی بودجەی هەرێمی کوردستان و بڕینی مووچەی فەرمانبەران دا گەیشتە لووتکە، کەرکووکیش ببووە کارتێکی گوشاری نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی و بەغدا، کە لەکاتی گونجاودا هەردوولا کارتەکەیان لە دژی یەکدی بەکاردەهێنا، بۆیە ئەندامانی لیستی برایەتی، کە زۆرینەی ئەنجوومەنەکە پێکدێنن، تای هەرێمیان گرت و بڕیاری هەڵکردنی ئاڵای کوردستانیان دەرکرد. دیوە یاساییەکەشی ئەوەیە، کە دەستووری عێراق دانی بەوە داناوە، کەرکووك، بەشێکە لە ناوچە کێشە لەسەرەکان و بە مافی خۆیانیان زانی بڕیارەکە دەربکەن، کە دەبووایە نوێنەرانی کورد لە بەغدا زۆر زووتر ئەو بڕیارەیان بکردایەتە نێو بەرنامەی کاری پەرلەمانی عێراق و بیخەنە دەنگدانەوە.

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك ئەوەش ناشارێتەوە، کە بڕیارەکە تاکلایەنانە بوو، بەڵام لەناچاری بوو، بەپێچەوانەی لایەنەکانی بەغدا، کە بە ئەنقەست مادەی 140 جێبەجێ ناکەن و ڕێگری لە قۆناخەکانی ئەو مادە دەستوورییە دەکەن. بێجگە لەوە، نە پێکهاتەی عەرەبی ئەنجوومەنەکە و نە پێکهاتەی تورکمانیش، ڕۆژێك لە ڕۆژان لەگەڵ هیچ پڕۆژەیەکی کوردی دا نەبوون. تورکمان تەنیا لەو بەشەدا لەگەڵ جێبەجێکردنی مادەی 140دا بوون، کە پەیوەندی بە گەڕانەوەی زەویوزاری تورکمانەکانی پارێزگای کەرکووکەوە هەبوو، ئەگەرنا هەرگیز لەگەڵ ڕاپرسی و ئەنجامدانی سەرژمێری دا نەبوون، چونکە دەیانزانی کورد زۆرینەیە و کەرکووك، هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێرێت نەك بەغدا. بە بەڵگەی ئەوەی، کە عەرەبەکانی نێو ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك لە 2005ەوە

تاوەکـو 2008 بایکۆتـی گشــت دانیشــتنەکانی ئەنجوومەنیـان کــرد و لــە دانانــی پارێــزگار و ســەرۆکی ئەنجوومەنــی پارێــزگاش دا بەشــدار نەبــوون. هەروەهــا تورکمانیــش لــە 2005ەوە تاوەکــو 2011 بەشــداری کۆبوونەوەکانــی ئەنجوومــەن نەبــوون، ڕەوشــە نوێیەکــەی پــاش ڕووخانــی ڕژێمــی بەعســیان پــێ قبــووڵ نەبــوو، کــە لیســتی برایەتــی کەرکــووك زۆرینــەی ئەنجوومــەن پێکبێنێــت و کەســی یەکەمــی ئیــدارەی کەرکــووك کوردبێــت و پێداگرییــان لــەوە دەکــرد، کــە نابێــت ئەو 26 کورســییە هێندەی 6 کورســییەکەی عەرەب و 9 کورســییەکەی تورکمــان مافیــان لــە بەڕێوەبردنــی پارێزگاکــەدا هەبێــت. « لیســتەکانی 175 ـ 178 ـ 289 ـ 299 دابــڕان لــە کۆبوونەوەکانــی ئەنجوومەنــی پارێــزگا، لــە کۆبوونــەوەی دووەمــی ئەنجوومــەن تاوەکــو ماوەیەکــی درێــژ. لیســتی برایەتیــی کەرکــووك ئامادەیــی خــۆی نیشــاندا کــە بــەردەوام ئامادەیــە بــۆ هــەر کۆبوونەوەیــەك لەگــەڵ لیســتەکانی دیکــە. کۆتایــی ئەمــەش بــە کردەیــی ڕوویــدا لــە دەسپێشــخەرییەکەی لیســتی برایەتــی لــە 31/ 8/ 2007 بــە دەستنیشــان کردنــی چەنــد پلەیەکــی ســیادی و بنەڕەتــی بــۆ بــرا تورکمــان و عەرەبــەکان لــە لیســتەکانی دیکــە» (نەجات حەسەن ـ 2009 ـ ل 158)

عــەرەب و تورکمــان، کاتێــك هاتنەوە نێــو کۆبوونەوەکانــی ئەنجوومەن، کــە جێگــری پارێــزگار بــە عــەرەب درا و ســەرۆکی ئەنجومەنەکــەش درایە تورکمــان. لــە دوای بایکۆتکردنەکــەش هــەر بەردەوام بــوون لــە دژایەتیکردنــی جێبەجێکردنــی مــاددەی 140.

### 6 ـ 2بڕیارەکە پێشنیازی چ لایەنێك بوو؟

کــە پێشــمەرگە بــە ئــاڵای کوردســتانەوە هاتووەتــە کەرکــووك و لــە ژێــر ســایەی ئــەم ئاڵایــەدا بەرگــری لــە شــارەکە کــردووە. کــورد بــە بەرگریکــردن و پاراســتنی کەرکــووك لــە هێرشــەکانی داعــش، دەســتکەوتێکی مەزنــی بەدەســتهێناوە، بۆیــە دەکــرێ لــەو ســاتە وەختــەدا بیــر لــە بەیاساکردنی دەســتکەوتەکانمان بکەینــەوە، چونکــە ئــەوەی پێشــتر لــە کەرکــووك کرابــوو و ڕوویــدەدا، هەمــوو دیفاکتــۆ

بوون « لۆژیکێك لە سیاسەت دا هەیە دەڵێ: لەکاتی بەهێزی دا هێرش بکە، لە کاتی لاوازیش دا بەرگریکردن هەڵبژێرە، ئەگەر بۆ مێژووش تۆماری بکەین، دەبێ ئەوە بڵێین، کە پێشنیازی دەرکردنی بڕیاری هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووك پێشنیازی من بوو لە کۆبوونەوەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە کەرکووك و خستمە بەردەستی نەجمەدین کەریم پارێزگاری ئەوکاتی کەرکووك، کە دەستبەجێ وەڵامی دامەوە و گوتی: پێشنیازەکەت بەجێیە و لێی دەکۆڵینەوە. خۆشمان شتی لەم بابەتەمان باس کردووە لە پارێزگا " (شوان محەممەد ـ لێدوان)

هاتنی پێشمەرگە بە بڕیارێکی فەرمی نەبوو، یان یاسایەکی لە پەرلەمانی عێراقەوە بۆ دەرنەچوو بوو، بەڵکو لەکاتێکدا بوو، کە سوپای عێراق هەڵاتبوون و سەنگەرەکانیان چۆڵکردبوو، پێویست بوو ئەو هێزانە بێنە کەرکووکەوە، هەرچەندە وەك هێزێکی نیشتمانی بەرگری لە سەرجەم پێکهاتەکانی شارەکە کرد، بەڵام هاتنیان لە چوارچێوەی یاسایەك دا نەبوو، بۆیە پێشنیاز کرا: ئەو ناوچە کوردستانیانەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بەپێی مادەی 140ی دەستووری عێراق، ناوچەیەکی کێشە لەسەرە و کێشەکەش لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدایە.

حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەپرسێ: بۆچی دەبێ ئاڵای عێراق بوونی لەو ناوچانەدا هەبێت و ئێمەی کورد بۆمان نەبێت ئاڵای کوردستان هەڵبدەین؟ بۆیە حیزبەکەیان، دەرکردنی بڕیارێکی لەم جۆرەیان پێ گونجاو بوو لەوکاتەدا، کە لایەنی یاسادانان لە شارەکە بڕیاری لەسەر داوە. هەرکاتێکیش بڕگەکانی ماددەی 140 جێبەجێکران و ساخبووەوە کە ناوچەکە کوردستانییە، با ئاڵاکە لە پاڵ ئاڵای عێراق بشەکێتەوە، ئەگەریش کوردستانیبوونی ناوچەکە نەسەلمێنرا ئەوسا با ئاڵاکە لابدرێت و تەنیا ئاڵای عێراق دابنرێت. لەلایەکی دیکەوە، هیچ ماددە و بڕگەیەکی یاسایی لە دەستووری عێراق دا نییە باس لەوە بکات، کە نابێت ئاڵای کوردستان لە

ناوچە کێشە لەسەرەکان هەڵبدرێت. بۆیە حیزبەکەیان، بڕیارەکە بە گونجاو و بەجێ دادەنێن.

حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە 1992ەوە ئاڵای حیزبییان لەسەر بارەگاکانی خۆیان هەڵنەکردووە، تەنیا ئاڵای کوردستانیان داناوە. لە 2003دا کێشەیەك کەوتە نێوان یەکێتی و پارتی لە کەرکووك لەسەر شەڕە پەڕۆ، ئەوکاتیش لە کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانییەکان پێشنیازیان کرد چیدی پەڕۆی سەوز و زەرد هەڵنەکرێت، با ئاڵای کوردستان جێگەیان بگرێتەوە. پێشنیازەکەشیان جێی خۆی گرت و یەکێتی و پارتی پێوەی پابەندبوون و بووە سیمبوولی هەموو لایەنە کوردستانییەکانی شارەکە. پێداگریش دەکەن، کە هەر کات ئەو هێزە ناشەرعییانەی ئێستا لە کەرکووکن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، دەبێ ئاڵای کوردستان جێگەی خۆی بگرێتەوە و لە ئاسمانی شارەکەدا بشەکێتەوە.

### 6 - 3 کاتەکەی گونجاو نەبوو!

بەپێی بۆچوونەکانی حیزبی سۆسیالیست، بڕیارەکە لەجێی خۆیدا نەبوو و لە دوای هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەر لەو شوێنانەشدا داگیرا، کە بوونی هەبوو، چونکە بەبێ بڕیاری پێشوەختە هەڵدرابوو و بڕیارەکە بە زیانی کورد شکایەوە نەك قازانج. لە دەستووردا ئەوە چەسپاوە کە لە ناوچە کێشە لەسەرەکانی مادەی 140دا لەپاڵ هەڵکردنی ئاڵای عێراق، دەکرا ئاڵای کوردستانیش بەرزبکرێتەوە «نەمانتوانی ئەو پەیامە بگەیێنینە عەرەب و تورکمانی شارەکە، کە ئێمەی کورد، پێکهاتەیەکی سەرەکی و زۆرینەی شارەکەین دەستوورمان جێبەجێکردووە و دژایەتی کەسمان نەکردووە، بەڵام پێشتر لە دانیشتنەکان دا بڕوامان پێ نەهێناون، بۆیە بینیمان تورکمان بایکۆتی دانیشتنەکەی کرد و عەرەب دەنگی بۆ نەدا، واتە خۆمان بە دەستی خۆمان بڕیارێکی تاکلایەنانەمان کردە دیفاکتۆ و سەپاندمان سەر لایەنەکانی دیکەی شارەکەدا» (رەسول رەئوف ـ لێدوان)

هاوپەیمانیـی نیشـتمانی، هـاوڕای حیزبـی سۆسیالیسـتە و وای لێکدەدەنەوە، کـە دەرکردنـی بڕیـاری هەڵکردنـی ئاڵای کوردسـتان لـە ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك، لەکاتێکـی گونجـاودا نەبـوو و بـووە مایـەی قەڵسـکردنی پێکهاتەکانـی دیکـەی ئەنجومەنەکـە.

تاریـق تەهـا بەرپرسـی دەڤـەری کەرکووکـی هاوپەیمانیـی نیشـتمانی، کـە ئەوکات لـە ریزەکانـی یەکێتیـی نیشـتمانی دا ئەنـدام مەکتـەب بـوو لـە پەیوەندییەکانـی یەکێتـی، بـەم شـێوەیە دەڕوانێتـە بڕیارەکـە: لەنێـو یەکێتـی دا دوو ئاراسـتەی جیـاواز هەبـوو بـۆ بڕیارەکـە، ئاراسـتەیەك لەگـەڵ بڕیارەکـە و ئاراسـتەیەکی دیکەیـان دژی بڕیارەکـە بـوون. ئێمـە وەك یەکێتـی سـەردانی حیزبـی تورکمـان ئیلیمـان کـرد، لـەوێ داوایـان کـرد پێشـنیازی هەڵکردنـی ئـاڵای بـەرەی تورکمانیـش لەپـاڵ ئـاڵای عێـراق و کوردسـتان دا بکرێـت. لـە مەڵبەنـد بەشـێکیان لەگـەڵ پێشـنیازەکەی تورکمـان بـوون و لـە راگەیاندنەکانیـش دا وروژاندیـان، بـەڵام لـە سـەرەوە بڕیارێـك هـات و داواکـرا ئـەم بابەتـە دابخرێـت و بەهیـچ شـێوەیەك بـاس نەکرێـت «ئەگـەر کـورد پێشـنیازەکەیان پەسـند بکردایـە و تورکمانیـان بـە نەتـەوەی دووەم دابنایـە، بیانـووی دژایەتیکردنـی بڕیـاری هەڵکردنـی ئـاڵای کوردسـتانیان نەدەمـا، چونکـە ئـەوان ئـەو بڕیارەیـان وەکـو پێشـەکییەك دادەنـا بـۆ جیابوونـەوەی کـورد لـە عێـراق، بـە هەڵکردنـی ئاڵاکەیـان ئـەو بیرۆکەیەشـیان لـە مێشـك دا کاڵ دەبـووەوە" (تاریـق تەهـا ـ لێـدوان)

هاوڕانەبوونـی حیزبـە کوردسـتانییەکان لـە ئاسـت بڕیـاری هەڵکردنـی ئـاڵای کوردسـتان لـە ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك، ئەوەمـان پێدەڵـێ کـە بەڕاسـتی بڕیـاری هەڵکردنـی ئـاڵای کوردسـتان لـە ئەنجوومەنەکـە کۆدەنگیـی تـەواوی لەسـەر نەبـووە، بەشـێك لـەو ئەندامانـەی کـە کاتـی خـۆی دەنگیشـیان بـە بڕیارەکـە داوە، بـە ویسـتی خۆیـان نەبـووە، یـان ئەوەتـا لـە رووداومـاون، یـان کاتـی دەرکردنـی بڕیارەکەیـان پـێ گونجـاو نەبـووە، بـەڵام نەیانتوانیـوە رێگـری لـەو بڕیـارە بکـەن و سـەرئەنجام دەنگیـان پێـداوە.

کۆمەڵـی ئیسـلامی کوردسـتان، وێڕای ئـەوەی لـە تـەواوی پۆسـتە ئیدارییـەکان و نوێنەرایەتیـی ئەنجوومەنـی پارێزگای کەرکـووك بێبـەش بـوون، بـەڵام هەمیشـە پشـتگیری پارێـزگاری کەرکووکیـان کـردووە « کۆمەڵـی ئیسـلامی پشـتگیریی لـە نەجمەدیـن کەریـم کـردووە، بـەڵام لـە پێشـنیازکردنی بڕیـاری هەڵکردنـی ئـاڵای کوردسـتان دا، لەگەڵـی نەبوویـن و پێمـان وابـوو کاتـی دەرکردنـی بڕیارەکـە گونجاو نییـە. دەکرا پێشـوەخت لەگـەڵ پێکهاتەکانـی دیکـەی پارێزگاکـە راوێـژ و گفتوگـۆ بکرێـت و ئامـادەکاری زیاتـر بـۆ دەرکردنـی بڕیارەکـە بکـەن، کـە بـووە هـۆی ئیسـتیفزازکردنی نەتەوەکانـی دیکـەی کەرکـووك و کردیانـە بیانوویـەك بـۆ رووداوەکانـی 16ی ئۆکتۆبـەر، وایـان لـە خەڵکانـی دیکـە گەیاندبـوو، کـە کـورد پێکەوەژیانـی لـە شـارەکەدا ناوێـت و هەمـوو بڕیارەکانـی ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك، تاکلایەنانـە دەردەکات و ئەوانـی دیکەیـان لـێ پەراوێـز دەخرێـن « (محەممـەد جەلیـل ـ لێـدوان)

هەرچەنـدە حیزبـی شـیوعی کوردسـتان لەگـەڵ ئـەو بڕیـارە نەبـوو، چونکـە ئەوانیـش پێیانوابـوو، لـەو رۆژگارەدا پێویسـتی نەدەکـرد و ئـاڵای کوردسـتان لـە هەمـوو شـوێنێك دا هەبـوو. ئـاڵای کوردسـتان لـە سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە تاوەکـو سـنووری حەویجـە و رەشـادیش هەبـوو. سـەرجەم ناوەندەکانـی خوێنـدن لـە کەرکـووك ئـاڵای کوردسـتانیان بەسـەرەوە بـوو، بـارەگای سـەرجەم حیزبـە کوردسـتانییەکانیش هـەروا « ئێمـە لەگەڵـی نەبوویـن. بـووە هـۆی ورووژاندنـی هەسـتی عـەرەب و تورکمـان. لـەو باوەڕەدایـن بەشـێك لـە ئەندامانـی کـوردی ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك لەبـەر کوردبـوون و هەسـتیاری بابەتەکـە نەبووایـە دەنگیـان پێنـەدەدا و هـەر لـە سـەرەتاوە لەگـەڵ دەرکردنـی بڕیارەکـەدا نەبـوو، بەڵام سـەرئەنجام هـەر دەنگیـان بـە بڕیارەکـە دا. بڕیارەکـەی ئەنجوومـەن، بڕیـاری خـودی خۆمـان نەبـوو، بە ئێمەیـان کـرد! پێشـتر لـە رێوڕەسـمی یادی نـەورۆزدا گەورەتریـن ئـاڵای کوردسـتان لـە پـاڵ ئـاڵای عێـراق لەسـەر قـەڵای کەرکـووك هەڵـدرا، دواتـر پێشـنیازەکەیان هێنایـە نێـو ئەنجوومـەن و داوایـان لێکردیـن بیخەینـە دەنگدانـەوە، واتـە پارێـزگاری کەرکـووك

تۆپێکـی فڕیدایـە مەیدانـی ئەنجوومەنـەوە و ئێمـە نەمانتوانـی یـاری بـەو تۆپـە نەکەیـن و دەنـگ لـە دژی ئـەو پێشـنیازە بدەیـن. گرفتەکـە لەوەدابـوو کـە پێشـتر راوێژیـان پێنەکردبوویـن تاوەکـو لـە کاردانـەوەی تورکمـان و عەرەبـی ئەنجوومەنەکـە بکۆڵینـەوە. لیسـتی برایەتـی کەرکـووك دانیشـتنێکی کـرد و پێمـان بـاش بـوو ئـەم بڕیارە بـە راوێژ و لێکۆڵینـەوە بدرێـت، نـەك بـەم پەلـە پەلییـە « (ئیبراهیـم خەلیل ـ لێدوان)

## 6 ـ 4یادی رۆژی ئاڵا لە دوای 16ی ئۆکتۆبەر

لـە یـادی بەرزکردنـەوەی ئـاڵای کوردسـتان دا سـاڵانە لـە بـارەگای سـەرجەم حیزبـە کوردسـتانییەکان رێوڕەسـمی بەرزکردنـەوەی ئـاڵا بەڕێوەدەچێـت، بـەڵام لـە دوای هێرشـەکانی16 ی ئۆکتۆبـەر ئـەو رێوڕەسـمەش بـووە یەکێـك لـە قەدەخەکـراوەکان بـۆ کـورد. هەرچەنـدە لـە نـەورۆزی 2018دا حیـزب و لایەنـە کوردسـتانییەکان، جگـە لـە پارتـی لـە یـادی بەرزکردنـەوەی ئـاڵای کوردسـتان، ئاهەنگیـان لەسـەر قـەڵای کەرکـووك سـازدا و ئـاڵای کوردسـتانیان بەدەسـتەوە بـوو، هەڵبـەت رێگـە نـەدرا ئـاڵای گـەورە لـە تەنیشـت ئـاڵای عێـراق هەڵبـدرێ، تەنیا مافـی ئەوەیـان هەبـوو ئـاڵا بچووکـەکان بەدەسـتەوە بگـرن.

لـە 17ی کانوونـی یەکـەم و لـە رۆژی ئاڵای کوردسـتان دا حزبی شـیوعی کوردسـتان بـە گوتنـەوەی سـروودی ئـەی رەقیـب ئـاڵای کوردسـتانیان لـە بارەگاکەیـان بەرزکـردەوە، بـەڵام هـەر دوای دوو سـێ کاژێرێـك لەلایـەن بنکـەی پۆلیسـی رەحیمـاوەوە ئـاگادار کرانـەوە، کـە دەبێ ئەو ئاڵایـە بێننـە خـوارەوە. دیـارە ئـەو پۆلیسـانەش لەلایـەن هێزەکانـی دژە تیـرۆری عێراقـەوە راسـپێردرا بوون، کە بـارەگای ئەنجوومەنی سیاسـیی کەرکـووك - گەرمیانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانیان داگیرکردبـوو و لـە بـارەگای حیزبـی شـیوعی کوردسـتانەوە زۆر دوور نەبـوون. سـەرەتا ئـەم ئاگادارکردنەوەیـە پشـتگوێخرا، بەڵام دووبـارە پۆلیسـی رەحیمـاوە ئـاگاداری کردنەوە،پاش راوێـژی نێوخـۆی ئەندامانـی کۆمیتـەی پارێزگای کەرکووکـی حیزبـی شـیوعی کوردسـتان، ئاڵاکـە هێنرایـە خـوارەوە.

لــە نــەورۆزی 2019دا پــاش گفتوگۆیەکــی زۆری نێــوان حیزبــە کوردســتانییەکان و ئیــدارەی مەدەنــی و ســەربازیی کەرکــووك، رێگــە بــە کردنــەوەی ئاگــری نــەورۆز درا و قــەڵای کەرکــووك بــە شــوێنی ئاهەنگەکــە دیاریکــرا. ســەبارەت بە ئاڵای کوردســتانیش هیــچ رێگرییەك نەکــرا و بــۆ مــاوەی دوو کاژێــر حیــزب و لایەنــە کوردســتانییەکان و لایەنگرانیــان ئــەم جــارەش بەبێ پارتــی مۆڵــەت دران ئاهەنگــی نــەورۆز بگێــڕن، کــە هاوکاتــە لەگــەڵ یــادی ئازادکردنــی شــارەکە لەســاڵی 1991 و ئاگــری نــەورۆز بــە ئامادەبوونــی بەرپرســانی حیزبــە کوردســتانییەکان، هەڵکــرا.

لــە دوای تەواوبوونــی مۆڵەتەکــە، گەنجانــی ئاهەنــگ گێــڕی شــارەکە بــە ئــاڵای کوردســتانەوە بــە شــەقام و کۆڵانەکانــدا هاتووچۆیــان دەکــرد، بــەڵام لــە چەنــد جێگەیــەك ئاڵاکانیــان لێســەندرا و ســووکایەتیان پێکــرا.

دوو رۆژ پێــش جەژنــی نــەورۆز بەرەی تورکمانی نووســراوێکی ئاراســتەی پارێــزگاری کەرکــووك بەوەکالــەت کردبوو و تێیــدا داوای ئاهەنگگێڕانیان کردبــوو لەســەر قــەڵای کەرکــووك، واتــە هەمــان کات و شــوێنی حیزبــە کوردســتانییەکان، بــەڵام دوای ئــەوەی پارێــزگاری کەرکــووك داواکــەی ئەوانــی رەتکــردەوە، لــە دەزگاکانــی راگەیانــدن دا رایانگەیانــد، کــە هیــچ داوایەکــی لــەم جۆرەیــان ئاراســتەی پارێــزگار نەکــردووە.

هــاوکات بــەرەی یەکگرتــووی عەرەبــی داوایەکــی هاوشــێوەی داواکــەی بــەرەی تورکمانییــان ئاراســتەی پارێــزگاری کەرکــووك کردبــوو و داوایــان لــە پارێــزگار کردبــوو، کــە بــە بۆنــەی (جەژنــی بەهــار ـ عیــد الربیــع) گردبوونەوەیــەك بــۆ جەمــاوەری کەرکــووك ســاز بــدەن و ئاهەنــگ بەوبۆنەیــەوە بگێــڕن. ئــەم داواکاریــەی ئەوانیــش رەتکرایــەوە و دواتــر ئەوانیــش بــە هەمــان شــێوەی بــەرەی تورکمانــی نکۆڵییــان لەوەکــرد داواکارییەکــی بەوشــێوەیان کردبێــت.

چەنــد رۆژێــك پێــش جەژنــی نــەورۆز، ســەرجەم دەزگا ئەمنیــەکان و پۆلیــس و تەنانــەت دژەتیــرۆری عێراقیــش لــە ئامادەییەکــی تــەواودا

بــوون و پاراســتنی ئەمنیەتــی شــار و ســەروەت و ســامانی خەڵکــی کەرکووکیــان کردبــووە بیانــووی ئامادەییەکانیــان.

لــە ســەرجەم بازگــەی دەروازەکانــی شــار دا لێپێچینەوەیەکــی ورد و پشــکنینێکی زۆر بــۆ ســەیرانکاران دەکــرا و لــە هــەر گردبوونەوەیەکــی خەڵکــی دا بــە گومــان بــوون و ئۆتۆمبێلەکانیــان لــە نزیك ســەیرانگەکان بــە چــڕی بــڵاوە پێکردبــوو.

# بەشی حەوتەم
# بۆچوونەکان لەبارەی کاراکردنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک

## 7- 1 ئەڵتەرناتیڤی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک

بۆ بەڕێوەبردن و دەرکردنی بڕیارەکان، هیچ ئەلتەرناتیڤێکی دیکە نییە جێگەی دامەزراوەیەکی هەڵبژێردراوی وەك ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك بگرێتەوە، کە لە کۆی 41 کورسی، 26 کورسی پشکی کوردە و ئەم ژمارە زۆرەی کورسییەکان، کە بە لیستی برایەتیی کەرکووك ناسراوە، بێجگە لە کورد، عەرەبی رەسەن و تورکمانی شارەکەشی تێدایە.

ئەم رێژە زۆرەی کورسییەکانی لیستەکە، بەرهەمی یەکگرتوویی یەکێتی و پارتی و حیزبەکانی کوردستان بوو. بەم رەوشەی ئێستای نێو ماڵی کورد، زۆر زەحمەتە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگاکە ئەو ژمارە کورسییانە بەدەست بێننەوە، ئەگەر بە لیستێکی یەکگرتووش بەشداربن. چونکە زۆربەی حیزبەکانی عەرەبی سوننەی شارەکە لە جاران رێکخراوتر و یەك هەڵوێستترن لەئاست رێگریکردن لە باڵادەستبوونی کورد لە ئەنجوومەنی پارێزگا و بەڕێوەبردنی فەرمانگە سەرەکییەکانی کەرکووك. حیزب و لایەنەکانی عەرەبی شیعە، بە بیانووی مەترسییەکانی چەکدارانی داعش، زۆر زیاتر لە ناوچەکەدان و لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك دا هەوڵی بەدەستهێنانی چەند کورسییەکی ئەنجوومەنەکە دەدەن و پشتیوانییەکی تەواوی حکومەتی عێراقیان هەیە بۆ گۆڕینی هاوکێشە سیاسییەکان و قبووڵیان نییە عەرەب لە پلەی سێیەمی پێکهاتەکانی شارەکەدابێت.

سەبارەت بە بەرەی تورکمانیش، کە پۆستی پارێزگاری کەرکووك بە مافی خۆی دادەنێت و بۆ بەدەستهێنانی ، دژایەتی هەر بڕیارێکی حیزبە کوردستانییەکان دەکەن و زیاتر مەیلیان بە لای بۆچوونەکانی لایەنە عەرەبییەکاندایە.

ئەم ئەنجوومەنە، کە ماوەی زیاتر لە 13 ساڵە هەیە و بە هەموو کەموکورتی و سەرنج و تێبینییەکانی خەڵکی کەرکووکەوە، توانی رووی کوردستانیبوونی ئیدارەی شارەکە بەرجەستە بکات.

ئێستا لایەنە کوردستانییەکان لەنێوان دوو بژاردەدان، بژاردەی ململانێ لەپێناو دەستکەوتی حیزبی، بژاردەی قوربانیدان بە بەرژەوەندی حیزبی لەپێناو کەرکووك. کوردی کەرکووکیش زۆر بە روونی دەرکی بەوە کردووە، کە نە یەکێتی ئامادەیە دەست لە پۆستی پارێزگار هەڵبگرێت و بە دانانی پارێزگارێکی بێلایەن رازی بێت، نە پارتی رازییە پارێزگارێکی یەکێتی بۆ شارەکە دابنرێت. هیچ کامیان ئامادەنین بۆ بەرژەوەندی کەرکووك سازش بۆ یەکتر بکەن، بۆیە کوردانی کەرکووك وای لێکدەدەنەوە، کە عەیبەیەکی گەورە دەبێت کاتێك لەپێناو بەدەستهێنانی پۆستێکی دیاریکراو لە هەرێمی کوردستان یان لە بەغدا سازش بۆ یەکتر بکەن و هەر سێ پرسەکانی کەرکووك و هەرێمی کوردستان و بەغدا بە یەك پاکێج سەیر بکرێت. جا ئەوکات کەرکووکییەکان مافی خۆیانە گلەیی لەو دوو حیزبە بکەن و بڵێن: ئێوە راستگۆ نەبوون لە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی بە خەڵکی شارەکەتان دابوو.

### 7 ـ 2 کاراکردنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك

چوار رۆژ دوای هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، حیزبی شیوعی کوردستان لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکانی دیکەی وەك، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان، پارتی کرێکاران و رەنجدەران و پارتی چارەسەری لە قەرەهەنجیر کۆبوونەوە و چەند لایەنێکی دیکەی

وەك یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی و گۆڕانیش بانگهێشت کرابوون، بەڵام ئامادە نەبوون، کۆبوونەوەیەکیان لە قەرەهەنجیر بەبێ پارتی و یەکێتی ئەنجام دا و ویستیان هەڵسەنگاندنێکی بارودۆخە نوێیەکەی دوای 16ی ئۆکتۆبەر بکەن و بێلایەنانە چارەسەرێکی گونجاو لەنێوان پارتی و یەکێتی دا بدۆزنەوە.

دوای ئەم کۆبوونەوەیە، یەکێتیش هەر لە قەرەهەنجیر سەرجەم حیزبە کوردستانییەکانی کۆکردەوە، تەنیا پارتی تێدا نەبوو، کە لەسەر ئاستی کەسی یەکەمی حیزبەکان بوو لە کەرکووک. لەو کۆبوونەوەیەدا لایەنەکان جەختیان لەسەر بەرەنگاربوونەوەی بەعەرەبکردنی شارەکە و پێشهاتە نوێیەکان کردەوە.

هەر لە سەروبەندی پرسی کاراکردنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك، حیزبی شیوعی کوردستان پرۆژەیەکی داڕشت. پارتیشی لێ ئاگادارکردەوە و پێشنیازی کۆبوونەوەیەکی گشتیی نێوان حیزبە کوردستانییەکانیان کرد. ئەوەبوو لە هەولێر سەردانی لقی 3ی پارتی دیموکراتی کوردستان کرا و پرۆژەکە لەلایەن پارتیشەوە پەسەند بوو، بۆیە ئەم جارە فراوانترین کۆبوونەوەی لایەنە کوردستانییەکان لە قەرەهەنجیر بەڕێوەچوو و، پارتی گەلی تورکمانیش یەکێك بوو لە بەشدارانی.

بە بۆچوونی چاودێرانی سیاسی ئەم کۆبوونەوەیە سەرکەوتووترین کۆبوونەوەی دوای هێرشەکانی ئۆکتۆبەر بوو، کە تێیدا پێداگری کرا لەسەر رێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی بۆ کاراکردنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا، پاشانیش دیاریکردنی پارێزگارێکی کورد بۆ کەرکووك. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا د.محەممەد خورشید، بەرپرسی لقی 3ی پارتی، هەواڵی رێککەوتنی یەکێتی و پارتی و پێکهێنانی لێژنەیەکی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکووکی بە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە راگەیاند.

لە 18ی کانوونی یەکەمی 2018 کۆبوونەوەیەکی دیکە لەسەر

ئاستی بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزبە کوردستانییەکان لە بارەگای کۆمیتەی کەرکووکی حیزبی شیوعی کوردستان بەڕێوەچوو. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا بەرپرسانی یەکەمی ئەم لایەنانە لە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە کەرکووك کۆببنەوە. ئەوەبوو کۆبوونەوەکە ئەنجام درا و لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا بەیاننامەیەکی هاوبەشی حیزبە کوردستانییەکان بڵاوکرایەوە، کە گرنگترین خاڵەکانی ئەمانەبوون:

یەکەم: ڕێککەوتن لەسەر کاراکردنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك.

دووەم: دانانی پارێزگارێکی کورد بۆ پارێزگای کەرکووك.

سێیەم: داواکردنی کێشانەوەی ئەو هێزانەی لە دوای ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەر هاتوونەتە شارەکە.

چوارەم: گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و پێکهێنانی ژوورێکی هاوبەشی هێزەکان.

پێنجەم: گەڕاندنەوەی ئەو بەڕێوەبەرە کوردانەی دوورخراونەتەوە.

لە بەرانبەر ئەمانەدا، پارتیش حیزبە کوردستانییەکانی بانگهێشتی کۆبوونەوە کرد لە هەولێر، بەڵام نە یەکێتی، نە گۆڕان و نە کۆمەڵی ئیسلامی نەچوونە کۆبوونەوەکە. لەو کۆبوونەوەیەشدا هەمان ئەو پرسانە گفتوگۆیان لەسەرکرا و لە ئەنجام دا هەمان ئەو بڕیارانە دران کە پێشتر لە کۆبوونەوەکانی کەرکووك و قەرەهەنجیردا بڕیاریان لەسەر درابوو، بەڵام بە جیاوازی ئەوەی کە پێش هەموو شتێك پێویستە باری نائاسایی کەرکووك ئاسایی بکرێتەوە و ئەو هەموو هێزانە بچنە دەرەوەی کەرکووك، پاشان ئەنجوومەنی پارێزگا کارا بکرێتەوە و پارێزگارێك دابنرێت. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا داوای بێلایەن بوونی دادگای کەرکووك کرا سەبارەت بە بڕیاری دەستگیرکردنی ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆك

ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك و بڕیارەکانـی دادگا، بڕیـاری سیاسـی و تۆڵەکردنــەوە نەبــن.

دوای ئـەم کۆبوونەوەیـەی هەولێـر، هـەردوو لایەنـی پارتـی و یەکێتی لە ڕاگەیانـدن دا گـوتـاری توونـد و بۆچوونـی دژ بەیەکیـان بڵاودەکـردەوە، بەهـۆی بۆچوونـی جیـاوازی نێـوان یەکێتـی و پارتـی سـەبارەت بـە دانانـی پارێـزگار. یەکێتـی پۆسـتی پارێـزگاری کەرکـووك بە پشـکی کـورد دەزانێ و لەنێـو کوردیـش دا بەپشـکی یەکێتـی، هەرچـی پارتییـە، پۆسـتەکە بـە پۆسـتی کـورد دادەنێـت و پێیوایـە دەبـێ پارێزگارێکـی کـوردی بێلایـەن بێت .

گفتوگـۆی زۆر لەسـەر دانانـی پارێزگارێکی کورد لەم ڕەوشـەی ئێسـتادا کـراوە، هەروەهـا ئەگـەر هەبـێ، دەسـەڵاتی دەبـێ یـان نـا؟! ئێسـتا دوو لایـەن حوکمـی کەرکـووك دەکـەن، لایەنێکیـان سـەربازییە، دەکـوژێ و دەبـڕێ بەبـێ دادگا و دادوەر، لایەنـی دووەمیـش ئیـدارەی مەدەنیـی کەرکووکـە، کـە خـۆی لـە پۆسـتی پارێـزگاردا دەبینێتـەوە. پارێـزگار ئیمزا لەسـەر بڕیـارە ئیدارییـەکان دەکات، ئەگـەر پارێـزگار کـورد بێـت، ئـەوا دەتوانـێ هەمـوو ئـەو بڕیارانـەی ڕاگواسـتن و بەعەرەبکردنـە نوێیـە ڕابگـرێ و ئەوانـی کراویشـن، هەموویـان هەڵوەشـێنێتەوە. هەروەهـا لـە گەڕاندنـەوەی بەڕێوەبـەرە کـوردە دوورخراوەکانیشـدا ڕۆڵی هەبێت و دەتوانێـت بڕیـاری گەڕاندنـەوەی سـەرکاریان دەربـکات. کەواتە لێرەدا گرنـگ ئەوەیـە پارێزگارێکـی کـورد دابنرێت.دواکەوتنـی کارانەکردنـەوەی ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك، یەکێکـە لـە دەرهاویشـتەکانی 16ی ئۆکتۆبـەر و پارتـی دووپاتـی دەکاتـەوە، کـە کەرکـووك داگیرکـراوە و لۆژیـك نییـە لـە سـایەی داگیرکاریـدا ئەنجوومەنەکـە کارا بکەینـەوە، چونکـە پارتـی نەخشـە ڕێگەیەکـی هەیـە بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانی کەرکـووك و دەبـێ قۆنـاخ بـە قۆنـاخ گرێکوێـرەکان لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق دا بکرێنـەوە، هـەروەک پارتـی دەڵێـت.

قۆناخــی یەکــەم گەڕانــەوەی هێزەکانــی پێشــمەرگەیە بــۆ پاراســتنی دەرەوەی شــار. لە قۆناخی دووەم دا دۆسـیەی ئەمنی رادەسـتی دەزگا ئەمنییەکانــی کەرکــووك بکرێتــەوە. لــە دوا قۆناخیــش دا بارەگاکانــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان چۆڵبکرێن و رێگری نەکرێـت لە هەڵکردنی ئــاڵای کوردســتان. جــا کــە ئــەم قۆناخانــە جێبەجێکــران، ئەنجوومەنــی پارێــزگای کەرکــووك بــە ئامادەبوونــی گشــت پێکهاتەکانــی لــە شــارەکە کۆببێتــەوە. « ئەنجوومەنــی پارێــزگای کەرکــووك ئێستاشــی لەگــەڵ بێــت بەپێــی یاســای 71ی برێمــەر بەڕێوەدەبرێــت و وەك ئەنجوومەنــی پارێزگاکانــی عێــراق بــە یاســای 21 بەڕێوەنابردرێــت، بۆیــە پارتــی تائێســتا نەجمەدیــن کەریــم بــە پارێــزگاری ڕەوای کەرکــووك دادەنێ.هەرچەنــدە لەلایــەن ئەنجوومەنــی وەزیــران و پەرلەمانــی عێراقــەوە بڕیــاری لەســەرکارلادانی دراوە، بــەڵام ئەنجوومەنــی پارێــزگا ئــەو بڕیارەیــان جێبەجێنەکــرد و دووبــارە متمانەیــان پــێ بەخشــیوەتەوە. لەبــارەی ئــەم پرســەوە جیاوازی پارتــی و یەکێتــی لەوەدایــە، کــە پارتــی پارێــزگای کەرکووکــی لا مەبەســتە، بــەڵام یەکێتــی پارێزگارەکــەی دەوێــت. ئەگــەر پارێزگارەکەشــیان دابنێــن، لــە بارودۆخــی ئێســتای کەرکــووك دا هیــچ دەســەڵاتێکی نابێــت، هــەروەك چــۆن بــە بڕیارێــك هەمــوو دەســەڵاتەکانی راکان ســەعیدیان راگــرت، ئــاواش دەســەڵاتەکانی ئــەو رادەگــرن ! » (عەدنــان کەرکووکــی ـ لێــدوان)

بــەڵام بۆچوونــی یەکێتــی ســەبارەت بــە هــۆکاری کارانەکردنــەوەی ئەنجوومەنــی پارێــزگای کەرکــووك، ئاوایــە: لەبەرئــەوەی ئەندامانــی ئەنجوومەنــی پارێــزگای کەرکــووك، زۆرینەیــان پارتیــن و ســەرۆکی ئەنجوومەنەکــەش ناگەڕێتــەوە کەرکــووك، ئەنجومەنەکــە ناتوانــێ کۆبوونەوەکانــی خــۆی بــکات، بۆیــە ئەندامانــی ئەنجوومــەن لەســەر لیســتی یەکێتــی، لــە هەولێــر لەگەڵیــان دانیشــتوون و داوای کۆبوونەوەیــان کــردووە، کەچــی ئــەوان رازی نیــن کۆببنــەوە. یەکێتــی کەرکــووك بــە نەخۆشــێك دەشــوبهێنێ، کاتێــك دەچێتە لای پزیشــکێك، رەنگــە لــە ســەرەتادا هەنــدێ دەرمانــی ئازارشــکێنێ پیبــدات، دواتــر چارەســەری بنەڕەتــی نەخۆشــییەکە دەکات. کێشــەکانی کەرکووکیــش

ئاوان، سەرەتا دەبێ ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك کۆببێتەوە و پارێزگارێك بۆ شارەکە دیاری بکرێت، ئینجا ئەو پارێزگارە، بەرە بەرە کێشەکان چارەسەر بکات.

### 7 ـ 3 کەرکووك وەك کارتێکی سووتاو

حەمەی حاجی مەحموود دەڵێ هەموو هەوڵێکیدا بۆ رێکخستنەوەی ماڵی کورد. بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ پارتی و یەکێتی دانیشتووە و ویستوویەتی کێشەی کاراکردنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیان لەگەڵ یەکلابکاتەوە و کاربکرێت بۆ دانانی پارێزگارێکی کورد بۆ کەرکووك. لەلای حیزبی سۆسیالیست گرنگ ئەوەیە ئەندامانی ئەنجومەنەکە کۆببنەوە ئەگەر لە هەولێر یان قەرەهەنجیر بێت و پارێزگارێك دیاری بکرێت، ئەگەر دکتۆر نەجمەدین بێت یان هەر کەسێکی دیکە.

لەسەر ئاستی کەرکووك، مەڵبەندیان لەگەڵ یەکێتی و پارتی دا کۆبووەتەوە و بڕوایان وابووە، کە نابێت کێشە و ململانێیەکانی هەرێمی کوردستان بگوازرێنەوە کەرکووك و ئەنجوومەنی پارێزگاکە هەر ئاوا بە ئیفلیجی بمێنێتەوە. نابێ شارەکە بێ پارێزگاربێت و چیدی رێگە بەو پارێزگارە بە وەکالەتە نەدرێت کاری نایاسایی دەرهەق بە خەڵکی شارەکە بکات. هەروەها پێیانوایە ئەگەر پارێزگارێکی پارتیش دابنرێت ئاساییە، ئەگەر یەکێتی بە دکتۆر نەجمەدین رازی نییە و تاوەکو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنێکی دیکە با ئەو پارێزگارە پارتییە شارەکە بەڕێوەببات. « دیارە خەڵك و خاکی کەرکووك هێندە گرنگ نییە لەلاتان، بۆیە هیچ کامتان ئامادەنین بۆ لاکەی دیکە دانەوێنن. هەقە پارتی و یەکێتی بە رێککەوتنیان لە کەرکووك، بە پارێزگاری بە وەکالەتی پارێزگاکە بڵێن: بەسە ئیتر لێت قبووڵ ناکەین! کار لەسەر سڕینەوەی ئاسەواری ئەو بڕیار و یاسایانە بکەن کە بە پشتیوانی بەغدا کردوونی، کە رەنگە بە ساڵانێکی دیکە نەتوانرێت دۆخەکە وەك پێش رووداوەکانی ئۆکتۆبەری لێبکرێتەوە . کورد ئێستا سەرۆك کۆمار، وەزیری دارایی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی

لە حکومەتی فیدراڵ دا هەیە، ئەی ئەگەر ئێستا نەتوانن دۆخی کەرکووك ئاسایی بکەنەوە، کەی دەتوانن؟! دەبووایە پێش ئەوەی شەڕی پۆست لە بەغدا بکەن، شەڕەکەیان لەپێناو کەرکووك بووایە و ئاساییکردنەوەی کەرکووکیان بکردایەتە مەرجی بەشداریکردن و پێکهێنانی حکومەتی بەغدا. حکومەتی بەغدا کە حکومەتی سازانە، سەرۆك کۆمار بۆ کورد، سەرۆکی پەرلەمان بۆ عەرەبی سوننە و سەرۆك وەزیران بۆ عەرەبی شیعە بڕاوەتەوە « (ڕەسول ڕەئوف ـ لێدوان)

ئەگەر کورد ئەو مەرجە پێشوەختەی بەسەر بەغدادا بسەپاندایە، بێگومان تائێستاش ئەو حکومەتە پێك نەدەهات، بەڵام پارتی و یەکێتی ئەم کارتەیان لە دەستی خۆیاندا سووتاند و لەجیاتی ئەوەی لە بەرژەوەندی کورد بەکاری بێنن، ناکۆکییەکانی نێو ماڵی کوردی پێ زیادکرد و درزی پەیوەندییە نێوخۆییەکانی پێ فرەوانتر کرد. لێرەش دا قوربانی یەکەم هەر کوردی کەرکووکە.

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك، نایشارێتەوە، کە دەسەڵاتدارانی کورد لە کەرکووك بەبێ هەڵە و کەموکوڕی نەبوونە، ڕەنگە هەڵەی سیاسی، ئیداری و یاساییشیان هەبووبێت، بەڵام هێندە ترسناك نەبووە، کە پەلاماری ئەوانی دیکە بدەن و تۆڵەیان لێ بسێننەوە، بە پێچەوانەی ئەوانی دیکە، کە بە هەموو شێوەیەك هەوڵی سڕینەوەی کوردیان دەدا لە پارێزگاکە، بەتایبەتیش دوای هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەر.

ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك پێیوایە، کەرکووك بە هاوئاهەنگی و لێکتێگەیشتنی هەر چوار پێکهاتەکەی نەبێت، بەڕێوەناچێت، بۆیە دەبێ پێکەوە دانیشن و هیچ لایەنێك هەوڵی پەراوێزخستنی لایەنەکانی دیکە نەدات. «پێش ئەوەی خۆمان لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی کەرکووك، یەکلابکەینەوە، پێویستە نێوماڵی کورد یەکبخەینەوە و یەك گوتارمان هەبێت بۆ ئامانجەکانمان. تاوەکو یەکریزیی نێوخۆمان نەپارێزین ناتوانین گوزارشت لە خواستەکانمان بکەین، حکومەتی عێراقیش بۆ

ئاسـاییکردنەوەی رەوشـی شـارەکە، چاوەڕێـی یەکێتـی و پارتییـە و بـە راشـکاوانە پێیانگوتـراوە، بـڕۆن داواتـان بکەنـە یـەك، ئینجـا وەرنـەوە بـا گفتوگــۆ بکەیــن».

# بەشی هەشتەم
# پارێزگارەکانی دوای رووخاندنی رژێمی بەعس

## 8 - 1هەڵبژاردنی پارێزگاری کەرکووك

مانـع رەشـید، کـە دوا پارێـزگاری کەرکـووك بـوو لـە سـەردەمی بەعـس دا، چەنـد رۆژێـك بـەر لـە ئازادکردنـی کەرکـووک هەڵاتبـوو. حیزبـە کوردسـتانییەکان، بەتایبەتیـش یەکێتـی و پارتـی لەگـەڵ هێزەکانـی هاوپەیمانـان لـە هەوڵـی دانانـی پارێزگارێکـی کاتـی بـوون بـۆ بەڕێوەبردنـی کاروبـاری پارێزگاکـە.

هەڵبـەت پێش 10ی نیسـانی 2003، کـە رۆژی رزگارکردنـی کەرکـووك بـوو، کـورد و تاوەکـو رادەیـەك تورکمانیـش لـە بچووکترین مافـی سیاسـی و کولتـووری بێبـەش کرابـوون. بۆیـە بـۆ دانانـی پارێزگارێکـی کـورد، کـە ئامانجـی سـەرەکی لایەنـە کوردسـتانییەکان بـوو، کارێکـی ئەوەنـدە ئاسـان نەبـوو کەسـێکی حیزبـی سـەر بـە حیزبـە کوردسـتانییەکان لـە شـارەکەدا دابنرێـت، چونکـە پاشـماوەکانی رژێمـی بەعـس و ئەوانـەی هێشـتا لـە فەرمانگـە حکومییەکانـی کەرکـووك دا دەسڕۆیشـتوو بـوون، ئـەم رەوشـە نوێیەیـان پـێ قبـووڵ نەدەکـرا و هێشـتا هێزەکانـی هاوپەیمانـان لـە هەسـتیاری ئـەم شـارە فـرە نەتەوەیـی و ئاینییـە تێنەگەیشـتبوون.

بۆیـە هێزەکانـی هاوپەیمانـان و حیزبـە کوردسـتانییەکان گەیشـتبوونە قەناعەتێـك، کـە بـۆ ئـەو رۆژگارە نوێیـە کەسـێکی بێلایـەن دیـاری بکرێـت و رەزامەنـدی زۆرینـەی لایەنـە سیاسـییەکانی کەرکووکـی لەگـەڵ بێـت. ئەوەبـوو لـە نێوەڕاسـتەکانی مانگـی ئایـاری هەمان سـاڵ

و پـاش زنجیـرە کۆبوونەوەیەکـی چڕوپـڕی لایەنـە کوردسـتانییەکان عەبدولڕەحمـان مسـتەفایان وەك کەسـایەتییەکی بێلایەن پێشـنیازکرد، کـە پارێزەرێکـی ناسـراوی شـارەکە بـوو و هەرسـێ زمانـی کـوردی، عەرەبـی و تورکمانـی بـە ڕەوانـی دەزانـی و پەیوەندییەکـی فراوانـی لەگـەڵ سـەرجەم پارێـزەران و کەسـایەتییە نێودارەکانـی کەرکـووك هەبـوو.

ئـەو ماوەیـەی نێـوان ڕۆژی ڕزگارکردنـی شـارەکە و پێشـنیازکردنی پارێزگارێـك، ڕۆژگارێکـی زۆر سـەخت بـوو و کـوردی شـارەکە هێشـتا سـەرگەرمی ئاهەنگگێـڕان و دەربڕینی خۆشـی بوون و هیـچ دەزگایەکی تەناهـی و یـەك تاکـە پۆلیسـیش نەمابـوو بـۆ پاراسـتنی سـەر و ماڵـی دانیشـتووان و زۆربـەی هـەرە زۆری فەرمانگـە خزمەتگوزارییـەکان سـووتێنرابوون و کەسـانی شـڕەخۆر تاڵانیـان کردبـوون. هێزەکانـی هاوپەیمانانیـش ژێرخانـی شـارەکەیان بۆردوومـان کردبـوو.

پارتـی، نیزامەدیـن گلـی و یەکێتیـش، ڕزگار عەلـی بـە پارێـزگاری نوێـی شـارەکە ناسـاندبوو. نەدەکـرا ئـەم ڕەوشـە نامۆیـە تاوەکـو سـەر بـەردەوام بێـت، بۆیـە دوای نزیکـەی 40 - 45 ڕۆژی دوای ئازادکردنـی کەرکـووك، ئـەو پارێـزگارە بێلایەنـە لەلایـەن پارتـی و یەکێتـی و سـەرجەم حیزبـە کوردسـتانییەکانی دیکـە پەسـندکرا، کـە ڕای چەنـد لایەنێکـی تورکمـان و عەرەبیشـیان لەگـەڵ بـوو.

عەبدولڕەحمـان مسـتەفا، پارێـزگاری پێشـووتری کەرکـووك، هەمـوو وردەکاری ئـەو ڕۆژگارانـەی لەبیرمـاوە و دەیگێڕێتـەوە: سـەبارەت بەنەبوونـی ئامارێکـی ورد بـۆ ژمـارەی دانیشـتووان و ڕێـژەی نەتـەوەکان لـە شـارەکە، نەدەکـرا هیـچ جـۆرە هەڵبژاردنێکـی فەرمـی بـۆ دانانـی پارێـزگاری کەرکـووك بکرێـت، بۆیـە لایەنـەکان بـە ڕاوێـژ لەگـەڵ هێزەکانـی هاوپەیمانـان ئەنجوومەنیکـی کاتـی 300 کەسـییان لەسـەرجەم نەتەوەکانـی کەرکـووك پێکهێنـا، بەشـێوەیەك، کـە کـورد، عـەرەب، تورکمـان و کلدۆئاشـوور بەیەکسـانی 75 ئەندامیـان لـەو ئەنجومەنـەدا هەبـوو. 39 ئەنـدام لەلایـەن حیزبەکانـەوە دیـاری

کرابــوون، ئەوانــی دیکــە کەســانی بێلایــەن بــوون.

هــەر لــەو ســەروبەندەدا بیــر لــە پێکهێنانــی ئەنجوومەنــی پارێــزگای کەرکووکیــش کرایــەوە، کــە لــە 30 ئەنــدام پێکهاتبــێ، بــۆ هــەر نەتەوەیــەك 6 ئەنــدام، واتــە 24 ئەنــدام بەپێــی نەتــەوە دانــران و 6 ئەندامەکــەی دیکــە بــۆ بێلایەنــەکان، کــە ئەوانیــش هــەر لــە نەتــەوە جیاوازەکانــی شــارەکە پێکهاتبــوون و ســەربە هیــچ حیزبێــك نەبــوون، و خرابوونــە لیســتی بێلایەنەکانــەوە.

لیســتی بێلایەنــەکان، 5 ئەندامــی کــورد و ئەندامێکــی کلدۆئاشــووری تێکــەوت، ســەرئەنجام ژمــارەی ئەندامانــی کــورد، لــە ئەنجومەنــە پێشــنیازکراوەکەدا گەیشــتە 11 ئەنــدام و کلدۆئاشــوورییەکان 7، هەریەکــە لــە عــەرەب و تورکمــان هــەر بــە 6 ئەندامــی مانــەوە. لــە 26ی ئایــاردا دەســتکرا بــە هەڵبژاردنــی ئەنجوومەنێکــی جێگیــر. ســەرەتا یاریدەدەرانــی پارێــزگاری کەرکــووك هەڵبژێــردران، کــە 3 یاریــدەدەر بــوون. یەکێکیــان حەســیب ڕۆژبەیانــی بــوو بــۆ کاروبــاری نیشــتەجێبوون و قەرەبووکردنــەوەی ئــاوارەکان، کــە لــە نەتــەوەی کــورد و ئــەوی دیکەیــان عیرفــان کەرکووکــی بــوو بــۆ کاروبــاری ئەمنــی، لــە نەتــەوەی تورکمــان و ســێیەمیشــیان ســەرگۆن لازار، بــۆ کاروبــاری ئیــداری هەڵبژێــردرا، کــە کریســتیانێکی کەرکــووك بــوو.

| ژ | ناوی یاریدەدەری پارێزگار | ناونیشانی پۆستەکەی | نەتەوە |
|---|---|---|---|
| 1 | حەسیب ڕۆژبەیانی | نیشتەجێکردن و قەرەبووکردنەوەی ئاوارەکان | کورد |
| 2 | عیرفان کەرکوووکی | کاروباری ئەمنی | تورکمان |
| 3 | سەرگۆن لازار | کاروباری کارگێڕی | سریان |

خشــتەی 27: یەکەمیــن هەڵبژاردنــی یاریدەدەرانــی پارێزگاری کەرکووك دوای ڕووخاندنــی ڕژێمــی بەعس

دوو ڕۆژ دوای هەڵبژاردنــی یاریدەدەرانــی پارێــزگار، واتــە لــە 28ی

ئایاری هەمان ساڵ دا هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا و پارێزگاری کەرکووك ئەنجامدرا. تەحسین کەهیە، لە نەتەوەی تورکمان بە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك هەڵبژێردرا.

لە هەڵبژاردنی پارێزگاردا کێبڕکێ لەنێوان عەبدولڕەحمان مستەفای کورد و مستەفا کەمالی تورکمان دا مایەوە، سەرئەنجام عەبدولڕەحمان مستەفا بە 20 دەنگ پێش مستەفا کەمال کەوت، کە 10 دەنگی ئەنجوومەنە 30 ئەندامییەکەی بەدەستهێنابوو. ئیسماعیل حەدیدیش بە جێگری پارێزگار هەڵبژێردرا.

ئەم هەڵبژاردنانە نەك هەر لەسەر ئاستی پارێزگاکە، بەڵکو لەسەر ئاستی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ و جیهان دا کاردانەوەیەکی گەورەی هەبوو و لەسەرتاسەری جیهان میدیاکاران ئامادەی پرۆسەکە ببوون، سات بە ساتی پرۆسەکەیان دەگواستەوە، چونکە ئەمەیان یەکەمین هەڵبژاردنی دیموکراسیانەی پاش رووخانی سەددام بوو و چاوی میدیا و چاودێرانی سیاسی جیهانی لەسەر بوو.

### 8 - 2پارێزگاری کورد و رەوشی ئەوکاتی کەرکووک

پارێزگاری کوردی کەرکووك، کە بە 51مین پارێزگار دادەنرێت بۆ کەرکووك، کەوتە سەر ژمارەیەکی زۆر کێشە.عەبدولڕەحمان مستەفا هاتە سەر کەرکووکێکی وێران و شێوێندراوی دەستی بەعس. شارەکە لە هیچ رووێکەوە داری لەسەر بەردی نەمابوو. تەنانەت کەلوپەلی ژوور و نووسینگەکانی نێو بینای پارێزگاش نەمابوون، گشتیان تاڵانکرابوون. لەکاتێکدا پارێزگار دەست بەکاربوو، هێشتا فەرمانبەران بە تەواوی نەگەڕابوونەوە سەر کارەکانیان.

پارێزگارە نوێیەکەی کەرکووك لە 1ی حوزەیرانی 2003دا دەستی بە کار کرد. هەڵبەت ئەو پرۆسەیە رووداوێکی مەزنی دڵخۆشکەر بوو بۆ دانیشتووانی شارەکە، بۆیە هەر لە یەکەمین رۆژی دەستبەکاربوونییەوە، بەرپرسانی حیزبە کوردستانییەکان و

کەسایەتییەکانی شارەکە و هاووڵاتیانی ئاسایی رژانە نێو بارەگای پارێزگا «لەو رۆژانەدا لەلایەك هەستم بە شانازی دەکرد کە ئەم هەمووو خەڵکەم لەپشتە و لەلایەکی دیکەوە بەڕاستی شەرمەزاری ئەو کەسانە بووم، کە هاتبوون بۆ پیرۆزبایی، چونکە نە کورسییەك هەبوو لەسەری دانیشن و نە دەمانتوانی بەپێی پێویست شیرینی ببەخشینەوە. هیچ بودجە و دەرماڵەیەکمان لەبەردەست نەبوو، حەوت مانگی یەکەم تەنانەت پارەی چا، قاوە و ئاوەکەشمان هەر لە گیرفانی خۆمان دەردەهێنا و گەنجینەمان یەك دیناری تێدا نەبوو. نووسینگەی تایبەتیشم نەبوو، لە ژووری فەرمانبەرێك مێزێکی شکاو و چەند کورسییەکمان کۆکردەوە، تاوەکو رۆژێك هێزەکانی هاوپەیمانان هاتن و رەوشەکەیان بە چاوی خۆیان بینی و لە گەڕانەوەیاندا مێزێك و کورسییەکی نوێیان بۆ ناردین".

(عەبدولڕەحمان مستەفا ـ لێدوان)

لە بار و دۆخێکی وەهادا بەرپرسیارێتییەکە پلانێکی تۆکمەی کارگێڕی و هاوئاهەنگییەکی بەردەوامی لایەنە کوردستانییەکانی پێویست بوو، چونکە هێشتا حکومەتی عێراق نەکەوتبووەوە سەر پێی خۆی و لە هەندێك رووەوە بەغدا زۆر لە کەرکووك وێرانتر بوو.

## 8 - 3هاوکاریکردنی یەکێک لە دەوڵەمەندترین شارەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست

کەرکووك، کە لە ساڵی 1927دا نەوتی تێدا دۆزرایەوە، لە 1934دا دەستکرایە بەرهەمهێنانی نەوت و بەشێوەیەکی فەرمی بۆ فرۆشتن هەناردەی دەرەوە کرا، بۆ دەیان ساڵیش بەشی سەرەکی ئابووری هەموو عێراقی پێکدەهێنا، کەچی ساڵ، ساڵی 2003یە و کەرکووك گەیشتووەتە ئەو رادەیەی چاوی لە دەستی پارێزگاکانی دیکە بێت. ئا لێرەدا رۆڵی هەردوو ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەرجەستە دەبێت.

کەریم شنگالی، کە وەزیری ناخۆی ئیدارەی هەولێر و فەرەیدوون عەبدولقادر، وەزیری ناخۆی ئیدارەی سلێمانی بوون، بۆ پیرۆزبایی کردن چوونە کەرکووك و ئەوانیش هاوکاری خێرای وەزارەتیان گەیاندە پارێزگای کەرکووك. لەو رۆژگارانەدا شارەکە لە زبڵدانێکی گەورە دەچوو، سەرجەم کۆڵان و شەقامە سەرەکییەکان بەهۆی نەبوونی ئوتۆمبێلەکانی خاشاك هەڵگرتنەوە، زبڵ و خاشاکێکی زۆریان تێدا کەڵەکە ببوو، چونکە سەرجەم ئۆتۆمبیل و ئامێرەکانی بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانی و گشت فەرمانگە خزمەتگوزارییەکانی کەرکووك بەر لێشاوی تاڵان کەوتبوون. ئەوەبوو شارەوانییەکانی هەردوو ئیدارەی هەرێمی کوردستان، رۆژانە ئۆتۆمبێلەکانی هەڵگرتنەوەی خاشاك، شۆفڵ، گەڵابە و تانکەری ئاویان رەوانەی کەرکووك دەکردن و شارەکەیان خاوێن دەکردەوە. هێزەکانی هاوپەیمانانیش لەم رووەوە هاوکاری پارێزگاری کەرکووکیان کرد و لیژنەی ئاوەدانکردنەوەی هاوپەیمانان کەرەستەی پێویستیان بۆ پارێزگاکە دابین دەکرد.

لە کۆتایی ئەو ساڵەدا، رێکخراوی کۆیکای کۆریای باشوور و باڵیۆزی کۆریای باشوور سەردانی پارێزگایان کرد و لەگەڵ پارێزگار

و ئەندامانــی ئەنجوومەنــی پارێــزگای کەرکــووك کۆبوونــەوە و لــە کۆبوونەوەکــەدا پارێـزگاری کەرکــووك داوای هــاوکاری لـە حکومەتـی کۆریــای باشــوور کــرد و پێیراگەیانــدن، کــە کەرکــووك یەکێکــە لــە شـارە هـەرە دەوڵەمەندەکانـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و بـۆ دووبـارە ئاوانکردنــەوەی شــارەکە پێویســتیان بــە ئەزمــوون و شــارەزایی کۆمپانیاکانــی ئــەو وڵاتــە دەبێــت. بۆیــە دوای گەڕانــەوەی باڵیــۆز بــۆ وڵاتەکـەی بانگهێشـتنامەی ئاراسـتەی پارێـزگار و ئەنجوومەنـی پارێزگای کەرکــووک کــرد، تاوەکــو ســەردانی وڵاتەکەیــان بکــەن. لــەوێ پارێزگاری کەرکــووك لەگــەڵ ســەرۆك وەزیرانــی کۆریــا، کــە ئــەوکات بــان کــی مـۆن بـوو و دواتـر پۆسـتی ئەمینـداری گشـتیی نەتـەوە یەکگرتووەکانی وەرگــرت و لەگــەڵ زۆربــەی وەزیــر و ســەرۆکی کۆمپانیــا گەورەکانــی ئــەو وڵاتــەدا کۆبوونــەوە. « کۆرییــەکان بەڵێنــی هاوکارییــان پێدایــن و زۆریــش راســتگۆبوون لــە جێبەجێکردنــی بەڵێنەکانیــان. هێشــتا کۆریامــان جێنەهێشــتبوو، لــە دوا رۆژی ســەردانەکەماندا لــە جێگــەی حەوانەوەمــان لــە هۆتێــل، هەواڵمــان پێگەیشــت کــە هاوکارییــەکان گەیشـتنە کەرکـووك، کـە بریتیبـوون لـە 30 ئۆتۆمبێلـی جۆراوجـۆر. 10 دانەیـان بـۆ هەڵگرتنـەوەی خـۆڵ و خاشـاك، 10 تانکەری ئـاو 10 دانەش بـۆ ئـاوەڕۆی کەرکـووك بـوون، 6 شـۆفڵ و 2 حەفـارە. هەروەها 500 دانــە کۆمپیوتــەر بــۆ قوتابخانەکانــی پــەروەردەی کەرکــووك و بڕێکــی زۆری دەرمــان، کــە بەشــی دوو ســاڵ زیاتــری نەخۆشــخانە و بنکــە تەندروســتییەکانی شــارەکەی دەکــرد" (عەبدولڕەحمــان مســتەفا ـ لێــدوان)

| ژ | جۆری هاوکاری | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 | ئۆتۆمبیلی هەڵگرتنەوەی خاشاك | 10 |
| 2 | تانکەری ئاو | 10 |
| 3 | ئۆتۆمبیلی جۆراوجۆر بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆ | 10 |
| 4 | شۆفڵ | 10 |
| 5 | حەفارە | 2 |
| 6 | کۆمپیوتەر بۆ قوتابخانەکانی کەرکووك | 500 |
| 7 | دەرمان و کەرەستەی پزیشکی | بەشی دوو ساڵی نەخۆشخانەکان |

خشتەی 28: خشتەی یەکەمین کاروانی هاوکارییەکانی کۆریای باشوور بۆ کەرکووك

ئەو شاندەی پارێزگا و ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك، لە کۆریا سەردانی سەربازگەی هێزی زەیتوونی کۆریاشیان کرد و لە دیدارێکدا لەگەڵ وەزیری بەرگری ئەو وڵاتە بڕیاردرا ئەو هێزە بە مەبەستی پێشکێشکردنی هاوکاریی مەدەنی بە خەڵکی کەرکووك بێنە شارەکەوە، بەڵام بە ڕێککەوتن لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان ڕێڕەوی خۆیان گۆڕی و بنکەی سەرەکییان لە هەولێر دانا. هەر لەو ڕۆژانەدا فەرمانبەرێکی باڵیۆزخانەی کۆریای باشوور لە هێرشێکی تیرۆریستیدا کوژرا، تاکە بەرپرسی عێراق، کە سەرەخۆشی لێ کردبن، پارێزگاری کەرکووك بوو. میدیاکانی کۆریا ئەو پرسەنامەیە و وێنەیەکی پارێزگاری کەرکووکیان بڵاوکردەوە!

لە سەردانێکی ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمەریکادا داواکاری خەڵکی کەرکووك گەیێندرایە ئەو شاندە، بەتایبەتیش پڕۆژەی شوێنی گونجاو بۆ فڕێدانی خاشاکی شارەکە، ئەوەبوو داوای دروستکردنی شوێنێکیان کرد بۆ کۆکردنەوەی خاشاك بەشێوەیەکی تەندروست، کە پێیدەگوترێت داپۆشینی تەندروستیی خاشاك و ئیدارەی

کەرکــووك زەویەکــی 450 دۆنمــی بــۆ ئــەو پرۆژەیــە تەرخانکــرد، کــە دەکەوێتــە نزیــك گونــدی زیندانــە لــە نێــوان خورماتــوو و لەیــلان. پڕۆژەکـە بـە گەورەتریـن پـڕۆژەی لـەو شـێوەیە دادەنرێـت لـە ناوچەکـە.

ژمارەیــەك لــە ئەندازیارانــی ســلێمانی، بــۆ بەشــداریکردن لــە کۆنفرانسـێکی زانسـتی سـەبارەت ئـەم بابەتـە لـە وڵاتـی ژاپـۆن بـوون و لـەوێ پێیانگوتـرا بـوو: ئەگـەر پـڕۆژەی لـەو شـێوەیەتان دەوێـت، بـڕۆن تەماشـای ئـەوەی کەرکـووك بکـەن و هاوشـێوەی ئـەو دروسـت بکەن.

ئەوســا هیــچ پڕۆژەیــەك بــە ئاســانی بــۆ کەرکــووك جێبەجــێ نەکــراوە، بەڵکــو رێگــری و کۆســپی گــەورەی هاتووەتــە پێــش و بــە بەدواداچوونەکانـی خۆیـان گەیاندوومانەتـە ئەنجام، بۆیـە دواتر ئیدارەی کەرکــووك بیــری لــەوە کــردەوە، کــە زیاتــر پشــت بەخــۆی ببەســتێت و لـە رێگـەی دانانـی بودجـەی پارێزگاکـە ژمارەیـەك پـڕۆژەی سـتراتیژییان جێبەجێکــرد، لەوانــە دانانــی بــەردی بناخــەی ئــاوی چەمــی خاســە، بــە دروسـتکردنی بەنداوێـك، تاوەکـو لـە دوانـزە مانگـی سـاڵ دا بتوانێـت ئــاوی پێویســت بــۆ چەمەکــە دابیــن بــکات. هــەردوولای چەمەکــەش بکرێتـە شـوێنێکی گەشـتیاری. رێسـتۆرانت، کافتیریـا، پارکـی بچـووك و شـاری یـاری لـە رۆخ خاسـەدا دروسـت بکرێـت. دوای بەدواداچوونێکـی چەنـد سـاڵە بـەردی بناخـەی پرۆژەکـە دانـرا، کەچـی عەلـی بابـان، کـە وەزیــری ســەرچاوەکانی ئــاو بــوو لــە حکومەتــی عێــراق و کوردێکــی گەرمیـان بـوو، بـە بیانـووی ئـەوەی کـەوا پڕۆژەکـە کاریگـەری لەسـەر رێــژەی ئــاوی بەنــداوی عوزێــم دەبێــت، کــە ملیارێــك و 400 ملیــۆن مەتـری سـێجا ئـاو گلدەداتـەوە، رێگـری لـە جێبەجێکردنـی ئـەو پڕۆژەیـە دەکـرد، بـەڵام دوای گفتوگۆیەکـی زۆر لەگـەڵ وەزیـری سـەرچاوەکانی ئـاو، رەزامەنـدی بـۆ پرۆژەکـە دەربـڕی، کـە 101 ملیـۆن مەتـری سـێجا ئــاو گلدەداتــەوە و کەرکــووك لــە لافــاو دەپارێزێــت.

## 8 - 4 پترۆدۆلار وەك داهاتێك بۆ بووژاندنەوەی ژێرخانی کەرکووك

بـە دەرچـوونـی یاسـای 21ی ئەنجوومەنـی وەزیـران لـە سـاڵی 2008 کەرکـووك بەدەرکـرا لـە ئەنجامدانـی هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنـی پارێـزگا. بـەم یاسـایە دەسـەڵاتەکانی ئیدارەی کەرکـووك بـە بـەراورد لەگـەڵ پارێزگاکانـی دیکـەی عێـراق سـنووردارکرا و لـە دانانـی دوو جێگـر و پێنـج یاریـدەدەر بـۆ پارێـزگاری شـارەکە، بێبـەش کـرا. بۆیـە دەبـوو پارێـزگاری کەرکـووك دەریچەیـەك بـۆ بووژانـەوەی ئابـووری پارێزگاکـە بدۆزێتـەوە. پـڕۆژەی پتـرۆدۆلار، کـە حکومەتـی عێـراق پابەنـد دەکات بـە پێدانـی بـڕی دۆلارێـك لـە بەرانبـەر هـەر بەرمیلـە نەوتێکـی دەرهێنـراو لـە بیـرە نەوتەکانـی کەرکـووك، وەك بیرۆکەیـەك لـەلای پارێـزگاری کەرکـووك گەڵاڵـە بـوو . ئـەوە بـوو لـە کۆبوونـەوەی 8ی حوزەیرانـی 2009 ی پارێزگارانـی پارێزگاکانـی عێـراق (بێجگـە لـە پارێزگاکانـی هەرێمـی کوردسـتان) لەگـەڵ نـووری مالیکـی، سـەرۆك وەزیرانـی ئەوسـای عێـراق، پێشـنیازی پارێـزگاری کەرکـووك پەسـەندکرا وەك قەرەبووکردنەوەیـەك لـە بەرانبـەر پیسـکردنی ژینگـەی شـارەکە. ئـەوەش بـووە مایـەی خێـر بـۆ پارێـزگا بەرهەمهێنەکانـی دیکـەی نەوتی عێراقیـش.

تەنیا رۆژێك دوای ئـەم کۆبوونەوەیە و لە 9ی حوزەیران، پێشـنیازەکەی پارێـزگاری کەرکـووك، کرایە پـڕۆژە بڕیار و رەوانـەی پەرلەمانـی عێـراق کـرا. پاشـان دەسـتکرا بـە پەیوەندیکـردن بـە د. فوئـاد مەعسـووم، کـە ئەوکات سـەرۆکی فراکسـیۆنی هاوپەیمانیـی کوردسـتانی بـوو لـە پەرلەمانـی عێـراق، هەروەهـا عـارف تەیفـوور، کـە جێگـری دووەمـی سـەرۆکی پەرلەمـان بـوو، بابەتەکەیـان بـۆ روونکرایـەوە و داوای پشـتگیری فراکسـیۆنەکانی دیکـەی کەرکـووك و شـارەکانی دیکەیـش کـرا، تاوەکـو پـڕۆژە بڕیارەکـە لـە دەنگدانـی پەرلەمـان دەنگـی پێویسـت بەدەسـت بێنێـت و بکرێتـە بڕیـار. سـەرئەنجام لە دانیشـتنێکی سـەرەتای سـاڵی 2010 دەنگـی لەسـەردرا و بـووە بڕیـار.

لەبەرئـەوەی بڕیارەکـە دوای دانانـی بودجـەی سـاڵی 2010 پەسـندکرا، نەخرایە نێو بودجـەی ئەوسـاڵەوە و وەزارەتـی دارایـی بـۆی نییە بیخاتە نێـو بودجەکـەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـڕە پـارە تەرخانکراوەکـە، مانگانـە لـە وەزارەتـی پلاندانـان دەخرایـە سـەر پشـکی پارێـزگای کەرکـووك، کـە هەنـدێ جـار پارەکـە دەگەیشـتە نزیکـەی 35 مليـار دينـار. ئەمـەش پارەیەکـی زۆر بـوو، چونکـە پێشـتر پارێزگاکـە مانگانـە نیـوەی ئـەم پارەیەشـی بـۆ نەدەهـات. بـەم شـێوەیە مانگانـە ئـەو پارەیـەی لەسـەر پتـرۆدۆلار بـۆ کەرکـووك دیاریکرابـوو، هـەر کەڵەکـە دەبـوو و دەبـووە باڵانسـی پارێزگاکـە. شـەش حـەوت مانـگ هـەر بـەم شـێوەیە ڕۆیشـت، پـارە دادەنـرا و خـەرج نەدەکـرا، بۆیـە ئیـدارەی کەرکـووك بابەتەکـەی لەگـەڵ د.فـازل نەبـی بریـکاری وەزیـری دارایـی عێـراق دا باسـکرد .

پارێـزگای کەرکـووك لـە سـاتە بەراییەکانـی پەسـەندکردنی بڕیـاری پتـرۆدۆلار لـە چەندین کۆنگرەی ڕۆژنامەڤانیدا باسـی کـردووە و مژدەی بـە دانیشـتووانی کەرکـووك داوە، کـە ئـەو بـڕە پـارە تەرخانکـراوە لـە خزمـەت ئاوەدانکردنـەوە و بووژاندنـەوەی ژێرخانـی ئابـووری شـارەکەدا خـەرج دەکرێـت، بـەڵام دوای حـەوت مانگـە کـەس دینارێکـی نەبینـی، بۆیـە مقۆمقۆیەکـی زۆر لـە ناوەندەکانـی ڕاگەیانـدن و نێـو خەڵـك دا بڵاوبـووەوە، کـە گوایـە پارەکـە دزراوە یـان نێردراوەتـەوە بەغـدا. خەریك بـوو خۆپیشـاندانێکی سەرتاسـەری لـە شـارەکەدا ڕێکبخرێـت و داوای دیاریکردنـی چارەنووسـی ئـەو پارەیـە بکرێـت. هەڵبـەت لایەنـی کوردیـش هەبـوو ڕۆڵـی لـە هاندانـی خەڵکەکـەدا هەبـوو و بـە تـەواوی خەریك بـوو پارێـزگاری کەرکووکـی پـێ لەکـەدار بکرێـت. بۆیـە بریـکاری وەزارەتـی دارایـی عێـراق تـەواوی قسـەکانی پارێـزگاری کەرکووکـی گەیاندبـووە مالیکـی و ئەویـش دەسـتبەجێ بڕیـاری خەرجکردنـی پارەکـەی دا لـە بودجـەی یەدەگـی فریاکەوتنـی ئـەو سـاڵە. یەکەمیـن بەشـی پتـرۆدۆلار، کـە بـۆ کەرکـووك نێـردرا 50 مليـار دينـار بـوو، خرایـە سـەر هەژمـاری بانکـی پارێـزگای کەرکـووك.

لە ماوەی ئەو حەوت مانگەدا فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان پلان و پڕۆژەی خۆیان ئامادە کردبوو، کە هەر کات پارەکە بگات دەست بکەن بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکانیان. گرنگترین ئەو پڕۆژانەش جوانکردنی هەر چوار دەروازی کەرکووك و بەرزە پردەکانی شۆریجە، تسن، ڕێگەی بەغدا و قیرتاوکردنی شەقامە سەرەکییەکان، تۆڕی ئاو و ئاوەڕۆی گەڕەکەکان و چەندین پڕۆژەی دیکە بوون، کە لەم خشتەیەی خوارەوەدا دیاریکراون و لە بڵاوکراوەیەکی ڕاگەیاندنی پارێزگای کەرکووك بەم شێوەیە بڵاوکراوەتەوە:

| ژ | کەرتی پرۆژەکان | ژمارەی گشتیی پرۆژەکان | ژمارەی پرۆژە ستراتیژییەکان | تێچووی خەمڵێنراو بە دینار |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پەروەردە | 34 | 1 | 611،381،618،765 |
| 2 | شارەوانی | 7 | 10 | 31،300،000،000 |
| 3 | شارەوانییەکان | 24 | سفر | 14،939،704،702 |
| 4 | تەندروستی | 12 | 5 | 20،570،000،000 |
| 5 | ڕێگەوبان | 19 | 3 | 27،925،313،250 |
| 6 | ئاوەڕۆ | 3 | سفر | 9،000،000،000 |
| 7 | خوێندنی باڵا | 8 | سفر | 5،920،345،890 |
| 8 | ئاو | 9 | 2 | 6،464،334،000 |
| 9 | کارەبا | 11 | 4 | 22،350،000،000 |
| 10 | سەرچاوەکانی ئاو | 6 | 1 | 7،250،000،000 |
| 11 | کشتوکاڵ | 6 | سفر | 2،475،000،000 |
| 12 | وەرزش و لاوان | 6 | سفر | 24،250،000،000 |
| 13 | ئاوی ژێر زەوی | 4 | 1 | 945،000،000 |
| 14 | کەرتی ژینگە | سفر | 1 | سفر |
| 15 | جۆراوجۆ | 1 | سفر | 5،000،000،000 |
|  | کۆی گشتی | 178 | 28 | 826،889،316،607 |

خشتەی 29: پلانی پرۆژەکانی پترۆ دۆلار بۆ ساڵی 2010

لە دەرەوەی بودجەی پارێزگا و پترۆدۆلاریش چەند پڕۆژەیەکی ستراتیژی جێبەجێکران، کە گرنگترینیان دانانی بەردی بناخەی نەخۆشخانەیەکی 400 قەرەوێڵەیی بوو، دواتر کرایە نەخۆشخانەیەکی 492 قەرەوێڵەیی لە کەرکووك، کە زەویەکەی موڵکی وەزارەتی دارایی بوو و بە هەوڵێکی زۆر توانرا بیکەنە موڵکی وەزارەتی تەندروستی و نەخۆشخانەکەی لەسەر دروست بکرێت. بودجەکەشی کەوتە ئەستۆی وەزارەتی تەندروستی. لەپاڵ ئەو هەوڵانەی پارێزگار بۆ پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، لە هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی لە ڕێگەی لیژنەی باڵای ئاوەدانکردنەوەی کەرکووك و لیژنەی ئاوارەکان ژمارەیەکی بەرچاو لە بنکەی تەندروستی و نەخۆشخانەیەکی گەورەش لە شۆراو دروستکرد، کە لە ئاکامدا لە بەرژەوەندی کەرتی تەندروستی دا شکایەوە و دانیشتووانی شارەکەی تێدا سوودمەند بوون.

بەپێی ئامارەکانی فەرمانگەی تەندروستیی کەرکووك، دەتوانین بەراوردی نێوان ژمارەی دانیشتووان و ژمارەی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان بکەین بە پزشکی پسپۆڕ و کادیرانی تەندروستییەوە لە سەنتەری شاردا.

| | |
|---|---|
| کۆی گشتیی دانیشتووان | 1251241 |
| ژمارەی منداڵانی خوار یەك ساڵ | 47547 لە ساڵێکدا ـ 3962 لە مانگێکدا |
| ژمارەی منداڵانی خوار پێنج ساڵان | 183932 |
| ژمارەی منداڵانی خوار پانزە ساڵان | 563058 |
| ژمارەی ئافرەتانی دووگیان | 47547 لە ساڵێك دا ـ 3962 لە مانگێك دا |
| ژمارەی ئەو ئافرەتانەی کە توانای منداڵبوونیان هەیە | 275173 لە ساڵێك دا ـ 22939 لە مانگێك دا |

خشتەی 30: سەرژمێری فەرمیی فەرمانگەی تەندروستیی کەرکووك لە ساڵی 2010

ئەگـەر توێژەرێکـی بـواری تەندروسـتی ڕێـژەی دانیشـتووانی شـارەکە لەگـەڵ ژمـارەی نەخۆشـخانە حکومـی و ئەهلییـەکان بـەراورد بـکات، بـۆی دەردەکەوێـت، کـە کەرتـی تەندروسـتیی پارێزگاکـە، لـە زۆربـەی وڵاتانـی دەوروبـەری باشـترە، ئـەم خشـتەیەی خـوارەوەش نەخۆشـخانەکانی کەرکووکـی تێـدا دیاریکـراوە.

| ژمارەی قەرەوێڵەکان | ناوی نەخۆشخانە |
|---|---|
| 425 | نەخۆشخانەی فێرکاریی ئازادی |
| 318 | نەخۆشخانەی گشتیی کەرکووک |
| 126 | نەخۆشخانەی گشتیی حەویجە |
| 125 | نەخۆشخانەی گشتیی داقووق |
| 152 | نەخۆشخانەی کەیوان |

خشـتەی 31: ئامـاری نەخۆشـخانەکانی پارێـزگای کەرکـووك و ژمـارەی قەرەوێلەکانـی

زیاتـر لـە 7 نەخۆشـخانەی ئەهلـی و 90 بنکـەی تەندروسـتی لـە سـەنتەری شـار و شـارۆچکەکانی سـەر بـە پارێزگاکـە. لەگـەڵ ئـەوەش دا فەرمانگـەی تەندروسـتیی کەرکـووك لـە ئامارێـك دا کەمیـی پزیشـکان و کادیرانـی کەرتـی تەندروسـتی دەردەخـات، کـە لـەم خشـتەیەی خـوارەوەدا بـە روونـی دیـارە:

| ژ | ناونیشانی وەزیفی | ژمارەی ئەوانەی بەردەوامن لە کارکردن | ئەوەندەی دیکەیان پێویستە |
|---|---|---|---|
| 1 | پزیشکی پسپۆڕ | 294 | 348 |
| 2 | پزیشکی مەشقکار | 151 | 201 |
| 3 | پزیشکی ددان | 136 | 37 |
| 4 | پزیشکانی خوێندنی باڵا | 75 | ---- |
| 5 | دەرمانساز | 117 | 28 |
| 6 | کادیرانی پەرستیاری | 1672 | 425 |
| 7 | تەکنیکاری پزیشکی و ئەندازیاری | 352 | 145 |
| 8 | ئەندازیار | 74 | 66 |
| 9 | کارگێڕی و هونەری | 763 | 106 |
| 10 | کارگوزار | 593 | 177 |

خشتەی 32: ئاماری فەرمانبەرانی کەرتی تەندروستی لە کەرکووك لە ساڵی 2010

ئەو خزمەتگوزارییانەی لە نەخۆشخانە حکومییەکان دا پێشکێش دەکرێن لە ئاستی خواستی سەرپەرشتیارانی کەرتی تەندروستی و هاووڵاتیانی نەخۆش دا نین، بەڵام ئەگەر بڕوانینە ڕێژەی مردن لەنێو ئەو نەخۆشانەی ڕوویان لە نەخۆشخانە حکومییەکان کردووە و تێیاندا ماونەتەوە، دەبینین ژمارەکە دڵخۆشکەرە و دڵنیایی دەداتە دانیشتووانی شارەکە، ژمارەی مردن 18.1 مردنە بۆ هەر 1000 نەخۆشێك کە لە نەخۆشخانە حکومییەکان دا چارەسەرکراون.

هەوڵەکانی عەبدولڕەحمان مستەفای، پارێزگار بەردەوامبوون و توانی بە داواکارییەکی تایبەت و بەدەر لە بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان و بودجەی تایبەتی پارێزگا، داوای دروستکردنی دوو پارکی گەورەی کرد، یەکێکیان لە شۆراو لە باکووری کەرکووك و ئەوی دیکەیان لە ڕێگەی بەغدا لە باشووری شارەکە. پێشتریش

لـە سـاڵانی 2006 و 2007 بیـر لـە کەرتـی کشـتوکاڵ و پاراسـتنی ژینگـە کرایـەوە و هەوڵـدرا پشـتێنەیەکی سـەوز بە دەوری شـارەکەدا دروسـتبکرێت و بایەخـی زیاتـر بـە پاکوخاوێنـی ژینگـەی کەرکـووك بدرێـت.

بەپێـی ئامارەکانـی بەشـی راگەیاندنـی پارێـزگای کەرکـووك: لـە مـاوەی ئـەو دوو سـاڵەدا 265 باخـی زەیتـوون دروسـتکران، کـە هـەر باخێـك 550 داری تێـدا چینـدرا 300 دار زەیتـوون و 250ی دیکـە درەختـی بـەرداری جۆراوجـۆری مزرەمەنـی. سـەرجەمیان سـەوزبوون و هیچیـان لەنێـو نەچـوون، چونکـە چاودێـری دەکـران و لەکاتـی خۆیانـدا ئـاو دەدران و دەرمانـی قرکـەری مێـرووە زیانبەخشـەکانیان بـۆ بەکاردەهێنـرا. بەڕێوەبەرایەتـی گشـتیی کشـتوکاڵی کەرکووکیـش هاوشـانی کەرتەکانـی دیکـە لـە هەوڵـی پەرەپێدانـی کەرتـی کشـتوکاڵ دا بـوون، چونکـە پارێـزگای کەرکـووك سـەرجەم بنەمـا سـەرەکییەکانی سـەرکەوتنی پـڕۆژە کشـتوکاڵییەکانی تێدایـە و زەویەکـی بـە پیـت و پـڕۆژەی ئاودێـری گونجـاو و کەشـوهەوایەکی لەبـاری هەیـە، کـە دەکـرێ بـە بەروبوومـە کشـتوکاڵییە سـتراتیژییەکان و سـامانی ئاژەڵـی و پەلـەوەر، ئابـووری شـارەکە ببووژێنێتـەوە و هەلـی کاریـش بـۆ ژمارەیـەك بێـکاری شـارەکە مسـۆگەر بـکات.

لـە ئامـارە فەرمییەکانـی بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتی کشـتوکاڵی کەرکـووك دا هاتـووە: گرنگتریـن ئـەو بەروبوومـە کشـتوکاڵیانەی لـە پارێزگاکـەدا بەرهـەم دەهێنرێـن، بریتیـن لـە گەنـم، جـۆ، گەنمەشـامی، کونجـی، پەمـوو و گوڵەبـەڕۆژە. باخـی میـوە و زەیتـوون سـاڵانە ژمارەی بەرهەمهێنانیـان روو لـە زیادبوونـە، کـۆی رووبـەری تەرخانکـراو بـۆ باخـی میـوە لـە کەرکـووك هـەزار و 566 باخـی میـوەی جۆراوجـۆرە و رووبـەری گشـتیی باخـەکان دەگاتـە نزیکـەی شـەش هـەزار و 138 دۆنـم زەوی.

لـەم خشـتەیەی خـوارەوەش دا دەوڵەمەنـدی پارێـزگای کەرکووکمـان بـۆ روونەبێتـەوە، لـەڕووی رووبـەری چێنـراو بـە کشـتوکاڵی وەرزی:

| رووبەری گشتیی پارێزگای کەرکووک | 3361860 ملیۆن دۆنم زەوی |
|---|---|
| رووبەری نەگونجاو بۆ کشتوکاڵ | 1310425 دۆنم زەوی |
| رووبەری گونجاو بۆ کشتوکاڵ | 2051435 دۆنم زەوی |
| رووبەری زەوی ئاودێر | 832052 دۆنم زەوی |
| رووبەری زەوی دێم | 1219383 دۆنم زەوی |

خشتەی 33: رووبەرە کشتوکاڵییەکانی پارێزگای کەرکووک

لە کەرتی کارەبادا فراوانکردنی پرۆژەکانی کارەبای مەلا عەبدوڵڵا، دووبز و خورماتوو دەستیپێکرد، لەگەڵ ئەوەش دا نەتوانرا بڕی پێویستی تەزووی کارەبا بگەیێنرێتە گەرەك و کارگەکانی پارێزگاکە، چونکە هەرچەندێك کارەبا لەو سێ وێستگەیە بەرهەم بهێنرێت، هەمووی نابێتە موڵکی کەرکووك بە تەنیا لەبەرئەوەی بەتۆڕی کارەبای نیشتمانی عێراقەوە بەستراوەتەوە، بۆیە بۆ دابینکردنی کارەبای پێویست بۆ هاووڵاتیان، ئیدارەی پارێزگا ناچاربوو لەگەڵ بەرهەمهێنێکی وەك محەممەد ئیسماعیل، گرێبەستی گواستنەوەی کارەبا لە هەولێرەوە بۆ کەرکووك واژۆ بکات.

### 8 ـ 5 بەهاناوەهاتنی ئاوارەکان لەلایەن ئیدارەی کەرکووکەوە

لە دوای رووخانی رژێمی بەعس، جێگیرکردنی کێشەی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە ماددەی 58ی دەستووری کاتیی عێراق و دواتر لە ماددەی 140ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، کە نزیکەی 78%ی دەنگی عێراقییەکان بە هەرێمی کوردستانیشەوە بەدەستهێنا، یەکێك بوو لە دەسکەوتە هەرە مەزنەکانی سەرکردایەتیی کورد لەپێناو سەپاندنی مافە نەتەوەیی و دەستوورییەکانی کورد، کە دەبووایە لە چوار قۆناخ دا تاوەکو 31ی کانوونی یەکەمی 2007 ماددەکە جێبەجێبکرێت. لە قۆناخی یەکەم دا دەستبکرێت بە ئاساییکردنەوە، واتە گەڕانەوەی

ئاوارەکانی کەرکـووك بـۆ شـارەکە و گێڕانـەوەی عەرەبـی هـاوردە بـۆ ئـەو شـوێنانەی لێـوەی هاتـوون. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش نووسـینگەی کەرکووکـی جێبەجێکردنـی مـاددەی 140 دامـەزرا، بـەڵام نەتوانـرا لەکاتـی دیاریکـراودا تەنانـەت قۆناخـی یەکەمـی مادەکـەش جێبەجـێ بکرێـت.

بەپێـی ئامارەکانـی نووسـینگەی کەرکووکـی مـادەی 140: تاوەکـو سـاڵی 2009 وەجبەکانـی قەرەبووکردنـەوەی ئـاوارەکان گەیشـتە وەجبـەی ژمـارە 38 و، لـە کـۆی ئـەم وەجبانـەدا 60 هـەزار و 600 خێزانـی ئـاوارەی کـورد و 25 هـەزار و 600 خێزانـی عەرەبـی هـاوردە قەرەبووکرانـەوە. ئـەوەی خێزانـە ئـاوارە گەڕاوەکانـی کەرکووکـی نیگـەران کردبـوو ئەوەبـوو، کـە بـڕی قەرەبووکردنـەوەی ماڵەکانـی کـورد 10 ملیـۆن دینـار بـوو و ئـەوەی ماڵـە هاوردەکانیـش دوو هێنـدە بـوو، واتـە 20 ملیـۆن دینـار، بەمـەش هـاوردەکان لـە دوو سـەرەوە سـوودمەند بـوون، لەلایەکـەوە کـە هێنرانـە کەرکـووك بـڕی 10 هەزار دیناریـان پێـدرا لەگـەڵ پارچـە زەویەکـی نیشـتەجێبوون، بۆیـە هـەر بـە نـاوی (عەرەبـی دە هـەزاری) دەناسـرانەوە. لـە هەشـتاکانی سـەدەی رابـردووش دا 10 هـەزار دینـاری سویسـری خانوویەکـی زۆر رێکوپێکـی پـێ دروسـت دەکـرا، لەلایەکـی دیکەشـەوە 20 ملیـۆن دینـاری دیکەیان بـۆ گەڕانـەوە وەرگـرت و سەرپشـك کـران لـە فرۆشـتنی موڵـك و ماڵیـان.

لێشـاوی ئـاوارە گـەڕاوەکان لـە 2003دا هێنـدە گـەورە بـوو، کـە لـە هیـچ شـوێنێك دا جێگەیـان نەدەبـووەوە، بۆیـە بـە ناچـاری هێندێکیـان لـە سـەربازگە کۆنـەکان و بینـای رووخـاوی دەزگا داپڵۆسـێنەرەکانی بەعـس و یاریگـەی نێودەوڵەتیـی کەرکـووك گیرسـانەوە، بەشـێکی زۆریـان ئەوەشـیان دەسـتنەکەوت، بۆیـە لـە ناخۆشـترین بارودۆخـی وەرزەکانـی سـاڵ دا لەژێـر خێـوەت دا دەژیـان.

چەسـپاندنی کوردسـتانیبوونی کەرکووک و گەڕانەوەی بۆ سـەر ئیدارەی هەرێمـی کوردسـتان وێـردی سـەر زاری سیاسـەتمەدار و رۆشـنبیران

بـووە، کوردانـی کەرکـووك لـە دەسـتی پلەبەندیـی هاووڵاتیـان بەپێـی نەتـەوە رزگاربـوون، ئـەم جـارە کـورد و نەتەوەکانـی دیکـە پلـە یەکیـان بەرکـەوت. « ئـاوارە گەڕاوەکانـی کەرکـووك دووجـار ناهەقییـان لـە بەرانبەردا کـراوە، جارێکیـان بـەر شـاڵاوی راگواسـتن کەوتـوون و مـاڵ و حاڵیـان لـێ تێکـدراوە، جارێکـی دیکـەش لەکاتـی قەرەبووکردنـەوەدا نیـوەی ئـەو هاوکارییەیـان پێـدراوە، کـە بـە عەرەبێکـی هـاوردەی شـارەکە دراوە، چونکـە 20 ملیـۆن دینـار بـە عەرەبێکـی هـاوردە دەدرێـت تاوەکـو بگەڕێتـەوە ئـەو پارێزگایـەی لێـوەی هاتـووە، کاتـی خۆیشـی 10 هـەزار دیناری سویسـری و پارچە زەویەکـی نیشـتەجێبوونی لـە حکومەتـی بەعـس وەرگرتـووە، رێگەشـی پێدەدرێـت ئـەو خانـووە بفرۆشـێت، کـە بـە هاوکارییەکـەی رژێـم دروسـتیکردووە. کەموکـوڕی لـە مادەکـەدا نییـە، بەڵکـو کەمتەرخەمییەکە لـەو ئەندامـە کوردانەیە، کـە بەشـدارییان لـە داڕشـتنی یاسـاکەدا کـردووە و نەدەبووایـە ئـەم ناهەقییـە قبـووڵ بکـەن، چونکـە هیـچ لۆژیکێـك لـەوەدا نییـە، کـە داگیرکەرێـك بـە دوو هێنـدەی داگیرکراوێـك قەرەبـوو بکرێتـەوەو، بـە هەمـان پلـەی وەزیفیـش لـە پارێـزگا بنەڕەتییەکـەی، بگەڕێتـەوە سـەر کارەکـەی خـۆی! کەچـی فەرمانبـەرە ئـاوارە گەڕاوەکانـی کەرکـووك، کـە لـە هەرێمـی کوردسـتان فەرمانبـەر بـوون رێگەیـان پێنادرێـت بگەڕێنـەوە سـەر هەمـان فەرمانگـەی خۆیـان لـە کەرکـووك و هـەر بـە تەنسـیبی سـەر وەزارەتەکانـی هەرێمـی کوردسـتان بمێننـەوە و نەگوازرێنـەوە سـەر میلاکـی وەزارەتەکانـی بەغـدا! » (ئیبراهیـم خەلیـل ـ لێـدوان)

ئیبراهیـم خەلیـل، ئەندامـی یەکەمیـن خولـی ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك لەسـەر لیسـتی یەکگرتـووی ئیسـلامیی کوردسـتان، دەڵـێ نابـێ هێنـدە متمانـە بـە هێزەکانـی هاوپەیمانـان بکـەن و پشـتیوانی یـەك بـن. هەروەهـا دەڵـێ «سـەرکردەکانی کـورد خەڵکیـان وەهـا تێگەیاندبـوو، کـە ئـەم هێزانـە دۆسـت و هاوپەیمانـی ئێمـەن و خوێنمـان لـە رووخانـی رژێمـی بەعسـدا تێکـەڵ بەیـەك بـووە، دەبـێ بـە گـوڵ پێشـوازییان لێبکەیـن، لەمەشـیاندا بەهەڵـەدا چووبـوون و

نەیانتوانی وێنەیەکی راستەقینەی هێزەکانی هاوپەیمانان بگەیەننە هاووڵاتیی ئاسایی، کوردی کەرکووك بە چاوێکی پڕ لە میهرەبانی دەیانڕوانییە ئەو هێزانە و سەربازی ئەمەریکایان بە پیرۆز دەزانی، ئالآی کوردستان و ئالآی ئەمەریکا بەیەك چاو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا. جا ئەگەر ئەو سەرکردایەتییەی کورد فریودرابوو دەبووایە دان بە هەڵە تێگەیشتنەکەیان بنێن و راستییەکانیان بۆ خەڵکی خۆیان روونبکردایەتەوە و بیانگوتایە ئێمە هەڵخەڵەتابووین بەو هێزانە و داوای لێبووردنیان بکردایە».

ئیبراهیم خەلیل ئەو رووداوە دەگێڕێتەوە : لە ساڵی 2006 لە کۆبوونەوەیەکی حیزبەکانی کەرکووك لەگەڵ دیپلۆماتکارێکی ئەمەریکی، کە لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا بوو لە بەغدا، نوێنەرانی تورکمان، عەرەب و کریستیانەکانیش ئامادەی ئەو دانیشتنە بوون. دەستپێکی گفتوگۆکان، بەرپرسێکی کورد گوتی: ئێمەی کورد خوێنمان لەگەڵ خوێنی سەربازەکانی ئەمەریکا تێکەڵ بوو بۆ رووخاندنی رژێمی بەعس، کورد و ئیسرائیلیش بۆ ئەمەریکا هاوشێوەی دووانەیەکن. بەرپرسە ئەمەریکاییەکە لە وەڵام دا گوتی: ئێمە نکوڵی لە دۆستایەتیی کورد و ئەمەریکا ناکەین و، کورد بە دۆستی خۆمان دەزانین، بەڵام ئەوە ئێوەنین پلەی دۆستایەتییەکە دیاری بکەن، ئەوە ئێمەین ئاستی دۆستایەتییەکە دادەنێین. تۆ دۆستی پلە چەندی ئێمەی؟ ئیسرائیل دۆستی پلە چەندی ئێمەیە؟ نابێ ئەو پلەیە تۆ بۆ خۆتی دابنێی، ئێمە دەبێ بۆتی دابنێین!

نوێنەرێکی عەرەبی ئامادەبووی دانیشتنەکە، کە زۆر بێ منەتانە پێی لەسەر پێ دانابوو بە زمانی عەرەبی گوتی « نَستَقبِلُك و لا نُرحّبُ بِكَ، لانّهُ ما رأينا الخَيرَ منكُم» واتە پێشوازیت لێدەکەین، بەڵام بەخێرهاتنت ناکەین، چونکە خێرمان لە ئێوە نەبینی!

## 8 - 6 لێژنەی باڵای ئاوەدانکردنەوەی کەرکووک

بیرۆکـەی دامەزراندنـی لێژنـەی بـاڵای ئاوەدانکردنـەوەی کەرکـووك لـە 2004 لـە ئەنجامـی زنجیـرە کۆبوونەوەیەکـی نێـوان دڵشـاد پیـرۆت، سـەرۆکی یەکێتیـی پیشەسـازانی کەرکـووك و د. کەمـال کەرکووکـی و نەجـات حەسـەن گەڵاڵـە بـوو. نێچیرڤـان بارزانـی سـەرۆکی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان پشـتیوانی لـەو بیرۆکەیـە دەکـرد. مەبەسـت لـە دامەزراندنـی لێژنەکـە، ئاوەدانکردنـەوەی ئـەو گوندانـە بـوو لەئەنجامی ئـەو وێرانییـەی رژێمـی بەعـس لـە ناوچـەی شـوان و قەرەهەنجیـر و دەڤـەرە کوردنشـینەکانی دیکـە ئەنجامـی دابـوو.

ئـەوکات هێشـتا بودجـەی تایبـەت بـۆ کەرکـووك تەرخـان نەکرابـوو و لـە پـلان دا بـوو گوندەکانـی ئـەو دەڤەرانـە ئـاوەدان بکرێنـەوە لـە رێگـەی هاوکاریکـردن و گەیاندنـی زۆرتریـن پـڕۆژەی خزمەتگـوزاری، ئەم هەنـگاوە رەهەندێکـی سیاسیشـی هەبـوو، بـەوەی کـە هەوڵبدرێـت کەمێـك لـە ئازارەکانـی کـوردی ئـەو دەڤەرانـە سـووك بکرێـت و قەرەبـووی ئاوارەیـی و دەربەدەریـی خەڵکەکـەی بکرێـت، هاندانێکیـش بێـت بـۆ گەڕانـەوەی ئـاوارەکان و ئاوەدانکردنـەوەی گوندەکانیـان. چونکـە ئـاوارە گـەڕاوەکان لـە شـوێنی ناشایسـتەی وەك یاریگـەی نێودەوڵەتیـی کەرکـووك و کۆنـە سـەربازگەکانی رژێـم، نیشـتەجێ ببـوون، هێندێکیشـیان لـە خێوەتگەکانی گەڕەکـی پەنجا عەلـی، ژیانێکی کولەمەرگـی دەژیـان و لـە سـادەترین خزمەتگوزارییـەکان بێبـەش بـوون. ئەوەبـوو داواکاری و پێشـنیازەکان گەڵاڵەکـران و خرانـە بـەر دەسـتی نێچیرڤـان بارزانـی، کـە ئـەوکات سـەرۆکی ئەنجوومەنـی وەزیرانـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـوو. ئەویـش رەزامەنـدی لەسـەر پێکهێنانـی لێژنەکـە دا و لـە سـەرەتای 2005 لێژنەکـە دەسـتی بـە کارەکانـی کـرد.

دڵشـاد پیـرۆت، کـە سـەرۆکایەتی لێژنـەی بـاڵای ئاوەدانکردنـەوەی کەرکووکـی وەرگـرت، ئامـاری سـەرجەم پـڕۆژە جێبەجێکـراوەکان دەخاتـەڕوو و دەڵـێ: یەکەمیـن پـڕۆژەی ئـەم لێژنەیەمـان، کردنـەوەی شـەقامە کەمەربەندییەکـەی شـاری کەرکـووک بـوو، کـە رێگـەی

سلێمانی بە رێگەی هەولێر دەبەستێتەوە. بۆ ئەوکات بە یەکێك لە گەورەترین پرۆژەکانی کەرکووک هەژمار دەکرا، لە دوای رووخانی بەعس. پڕۆژەکە تەنیا راکێشانی شەقامە کەمەربەندییەکە نەبوو، بەڵکو قیرتاوکردن، شۆستەی بیهارتۆن، ستوونەکانی کارەبا، دروستکردنی پرد، راکێشانی ئاوەڕۆ، تۆڕی ئاو و کارەبای لەخۆگرتبوو، کە درێژییەکەی نزیکەی 5 کیلۆمەتر دەبوو و، تەواوکردنی ساڵێک و چەند هەفتەیەکی خایاند.

پاش ئەم پڕۆژە گەورەیە لەسەر داواکاری هاووڵاتیان و پێشنیازی لقی 3ی پارتی، بەهاوئاهەنگی لەگەڵ پارێزگای کەرکووك سەدان پرۆژەی دیکە لەلایەن لیژنەکەوە جێبەجێکران، جاری واش هەبوو پارێزگای کەرکووك پرۆژەی دادەنا، بەڵام تێچووی پرۆژەکەیان نەبوو، ئەندازیارانی ئەم لێژنەیە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەندازیارانی فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان، پرۆژەکانیان جێبەجێ دەکرد. کە دەکرێ لەم خشتەیەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:

| ژ | جۆری پرۆژە | ژمارەیان |
|---|---|---|
| 1 | پاریگەی تارتان و چیمەنی سرووشتی | 10 |
| 2 | بنکەی تەندروستی | 4 |
| 3 | پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی قوتابخانە و زیادکردنی هۆڵەکانی خوێندن | 310 |
| 4 | راکێشانی تۆڕی ئاو بۆ گوندەکان و گەڕەکە تازەئاوەدانکراوەکان | 26 کم |
| 5 | راکێشانی تۆڕی کارەبای نیشتمانی | 77 کم |
| 6 | دانانی موەلیدە بۆ ئەو گوندانەی کارەبای نیشتمانیان پێنەگەیشتووە | 70 |
| 7 | قیرتاوکردنی شەقام و کۆنکرێتکردنی کۆڵانەکان | 50 کم |
| 8 | پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ نۆژەنکردنەوەی خانووی کەمدەرامەتان | 950 خانوو |
| 9 | دروستکردنی خانوو و ئاوەدانکردنەوەی گوندە رووخاوەکان | 1600 خانوو |
| 10 | پەرژینکردنی گۆڕستانەکان بە شێوازێکی شارستانیانە | 4 |
| 11 | دروستکردنی مەڵبەندی رۆشنبیری لەسەر رووبەری 10 دۆنم زەوی | 3 نهۆم و 4 هۆڵی گەورە |
| 12 | لێدانی بیری ئاو بۆ ئەو گوندانەی تۆڕی ئاویان نەبوو | 75 بیر |
| 13 | دروستکردنی مزگەوت | 5 |
| 14 | کردنەوەی باخچەی یاری بۆ منداڵان | 3 |
| 15 | دروستکردنی دیواری پشتێنە بۆ شەقامەکان | 2 هەزار مەتر |
| 16 | چاندنی درەختی واشنتۆنیا لە شەقامەکان | 50 درەخت |
| 17 | دانانی ستوونی کارەبا | 30 ستوون |

خشتەی 34: پرۆژە جێبەجێکراوەکانی لێژنەی باڵای ئاوەدانکردنەوەی کەرکووك لە ساڵانی 2005 ـ 2009 لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە رەزامەندی راستەوخۆی نێچیرڤان بارزانی

قەرەبووکردنـەوەی سـەرجەم دووکانـدار و کاسـبکارانی بـازاڕی گـەورە، کـە بـەر تەقینەوەکـەی 16ی تەممـووزی 2007 کەوتبـوون.
« لـە پێشکێشـکردنی هاوکارییەکانـی نۆژەنکردنـەوەی خانـووی کـەم دەرامەتـان دا هیـچ جیاوازییـەك لەنێـوان نەتەوەکانـی کەرکـووك و لایەنگرانـی حیزبـەکان نەدەکـرا، ئەوانـەی لێژنەکـە بڕیاری لەسـەر دەدا هـەر ئەوەبـوو و ڕێگـە نـەدەدرا دەسـتێوەردانی تێـدا بکرێـت. سـەبارەت بـە ئاوەدانکردنـەوەی گوندەکانیـش، لـە ڕاسـتی دا گونـدە کوردنشـینەکان زۆرتریـن زیانیان بەرکەوتبوو و گوندەکانـی نەتەوەکانی دیکـە ئـەو زیانانەیـان پێنەگەیشـتبوو، بۆیـە زیاتـر جەخـت لەسـەر ئاوەدانکردنـەوەی گونـدی ناوچـە کوردنشـینەکان دەکرایـەوە. بـەڵام پڕۆژەکانـی نێـو شـار سـەرجەم نەتـەوە و پێکهاتـە ئایینیـەکان لێـی سـوودمەندبوون، چونکـە لـە یەکەمیـن کۆبوونەوەی نێـوان سـەرۆکی لێژنەکـەی کەرکـووك و نێچیرڤـان بارزانـی سـەرۆکی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دا، سـەرۆکی حکومـەت بـە ئێمـەی سـەرۆك و ئەندامانـی لێژنـەی ئاوەدانکردنـەوەی کەرکووکـی گـوت: لێتان قبـووڵ ناکـەم جیـاوازی لەنێـوان نەتـەوەکان و حیزبـەکان دا بکـەن، دەبـێ ئامانجـی سـەرەکیتان خزمەتکردنـی کەرکـووك و خەڵکـی کەرکـووك بێـت بەگشـتی" (دڵشـاد پیـرۆت ـ لێـدوان)

بـە شـاهێدی خەڵکـی کەرکـووك، ئـەو پرۆژانـەی لەلایـەن لێژنـەی بـاڵای ئاوەدانکردنـەوەی کەرکـووك جێبەجێکـراون، تاوەکـو ئێسـتا هیـچ گرفتێکیـان نەبـووە، لەبەرئـەوەی بـە کەرەسـتەی کوالێتیـی بـەرز دروسـتکراون، ئێسـتاش پـڕۆژەکان وەك خۆیـان مـاون و چەنـد نۆژەنکردنەوەیەکـی خولـی نەبێـت، هیـچ کەموکوڕییەکیـان تێـدا بەدیناکرێـت. بەرپرسـانی حکومەتـی کوردسـتانیش پێیانوابـوو بودجەکە و ماندووبوونـی ئەندامانـی لێژنەکـە بـۆ کەرکـووك بەخەسـار ناچێـت و نابێـت کەرکـووك، کـە بـە دەوڵەمەندتریـن شـارەکانی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت هەژمـار دەکرێـت بـە سـامانی سرووشـتی، هـەروا بـە فەرامۆشـکراوی بمێنێتـەوە.

دڵشــاد پیــرۆت، ســەرۆکی لیژنــەی ئاوەدانکردنــەوەی کەرکــووک، هــاوکات ســەرۆکی لیژنــەی پــرۆژەکان و وەبەرهێنانــی ئەنجوومەنــی پارێــزگای کەرکووکیــش بــوو، هاوئاهەنگییەکــی تــەواوی لەگــەڵ ئەنجوومــەن و پارێــزگاری کەرکــووک دا هەبــوو. دانیشــتووی شــارەکەش بــوو و دەیزانــی چ گەڕەکێــك زیاتــر پێویســتیی بــە پــڕۆژەی خزمەتگوزارییــە، تەنانــەت ڕێکخــراوە نێودەوڵەتییەکانیــش ڕاوێژیــان پێدەکــرد. بەکــۆی ئــەم هۆکارانــە، لیژنەکــە بــە ســەرکەوتوویی کارەکانــی خــۆی جێبەجێکــرد و لــە کۆتایــی ســاڵی 2009دا دوا پڕۆژەیــان جێبەجێکــرد. هاووڵاتیانــی کەرکــووك داواکاربــوون لیژنەکــە درێــژە بــە کارەکانــی بــدات، بــەڵام لەگــەڵ گۆڕانــی کابینــەی حکومــەت، ئــەو بودجەیــەی بۆ ئاوەدانکردنــەوەی کەرکــووك تەرخانکرابــوو، ڕاگیــرا، کــە کــۆی گشــتیی بودجــە تایبەتەکــە خــۆی لــە 50 ملیــۆن دۆلار دەدا.

## 8 ـ 7 هەڵســەنگاندنی حیــزب و لایەنــە سیاســییەکانی کەرکــووك بــۆ پارێزگارەکانــی شــارەکە

پێــش ئــەوەی هەڵســەنگاندن بــۆ کاری هــەر پارێزگارێــك بکەیــت، چ لــەڕووی کارگێــڕی و چ لــەڕووی خزمەتکردنــی خەڵکــی شــارەکە و ڕاگرتنــی پارســەنگی نێــوان پێکهاتەکانــی کەرکــووك، پێویســتە ئــەو بارودۆخــە هەڵبســەنگێنین، کــە ئــەو پارێــزگارە تێیــدا کەســی یەکەمــی ئیدارەدانــی شــارەکەیە، ئینجــا بزانیــن تاوەکــو چ ئاســتێك ســەرکەوتوو بــووە. قــەدەری خەڵکــی کەرکــووك وابــووە، پێڕەوکردنــی سیاســەتی فیفتــی بــە فیفتــی لــە هەرێمــی کوردســتان بــە هەمــوو ناشــرینی و دیمەنــە قێزەونەکانییــەوە لــە دوای 2003 گواســترایەوە کەرکــووك. یەکێتــی شــۆراوی ئاوەدانکــردەوە، پارتیــش لــە بەرانبــەردا شــۆراوێکی دیکــەی ئاوەدان کــردەوە، ناونــران شــۆراوی یەکێتــی و شــۆراوی پارتــی، ئــەوەی پارتــی نەبووایــە زەوی پێنــەدەدرا و بــۆی نەبــوو خانــوو لــەو گەڕەکــە دروســت بــکات، ئــەوەی یەکێتیــش نەبووایــە لــە شــۆراوی یەکێتــی جێگــەی نەدەبــووەوە. کەواتــە پێــش ئــەوەی بێینــە ســەر باســی دەســەڵاتی پارێــزگار، دەبــێ ئــەوە بزانیــن دەســەڵات لــە کەرکــووك

بـووە دوو دەسـەڵات، دەسـەڵاتێکی پارتـی و ئـەوی دیکەیان دەسـەڵاتی یەکێتـی. لـە کاتێکــی ئـاوادا هــەر کــەس لــە هەرەمــی دەســەڵاتی شـارەکە دادەنێیـت، دەسـەڵات لای ئـەو نابێـت، بەڵکـو لـەلای ئـەو دوو دەســەڵاتەیەو، هیـچ کاتێـك پارێـزگار خـاوەن دەسـەڵاتی لێپرسـینەوە نەبـووە لـە بەرپرسـانی هـەردوو حیزبـی دەسـەڵاتدار. هیـچ کاتێکیـش خـاوەن دەسـەڵاتی دانانـی پـڕۆژە نەبـووە، بەتایبەتیـش لـە مانگەکانـی سـەرەتای ئازادکردنـی کەرکـووک دا پێـش ئـەوەی حکومەتـی نوێـی عێـراق دابمـەزرێ و بودجـەی پارێـزگا و مافـە داراییەکانـی کەرکـووك دەسـتەبەر بکرێـن.

لێرەدا دەپرسـین: لـە بارودۆخێکـی ئاوادا کـە بەڕێوەبەرە گشـتییەکانی فەرمانگـە حکومییەکانیـش لـە لـق و مەڵبەنـدەوە دەستنیشـان بکرێـن، پارێـزگار چ دەسـەڵاتێکی بەسـەر ئـەو بەڕێوەبەرانـەدا دەبێـت؟ تاوەکـو چەنـد ئـەو بەڕێوەبەرانـە گوێڕایەڵـی ڕێنماییەکانـی پارێـزگار دەبـن؟ تاوەکـو چ ئاسـتێك پـرس و ڕاگۆڕینـەوە لەنێـوان بەڕێوەبـەری ئـەو فەرمانگانـە و پارێـزگاردا دەکرێـت؟ ئـەو بەڕێوەبەرانـە هێنـدەی گوێڕایەڵـی ئـەو دوو حیزبـە بـوون، هێنـدە گوێیـان بـە پارێـزگار نـەدەدا.

لـە سـەردەمی عەبدولڕەحمـان مسـتەفادا کەرکـووك لـە ئاڵۆزییەکـی گـەورەدا تلـی دەخـواردەوە، دابەشـکردنی زەویـوزاری حکومـەت ببـووە دیاردەیـەك و دەسـەڵاتدارانی نێـو دوو حیزبـە دەسـەڵاتدارەکە زۆرتریـن زەوییـان بـۆ لایەنگرانـی خۆیان گلدایـەوە و وای لێهـات زەوی بە پێوەری گوریـس دابـەش دەکـرا، جێگـە نەمـا بـۆ پـڕۆژە خزمەتگوزارییـەکان، گەڕەکـی نوێـی ئەوتـۆ دروسـتکران، کـە هیـچ سـیمایەکی بیناسـازی و ڕێگەوبانـی شارسـتانیی پێـوە دیـار نەبـوو. « پارێـزگاری ئەوکاتـی کەرکـووك لـەم ڕووەوەش هیـچ ڕۆڵێکـی بـۆ نەهێڵرابـووەوە، چونکـە عـەرەب و تورکمانـی شـارەکەش دەیانزانـی، کـە حیـزب دەسـەڵاتدارە، نـەك پارێـزگار، بۆیـە کاتێـك کێشـەیەکیان دەبـوو، لەجیاتـی ئـەوەی بچنـە لای پارێـزگار، ڕوویـان لـە بـارەگای حیزبـەکان دەکـرد، چونکـە لـەوێ کێشـەکان چارەسـەریان بـۆ دەدۆزرایـەوە نـەك لای پارێـزگار.

چارەسەری راستەقینە لەلای نەجات حەسەن، بەرپرسی ئەوسای لقی 3ی پارتی و جەلال جەوهەر، بەرپرسی مەڵبەندی 2ی یەکێتی بوو، نەك لەلای کەسێکی دیکە» (محەممەد نەسرەدین ـ لێدوان)

خەڵکی کەرکووك لەو دوو سێ ساڵە دا، تاکە سوودمەندی دوو ئیدارەیی هەرێمی کوردستان بوون، کەس هێندەی ئەوان لەو ساڵانەدا خزمەت نەکراون، ئیدارەی هەولێر لەلایەك و ئیدارەی سلێمانی لەلایەکی دیکە، ئەگەر ئەویان هاوکاری بەسەر 100 ماڵ دا دابەشکردبێت بۆ نۆژەنکردنەوەی خانووەکانیان، ئەمیان دەهات و 200 ماڵی دیکەی ناونووس دەکرد بۆ پێشکەشکردنی هاوکارییەکان. ئەگەر ئەویان چوار کۆڵانی چیمەنتۆڕێژ کردبێت، ئەمیان دەیکردە هەشت کۆڵان. بۆ هەموو شتێکی دیکەیش هەر بەوشێوەیە بوو، خۆ لە پێش هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان هەر مەپرسە!

لە ڕێککەوتنێکی نێوان یەکێتی و پارتی دا، دکتۆر نەجمەدین کەریم کرایە پارێزگاری کەرکووك، واتە دیسانەوە لەجیاتی ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یان بە دەنگدان لە پەرلەمانی کوردستان ئەو کەسە دەستنیشان بکرێت، دوو حیزب ئەو ڕۆڵەی حکومەتیان گێڕا و حیزبەکانی دەرەوەی یەکێتی و پارتی هیچ رایەکیان نەبوو.

لە بەختی ئەم پارێزگارە نوێیە، باری دارایی عێراق بەگشتی رووی لە گەشەیەکی بێسنوور کردبوو، بۆیە لە ماوەیەکی کەمی وەرگرتنی پۆستەکەیدا، شارەکە ئاوەدانییەکی زۆری بەخۆوە بینی و ئەو کەرکووکە وێرانەیەی جاران نەما. شەقامی نوێ و بەرزە پرد و جۆرەها پڕۆژەی جۆراوجۆر، ئەوانەی کە لەکاتی پارێزگاری پێشوودا بەردی بناخەیان دانرا بوو، دەستکرا بە جێبەجێکردنیان .

زۆرترین کێشەی دکتۆر نەجمەدین لە شارەکەدا لەگەڵ پارتی دا بوو، کێشەی گەورەی لەگەڵ محەممەد کەمال، بەرپرسی ئەوسای لقی 3ی پارتی و قایمقامی ناوەندیی کەرکووك بوو، کە ئەندامێکی

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـوو. کێشـە و ململانێیەکانـی نێـوان پارێـزگار و قایمقـام گەیشـتنە رادەیـەك، کـە پارێـزگار نووسـراوەکانی قایمقامـی نەدەخوێندنـەوە، قایمقامیـش نەدەچـووە کۆبوونەوەکانـی پارێـزگار.

چاودێرانـی دیمەنـە سیاسـییەکەی کەرکـووك ئـەو راسـتیانەیان لـەلا روونبـوو کـە: دکتـۆر نەجمەدیـن کەریـم یـەك جـۆر کێشـەی نەبـوو، بەڵکـو دوو کێشـەی هەبـوو، کێشـەیەك لەگـەڵ خـودی حیزبەکـەی خـۆی لـە ئەنجوومەنـی پارێـزگا، واتـە لەگـەڵ رزگار عەلـی، سـەرۆکی ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکووك. کێشـەی دووەم لەگـەڵ پارتی، بەڵام لەبەرئـەوەی پشـت ئەسـتوور بـوو بـە مەکتەبـی سیاسـی حیزبەکـەی و خـودی مـام جـەلال، لەلایـەك و ئـەو بودجەیـەی لـە بەردەسـتی بـوو و زۆریـی ئـەو پرۆژانـەی لەکاتـی ئـەودا جێبەجێکـران، وێـڕای ئـەم هەمـوو کێشـە و ململانێیـە، بـووە فریادڕەسـی کەرکـووك و جـێ پەنجـەی بـە شـارەکەوە دیـار بـوو. ئـەم پارێـزگارە لـە سـەرەتادا ململانێـی لەگـەڵ پارتـی بـوو بـۆ رازیکردنـی حیزبەکـەی خۆی، دواتـر ململانێیەکانی لەگەڵ حیزبەکـەی خۆشـی لەپێنـاو رازیکردنـی پارتـی بـوو، کـە لـە هـەردوو بارەکـەدا خەڵکـی کەرکـووك و بەرژەوەندییەکانی خەڵکـی کەرکـووك، قوربانیـی یەکەمـی ئـەم ململانێیانـە بـوون. لـە هەڵبژاردنەکانـی 2014دا لەبەرئـەوەی کێشـە هەبـوو لەسـەر نـاوی نەجمەدیـن کەریـم بـۆ سـەرۆکایەتیکردنی لیسـتە هاوبەشـەکە و سـەرئەنجام کشـانەوەی پارتـی لـە لیسـتەکە، هەمـوو هێـزی مەکتەبـی سیاسـیی یەکێتـی لـە کەرکـووك خرایەگـەڕ و دەنگـی هەمـوو یەکێتیـی بـۆ کۆکرایـەوە.

سـازانی سیاسـی لـە کەرکـووك و پاراسـتنی هاوسـەنگی لەنێـوان پێکهاتەکانـی شـارەکە، وایکردبـوو کـە جێگرێکـی عـەرەب بـۆ پارێزگارەکانـی کـورد دابنرێت، راکان سـەعیدیش لەکاتی عەبدولڕەحمان مسـتەفا و نەجمەدیـن کەریـم دا جێگـری پارێـزگاری کەرکـووك بـوو، بـەڵام جێگرێـك، کـە تەنیـا نـاو بـووە و لـە دەسـەڵاتە تەشـریفاتییەکە زیاتـر، هیـچ رۆڵێکـی دیکـەی نەبـووە، بـەڵام پـاش هێرشـەکانی 16 ی

ئۆکتۆبەر، ئەم جێگرە تەشریفاتییە سەرجەم دەسەڵاتەکانی پارێزگاری وەرگرت و تەواوی پشتگیریی حەشد و سوپای عێراقی خرایە پشت.

«جێگرێك کە ساڵانێکە لەو پۆستەدا بووە و واژۆی تەنیا لەسەر نرخی ئەمپێری مولیدەی گەڕەکەکان هەبوو، بەپێی گوتەی چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگا، پارێزگاری کەرکووك ڕێگەی نەدەدا لە کۆبوونەوەکانی پارێزگاش دا بەشداربێت، لەبەرئەوەی گومان لە برایەکی دەکرا، کە ئەندامێکی چەکدارانی داعش بێت. کە شوێنی پارێزگار چۆڵ دەبێت و شارەکە بەجێدێڵێت، ئەو جێگرە دەبێتە پارێزگاری بەوەکالەتی شارەکە، دەست دەکات بە قۆناخێکی نوێی بەعەرەبکردنی شارەکە و، کێشە دروستکردن بۆ ئەو جووتیارە کوردانەی بە فەرمانی (مجلس قیادە الثورە) زەوییەکانیان داگیرکرابوو و لە دوای ڕووخانی ڕژێم زەوییەکانیان وەرگرتبووەوە. هەر کاتێکیش سوپای عێراق لە شوێنێك وای پێویست بکردایە پرسی پێبکەن، ڕۆڵی خراپی گێڕاوە، سەرجەم ئەو ڕێکخراوە خێرخوازییانەی لە پارێزگاکە کار دەکەن، ئاراستە دەکات بۆ ناوچە عەرەب نشینەکان و ناوچەکانی دیکە بێبەش دەکات، ئەو پارەیەی لەبەردەستیدایە، زۆر بە نارێکی مامەڵەی پێوە کردووە، داوای یاساییشی لەسەرە. درێژەکێشانی ئەم هەڵوێستانەی پارێزگارە بەوەکالەتەی کەرکووك، خەتاکەی بەهۆی ڕێکنەکەوتنی یەکێتی و پارتییە، ئەگینا ئەگەر ئەوان ڕێکبکەون و ئەنجوومەنی پارێزگا کارابکرێتەوە و پارێزگارێکی کورد دابنرێت راکان سەعید رۆژێك لە پۆستی پارێزگاری کەرکووك دا نامێنێت و دەبێتەوە جێگرەکەی جاران“ (محەممەد نەسرەدین ـ لێدوان)

بە رای حیزبی شیوعیی کوردستان عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگارێکی ئیداریی سەرکەوتوو بوو و هەمیشە لە هەوڵی پاراستنی هاوسەنگیی نێوان پێکهاتەکانی کەرکووك دا بوو، بەڵام حیزبە کوردستانییەکان هاوکاری نەبوون. « لەکاتی دەستبەکاربوونی

رزگار عەلی لە پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك دا، ململانێیەکان زەقتر بوون و کاریگەری خراپی بەسەر پارێزگار و ئەنجوومەنی پارێزگادا هەبوو. ئەگەر وا نەبووایە ئەو پیاوە دەیزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکات و کەسێکی یاساییش بوو، بە رێکوپێکی پۆستەکەی بەرێوە دەبرد. کەرکووك لەو رۆژگارانەدا کەسێکی بەهێزی دەویست کە دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت بە پارتی و یەکێتی بڵێ، لێرە بوەستن و دەست لە کاروباری پارێزگا وەرمەدەن، بە مانای ئەوەی، کە مەکتەبی سیاسی حیزبێکی لەپشتبێ و سەرپشکی بکات بۆ دەرکردنی هەر بڕیارێك کە لە بەرژەوەندی شارەکەدا بێت» (شێخ سدیق ـ لێدوان)

 تورکمان و عەرەبیش کێشەیان بۆ ئەم پارێزگارە کوردە دروست نەدەکرد، بەڵکو کێشەکان هەر لە کوردەوە سەرچاوەیان دەگرت.

سەبارەت بە د.نەجمەدین کەریم، هەڵسەنگاندنی حیزبی شیوعی بۆ ئەو پارێزگارە بەم شێوەیە: کەرکووکییەکی چالاك بوو، بەڵام هەر لەسەرەتای وەرگرتنی پۆستەکەی کەوتە جیاوازییەکی قووڵەوە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لە شارەکە، ئەگەر ئەوەی نەکردایە وەك ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پارێزگارێکی زۆر سەرکەوتووی لێ دەردەچوو.

ئەو لە رۆژگارێکی زۆر سەختی نزیکبوونەوەی چەکدارانی داعش و هەوڵی داگیرکردنی شارەکەدا لەلایەن داعشەوە، توانی رووبەڕووی ئەو کێشە و قەیرانانە ببێتەوە. هەر ئەویش بوو پێشنیازی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی لەسەر فەرمانگە حکومییەکانی پارێزگاکە بۆ ئەنجوومەنی پارێزگا کرد و رەزامەندی ئەنجوومەنی بۆ وەرگرت.

« دکتۆر نەجمەدین سەرکردەیەکی بە توانا بوو، جورئەتی سیاسی و بڕیاردانی هەبوو، رێگەی بەهیچ لایەنێك نەدەدا دەست لە کاروبارەکانی وەربدات، تەنانەت بە حیزبەکەی خۆیشی دەگوت:

بوەستە، ئەوە ئیشی منە نەك ئێوە، من دەزانم شارەکەم چی پێویستە نەك ئێوە. لەگەڵ پارتی دا کەوتە دژایەتییەکی توونـد بەتایبەتیش لەو کاتانەی محەممەد کەمال، بەرپرسی لقی 3ی پارتی بوو، بەڵام لەگەڵ نزیکبوونەوەی گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستان، ناکۆکییەکانی نێوان پارێزگار و پارتی کەمتر بوون و پەیوەندییەکان ئاسایی بوونەوە. ئەم جارە پارتی پشتیان دەگرت و یەکێتی دژایەتی دەکرد، چونکە مەڵبەندی دووی یەکێتی لەگەڵ ئەنجامدانی گشتپرسی نەبوون لە کەرکووك و تاوەکو چەند کاژێرێکی پێش گشتپرسییکە هەر رایان لەسەر نەبوو، لە بەرامبەر نەتەوەکانی دیکەش تاوەکو رادەیەك هاوسەنگیی پاراستبوو، بەڵام ئەو وەك کوردێکی کەرکووکی پتر تای نەتەوەکەی خۆی دەگرت و دەیویست کەمێك لەو ئاسەوارانەی رژێمی بەعس بەسەر شارەکەیدا هێنابووی کاڵ بکاتەوە و ماف بۆ مافخوراوان بگەڕێنێتەوە. لەنێو عەرەبیشدا رێزی هەبوو، بە بەڵگەی ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی 2014 دا، عەرەبی حەویجەش دەنگیان هەر بەودا».

(شێخ سدیق ـ لێدوان)

سێیەمین پارێزگاری کەرکووکی دوای رووخانی سەددام، راکان سەعید جبووری بوو بە وەکالەت، کە زۆر لە حیزبە کوردستانییەکان بە تەعریبچی و شۆڤێنی لەقەڵەمی دەدەن و پێیانوایە خراپترین کەس بووە لەو پۆستەدا. نە شارستانییە و نە خێڵەکی، لەگەڵ نەتەوەکەی خۆیشی راستگۆ نییە. بێجگە لە واژۆکردنی بڕیارەکانی بەعەرەبکردنی شارەکە، هیچ دەستکەوتێکی ئەوتۆی بۆ شارەکە نەبووە. لەو رۆژەوەی بووەتە پارێزگاری کەرکووك نە سەردانی حیزبێکی کوردستانی کردووە و نە لەگەڵیان دانیشتووە و هیچ پرۆژەیەکی ئاشتبوونەوە و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شارەکەی پێ نییە. لە بەغداشەوە پشتگیری دەکرێت و دەبووایە لە پەرلەمان دەستبەکار بووایە وەک ئەندامێکی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠١٨دا و پارێزگای بەجێ بهێشتایە. مانەوەی هەر بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتی و پارتییە لە شارەکەدا.

بەرپرسـێکی هاوپەیمانیـی نیشـتمانی لـە کەرکـووک، بـەم شـێوەیە پارێزگارەکانی کەرکـووك هەڵدەسـەنگێنێت: عەبدولڕەحمـان مسـتەفا کەسـێکی یاساناسـی کەرکووکـی میانـڕۆی ئیـداری بـوو. پتـرۆدۆلار، یەکێـك بـوو لـە دەسـکەوتە هـەرە گرنگەکانـی ئـەو پارێـزگارە، بـەڵام جـاری وا هەیـە، کـە دەڵێـن: خێـر سـەری سـاحێبی دەخـوا، راسـت دەرچـوو بـۆ ئـەم کەسـە، چونکـە کەسـانێك هەبـوون وایاندەزانـی ئەگـەر ئـەم پارە قەبەیـە لـە دەسـتی ئـەم پیـاوە بووایـە، تاوەکـو دوا دۆلاری لــە پرۆژەکانـی کەرکـووك و بەرژەوەنـدی شـارەکەدا خـەرج دەکـرد، هیچـی نەدەچـووە گیرفانـی حیزبەکانـەوە، بۆیـە بیریـان لـە جێگرەوەیەکـی ئـەو پارێـزگارە کـردەوە و نەجمەدیـن کەریمیـان پەسـند کـرد، کـە سـەرکردەیەکی هەڵبـژاردن بـوو و لەنێـو مەکتەبـی سیاسـیی حیزبەکـەی خۆیـدا نامـۆ بـوو. واتـە سـەرکردە حیزبییـەکان حەزیـان نەدەکـرد کەسـێکی وەك دکتـۆر نەجمەدیـن لـە مەکتەبـی سیاسـی دا جێگـەی بکرێتـەوە. پێشـتریش بەهەمـان شـێوە دژایەتـی دکتـۆر بەرهـەم سالح دەکـرا لـە مەکتەبی سیاسـی. کاتێـك دکتـۆر نەجمەدین شـانازی بـەوە دەکـرد، کـە نزیکـەی 160 هـەزار دەنگـی کەرکووکـی بەدەسـتهێناوە، پێیدەگوتـرا: ئـەم دەنگانـە دەنگـی خـۆت نیـن، ئـەوە دەنگـی حیزبەکەتـن لـە شـارەکەدا. خالیـد شـوانیش، کـە سـەرووی 70 هـەزار دەنگـی لـە هەڵبژاردنەکانـی 2010دا هێنـا، پێیگوتـرا: دەبـێ بزانیـت ئـەم دەنگانـە دەنگـی یەکێتیـن پێتـدراون .

بـە بۆچوونـی حیزبـی سۆسیالیسـت، دانانـی عەبدولڕەحمـان مسـتەفا بـە پارێـزگاری کەرکـووك، لـە ناچـاری و لـە ئەنجامـی رێکنەکەوتنـی پارتـی و یەکێتـی بـوو بـۆ دانانـی پارێزگارێـك، کـە سـەر بەیەکێـك لـەو دوو لایەنـە بێـت. ئەمـەش زۆر جیـاوازە لـەوەی کـە تـۆ پارێزگارێـك دادەنێیـت و سـەت لـە سـەت پشـتگیریی دەکەیـت لەگـەڵ ئـەوەی، لەبەرئـەوەی رکابەرەکـەت ناهێڵـێ پارێـزگار سـەر بـە حیزبـی تۆبێـت، بچیـت پارێزگارێکـی بێلایـەن دابنێیـت. هـەر بۆیـە هیـچ لایەنێك لـەو دوو لایەنـە پشـتگیری تەواویـان نەکـرد، شـاریش وێرانەیەکـی تەواوبـوو، کـە

پاش شەڕێکی خوێناوی رزگارکرا و هاوپەیمانان ژێرخانی شارەکەیان خاپوور کردبوو، لەلایەکی دیکەوە ئەو پیاوە، کە لە نەتەوەی کورد بوو، لەلایەن تورکمان و عەرەبی شارەکەوە ئاسایی نەبوو، کە کوردێك پۆستی کەسی یەکەمی ئیدارەی کەرکووك وەربگرێت و لەلای قورس بوو کوردێك حوکمی بکات، بەغداش هاوکاری نەبوو» پارتی پشتگیریی نەدەکرد، چونکە ئەندامی پارتی نەبوو، یەکێتی تاوەکو سەر ئێسقان دژایەتی دەکرد و دژایەتیکردنەکەی لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکەوە گەیشتە لووتکە و خۆی زۆر لەو بە گەورەتر دەزانی. ئەمانە کۆمەڵێك هۆکار بوون، کە دەسەڵاتی پارێزگار لاوازبکەن، بەڵام کە دەڕوانییە دیوێکی دیکەی ئەم کەسایەتییە، دەبینی کەسێکی یاسایی، ئەکادیمی، ئەزموونداره. نموونەیەکی جوانی بەڕێوەبردنی پارێزگاکەی نیشاندا و بەرەبەرە خەڵکانی دیکەی غەیرە کوردیش ئیشەکانی ئەویان لەلا پەسندبوو، ئەوسا تورکمان و عەرەبیش کەمترین دژایەتی خۆیان بۆ دەسەڵاتی کوردی دەردەبڕی" (رەسول رەئوف ـ لێدوان)

ئەو بەرپرسەی سۆسیالیست بەردەوام دەبێت لە هەڵسەنگاندنەکەی و دەڵێ : نەجمەدین کەریم، لەکاتێکدا پۆستی پارێزگاری کەرکووکی وەرگرت، کە نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان دا گەیشتە ئەوپەڕی بەرزی و عێراق داهاتی نەوت زیاد بوو، بەمەش بودجەی پارێزگا و بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان زیادی کرد. پارەی پترۆدۆلاری کەڵەکەبووی دووساڵی لەبەر دەست بوو و، مانگانەش پارەی پترۆدۆلاری وەردەگرت و تەواوی دەسەڵاتی بەسەر خەرج کردن دا هەبوو. کەواتە لەڕووی داراییەوە قۆناخەکەی دکتۆر نەجمەدین زۆر گونجاو و باشتر بوو بۆ ئاوەدانکردنەوەی کەرکووك، لەڕووی سیاسیشەوە کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بوو و هیچ کێشەیەکی لە کەرکووك بۆ دروست نەدەکرا لەلایەن حیزبەکەی، چونکە ئەو لە هەموویان باڵادەستتر بوو. لەلایەن پارتیشەوە لە سەرەتادا کێشەیەکی نەبوو و بە حوکمی ئەوەی لە شۆڕشی

ئەیلـوول دا پزیشـکی تایبەتـی مسـتەفا بارزانـی بـوو و تێکەڵاوییەکـی زۆری لەگـەڵ بنەماڵـەی بارزانـی دا هەبـوو.

دکتـۆر نەجمەدیـن کەریـم یەکێکبـوو لـەو کەسـانەی جێگـەی متمانـەی ئەمەریکییـەکان بـوو لـە شـارەکەدا و هەندێك جـار وەك هاووڵاتییەکـی ئەمەریکـی مامەڵەیەکـی تایبەتیـان لەگەڵ کـردووە. هەروەها کەسـێك بـوو، کـە بوێـری بڕیاردانـی هەبـوو، هـەر بڕیارێکیشـی دەربکردایـە لێـی پاشـگەز نەدەبـووەوە و گوێـی بـەوە نـەدەدا، کـە کاردانـەوەی ئەنـدام مەڵبەندێـك چ دەبێـت، لـە بڕیـاری ئەنجامدانـی گشـتپرسـی سـەربەخۆیی کوردسـتانیش دا جورئەتەکـەی گەیشـتە لووتکـە و وێـڕای ئـەو هەمـوو دژایەتییـەی لـە ئەندامانـی حیزبەکـەی خـۆی بـۆی دەکـرا، بڕیـاری کۆتایـی لـەلای خـۆی بـوو و پرۆسـەکە لـە کەرکووکیـش ئەنجـام درا.

بۆیـە بەپرسـی مەڵبەنـدی کەرکووکـی سۆسیالیسـت ئێستاشـی لەگەڵدابێـت نەجمەدیـن کەریـم بـە کەسـە گونجاوەکـەی پارێـزگای کەرکـووک دادەنێـت .

سـەبارەت بـە هەڵسـەنگاندنی راکان سـەعید ئـەو بەرپرسـەی حیزبـی سۆسیالیسـت دەڵـێ « ئـەو کەسـێکی عەرەبـی سـوننەی شـارەکەیە، زۆربـەی عەرەبـەکان پشـتگیری دەکـەن، تەنانـەت عەرەبـە هاوردەکانـی شـیعەش. لە مەسـەلەی زیندووکردنـەوەی بڕیارە هەڵوەشـێنراوەکانی بەعـس رۆڵێکـی خراپـی گێـڕاوە، دەسـتی بـۆ هەندێـك بڕیـار بـردووە، بـۆ کـورد زۆر قورسـن، بـەڵام ئـەو بـە دیـدی عەرەبێکـی سـوننە پاڵەوانێکـە و هەیبەتـی عەرەبـی سـوننە دەگەڕێنێتـەوە، ئـەوەی کـورد لـە مـاوەی ١٥ سـاڵ دا کردوویەتـی ئـەو پیـاوە لـە مـاوەی تەنیا سـاڵ و نیوێـك هەمـووی هەڵوەشـاندەوە و بـە یاسـا هەندێـك شـتی ناهەقـی کـردووە، کـە هەندێـك لـەو بڕیارانـە دژی تورکمانەکانـی شـارەکەن و لێـی قبـووڵ ناکرێـت. شـتێکی نەکـرد پێکەوەژیانـی پێکهاتەکانـی شـارەکە پتەوبـکات، بەڵکـو کارەکانـی دژی پێکەوەژیـان و ئاشـتەوایی و برایەتـی نەتەوەکانـی کەرکـووك بـووە» (رەسـول رەئـوف ـ لێـدوان)

ئیبراهیـم خەلیـل، ئەندامـی یەکەمیـن خولـی ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـوووك و بەرپرسـی مەڵبەنـدی 6ی یەکگرتـووی ئیسـلامیی کوردسـتان، کـە لـە نزیکـەوە پارێزگارەکانـی کەرکـووك دەناسـێ و مامەڵـەی رۆژانـەی لەگـەڵ کـردوون، پێـی قورسـە هەڵسـەنگاندنێکی سـەرپێییانەیان بـۆ بـکات و دەڵـێ: « بـۆ ئـەوەی بـە ویژدانـەوە هەڵسـەنگاندن بـۆ هـەر بابەتێـك یـان کەسایەتییەك بکەیـن، پێویسـتە بارودۆخـی ئـەو رۆژگارانـەش رەچـاو بکەیـن، کـە ئـەو بەرپێزانـە پۆسـتی پارێزگاریـان تێـدا بەڕێوەبـردووە. عەبدولڕەحمـان مسـتەفا لـە بارودۆخێکـدا بـووە پارێـزگاری کەرکـووك، کـە ژێرخانـی ئابووریـی شـارەکە وێـران بـوو، لـەڕووی داراییـەوە هێشـتا هیـچ بودجەیـەك بـۆ پارێزگاکـە تەرخـان نەکرابـوو، بـەڵام بەگشـتی ئەگـەر بێینـە سـەر هەڵسـەنگاندن بـۆ کەسایەتی و کارەکانـی، ئـەوە دەتوانیـن بـەم چەنـد دێـرە وەسـفی بکەیـن: مامۆسـتا عەبدولڕەحمـان کەسـێکی یاسـاناس، زمانـزان و رۆڵەیەکـی پەروەردەبـووی نێـو کۆمەڵگـەی کەرکـووك بـوو. بڕوانامەکـەی یارمەتیـدەر بـوو بـۆ ئـەوەی تووشـی هەڵـەی یاسـایی نەبێـت، هـەر سـێ زمانـە سـەرەکییەکەی کەرکووکیشـی بـە رەوانـی دەزانـی و تێگەیشـتنێکی زۆر باشـی بـۆ نەتەوەکانـی دیکـە هەبـوو. خاڵـی هاوبەشـی سـەرجەم پێکهاتەکانـی شـارەکە بـوو، ئـەم هۆکارانـە خاڵـی بەهێـزی ئـەم کەسایەتییە بـوون و لـەڕووی ئیدارییەوە کەسـێکی سـەرکەوتوو بـوو لـە راگرتنـی هاوسـەنگی نێـوان نەتـەوە جیاوازەکانـی کەرکـووك. نـە ئەندامانـی ئەنجوومـەن و نـە ئیـدارەی کەرکـووك، ئێستاشـی لەگەڵـدا بێـت یـەك خاڵـی گەندەڵییـان لێـی نەدۆزیوەتـەوە، بـەڵام ئـەم پارێـزگارە بێلایەنـە بـووە قوربانیـی دەسـتی ئـەو دوو حیزبـە دەسـەڵاتدارەی کەرکـووك و هـەر شـتێکی باشـی بـۆ شـارەکە کردبێت، ئـەوان رێگرییـان لێکـردووە، تورکمـان و عـەرەب هێنـدەی ئـەو دوو حیزبـە رێگرییـان لێنەکـردووە، بۆیـە ئێمـەی یەکگرتـووی ئیسـلامی ئـەم پیـاوە بـە فریادڕەسـی کەرکـووك دەزانیـن بـۆ ئـەو قۆناخـەی پارێـزگا".

بـە بۆچوونـی یەکگرتـوو، گرنـگ نییـە پارێـزگاری کەرکـووك حیزبـی بێـت یـان بێلایـەن، پارتـی بێـت یـان یەکێتی، کوردبێـت یان تورکمـان و عەرەب،

گرنـگ ئەوەیـە سـێ مەرجـی سـەرەکییەی تێدابێـت، مەرجـی یەکـەم: دەبێـت کەسـێك بێـت لـە ئاسـتێکدابێت بتوانێـت خزمەتـی شـارەکە بـکات، شـارەزا و لێهاتووبێـت. مەرجـی دووەم: پێویسـتە کۆدەنگیـی حیزبـە کوردسـتانییەکانی لەسـەربێت، بـۆ ئـەوەی پشـتوانی هەمـوو لایەکـی بـۆ مسـۆگەر بێـت، نـەك لایەنێـك دژایەتیـی بـکات و لایەنێکـی دیکەیـان پشـتی بگرێـت. مەرجـی سـێیەم: دەبـێ توانـای کۆکردنـەوەی پێکهاتەکانـی کەرکووکـی هەبێـت و هیـچ لایەنێـك لەسـەر حسـێبی لایەنێکـی دیکـە پەراوێـز نەخـات.

ئەندامـە یەکگرتووەکـەی ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك، دەڵـێ زۆربـەی پـڕۆژەکان لـە سـەردەمی عەبدولڕەحمـان مسـتەفادا لـە ئەنجوومەنـی پارێـزگادا پەسـندکرابوون و تێچووشـیان بۆدانرابـوو، چاوەڕێـی بودجـە دەکـرا بـۆ جێبەجێکردنیـان، بۆیـە ئـەو ئەندامـەی ئەنجوومـەن، سـەردەمی عەبدولڕەحمـان مسـتەفا بـە سـەردەمی ناشـتنی نەمامەکـە دەشـوبهێنێ، کـە تاوەکـو بەرهەمەکـەی پێدەگات، سـەردەمی دکتـۆر نەجمەدینیـش سـەردەمی پێگەیشـتنی بەرهەمەکـە بـوو. خەڵکیـش شـتی ئامادەکـراوی لەبـەر چـاوە، بۆیـە خەڵکانێکـی زۆر ئـەو کارانـەی لەپێشـتر کرابـوون هـەر بـە کاری دکتۆریـان لەقەڵـەم دەدا، بەتایبەتیـش لایەنگرانـی یەکێتـی.

نوێنـەری یەکگرتـوو لـە ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك ئامـاژە بـەوە دەدات کـە: نەجمەدیـن کەریـم لـە کۆتایـی 2012 لـە کۆنگرەیەکـی ڕۆژنامەڤانیـدا ڕایگەیانـد کـە:%100ی بودجـەی کەرکووکـی خەرجکـردووە، بـەڵام پـاش لێکۆڵینەوەیەکـی ورد بۆمـان دەرکـەوت %55ی ئـەو بودجەیـە خەرجکـراوە، بۆیـە پێمگـوت: پێمـان بـاش بـوو ڕاوێژێکـت بـە ئەنجوومـەن بکردایـە، گوتـی: ڕاوێـژی بۆچییـە؟ ئەوەندەمـان خەرجکـردووە و تـەواو. پاشـان ڕوونکردنـەوەی زیاتـرم پێـدا و کەرتەکانـم بـۆ خسـتەڕوو، گوتـی: ئـەم ژمارانـە هەڵـەن! گوتـم ئـەم ژمارانـەم لـە جێگـری پارێـزگار وەرگرتـووە و ئیمـزای خۆتانـی بەسـەرەوەیە، ئـەم سـەرنج و تێبینیانەشـمان هـەر بـۆ بەرژەوەنـدی

ئێوەیـە. هەسـتایە سـەر پـێ و گوتـی: ئەگـەر هاوڕێـم هەبێـت لـە ئەنجوومـەن، تـۆ باشـترینیانیت!

دکتـۆر نەجمەدیـن کەمتـر ڕەچـاوی یاسـاکانی دەکـرد، پشـتیوانییەکەی مـام جەلالیـش وای لـە دکتـۆر کـرد کەمتـر بایـەخ بـە ڕاوبۆچوونـی دەوروبـەری خـۆی بـدات و زیاتـر پێداگری لـە بۆچوونەکانی خـۆی دەکرد. ئـەم هەڵوێسـتانەی دکتـۆر، ئەندامانـی ئەنجوومەنیشـی کردبـووە دوو بـەرە، بەرەیەکیـان پێیانوابـوو، کـە کەرکـووك ئـەم شـێوازە مامەڵەیەی بـۆ باشـە، بەرەکـەی دیکەیـان ڕەخنەیـان لەم شـێوە مامەڵەیـە دەگرت. هەروەهـا لاوازتریـن کاتـی ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك، ئـەو دوو ساڵەی دوایـی بـوو، کـە نەجمەدیـن کەریـم پارێـزگاری کەرکـووك بـوو و کەمتـر حسـێبی بـۆ ئەنجومەنەکـە دەکـرد، بەتایبەتیـش لـە 2014 و پـاش هاتنـی داعـش، کـە هەمـوو کارەکانـی پارێـزگا بەبـێ ڕاوێـژ لەگەڵ ئەنجومـەن ئەنجامـدەدران.

هاتنـی ڕاکان سـەعید لـە ئەنجامـی ئـەو بۆشـاییەوە بـوو، کـە پارێـزگاری کەرکـووك، کەرکووکـی جێهێشـت و بەشـێوەیەکی ئۆتۆماتیکـی جێگرەکـەی جێگـەی گرتـەوە. ئیبراهیـم خەلیـل دەڵـێ « لـە دوای ڕووداوەکانـی 16ی ئۆکتۆبەر، ڕاسـتەوخۆ لە دیدارێکـدا، بە ئامادەبوونی چەنـد ئەندامێکـی دیکـەی ئەنجوومـەن پێمگـوت: مـن بـۆ سـێ خـاڵ هاتووومەتـە لاتـان، خاڵـی یەکـەم: دەبـێ ئـەو ڕاسـتییە بزانیـت، کـە ئـەم جێگەیـە، جێگـەی تـۆ نییـە، تـۆ پارێـزگار نیـت! خاڵـی دووەم: کارێـك مەکـەن زیـان لـە پێگەکـەت بـدات. خاڵـی سـێیەم: کـوردی کەرکـووك خـۆی برینـدارە و گلەیـی زۆریـان لێـت هەیـە. لـە وەڵامـدا گوتـی: مـن دەزانـم پارێـزگار نیـم، بەڵکـو پۆسـتەکەم بـە وەکالـەت وەرگرتـووە. هیـچ بەرژەوەندییەکیشـم لـەم کورسـییەدا نییـە، کـە ئێسـتا لەسـەری دانیشـتووم. بـۆ خاڵـی سێیەمیشـت: کـورد چ گلەییەکیـان لـە مـن هەیـە؟ کێشـەکانی پەڵکانـە و گوندەکانـی دیکـە کەڵەکەبـووی نووسـرا و بڕیارەکانـی پێـش منـن، کـە یەکلانەکراونەتـەوە و ئێسـتا سـەریانهەڵداوەتەوە، میدیاکانیـش پرسـەکەیان گـەورە کـردووە. ئینجا پێمگـوت: وەرە لـە میدیـاکان ئـەو ڕاسـتییانە بخـەڕوو.״

کۆمەڵـی ئیسـلامی، عەبدولڕەحمـان مسـتەفا بـە کەسـایەتییەکی ڕۆشـنبیر، یاسـایی، بەتوانا و خۆشەویسـتی کەرکـووك دادەنێـت، کـە هەوڵـی چاککردنـی بەڕێوەبردنـی پارێزگاکـەی داوە و دڵسـۆزی شـارەکە بـوو، بـەڵام ئـەم پیـاوە، یەکێتـی باڵێکـی رادەکێشـا و پارتیـش باڵەکـەی دیکـەی و، نەیاندەهێشـت یـەك هەنـگاوی بـاش لـە بەرژەوەندیـی خەڵکـی کەرکـووك بنـێ بەبـێ پـرس و راوێژکـردن بـە لـق و مەڵبەنـد. « بەرپرسـێکی حیزبـی لـە ئاسـت ئەنـدام ناوچەیەکـی پارتـی یاخـود ئەنـدام کۆمیتەیەکـی یەکێتـی دەیتوانـی ڕێگـری لـە پڕۆژەیەکـی گـەورەی ئـەم پارێـزگارە بـکات، بۆیـە ئێسـتاش لەنێـو خەڵکـدا ماوەتـەوە و لێیـان دانەبـڕاوە و زۆریـش خۆشەویسـتە. ئـەم پارێزگارە بـە شـارەزایی خـۆی دەیتوانـی پێکهاتەکانـی دیکـەی کەرکووکیـش تاوەکو رادەیـەك لەخۆی رازی بـکات، چونکـە لـە کەرکـووك دانەبـڕاوە و هـەر لـە شـارەکەدا ماوەتـەوە، بۆیە ئـەو هەسـتی بـە ئازارەکان و کەموکـوڕی هاووڵاتیان دەکـرد و چـاك دەیزانـی بـە چ پڕۆژەیـەك دڵخۆشـیان بـکات. ئیرادەیەکی چاکسازیشـی لەناخـدا هەبـوو" (محەممـەد خەلیـل ـ لێـدوان)

لـە گوتەکانـی بەرپرسـی راگەیاندنـی کۆمەڵـی ئیسـلامی، ئەوەمـان بـۆ روون دەبێتـەوە، کـەوا زۆربـەی بەرپرسـانی شـارەکە لـەو کەسـانە پێکهاتبـوون، کـە ماوەیەکـی دوور و درێـژ بـە ناچـاری لـە شـارەکە دوورکەوتبوونـەوە، یاخـود بـە هۆکارێکـی سیاسـی دوورخرابوونـەوە، بۆیـە لـە دوای رووخانـی رژێمـی بەعـس، ئـەم بەرپرسـانە بـە وردی نەیاندەزانـی ئـەو ماوەیـە چـی لـە شـارەکەدا گـوزەراوە، لـە گرفتەکانـی خەڵکەکـە نەدەگەیشـتن، بۆیـە هێندێـك جـار هەوڵیانـداوە بـە بەکارهێنانـی هێـز، یاخـود گوتارێکـی توونـد، کێشـەکان چارەسـەر بکەن.

نەجمەدیـن کەریـم، بـە بۆچوونـی کۆمەڵـی ئیسـلامی، لـە سـەرەتادا پارێزگارێکـی سـەرکەوتوو بـوو و رێژەیەکـی زۆری کەسـایەتییەکانی عـەرەب و تورکمانیشـی لـەدەوری خـۆی کۆکردبـووە، پاشـان لەلایـەن بەرپرسـانی کۆمەڵـی ئیسـلامی رەخنـەی لێگیـراوە و رووبـەڕوو پێیگوتـراوە: بۆچـی سـەردانی حیـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی دیکـەی

غەیـری یەکێتـی و پارتـی ناکەیـت؟ لەبەرچـی هەوڵـی ئـەوە نادەیـت پشـتگیریی لایەنەکانـی دیکەیـش بۆخـۆت مسـۆگەر بکەیـت؟

کۆمەڵـی ئیسـلامی، داوایـان لێکـردووە ببێتـە پارێزگاری سـەرجەم حیزب و لایەنـەکان، تاوەکـو پێکهاتەکانی دیکەیش پاڵپشـتیی بکـەن، بەڵێنی دابـوو سـەردانی لایەنـەکان بـکات و بـە سـکرتێرەکەی راگەیاندبـوو، پێشـنیازەکەیان بخاتـە بەرنامـەی کارەکانـی خـۆی، کەچـی هـەر نەبینـرا سـەر لـە بـارەگای حیزبێـك بـدات. ئەگـەر وای بکردایـە، پێگـەی خـۆی زیاتـر لەنێـو پێکهاتـە و حیزبەکانـی کەرکـووك دا قایـم دەکـرد.

ئـەو بەرپرسـەی کۆمـەڵ، دەڵـێ: نەجمەدیـن کەریـم، لـە کۆتاییـدا گلەیـی و گازانـدەی زۆری هاتـە سـەر و باڵێکـی نـاو یەکێتـی دۆسـیەی گەندەڵیـی بـۆ دروسـت دەکـرد کـە، ئەمـە دەبـێ بسـەلمێنرێت، بـەڵام نابـێ ئەوەشـمان لەبیربچێـت، کـە کەسـێکی بـە جورئـەت بـوو و خـاوەن بڕیـاری خـۆی بـوو، بەتایبەتیـش لـە مەسـەلەی پتـرۆدۆلار و لەیادمـە لـە ماڵەکـەی خۆیـدا بـە ئێمـەی گـوت: ملیۆنێـك دۆلارم داناوە بـڕۆن بیبـەن بەسـەر مامۆسـتایانی دابـەش بکـەن. بـۆ جێبەجێکردنـی هـەر پڕۆژەیەکیـش گوێـی نەدەدایـە بەرپرسـانی حیزبیـی نێـو پارتـی و تەنانەت حیزبەکـەی خۆیشـی.

ئـەم ملیـۆن دۆلارە بـۆ مـاوەی سـێ چـوار مانـگ بـەردەوام بـوو و وەکـو هاوکارییـەك لـە رێگـەی لقـی کەرکووکـی یەکێتـی مامۆسـتایانی کوردسـتانەوە، بەسـەر ئـەو مامۆسـتایانەدا دابەشـدەکرا، کـە مووچەیـان لەسـەر هەرێمـی کوردسـتان بـوو و بڕیـاری پاشـەکەوت دەیانگرتـەوە. مامۆسـتایانی عـەرەب و تورکمانـی سـەر بـە وەزارەتـی پـەروەردەی حکومەتـی عێـراق، رەخنەیەکی زۆریان ئاراسـتەی پارێزگاری کەرکـووك کـرد و داوایـان دەکـرد، ئەو هاوکارییە ئەوانیش بگرێتەوە. «

راکان سـەعید، پارێزگارێکـە بـە هەقـی خـۆی ئـەو پۆسـتەی وەرگرتـووە، چونکـە کاتـی خـۆی، ئـەو جێگـری پارێـزگاری کەرکـووك بـووە و بەپێـی یاسا پۆسـتەکەی وەرگرتـووە. مـن پێموایـە، کـورد هێناویەتـی و هـەر کوردیشـە رازییـە لـەوێ بمێنێتـەوە. ئەگـەر بۆچوونەکـەی مـن وا نییـە،

با کــورد کۆببنــەوە و بڕیــار لەســەر دانانــی پارێزگارێکــی کــورد بــدەن بــۆ شــارەکە، ئەوســا بــۆ یــەك ڕۆژی دیکــە ئــەو پارێــزگارەی ئێســتا لــە شــوێنی خــۆی نامێنێتــەوە. ڕووبــەڕووش گفتوگۆمــان هەبــووە ســەبارەت بــە لادانــی بەڕێوەبەرەکانــی کــورد لــە فەرمانگــەکان، ئــەو گوتوویەتــی: خەتــای مــن چییــە، ئەگــەر بەڕێوەبەرێــك فەرمانگەکــەی بەجێهێشــبێ و لــە هەولێــر، یــان لــە ســلێمانی نیشــتەجێ بوووبێــت؟! مانگێــك یــان دوو مانــگ لەســەری ڕادەوەســتم، دوایــی هــەر دەبــێ، بەڕێوەبەرێــك بــۆ ئــەو فەرمانگەیــە، بــە وەکالــەت دابنێــم. خەتــای منــی تێــدا نییــە، ئەگــەر ئــەو بەڕێوەبــەرە، تورکمــان یــان عەرەبێــك بــووە؟! ڕەنگــە گوشــاری عەشــایەری و نەتەوەییشــی لەســەر بووبێــت، کــە هێندێــك کاری وایکردبێــت، بووبێتــە هــۆی ئیســتفزازکردنی کــورد و ئەزیەتــی کــوردی دابێــت، ئەمــەش دەبــێ بســەلمێنرێ خــۆ ئەگــەر پێشــێلکاریی یاســایی کردبێــت، با کــورد ســکاڵای لەســەر تۆمــار بــکات و دادگا هەمــوو شــتێك یەکلایــی بکاتــەوە" (محەممــەد خەلیــل ـ لێــدوان)

عەدنان کەرکووکــی ئەندامــی ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتیی کەرکــووك - گەرمیانــی پارتــی، شــاهێدی بــۆ عەبدولڕەحمــان مســتەفا دەدات و پێیوایە، کــە ئەو پارێزگارە، کەســێکی یاســاناس و ســەرکەوتوو بــوو لە بەڕێوەبردنــی پارێــزگادا و ڕەزامەنــدی زۆربــەی پێکهاتەکانــی کەرکووکــی بەدەســتهێنابوو، چونکــە هاوســەنگیی نێوانیانــی پاراســتبوو. هەروەهــا ســەرجەم ئــەو پرۆژانــەی ئێســتا لــە قۆناخــی جێبەجێکردنــدان، هــەر لەکاتــی ئــەودا ئەنجوومەنــی پارێــزگا پەســەندی کردبــوون. داهێنــەری پتــرۆدۆلارە و وێــڕای ڕێگرییــەکان خزمەتێکــی زۆری شــارەکەی کــرد. بێجگــە لــە ڕزگار عەلــی، کــە ئــەوکات ســەرۆکی ئەنجوومەنــی پارێــزگای کەرکــووك بــوو، کەســانی دیکــەش هەبــوون کۆســپیان دەخســتە بــەردەم کارەکانی.

ئــەو بەرپرســەی پارتــی دەگێڕێتــەوە: ئامــادەی کۆبوونەوەیــەك بــووم لەگــەڵ عەبدولڕەحمــان مســتەفا، کە ئــەوکات خەریکی ڕێکخســتنەوەی نــاو شــار بــوو و پلانــی بــۆ نەهێشــتنی جەنجاڵــی ســەر پردەکــەی

مەرکـەز عـام هەبـوو، خالیـد شـوانی هاتـە ژوورەوە، عەبدولڕەحمـان مسـتەفا پێیگـوت: لەکاتێکـدا ئێمـە خەریکیـن ناوشـار ڕێکدەخەینـەوە، کەچـی ئێـوە دەچـن خەڵکمـان لـێ کۆدەکەنـەوە خۆپیشـاندان بکـەن؟! لـە ئەنجامـدا پلانەکانـی پارێـزگار جێبەجێکـران و قەرەباڵخییەکـە کەمتـر بـوو و دووکان بـۆ کاسـبکارانی دەسـتگێڕ دروسـتکرا و ناونـرا بـازاڕی هاوچەرخـی قـەڵا.

هەڵسـەنگاندنی نەجمەدیـن کەریـم، لەلایـەن پارتییـەوە دەکرێتـە دوو قۆنـاخ، قۆناخـی یەکـەم وەک خۆیـان دەڵێـن: تاوەکـو پێیکـرا دژایەتـی پارتـی کـرد لـە شـارەکە و هیـچ حیسـابێکی بـۆ هاوسـەنگی نەکـرد. بەڕێوەبـەری فەرمانگەکانـی کۆمپانیـای خـۆراك، وەرزش و لاوان، سـایلۆی کەرکـووك و ژمارەیـەك لـە ئەفسـەرانی پارتـی دوورخسـتەوە. لـە تەقینەوەکـەی بـەردەم قایمقامیەتـی قـەزای دووبـز، زیانێکـی زۆر بـەر بیناکـە و کەلوپەلـەکان کـەوت، بـەڵام لەبەرئـەوەی قایمقـام پارتـی بـوو، یـەك دینـاری بـۆ نۆژەنکردنـەوەی بیناکـە خـەرج نەکـرد. هیـچ دەسـەڵاتێکی بـۆ قایمقامـی قـەزای ناوەنـدی کەرکووکیـش نەهێشـتبووەوە، و یـەك راوێـژی پێنەدەکـرد، بـەم دواییـە لـە کۆبوونەوەکانـی پارێزگاشـدا بانگهێشـتی نەدەکـرد، چونکـە پارتـی بـوو!

لـە قۆناخـی دووەم دا، قۆناخـی گشتپرسـیی سـەربەخۆیی کوردسـتان و ئـاڵای کوردسـتان بـوو، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان پشـتگیریی دەکـرد. بـە گوتـەی ئـەو بەرپرسـەی پارتـی، هەمـوو ئـەو کێشـانەی لـە دوای گشتپرسـی و بڕیـاری هەڵکردنـی ئـاڵای کوردسـتان بـۆی خوڵقێنـران، دەرئەنجامـی ئـەو هەڵوێسـتە نەتەوەییانـەی خـۆی بـوون. سـتراتیژی پارتـی ئەوەبـوو، کـە هەوڵبدرێـت بـۆ گەڕانـەوەی ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ سـەر کوردسـتان و هـەر هەنگاوێـك لەوپێنـاوەدا بنرێـت و لەلایـەن هـەر کەسـێکەوە بێـت، پارتـی پشـتگیریی دەکات. بـەڵام لەگـەڵ ئـەو هەڵوێسـتی نەجمەدیـن کەریـم نەبـوون، کـە داوای کـرد کەرکـووك بکرێتـە هەرێمێکـی سـەربەخۆ. بەرپرسـەکەی پارتـی سـەبارەت راکان سـەعید

دەڵـێ " ئـەوەی کـە بەعـس نەیتوانـی بیـکات، راکان سـەعید کـردی و تۆڵـەی چەنـد سـاڵەی خـۆی لـە کـورد کـردەوە!».

شەمسـەدین مەحمـوود، بەرپرسـی نووسـینگەی هەڵبژاردنەکانـی مەڵبەنـدی 2ی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، بـەم شـێوەیە سـێ پارێزگارەکـەی کەرکووکـی دوای رووخانـی رژێمـی بەعـس هەڵدەسـەنگێنێ: عەبدولڕەحمـان مسـتەفا پیاوێکـی پـاك بـوو، دەیویسـت خزمەتـی خەڵکـی کەرکـووك بـکات، بـەڵام لەنێـو ئێمـەی کـورددا راسـتییەك هەیـە و دەبـێ هەموومان دانـی پێدابنێیـن، ئەویش ئەوەیـە، کـە حیـزب، هـەر بەرپرسـێکی بـاڵای شـارەکە لایەنگـری خـۆی نەبێـت، بەپێـی پێویسـت پشـتگیریی نـاکات.

سـەبارەت بـە دکتـۆر نەجمەدینیـش دەڵـێ: لـە سـەرەتادا، کـە پۆسـتەکەی وەرگـرت، خزمەتێکـی زۆری شـارەکەی کـرد و جێپەنجـەی خـۆی بەدیارخسـت لەسـەر ئـەو پرۆژانـەی جێبەجێیکـردوون بـۆ خەڵکـی شـارەکە، کەسـیش نکۆڵـی لەو راسـتییە نـاکات، بـەڵام لەدواییـدا گلایە نێـو چەنـد پڕۆژەیەکـی نەوتییـەوە، کـە بـەرە بـەرە لایەنـە حیزبییەکـەی و جەمـاوەری شـارەکەی خـۆی لەدەسـتدا. دکتـۆر نەجمەدیـن ئیشـی باشـی کـرد، بـەڵام لـە کۆتاییـدا وەکـو بەڵێندەرێکـی لێهاتبـوو، نـەك پارێـزگار و هـەر خەریکـی بەرژەوەنـدی تایبەتـی خـۆی بـوو.

ئـەو بەرپرسـەی یەکێتـی بـەم چەنـد وشـەیە، خوێندنەوەیـان بـۆ راکان سـەعید دەخاتـەڕوو: ئـەو کەسـێکی شـۆڤێنییە و بەتەنیـا ئیـش بـۆ عـەرەب دەکات، لەنێـو عەرەبیشـدا بـۆ حەویجـە، دزیشـە!. لەوەتـەی بووەتـە پارێـزگار، هەمیشـە نرخـی ئەمپێرێکـی کارەبـای موەلیـدەی گەڕەکـەکان لـە بەرژەوەنـدی خـاوەن موەلیدەکانـدا بـووە، چونکـە خـاوەن ژمارەیـەك موەلیدەیـە.

جـا وەنەبێـت، ئـەو پارێـزگارە بـە وەکالەتـە، تەنیـا لەلایـەن کـوردەوە رەخنـەی لێگیرابێـت، بەڵکـو پێکهاتەکانی دیکەی کەرکـووك، بەیاننامەی نارەزایـی و هێندێـك جار نامـەی هەڕەشەئامێزیشـیان ئاراسـتەکردووە.

بـۆ نموونـه د. نـازم شـەممەری، گوتەبێـژی بـەرەی یەکگرتـووی عەرەبی لـە 30ی کانوونـی دووەمـی 2019 نارەزایـی بـەرەی ناوبـراو لـە ئاسـت خراپیـی خزمەتگوزارییـەکان دەردەبڕێـت و گوتـی: نارەزایـی خۆمـان لـە ئاسـت کەمـی کاژێرەکانـی کارەبـای نیشـتمانی و بەرزبوونـەوەی نرخـی ئەمپێری کارەبای موەلیدە و کەمکردنـەوەی پشـکی مانگانـەی نەوتـی مـاڵان و جەنجاڵـی وێسـتگەکانی دابەشـکردنی نـەوت. هەروەهـا بێبەشـکردنی ئـەو شـۆفێرانەی وەکالەتـی تابلـۆی ئۆتۆمبیلەکانیـان پارێزگاکانـی هەرێمـی کوردسـتانن لـە کۆبۆنـی بەنزیـن.

هەروەهـا هەڵوێسـتی تورکمانـی شـیعەش لـە نامەکـەی محەممـەد مەهـدی بەیاتـی، بەرپرسـی رێکخـراوی بـەدر - لقـی باکـوور، ئاشـکرا دەبێـت، کـە لـە 24ی کانوونی دووەمـی 2019 ئاراسـتەی راکان جبووری کـردووە و لـە نامەکـەدا بـە زمانێکـی زبـر پێـی دەڵـێ « بڕواناکـەم پارێزگاکـەت بەشـێوەیەکی نموونەیـی بەڕێوەبردبێـت و ئـەوەی پێشـوو (مەبەسـتی نەجمەدیـن کەریـم)ە رەگەزپەرسـتانە لەپێنـاو نەتـەوە و حیزبەکەیـدا کاریدەکـرد، ئێـوەش قوڕەکەتـان خەسـتتر کـردووە".

بەیاتـی، لـە درێـژەی نامەکەیـدا دەڵـێ: تورکمـان بەگشـتی لـەم هاوکێشـەیەدا زیانمەنـدی گـەورەن و لەوانیـش زەرەرمەندتـر تورکمـان و عەرەبـی شـیعەن. جێگـەی داخـە، کـە ناچاربـووم بـە زمانێکـی تایفەگـەری بتاندوێنـم، چونکـە ئێـوە (مەبەسـتی راکان سـەعید)ە دابەزیونەتـە ئاسـتێکی نزمتـری خێـڵ و هـۆز، پلـە و پایـە و بەرپرسـیارێتییەکان دەبەخشـیتە پیاوانـی هـۆز.

لـە دوا رسـتەی نامەکەیـدا، تووندتـر دەڵـێ: ئێمـە رێگریتـان لێناکەیـن، چـۆن کار دەکـەن و چۆنیـش بیردەکەنـەوە، بەڵکـو ئێمـە رادەپەڕیـن، هـەر وەك چـۆن بـەڕووی ئـەو بێئاگایـەدا راپەڕیـن و خۆتـان لـە تووڕەیـی کەسـانی سـەلار بپارێـزن. بۆیـە داواتـان لێدەکەیـن، یـان کاری خۆتـان بکـەن و دادپەروەربـن، یاخـود ئـەم پۆسـتە بۆ کەسـانی شـیاو بەجێبێڵن.

## ئەنجام

یەکەم: پێکەوەژیان، وەك پرەنسیپێکی مرۆیی لە شارێکی مۆزاییکی وەکو کەرکووك دا، لەنێو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکاندا هەیە. لە هەر گەڕەکێك، شەقامێك، بازاڕێك و فەرمانگەیەکدا هەستی پێدەکرێت و جیاوازی نەتەوەیی، ئایینی و ئایینزایی نەبوونەتە سەرچاوەیەك بۆ سەرهەڵدانی کێشەکانی نێوانیان. زۆربەی دانیشتووانی نێو شاری کەرکووك، بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە، زمانی یەکدی دەزانن و لێکتێگەیشتن دیاردەیەکی ئاسایی نێو کۆمەڵگەی کەرکووکییە. لە کۆنیشەوە بە خەڵکی کەرکووك گوتراوە (سێ مەوج) واتە هەر سێ زمانەکەی کوردی، عەرەبی و تورکمانی دەزانن. لە خۆشی و ناخۆشییەکانی یەکدیدا بەشدارن، لەڕووی کۆمەڵایەتی و بواری ئابووری دا، بە جۆرێك تێکهەڵکێشراون کە بە زەحمەت بتوانرێت لە یەك بترازێنرێن.

بەڵام بەردەوام حیزب و لایەنە سیاسییەکانی زۆربەی پێکهاتەکانی شارەکە، لەپێناو بەرژەوەندی بەرتەسکی حیزبیانەی خۆیان، هەوڵی لێکترازانی پێکهاتەکانی کەرکووکیان داوە و هەمیشە دەستەواژەی پێکەوەژیانیان کردووەتە دروشمێك و لەکاتی پێویست دا وەبیریان هاتووەتەوە. بگرە هێندێکیان بە ئەنقەست کاریان لەسەر ئەوە کردووە کە پێکهاتەیەکی دیاریکراو بە نەیاری پێکهاتەکانی دیکە بشوبهێنن!

پێویستە حیزبەکان پەند لە حیزبی بەعسی وەربگرن و هەوڵی ئەوە نەدەن، چیدی دەنگی رۆڵەی نەتەوەکانی دیکەی شارەکە بکڕن، یاخود حیزبی کارتۆنی دابمەزرێنن و بیانکەنە سێبەری خۆیان. شانازیش بەو کارەیان بکەن و بڵێن: نەتەوەکانی دیکەیشمان هێناوەتە ریزی حیزبەکەمانەوە، با پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی پارێزگاکەیان بخەنە سەرووی بەرژەوەندی حیزبەکەیان، چونکە تاوەکو پێکەوەژیانەکە نەچەسپێت، سەقامگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی لە شارەکەدا نابێت. سەرئەنجام دەبێتە مەترسییەکی

گـەورە بـۆ سـەر خـودی حیزبەکـە.

دووەم: ڕێکخــراوی داعــش، وەك هــەر ڕێکخراوێکــی تیرۆریســتیی جیهــان، بـۆ بەردەوامبــوون و بەجێهێنانــی پلانەکانــی، پێویســتی بــە ســەرچاوەیەکی ئابووریــی جێگیــر هەبــوو. کەرکووکیــش کــە یەکێکــە لــە شــارە هــەرە دەوڵەمەندەکانــی ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت، لــەڕووی بەرهەمهێنــان و هەناردەکردنــی نــەوت و یەدەکێکــی فــرە، لــە پــاش نەینــەوا بــووە ئامانجــی ســەرەکی چەکدارانــی ئــەو ڕێکخــراوە.

چەکەرەکردنــی گیانــی تۆڵەسـەندنەوەی شـیعە لـە پێکهاتـەی سـوننە، بەتایبەتیــش لەکاتــی نــووری مالیکــی دا گەیشــتە لووتکــە، وای لــە عەرەبـی سـوننەی ناوچەکانـی باشـوور و باشـووری ڕۆژئـاوای کەرکووك کــرد، بــۆ بەرگریکــردن لــە مانــەوەی خۆیــان، پشــتیوانی ڕێکخــراوی داعـش بکـەن و ناوچەکانیـان بکەنـە خاڵـی دەسـتپێکی هێرشـەکانیان دژی ســوپا و هێــزە ئەمنییەکانــی عێــراق. تۆپۆگرافیــای ناوچەکــەش ڕێخۆشـکەر بـوو بـۆ سـەرکەوتنیان لـە چەندیـن هێرشـی بەرفـراوان دا. زۆربــەی چەکدارانــی نێــو داعشــی ئــەم ناوچەیــەش کۆنــە ئەفســەر و پلەدارانـی سـوپای هەڵوەشـاوەی عێـراق بـوون، ئەزمووندار و شـارەزای شـەڕ بـوون.

کاتێکیــش حەیــدەر عەبــادی ســەرۆکوەزیرانی پێشــووی عێــراق، ســەرکەوتنی بەســەر چەکدارانــی ئــەم ڕێکخــراوە ڕاگەیانــد، پســپۆڕانی بــواری ســەربازی و هزریــی گرووپــە ئیســلامییە توونــدڕۆکان، ســەرکەوتنەکەیان بــە ســەرکەوتنێکی کاتــی و شــڵۆق هەژمارکــرد، چونکــە ئەگــەر چەکدارانــی ڕێکخراوەکەشــی لــە ناوچەکــە دوورخسـتبێتەوە، یاخـود لەناویبردبـن، نەیتوانیـوە هـزری داعشـبوونیان تێـدا بسـڕێتەوە، بۆیـە ڕێکخـراوی داعـش ئێسـتاش، شـانە نوسـتوو و بەخەبەرەکانـی مایـەی مەترسـین و لـە هـەر دەرفەتێکـدا بێـت دەسـتی خۆیــان دەوەشــێنن!

پێویســتە کارکــردن و بەرنامەداڕێــژی لەپێنــاو کاڵکردنــەوە و

سـڕینەوەی یەکجارەکیـی هـزری توونـدوتیـژی لەنێـو کۆمەڵگـەدا، بکرێتـە هەنـگاوی یەکەمـی رووبەڕووبوونـەوە و ریشەکێشـکردنی هـەر رێکخراوێکـی توونـدڕۆ، کـە ئەگـەر هەیـە لـە هـەر ئانوسـاتێکدا سـەرهەڵبداتەوە و هۆکارەکانـی سـەرهەڵدانەوەیان نەهێڵێـت، کـە گرنگترینیـان: رێگەنەدانـە بـە دەسـتی دەرەکـی وڵاتانـی دەوروبـەر لـە رێگـەی حیزبەکانـەوە ئەجێنـدای خۆیـان لـە عێـراق دا جێبەجـێ بکـەن و وڵات بکەنـە گۆڕەپانـی یەکلاکردنـەوەی ململانێیەکانـی خۆیـان. پەراوێزخسـتنی پێکهاتەیـەك لـە بەرژەوەنـدی پێکهاتەیەکـی دیکـە، گیانـی تۆڵەسـەندنەوەی نێـوان پێکهاتـەکان و بەرزبوونـەوەی رێـژەی بێـکاری لەنێـو گەنجـان دا، هۆکارێکـی دیکەیـە.

سـێیەم: سیسـتەمی سـانت لیگـۆ بـۆ هەڵبـژاردن، هەمیشـە لـە بەرژەوەنـدی لیسـتە گەورەکانـدا بـووە و بەپێـی ئـەم سیسـتەمە بـەردەوام لیسـتە گـەورەکان، زۆرتریـن ژمـارەی کورسـییە قەرەبووکراوەکانیـان بەرکەوتـووە.

کۆمیسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردنەکان،لـە بەغـدا و پارێـزگاکان دا، لـە نوێنەرانـی حیـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی عێـراق پێکهاتـووە. ئینجـا دامەزراوەیەکـی بەوشـێوەیە لـە نوێنەرانـی حیزبـەکان پێکهاتبێت، چـۆن چاوەڕوانـی سـەربەخۆیی و بێلایەنبوونـی لێدەکرێـت، کەواتـە کۆمیسـۆنەکە، تەنیـا بەنـاو سـەربەخۆیە، بـە نێوەڕۆکیـش حیزبییـە! بۆیـە لەپـاش راگەیاندنـی ئەنجامـی هـەر هەڵبژاردنێـك دا، زۆرتریـن تانـەی لێـدراوە. تەنانـەت لیسـتە براوەکانـی پرۆسـەکەش گلەیـی خۆیان هەبووە و لە رێژەی دەنگەکان و ژمارەی کورسییەکانیان رازی نەبوونە، بۆیـە دەبـێ پەیکـەری کۆمیسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردنـەکان لـە کەسـانی تەکنۆکـرات و بێلایـەن پێکبهێنرێـت و تاوەکـو بـاری تەناهیـی سەرتاسـەری عێـراق سـەقامگیر نەبێـت، هیـچ هەڵبژاردنێـك نەکرێـت و پێـش بەرێوەچوونـی هەڵبژاردنەکانیـش پێویسـتە ئامادەیـی بکرێـت بـۆ فەراهەمکردنـی سـەرجەم پێداویسـتییەکان بـۆ ئەنجامدانـی پرۆسـەیەکی گرنگـی بەوشـێوەیە.

ڕەوشــی تورکمــان لــە عێــراق دا لــە هەڵبژاردنەکانــدا، تاوەکــو ڕادەیـەك لـە ڕەوشـی ئـەو کوردانـە دەچێـت کـە لـە دەرەوەی لیسـتە کوردســتانییەکان خۆیــان بەربژێــر دەکــرد، لــە ئەنجــام دا نــە خــۆی دەنگـی پێویسـتی بەدەسـت دەهێنـا و نـە لیستەکەشـی دەنگیـان بـۆ کۆدەکــردەوە. هەمــان دیــاردە لــە بەربژێــرە عەرەبــە سوننەکانیشــدا هەبـوو، بەتایبەتیـش لـە هەڵبژاردنەکانـی 2018، کـە خۆیـان خزاندبـووە نێــو لیســتە شــیعەکان و دەرنەدەچــوون، ســەرئەنجام دەنگــی ئــەو عەرەبـە سـوننانە بـۆ لیسـتە شـیعەکە دەچـوو. لـە هەمـان هەڵبـژاردن دا ژمارەیـەك بەربژێـری کـورد، بەنـاوی بێلایەنـەوە، لـە لیسـتی عەرەبـە شــیعەکان دا خۆیــان کاندیــد کردبــوو و بــە هەمــان دەردی ئەوانــی پێشــوو چــوون.

چــوارەم: 16ی ئۆکتۆبــەر، زۆرتریــن قســەی لەســەر کــراوە و هــەر لایەنێکـی سیاسـی بـە خوێندنەوەی خـۆی، لێکدانەوەی بـۆ ڕووداوەکانی ئــەو ڕۆژە کــردووە. هــۆکاری نێوخۆیــی هەنووکەیــی و پێشــوەختە، هاوشــان لەگــەڵ هــۆکارە دەرەکییــەکان و بێدەنگبوونــی هێزەکانــی هاوپەیمانــان، ئــەو ڕۆژەیــان هێنایــەدی.

جیاوازییەکـی زۆریـش لـە نێـوان خـاك و خەڵـك فرۆشـتن و ڕاکـردن و بەجێهێشـتندا هەیـە، لێکۆڵینەوانـی سیاسـی و سـەربازییەکان دەتوانـن سـەرەداوی ڕووداوەکان ئاشـکرا بکـەن، سـەرئەنجامیش هـەر دەبـێ دادگایەکـی بێلایـەن پرسـەکە یەکلایـی بکاتـەوە.

پێنجــەم: خوێندنــی کــوردی لــە کەرکــووك، یەکێکبــووە لــەو دەســتکەوتانەی کــە لــە ڕێککەوتننامــەی 11ی ئــاداری 1970 دا وەك مافێکـی نەتەوەیـی چەسـپێنراوە و بـە دوو قۆناخـی جیـاوازدا تێپەڕیـوە و هەمیشـە بنەمایەکـی سـەرەکی بـووە بـۆ پێشـگرتن لـە جێبەجێکردنی پرۆســەی بەعەرەبکردنــی ناوچــە کوردســتانییەکان. قۆناخێکیــان لــە ســاڵی 1970 تاوەکــو 1978، قۆناخــی دووەمیشــیان لــە 2003ەوە تاوەکــو ئێســتا.

پرۆسەکە کێشە و گرفتی زۆری هەیە، بە هاوئاهەنگی نێوان وەزارەتی پەروەردەی عێراقی فیدراڵ و وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەردەکرێن. گەورەترین کێشەیان نەبوونی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیی سەربەخۆیە بۆ خوێندنی کوردی لە کەرکووك، ئەگەر ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە هەبێت، کێشە بچووکەکانی دیکەیشی پێ چارەسەر دەکرێت.

ئەگەر پاشەکەوتکردنی مووچە لە یەك رووەوە کاریگەری نەرێنیی بەسەر پرۆسەی خوێندنەوە هەبێت لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، کە بڕیارێکی گشتگیر بوو و سەرجەم ناوەندەکانی خوێندنی گرتبووەوە، بەڵام لە کەرکووك، وێڕای کاریگەری ئابووری، کاریگەری راستەوخۆی دەروونیشی هەبوو، کاتێك مامۆستایەك لە قوتابخانەیەکی کوردی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی کەرکووك کە مووچەکەی لە بەغداوە بوو، مانگانە مووچەی تەواوی خۆی بەبێ دواکەوتن و پاشەکەوت وەردەگرت، مامۆستایەکی سەر بە هەرێمی کوردستانیش چل رۆژ جارێك، نیوە مووچەیەکی وەردەگرت. لەگەڵ ئەوەش دا مامۆستایانی کوردی کەرکووك بۆ تەنیا رۆژێکیش هۆڵەکانی خوێندنیان بەجێنەهێشت. چەند جارێکیش هاوکارییان بۆ پێشمەرگە کۆدەکردەوە و رەوانەی بەرەکانی شەڕی دژە داعشیان دەکرد. ئەم هەڵوێستە مامۆستایانی داقووق و خورماتووش دەگرێتەوە کە ئەوەی دووایيان هەرچەندە سەر بە پارێزگای سەلاحەدینە، بەڵام مامۆستایانی ناوەندەکانی خوێندیان سەر بە خوێندنی کوردی بوون لە کەرکووك و مووچەکانیان لەسەر هەرێمی کوردستان بوو.

شەشەم: دەرکردنی بڕیاری هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك، لە 28ی ئاداری 2017 بڕیارێك بوو دەبووایە پێشتر لەلایەن نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنێك و تاوەکو جێبەجێکردنی مادەی 140

بڕیارێکـی کاتییـان بـۆ دەربکردایـە و کاریـان بـۆ بـە فەرمـی هەڵکردنـی ئـاڵای کوردسـتان بکردایـە لەپـاڵ ئـاڵای عێـراق.

بڕیارەکـە لەکاتـی خۆیـدا نەبـوو و بـووە مایـەی قەڵسـکردنی ئەندامانـی پێکهاتەکانـی دیکـەی نێـو ئەنجوومەنەکـە و کاردانـەوەی نەرێنیـی لێکەوتـەوە. ئـەو ئەنـدام ئەنجوومەنانـەی پێشـتر کـۆك و هاوڕابـوون لەگـەڵ ئەندامانـی کـوردی ئەنجوومەنەکـە، دوای دەرچوونـی بڕیارەکـە، یـار و نەیـاری دۆزی کـورد کەوتنـە یـەك بـەرەوە و بـە فیتـی وڵاتانـی دەوروبـەر دەسـتیان بـە دژایەتیکردنـی بڕیارەکـە کـرد. کاردانەوەکانـی پەرلەمـان و حکومەتـی عێراقیشـی بـەدوای خۆیـدا هێنـا. لەکاتێکـدا ئـاڵای کوردسـتان ببـووە دیفاکتۆیـەك و لەسـەر زۆربـەی ناوەندەکانـی خوێنـدن و فەرمانگـە حکومییەکانـدا دەشـەکایەوە و هیـچ کێشـەیەکی نەبـوو.

حەوتـەم: سـەبارەت بـە دانانـی پارێزگارێکـی کـورد بـۆ پارێزگاکـە، لـە سـایەی حوکمـی سـەربازیدا، شـتێکی ئەوتـۆ لـە پێگەی کورد لە شـارەکە ناگـۆڕێـت، بەپێچەوانـەوە، نارەزاییـەکان لەلایـەن سـەرجەم ئەندامانـی پێکهاتـەی تورکمـان و بەشـێك لـە ئەندامانـی عەرەبیـش زیاتـر دەبـن. بەیاننامەکانـی ئـەم دواییـەی بـەرەی تورکمانـی و لایەنـە عەرەبییەکانـی کەرکـووك، بەڵگـەی ئـەم بۆچوونانەمانـن و تورکمـان، پۆسـتی پارێـزگار بـە مافـی خۆیـان دەزانـن و عـەرەب پێیخۆشـە ڕەوشـە ئیـداری و سیاسـییەکەی شـارەکە وەك ئێسـتا بمێنێتـەوە. تەنیـا ئەوەنـدە هەیـە کـە پارێـزگاری کـورد دەتوانێـت ڕێگـری لـە درێژەپێدانـی جێبەجێکردنـی سیاسـەتی بەعەربکـردن و ڕاگواسـتنی کوردانـی گـەڕاوەی گونـدە کوردنشـینەکان بـکات. کەواتـە تاوەکـو ڕەوشـی سیاسـی کەرکـووك ئاسـایی نەبێتـەوە، نـە ئەنجوومەنـی پارێـزگا و نـە پارێزگارێکـی کوردیـش ئـەو سـەنگ و دەسـەڵاتەی پێـش 16ی ئۆکتۆبـەری نابێـت.

هەشـتەم: پتـرۆ دۆلار، واتـە بڕێـك دۆلار لـە بەرانبـەر هـەر بەرمیلـە نەوتێکـی هەناردەکراو لـە بیرەنەوتەکانی سـنووری پارێزگای کەرکووك،

یەکێك بوو لە دەستکەوتەکانی عەبدولڕەحمان مستەفا، یەکەمین پارێزگاری کوردی دوای رووخانی رژێمی پێشوو کە لە سەرەتادا یەك دۆلار بوو بۆ هەر بەرمیلە نەوتێك و دواتر داوای 5 دۆلار کرا. پەسەندکردنی یاسای پترۆدۆلار لە پەرلەمانی عێراق، بووە مایەی خێر و بەرەکەت بۆ کەرکووك و پارێزگا هاوشێوەکانی، کە نەوتیان تێدا بەرهەم دەهێنرێت. ئەو بڕە پارەیە لە چوارچێوەی بودجەیەکی تایبەتدا دەخرێتە سەر هەژماری پارێزگاکە و لە بووژانەوەی ژێرخانی ئابووریی شارەکەدا بەکارهێندرا.

پارێزگارە عەرەبەکەی دوای 16 ئۆکتۆبەر نەیتوانی ببێتە پارێزگاری سەرجەم پێکهاتەکانی کەرکووك و بێجگە لە کورد، تورکمان و بەشێکیش لە عەرەبی شارەکە رەخنەی توونديان لە شێوازی بەڕێوەبردنی پارێزگار هەیە.

حیزب و لایەنە کوردستانییەکانی کەرکووك، بە دیدێکی حیزبیانە، دەڕواننە کاری پارێزگارەکانی کەرکووك و ناتوانن بەبێ چاویلکەی حیزبەکانیان، پارێزگارەکان هەڵبسەنگێنن. هەرچی حیزب و لایەنی پێکهاتەکانی دیکەی کەرکووکە، بە هیچ شێوەیەك پارێزگارێکی کوردیان بۆ کەرکووك قبووڵ نییە. تورکمان دەڵێن: بۆ من، عەرەبیش دەڵێن: مافی منە!

## سەرچاوەکان:

1- لەتیف فاتح فەرەج ـ 2004 ـ تەعریب و راگواستن لە بەڵگەنامەکانی بەعس دا ـ بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی ن ك) ـ 2004 ـ سلێمانی.

2- فرمان عبدالرحمن ـ 2006 ـ پاکتاوکردنی رەگەزی کورد لە کوردستانی عێراق دا ـ بڵاوکراوەکانی بیروهۆشیاری (ی ن ك )- 2006 ـ سلێمانی.

3- نەجات حەسەن ـ 2009 ـ چمکێك لە مێژووی کەرکووك ـ بەرگی دووەم ـ چاپخانەی ئارابخا ـ 2009 ـ کەرکووك.

4- عێراق و مەسەلەی کورد - کۆمەڵە وتارێکی ساڵی 1984ی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان ـ 2003 ـ مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی ن ك) ـ 2003 ـ سلێمانی.

5- دانیال یەرگین ـ 2003 ـ نەوت و سیاسەتی نێودەوڵەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا (سەرگوزشتەی ململانێی زلهێزەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی نەوتی کەرکووك ـ وەرگێڕانی کەمال رەشید شەریف ـ 2003 ـ سلێمانی.

6- رابەر رەشید ـ 2012- خەمەکانی کەرکووك ـ چاپخانەی کارۆ ـ 2012 ـ کەرکووك.

7- نجات کوثر اوغلو ـ 2006- من حوادث کرکوك 1700 ـ 1958 ـ وەزارەتی رۆشنبیریی عێراق ـ 2010- کەرکووك.

8- سمکۆ بەهرۆز(ئەژی) ـ 2006- مێژووی گۆڕانە رۆشنبیرییەکانی ناوچەی کەرکووك ـ چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ـ 2006- کەرکووك.

9- پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری ـ 2007 ـ شاری کەرکووک 1917

ـ 19266 ـ دەزگای چـاپ و پەخشـی حەمـدی ـ چاپـی یەکـەم ـ 2007- سلێمانی.

10- مـەلا جەمیـل رۆژبەیانـی ـ کەرکـووك ـ نـاوی ـ مێـژووی کۆنـی ـ دانیشـتووانی ـ دەسـەڵاتەکانی ـ ئامادەکردنـی شـێرزاد محەممـەد ئەمیـن رۆژبەیانـی ـ چاپخانـەی ئارابخـا ـ چاپـی یەکـەم ـ 2006 ـ کەرکـووك.

11- فاتیـح عەبدوڵـڵا شـوانی ـ 2005- پارێـزگای کەرکـووک لـە سـاڵی 1957- 1977 ـ لێکۆڵینـەوە - چاپخانـەی رامـان ـ 2005.

12- هاشـم یاسـین ـ سـردار محمـد- عدنـان کرکوکـی ـ 2006- أطلـس کرکـوك ـ تاریخـی - أداري ـ طبیعـي ـ بشـري ـ سیاسـي ـ أقتصـادي ـ 2006 ـ أربیـل.

13ـ سـلیم مطـر ـ مجلـة میزؤبؤتامیـا ـ حقائـق مجهولـة عـن عـرب کرکـوك ـ 19 أب 2016- ماڵپـەڕی وای بـاك مەشـین.

14- کامـل صالەیـي ـ 2005 ـ موجـز في تأریـخ کرکـوك بیـن وثائـق الماضـي و حقائـق الحاضـر ـ 2005 ـ کوردسـتان ـ کرکـوك.

15- ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمـان ـ 2005 لـە ماڵپـەڕی Wayback Machine تشرینی دووەم - 2017

16- دائـره الأتصـال الجماهیـری ـ قسـم العلاقـات العامـە ـ دلیـل الحمـلات و الجرائـم لأنتخابـات مجلـس النـواب العراقـی ـ 2018

17- المفوظیـە العلیـا المسـتقلە للأنتخابـات ـ دلیـل مراکـز التسـجیل فـی مجلـس النـواب العراقـی ـ کرکـوك

18- المفوضیـە العلیـا المسـتقلە للأنتخابـات ـ دلیـل توزیـع المقاعـد لأنتخابـات 201410- الصفحـە الرسـمیە للمفوضیـە العلیـا المسـتقلە للأنتخابـات ـ 26 ایـار 2018

19- بی بی سی العربيه ـ الأنتخابات العراقيه: أرقام و حقائق.

20- وكاله أنباء براثا ـ نتائج الأنتخابات العراقيه 2010

21- د. علـى المؤمـن - صحيفـه المثقـف ـ العـدد 4519 ـ 19 كانـون الثانـى 2019 نتائـج أنتخابـات البرلمـان العراقـى 2010 رؤيـه أحصائيـه أستشـراقيه.

22ـ باسل حسين ـ مركز الجزيره للدراسات ـ 2018.

23- زيـاد الحيـدري ـ 14كانـون الاول- -2017 الخزعلـي يكشـف عـن عـدد قتلـى الحشـد الشـعبي في الحـرب مـع داعـش ـ روداو نيـت-

24- الوكالة الاخبارية ـ 17 ايلول ـ 2014

25- سكاي نيوز العربية ـ هجمات داعش المرتدة في كركوك.

26- زيـاد الحيـدري ـ يونامـي تكشـف عـن أعـداد الضحايـا العراقييـن منـذ بدايـة 2003 الـى شـهر حزيـران 2016 ـ روداو نيـت.

27- حصيلـة أعـداد الضحايـا في العـراق ـ الموقـع الرسـمي للأمـم المتحـدة.

28- محمـد الطائـي ـ العربـي الجديـد ـ 3 سـنوات علـى داعـش في العـراق حصيلـة الـدم و الخـراب ـ بغـداد ـ 17 تمـوز ـ 2017

19- سكاي نيوز العربية ـ 21 تشرين الأول ـ 2016.

30- نقـاش ـ ياسـين طـه - الكيانـات السياسـية في كركـوك تتـوزع علـى الأئتلافـات الكبـرى ـ 24 كانـون الثانـي - 2010

31- شـبكة أخبـار العـراق ـ أسـماء المرشـحين الفائزيـن في الأنتخابـات البرلمانيـة في العـراق كافـة ـ 20آيـار ـ 2017

32- بالأرقـام تعـرف علـى خسـائر البشـرية و الماديـة ضـد داعـش ـ 12 كانـون الثانـي - 2017

33- أحمـد الدبـاغ ـ خسـائر ال 276 يومـا مـا بيـن بدايـة الحـرب وأعـلان النصـر ـ ساسـة بوسـت ـ 11 كانـون الأول - 2017

34 - Saddam's cousin arrested for participating in ISIS attack on Kirkuk- Amir Abdullah Oct 25,2016 - IRAQI NEWS

**دیمانەکان**:

1- شـێرزاد ڕەشـید کاکـە، بەڕێوەبـەری خوێندنـی کـوردی لـە کەرکووك ـ 7ی کانوونی دووەم 2019

2- شـێخ سـدیق ئەحمـەد، بەرپرسـی کۆمیتـەی کەرکووکـی حیزبـی شـیوعیی کوردسـتان ـ 10ی کانوونـی دووەم 2019

3- محەممـەد نەسـرەدین، چاودێـری سیاسـی ـ 15ی کانوونـی دووەم 2019

4- عەبدولڕەحمـان مسـتەفا ـ پارێـزگاری پێشـووتری کەرکـووك ـ 20ی کانوونـی دووەم 2019

5- ڕەسـووڵ ڕەئـوف، بەرپرسـی مەڵبەنـدی کەرکووکـی حیزبـی سۆسـیال دیموکراتـی کوردسـتان ـ 23ی کانوونـی دووەم 2019

6- ئیبراهیـم خەلیـل، ئەندامـی ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك و بەرپرسـی مەڵبەنـدی 6ی یەکگرتـووی ئیسـلامیی کوردسـتان ـ 2ی شـوبات 2019

7- شـوان محەممـەد، بەرپرسـی کۆمیتـەی کەرکووکـی حیزبـی زەحمەتکێشـانی کوردسـتان ـ 5ی شـوبات 2019

8- دڵشـاد پیـرۆت، ئەندامـی ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك و

سـەرۆکی لێژنـەی بـاڵای ئاوەدانکردنـەوەی کەرکـووك ـ 15ی شـوبات 2019

9- لیـوای مافپـەروەر ئیدریـس ڕەفعـەت، بەڕێوەبـەری ئاسایشـی کەرکـووك ـ 17ی شـوبات 2019

10- ڕێبـوار تاڵەبانـی، سـەرۆکی ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك بـە وەکالـەت ـ 24ی شـوبات 2019

11- محەممـەد جەلیـل، کارگێـڕی ڕاگەیانـدن و هەڵبژاردنـەکان، لـە مەڵبەنـدی 4ی کەرکووکـی کۆمەڵـی ئیسـلامی ـ 19ی ئـادار 2019

12- شەمسـەدین مەحمـوود، کارگێڕی مەڵبەنـدی 2ی ڕێکخسـتنەکانی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان و بەرپرسـی بەشـی هەڵبژاردنـەکان ـ 24ی ئادار 2019